
ناپەسەندەکان
چەند وتارێک دەربارەی کێشەی کورد
لە ڕوانگەی کۆمەڵێک نووسەری دانمارکییەوە
وەرگێڕانی
ئازاد مەولود

# چەند ووشەیەك سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە

ڕۆژێك لە ساڵی ١٩٩٧ لەو کتێبخانە بچووکەی نزیك ماڵەکەی خۆمان، لە دەرەوەی کۆپنهاگن، خەریك بووم چاوێکم بە ڕۆژنامەکاندا دەخشاند، لەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (پۆلیتیکن)دا چاوم بە وێنەی بەرگی ئەم کتێبە کەوت، کە تازە دەرچووبوو و ڕیکلامی فرۆشتنی بۆ دەکرا.

کە کتێبەکەم کەوتە دەست و لە خوێندنەوەی بوومەوە، تێبینیم کرد زۆر شتی بە نرخی تێدا نووسراوە، بە تایبەت لەلایەن چەند سیاسەتناسێکەوە، کە خۆیان لە نزیکەوە ئاگاداری مەسەلەکانن.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بۆ خەڵکی دانمارکی نووسراوەو کەلتوری دانمارکی بە تەواوی لە شێوەی نووسینەکەدا ئامادەیە. نووسەران بە هیچ شێوەیەك پەراوێز یاخود ڕوونکردنەوەیان نەداوە لەمەڕ ئەو فاکتایانەی لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە، لەسەر ئەو بناغەی کەوا ئەمانە شتی ناسراون لەلای خەڵکی دانمارکی، بەڵام کە من لێرەدا کتێبەکەم کردووە بە کوردی بە پێویستم زانی هەندێ پەراوێز و ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو شتانە بنووسم، کە کورد پێیان ئاشنا نیە.

هەروەها بە پێویستم زانی خوێنەرانی نەتەوەکەم دەستیان بگاتە ئەم کتێبە و بتوانن بە زمانی خۆیان بیخوێننەوە لەبەر چەند هۆیەك:

نووسەرانی ئەم کتێبە بە گشتی لایەنگیریەکی تەواوی خەباتی نەتەوەی ئێمە دەکەن لەپێناو مافە ڕەواکانی خۆیدا، نووسینو بڵاوکردنەوەی کتێبەکەش بەم شێوە

بابەتیەی خۆی لە بەرژەوەندی ئێمە دەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەمەش کتێبەکە باس لە زۆر ڕوداو و ڕاستی ئەوتۆ دەکا، کە نووسەران خۆیان تیایدا ئامادەبوونە. دواتر هەرچەندە ئەگەر لەم قۆناغەی ئێستامان ڕادەی تێگەیشتنو هۆشیاریی نەتەوەییمان تا ڕادەیەك بەرزبۆتەوە، بەلاَم لە هەمان کاتدا گرنگە بزانین خەڵکی تر چۆن سەیری ئێمە دەکەنو بە چ چاوێك دەمان بینن و ڕایان چیە لەمەڕ ئێمە و کێشەکانی ئێمەوە.

لەلایەن تەکنیکی وەرگێڕانەوە، مەبەستم نەبووە دەقەکە بە شێوەیەك بخەمە ڕوو وەك ئەوەی نووسەرێکی کورد نووسیبێتی، بەڵکو هەوڵم داوە بەپێی توانا گیانی کەلتوریو شێوازی بیرکردنەوەی نووسەرەکان بپارێزم. وەکو ئاشکرایە کاتێ ناو بە پیتی لاتینی دەنووسرێ بەپیتی گەورە دەست پێ دەکات. لە جیاتی ئەمە ناچاربووم زۆربەی ناوەکان بخەمە ناو کەوانەوە.

هەروەها ئەگەر ناوی هەر دەزگایەك یاخود کورتکراوەی ئەم ناوە بە پیتی لاتینی وەکو *EU* یاخود *UN* هاتبێت، ئەوا هەر جاری یەکەم پەراوێزم بۆی نووسیوە، ئیتر کە دواتر دووبارەبوونەتەوە بە پێویستم نەزانیوە پەراوێز دووبارەبکەمەوە.

ناونیشانی سەرووتارەکانو ژێر سەروتارەکانم وەکو خۆی وەرگێڕاوە، ئەگەرچی تاكو تەرایان هەیە زۆر کوردی نایەنە بەر گوێو بەر چاو، بەلاَم لە دوای خوێندنەوەی پەرەگرافەکە ئەو نیمچە نامۆییە لە مانادا نامینێ. لەتەك ناوە باوەکانی مانگەکانی ساڵ، ئەو ناوانەشم بەکارهێناوە، کە لە وولاَتە ئەوروپاییەکان بەکاردێن، وەکو هەوڵێك بۆ ڕاهاتن بەو ناوانە.

من ماوەیەکی باشم لە کاتی دەستبەتاڵی خۆم (واتا دوای ئیش) بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەسەربرد و ئەرکێکی زۆرم بەدەمیەوە کێشا، هیوادارم ئەم ئەرکەم بە فیڕۆ نەڕۆیشتبێو سوودێك بگەیەنێتە ڕۆڵەکانی نەتەوە ستەمدیدەکەم.

**ئازاد مەولود**

# پێشەکی نووسەران

زۆران خەڵك هەنە پەسەندناکرێن. ئەو خەڵکانەش زۆر جیاوازن و بە سەر تەواوی زەویدا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام بەشێکی هەرە گەورەیان _ چەندین ملیۆن _ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەك ناوچەدا دەژین، کە بەش و پارچەکانی بە لای کەم دەکەوێتە نێو پێنج وڵاتان.

دیارە هەر بە تەنها بەشبەشکردنەکەیان نیە، بەڵکو هیوا و ئاواتی ئازادی و مافە مرۆڤایەتیەکان و سەربەخۆیی و ئاستێکی بەرزتری گوزەرانە وای کردووە پەسەندنەکرێن.

ئەو ناپەسەندانە _ کوردەکان _ لەلایەن ژمارەیەکی زۆر گروپ و کۆمەڵەی دەرەوە پشتگیریان لێ دەکرێ، چونکە ئەو گروپ و کۆمەڵانە بە ئەرکی مرۆڤایەتی دەزانن، کە یارمەتی کوردەکان بدەن. ئەمانەش گروپەکانی مافی مرۆڤن لە چەندین نەتەوە و وڵات، کە نوێنەرایەتی زۆر فەرمان و بۆچوونی سیاسی جیاجیا دەکەن. ئەم گروپانە خۆشیان ئەوەندە پەسەندناکرێن، بەڵام ئاشکرایە بە ڕادەیەکی زۆر کەمتر لە کوردەکان و بە دەرەنجامێکی سووکتر. ئەمانە هەوڵی ئەوە دەدەن ناوبژی بکەن و یارمەتی ماددی ببەخشن و کێشەی کوردەکان لەلایەنی سیاسیەوە زوو زوو لە نێو پەرلەمانە دیموکراتیەکان بخەنە ڕوو. ئەم هەوڵانەی ئەو لایەنانە دەیدەن بە پەسەندنازانرێن لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کوردیان لێ دەژین، بەڵام لەگەڵ هێندێش نابێ وازبێنن، بەڵکو پێویستە شانبەشانی خەباتی کوردەکان لەسەر

خەباتی خۆیان بەردەوام بن تا ئەو ڕۆژەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو مافانە بۆ کوردەکان دابین دەکا، کە خۆیان وەکو هەریەکێك لە ئێمە دەیانخوازن.

ئەم کتێبە بە مەبەستی ئەوە نووسراوە سەرنج بۆ مەسەلەی کوردەکان ڕابکێشی.

میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕی دەرهەق دەکرێ. پشتگیریەکی ئەوتۆیان لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین نیە. بەم شێوەیە ئیتر بۆتە بەرپرسیاریەتی ئەوروپا، کە یارمەتی کوردەکان بدات. وولاّتانی باکوور[1] لەم خەباتەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. وولاّتی دانمارك نوێنەری لە کۆمەڵێك دیدار و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی هەیە، کە دەتوانن فشار بخەنە سەر ئەو وولاّتانەی کورد دەچەوسێننەوە، هەروەك بۆ نموونە ئێران، تورکیا، سوریا و عیراق. کوردەکان لە ناوچەیەکی ئەوتۆ دەژین، کە زۆر دەوڵەمەندە و پڕیەتی لە کانزا، بەڵام بوونەتە بارمتە لە نێو ئەو یاریە سیاسیە فراوانەی لە سەر پیترۆل دەکرێ. هەروەها ئەوان هەمیشە بوونەتە قوربانی سیاسەتەکانی ئاسایشو دەرەوە لەو کاتانەی دەبێتە ڕاوەڕاوی دەسەڵات وەدەسهێنان[2].

تورکیا وولاّتێکی ئەوتۆیە، کە زۆربەی کوردەکانی دونیای لێ دەژی، لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو وولاّتانەی دونیا، کە زۆرترین پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لێ ڕوودەدا. بۆیە دەبێ هەولّو بایەخدانی دانمارك لە چەند بەرەیەکەوە بخرێتە کار. دەبێ لە *UN* (نەتەوە یەکگرتووەکان)و *EU* (یەکیێتی ئەوروپا)و ئەنجوومەنی ئەوروپیو *OSCE* (ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی) پشتگیری لەو هەولاّنە بکرێ، کە پێشێلکردنی پرینسیپە دیموکراتیەکانو مافەکانی مرۆڤ بە دیکۆمەنت دەکەنو وەدیاریان دەخەن، جا ئەو پێشێلکردنانە چ لە بواری گشتی بنو چ لە حاڵەتی تایبەت. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ زێتر توندبێت لە گفتوگۆ ڕەخنامێزەکانی لەگەڵ ئەو وولاّتانەی کەلتور و ناسنامەی کوردەکان دادەپلۆسنو سەرکوتیان دەکەنەوە.

---

[1]سوید و نەرویج و دانمارك و فینلەندا و ئایسلاندا

[2]مەبەست هەڵبژاردن لە وولاّتانی ڕۆژاوا.

رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ کە دانیان پیانراوە، هەرگیز کەمترین داخوازیە دەبێ ئاراستەی حکومەتی تورکیا بکرێ. بۆیە دەبێ دەستپێشخەری سیاسی پێویست بکرێ بۆ ڕاگرتنی ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێنە سەر کوردەکانو ئەو یاسا ئەنتی _ دیموکراتیانە ڕابگیرێن کە لە تورکیا پیادەدەکرێنو بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون دایە.

هەروەها پێویستە دانمارك ژیانێکی لایەق بۆ ئەو کوردانەی ئێرە[٣] دابین بکات، تا دووربن لە ڕاونان لەلایەن ئەو وولاتانەی لێیەوە هەلاتوون. یەکگرتنی هەموو توانا دیموکراتیەکان بۆ بەرگریکردن لە مافی کوردەکان شتێکی گرنگە، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرگریکردنە لە دیموکراتیەتی خۆمان. ئێمە ناتوانین ئەوە قبوولْ بکەین کە وولاتانی ئەوتۆ هەبن لەگەلْ دانمارك لە هاریکاریدا بن، بۆ نموونە لەڕیزەکانی *NATO*، لە هەمان کاتیشدا بەشداربن لە پێشێلکردنی پرینسیپە دیموکراتیە بنچینەییەکان. لەبەر ئەوە ئەرکی هەریەکێك لە ئێمەیە، چ وەکو سیاسەتمەدار و چ وەکو ڕێکخراو، لەگەلْ لایەنی بێهێز یەکگرین. ئومێدەوارین ئەم کتێبە ببێتە ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی ئەم جۆرە هەوڵە مرۆڤایەتیانە لەپێناو گەلی کوردی پەسەندنەکراودا.

---

[٣] مەبەست لە دانمارکە

# -بەشی یەکەم-

# کوردەکان یەك نەتەوەن

نووسینی

فیلۆ سیگوەردسن

وولاتێك لە نزیك ئەوروپاوە هەیە خۆی بە خۆی دەڵێ دیموكراتی. ئەم وولاتە پەرلەمانێكو حكومەتێكو سەرەك كۆمارێكی هەیە و دەیەوێ پەیوەندیەكانی لەگەڵ وولاتانی ڕۆژاوا باش بێ. بۆیە لەسەر هەموو پەیماننامە و ڕێكەوتننامە و بڕیارنامەكانی سەبارەت بە دیموكراتی، ئازادیو مافەكانی مرۆڤ ئیمزای كردووە.

هەروەها ئەم وولاتە لە كۆڕ و كۆمەڵە ڕۆژئاواییەكان وەرگیراوە و بۆتە ئەندام.

ئەم وولاتە لە ڕیزەكانی *NATO* ئەندامە، كە كۆمەڵەیەكی هاریكاری عەسكەریە لەپێناو بەرگریكردن لە دیموكراتیە ڕۆژئاواییەكانو مافەكانی مرۆڤ.

ئەم وولاتە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەوروپا و ئەندامی *OSCE*[٤] یە. ئەم هەردوو ڕێكخراوەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، كە وولاتانی ئەندام دەبێ ڕەفتاریان دروست بێت لە مەسەلەی دیموكراتیەتو مافەكانی مرۆڤ. ئەم وولاتە داوای ئەوە دەكات لە *EU* وەربگیرێتو ساڵی پار[٥] بە رەسمی لە یەكیێتی گومرگی ئەوروپا وەرگیرا.

لەم وولاتە نەتەوەیەك هەیە، كە نزیكەی ٢٥٪ سەرجەمی دانیشتوان پێك دێننو جیاوازن لەگەڵ باقی دانیشتوان، بەوەی زمان، كەلتور و مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم نەتەوەیە دەخوازن ڕێگایان پێ بدرێ تا ناسنامەی خۆیان بە هەمان شێوەو هەمان ئاستی باقی دانیشتوان لەم وولاتە پیادەبكەن. كەچی بۆیان نیە ئەمە بكەن، چونكە بەپێی دەستوور ئەم وولاتە یەك وولاتە و یەك نەتەوەو یەك زمانو یەك كەلتوری هەیە. حكومەتی وولاتەكە نەتەوەی ناوبراو بەوە تاوانباردەكا، كە دەیانەوێ خۆیان دابڕنو دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن. بۆیە سوپای وولاتەكە ئەو ناوچانەی داگیركردووە، كە ئەم نەتەوەیان لێ دەژیو ناوچەكەی خستۆتە ژێر باری نائاسایی عەسكەری.

ئەم وولاتە توركیایە و .... نەتەوەكەش كوردەكانن.

---

[٤] ڕێكخراوی ئاسایش و هاریكاری ئەوروپا.

[٥] لە كاتی نووسینی ئەم كتێبە لە ساڵی ١٩٩٧

# رژێمی عەسکەری ڕووەکەی ئەودیوە

لە تورکیا نزیکەی نیوەی دانیشتوانە کوردەکان بە زۆرەملی لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگوێزراون یاخود هەڵاتوون. لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە تا ئێستا[٦] ٣٠٠٠ گوند لەلایەن سوپاوە تێك دراوەو نزیکەی دوو ملیۆن کەس ناچاری هەڵاتن کراون. لە ساڵی ١٩٨٠ وە تا ئەمڕۆ[٧] ٢١٠٠٠ کەس ژیانی لە دەست داوە لەو شەڕەی سوپا دژ بە دانیشتوانە کوردەکان دەیکا.

راونان، زیندانیکردنو ئەشکەنجەدان ژەمی ڕۆژانەن، کە دەرخواردی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەدرێن. نووسەر و ڕۆژنامەنووسو تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ دەخرێنە زیندانو بەدرەفتاریان دەرهەق دەکرێ. رێکخستنی پیشەیی‌و خۆپیشاندان قەدەغەن. تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش دەخرێنە زیندانو ناچاری وولاتبەدەری دەکرێنو بەر گوللە دەدرێن.

لە ساڵی ١٩٦٠وە ئەم وولاتە سێ کۆدێتای عەسکەری بە خۆیەوە بینیوە. لە دوا کۆدێتا لە ساڵی ١٩٨٠ ژەنەڕاڵەکان دەستوورێکیان سەپاند، کە تا ئەمڕۆش کاری پێ دەکرێ.

لە سەرووی پەرلەمانو حکومەت، شتێك هەیە پێی دەڵێن (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) کە قسەی هەوەڵو ئاخیر تێیدا بەدەستی سوپاوەیە. هەموو بڕیارە

---

[٦] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە

[٧] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە

گرنگــەکانی حکومــەت و پەرلــەمان دەبــێ ڕەزامــەندی ئــەم ئەنجومــەنی ئاسایيشـــەی لەسەر بێ.

دەسەڵاتی فراوانی سوپا لەمانەی خوارەوە دیارە:

تورکیا دووەم گەورەترین ئەندامی *NATO* یەو نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ سەربازی لە ژێر چەك هەیە.

ساڵانە نزیکەی ٤٠ ملیار کرۆن[٨] لە شەڕی ناوخۆ و داپڵۆسین خەرج دەکرێ.

زۆر جار لەمــەڕ ئــەم وولاتــە دەگوتــرێ کــەوا ڕژێمێکــی عەســکەریە و بۆیــاغی دیموکراتی لێدراوە.

هـەر لـە کاتی جــەنگی کـەنداوەوە لــە ســاڵی ١٩٩١ هاریکـاری لـە نێـوان هــەندێ ڕێکخـراوی مرۆڤایـەتی دانمـارکی لـە ئارادایـە سـەبارەت بـە مەسـەلەی کوردەکــان. ئــەو ڕێکخراوانەش ئەمانەی خوارەوەن:

+ مەڵبەندی دانمارکی مافەکانی مرۆڤ.
+ ڕێکخراوی یارمەتیدانی پەناهەندەکان لە دانمارك.
+ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان.
+ دیداری نێونەتەوەیی بزووتنەوەی کرێکاران.
+ کۆمەڵەی دۆستایەتی دانمارکی _ کوردی.

هەروەکو لە هەردوو ووتارەکانی (لاسە بۆدتـز) و (کـلاوس سلاڤنسکی)دا هـاتووە، ئێمـە هەرسـێکمان شـاندی دانمـارك بوویـن، کـە سـەرمان لـە تورکیـا و عـیراق و ناوچــە کوردیەکانی ئەم وولاتانە دا. سەرەڕای ئــەم شـاندە سـەقامگیرە، ئـەم بەڕێزانـەش تـاك و تەرا بەشداری سەردانەکانیان کردووە:

سەرەك وەزیرانی پێشوو (ئەنکە یۆرنسن).

---

[٨] بە پارەی دانمارکی، کە دەکاتە ٧ ,٥ ملیار دۆلار

ئەندامی پێشووی پەرلەمان لە حیزبی *SF* [9] (ئێبە سترانگە).

بەڕێوەبەری نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان (کیێلد ئۆك یێ).

سەرەکی بەشی دانمارکی *PEN*[10] (نیلز بارفۆید).

ئامانج لەم سەردانانە ئەوە بوو مرۆڤ بچێتە ناو ئەو کێشانەی لە ئاراداو و هەوڵبدات گفتوگۆیەك لە نێوان لایەنە ناتەباکان بێنێتە کایەوە. ووتوویژ لەگەل وەزیران و سەرۆکانی پارتە سیاسیەکان ئەنجام درا. سەرەڕای هەندێش کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوە سیاسیو مرۆڤایەتیەکان کرا.

مەحزەری کۆبوونەوەکانی ئەم سەردانانە لە دوو ڕاپۆرتی وورد باسکراون و لە (مەڵبەندی دانمارکی مافی مرۆڤ) دەست دەکەون.

---

[9] SF کورتکردنەوەی Socialistisk Folkeparti یە کە حیزبێکی چەپڕەوی دانمارکییە

[10] PEN کە بە مانای قەڵەم دێ، ڕێکخراوێکی نێو نەتەوەییە بۆ بەرگریکردن لە مافی نووسەران و ئازادی ڕادەربڕین.

# کوردستان لەلایەنی مێژووییەوە

مێــژووی کوردەکــان دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەزاران ســاڵ. کوردەکـــان پەیوەندیـــەکی بــەهێزیان بــەو ناوچــە جوگرافیــە هەیــە، کــە پێــی دەڵێــن کوردســتانو ڕۆڵێکی دیاریــان هەبووە لەو گۆڕانکاریانەی بە سەر ناوچەکە داهاتووەو خۆیان تێکەڵی جەنگە سیاسیو کێشە ناوچەییەکان کردووە.

خــاکی کوردســتان نزیکــەی ٥٥٠ هــەزار کیلۆمــەتری چــوار گۆشــەیە. ناوچەیــەکی دەوڵەمەندە و پڕیەتی لە سامانی سروشتی وەکو پیترۆڵو جۆرەها کانزای تر.

هــەردوو ڕووبــاری دیجلــە و فــورات، کــە بەشــێکی زۆری تورکیــا و عــیراق و ســوریا ئــاودەدەن، ســەرچاوەکانیان لــە کوردســتانەوە هــەڵدەقوڵێ. کۆنــە (ڕێگــای ئاوریشــم)، کــە ئەوروپای بە ڕۆژهەڵاتی دوور دەبەستایەوە بە کوردستاندا ڕەت دەبوو.

ئەمانــە گشــتیان وایــان کــردووە کــە ناوچەکــە بــۆ دەســتتێوەردانو ئاژاوەنانــەوە بەرچاو بێ. هەروەها ئەم هۆکارانە بوونەتە کۆسپ لە ڕێگای یەکگرتنەوەی کوردەکان.

کوردستان هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا بووە. ئــەمڕۆش نزیکــەی ٢٥ ملیــۆن کورد هەن لەنێوان تورکیا، ئێران، عیراق و سوریادا بەشکراون.

ئەم ژمارەیــە هــەر بــە مەزەندەیــە، لەبــەر ئــەوەی کوردەکــان ڕێگایــان نــادرێ وەکــو کورد ناونووس بکرێن. هەندێك ژمارەی تریش هەن باس لە ٤٠ ملیۆن دەکەن.

بەشــی هــەرە زۆری کوردەکــان لــە تورکیــا دەژیــن. هەمووشــیان لـــە مافــە ئاســاییە دیموکراتیو مرۆڤایەتیەکان بێبەشکراون. نزیکــەی ١٠٪ دانیشــتوانی کوردســتانی تورکیــا

ئاسووریو ئەرمەنین. ئەمانیش لە میان کێشە زۆر و زەوەندەکان هەمان چارەنووسی کوردەکانیان هەبووە. زۆرجاری وا بووە ئەم نەتەوانە لەگەڵ یەکتری تووشی کێشەو ناخۆشی بوونە و لەلایەن هێزە بێگانەکان هاندراون تاوەکو لە دژی یەکتری بجەنگن.

زۆربەی کوردەکان بە ئاین موسڵمانن، کەچی ئاسووریو ئەرمەنیەکان عیسایین[11].

ئەم جیاوازییە ئایینیەش قۆزراوەتەوە تاوەکو تەفریقە لەنێوان ئەم کۆمەڵە خەڵکانە دروست بکرێ. تورکو فارسو عەرەبەکان، کە وەکو دراوسێ لە تەك کوردەکان دەژین، ئەوانیش لە ژێر بارودۆخی ئازاد و دیموکراتیدا ناژین. هەروەها ئەوانیش کەوتونەتە ژێر کاریگەریەتی ئەو یاسا چەوسێنەر و ئەو شەڕانەی ڕژێمەکانیان دژ بە کوردەکانیان دەیانکەن.

خەباتکردن لە پێناوی ئازادیو دیموکراتی کاردەکاتە سەر باری ئەو دراوسێیانەش.

ئەگەر هاتوو کوردەکان لە هێنانەدی مافە ئازادیو دیموکراتیەکان سەرکەون، ئەوا دوورنیە ئەم مەسەلەیە دراوسێکانیش بگرێتەوە. ئەمەش هۆیەکی ترە کەوا ڕژێمەکانی ناوچەکە هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ کوردەکان قبوڵ ناکەن.

هەر لە دوادوایی سەدەی حەڤدەهەم یەکەم بیرۆکە سەبارەت بە کورد و کوردستان وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ سەری هەڵدا. خەباتی کوردەکان لەپێناو وولاتێکی سەربەخۆو ئازادبوون لە ژێر دەستی بێگانەکان لە سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرد.

تا ئێستا کوردەکان نەگەیشتونەتە ئامانجی خۆیان. هەرجارەی کوردەکان ڕاستدەبنەوە و شۆڕش دەکەن، دڕندانە لە سەریان دەدرێ. ئەنجامی ئەمەش ملیۆنەها کوژراو و زۆرەهای تریشن، کە ناچاری دەربەدەری دەکرێن. جیهانی دەرەوە هەمیشە بە چاوێکی پاسیف سەیری ئەم چەوساندنەوەی کردووە. وولاتانی ڕۆژئاوا بەرژەوەندی خۆیان لە کوردستانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە کە ڕەچاوی بکەن. ئەمە بە ئاشکرا لەو کەم بایەخیە دیارە، کە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی دوا بەدوای شەڕی یەکەمی

---

[11] کریستیانن، فەلەن، گاورن، مەسیحین.

جیهانی لـه سـیڤەر *Sevres* لـه سـاڵی ١٩٢٠ بـه کوردەکـان درا. ڕێککەوتننامـەکه پـەیمانی سەربەخۆیی دایه کوردەکان. سێ ساڵ پاشتر ئەم مافـه لـه لـۆزان *Lausanne* بـه لاوەنـرا، چونکه له دژی بەرژەوەندی لایەنه پەیوەندیدارەکان دەکەوتەوە.

(گیرت پیتەرسن) و (لاسه بۆدتز) قووڵتر باسی ئەم تروسکاییه دەکەن له مێـژووی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

ئەم چەوساندنەوەیه تا ئەمڕۆش به چاوی نێگەتیف سـەیردەکرێ. لەگـەڵ ئـەوەی ملیۆنەها کورد تووشی داپڵۆسینو چەوسـاندنەوە دێـن، کـەچی زۆر کـەم لەسـەر ڕژێمـە بەرپرسیارەکان دەوەستێ. بەڵکو سەرەڕای ئەم هـەموو شـتەش کـەچی هێشـتا پشـتگیری سیاسیو ئابووریو عەسکەری لەلایەن وولاّتانی ڕۆژئاواوە له تورکیا دەکرێ.

# ڕێکخراوە کوردیەکان

شاندەکەی دانمارك لەگەڵ چەندەها پارتو ڕێکخراوی کوردی کۆبوونەوەی کرد. لێرەدا تەنها باسی ئەو کۆبونەوانە دەکەین، کە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لە حیزبی *DEP* (پارتی دیموکراتی)و *HADEP* (پارتی گەلی دیموکراتی) سازدران.

پارتی *HADEP* جێگرەوەی *DEP* یە لە پەرلەمان دوای ئەوەی *DEP* قەدەغەکرا. لە مانگی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ساڵی ۱۹۹۳ ئێمە لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان ( لەیلا زانا) و (عەلی ییێگیت) کۆبووینەوە.

لە بەشەکانی تر زۆر باسی کۆبوونەوەکانی پاشتر دەکرێ لەگەڵ (لەیلا زانا)، کە ئەمڕۆ بەداخەوە حوکمی زیندانیەکی ناهەق بەسەر دەبا. لەو کاتەی (چیلەر)ی سەرەك وەزیرانی ئەوسا وایکرد کە سوپا پەرلەمانتاریکەکانی *DEP* بگرێت، (عەلی ییێگیت) لە دەرەوەی وولاَت بوو، بۆیە ئەمڕۆ لە مەنفا دەژیت.

(زانا) و (ییێگیت) هەردووکیان ئەو کاتە بە نوێنەرایەتی *DEP* ئەندامی پەرلەمان بوونو ئاگاداربوون، کە مەترسی حوکم و زیندانیان لەسەرە.

کە ئێمە لە ئوتێلێك لە ئەنقەرە لەگەڵیان کۆبووینەوە، دەزگای موخابەراتی تورکی بە ئاشکرا لەوێ بوون. پشکنینو نارەحەتکردن شتی ئەوتۆ نەبوون بشاردرێنەوە. لەو کاتیدا هەڵوێستەکە لەناو پەرلەمان لە گۆڕاندا بوو و خەریك بوو دەبووە کێشەیەکی تر لەو کێشە سیاسیە زۆرانەی تورکیا. پارتی *DEP* و ژمارەیەك لە ئەندامەکانی پەرلەمان بە کاری جوداییخوازی تاوانبارکران.

هەروەها (لەیلا زانا) بەوە تاوانبارکرا، کە لەسەر بڵندگۆی پەرلەمان بە کوردی قسەیکردووە.

دوا بەدوای ئەمە *DEP* لە ساڵی ١٩٩٤ قەدەغەکرا. (لەیلا زانا) و ئەندامانی تری پەرلەمان حوکمی وا دران، کە دەگاتە ١٥ ساڵ زیندانی. پێنج ئەندامی تری پەرلەمان لەگەڵ (عەلی یێگیت) توانیان ڕاکەنە دەرەوەی توركیا و لە زیندانكردن ڕزگاریان بێ. (یێگیت) و ئەوانی تر ئەمڕۆ لە پەرلەمانی كوردی لە مەنفا ئەندامن، كە لە دواتر هەر لەم بەشەدا زێتر لێی دەدوێین.

لە مانگی تشرینی یەكەم/ ئوكتۆبەری ساڵی ١٩٩٤ ئێمە بۆ یەكەم جار لەگەڵ (موراد بۆزلاق)ی سەرەكی كاتی *HADEP* كۆبووینەوە. سەرەكی ڕاستی *HADEP* ئەو كاتە لە زیندان بوو، چونكە لە كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ ژمارەیەك پەرلەمانتاری ئەوروپی باسی مەسەلەی كوردی كردبوو.

(بۆزلاق) وەكو زۆربەی سەركردە كوردەكانی تر، كە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، بە گەرمی باسی چارەسەرێكی سیاسی بۆ كێشەی نێوان ڕژێمی توركیا و كوردەكان دەكرد.

كە *DEP* هێشتا مابوو و نوێنەری لە پەرلەمان هەبوو، ئومێدێكی كزی گفتوگۆ لەنێوان ڕژێمی توركیا و كوردەكان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەوەی *DEP* قەدەغەكراو پەرلەمانتاریكەكانی ناچاری زیندانو هەڵاتن كران، دەرفەتی گفتوگۆ گەیشتۆتە ڕادەی سفر.

لە مانگی نیسان/ ئەپریلی ساڵی ١٩٩٥ ئێمە جارێكی تر لەگەڵ (موراد بۆزلاق) كۆبووینەوە. لەم ماوەیەدا *HADEP* چەند جارێك بارەگاكانی خۆی گواستبۆوە، چونكە نووسینگەكانی تێكو پێك درابوون. لە شوێنی بارەگا تازەكەشیان بۆمبایەكیان بۆ دانابوونەوە. كە ئێمە گەیشتینە ئەوێ لوولەی مەسعەدەكەمان (ئیلیڤاتۆر) بینی بە ناو یەكدا تەپابوو و نیوەی ئەو نهۆمەی بیناكە، كە *HADEP* گرتبووی، زیانی سووتانی پێگەیشتبوو.

لەو کاتە دیاربوو کە لە دوادوایی ساڵی ١٩٩٥ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دەکرێ. بۆیە پرسیاری ئێمە ئەوەبوو ئاخۆ *HADEP* وەکو تاکە حیزبێکی کوردی دێتەپێش و بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئاخۆ حکومەتی تورکی دەیەوێ بوونی *HADEP* بکاتە سەرە پردێك بۆ پەیوەندیەك یاخود گفتوگۆیەك لەگەڵ بۆ نموونە *PKK*.

(بۆزلاق) ئەوەی دووپاتکردەوە کەوا کوردەکان لەسەر هەر ئاستێك ئامادەی گفتوگۆن. (ئێمە مەرجی پێشوەخت دانانێین، بەلاّم حکومەت دەبێ ئەوە دەرخات کە ئارەزووی لە گفتوگۆیە و پێویستە هەموو چالاّکیەکی عەسکەری ڕاگرێ، کە هەرگیز ناگاتە هیچ ئەنجامێك). لەبەر ئەوەی شەڕ لە ئارادایە، (بۆزلاق ) بە ڕیالیستی نەدەزانی کە *PKK* ڕاستەوخۆ بێتە ناو گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی تورکیو کۆمەڵە کوردیەکان، بەلاّم (بۆزلاق) گوتی پێویستە ڕەزامەندی *PKK* سەبارەت بەو کۆمەلاّنە لەبەرچاوبگیرێ، ئەگەر هاتوو چارەسەرێکی ڕیالیستیانە هاتەکایەوە.

*( بۆزلاق )* رای وابوو کەوا پێویستە حکومەتی تورکی ناچاری ئەم گفتوگۆیەبکرێ.

پارتی *HADEP* دەیویست ڕۆڵێك ببینی بۆ بەیەك گەیاندنی *PKK* و حکومەت.

بە پێی بۆچوونی *(موراد بۆزلاق)* *HADEP* حیزبێکی ئەوتۆیە دەیەوێ هەموو کۆمەڵە ئیتنیەکان (ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان) بگەیەنێتە یەك. بۆیەش*( بۆزلاق )* لای وابوو تەقەراگرتن دەبێ لە هەردوولاوە بێتو حکومەت پێویستە نیشانەیەکی پۆزەتیڤ پێشانی *PKK* بدات.

لە هەڵسەنگاندنی باری سیاسی ئێستادا سەبارەت بەو سۆسیالدیموکراتانەی تازە خۆیان لێکداوە *(بۆزلاق)* گوتی، حکومەتی تورکی چەند حکومەتێکی دیموکراتیە ئەوانیش هەر ئەوەندە سۆسیالدیموکراتن.

لەو کاتەدا دوو پارتی سۆسیالدیموکرات خۆیان لێکدابوو و بەرەبەری هەڵبژاردنی شارەوانیەکان یەك حیزبیان پێکهێنابوو. *(بۆزلاق)* ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، هەرچەندە

ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لە سۆسیالدیموکراتەکان، کە *HADEP* پەیوەندی لەگەڵیان هەبووە، هەڵوێستی پۆزەتیڤیان بەرامبەر کوردەکان هەبووە، بەڵام لەگەڵ هەندێش یەکێك لەو دوو پارتە کە *SHP* ە هاوبەش بووە لە سەرکوتکردنەوەی *DEP*. سۆسیالدیموکراتە تازەکە بە پێی بۆچوونی *(بۆزلاق* هەوڵی ئەوە نادا چارەسەرێکی ئاشتیانە بێنێتەئاراوە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیاکەی وەکو حیزبە بۆرژواکان لەسەر بناغەی کەمالیزم دامەزراوە.

پارتی *HADEP* لە هەندێك حیزبی چەپڕەوی بچووك بترازێ، ڕازی نەبوو هاوکاری لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی ناو پەرلەمان بکات. سەرۆکی *HADEP* لەو قەناعەتەدا بوو، کە کوردەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو پێشکەوتن وەدەست دێنن. وا دیاربوو، هەروەك لە بەشەکەی *(لاسە بۆدتز)* لە نزیکترەوە باس دەکرێ، کەوا *HADEP* لە هەڵبژاردندا لە بەرامبەر حیزبی رەفاهی ئیسلامیدا تووشی پاشەکشەهاتبوو. *(بۆزلاق)* و تەواوی سەرکردایەتی *HADEP* لەوساوە و لە دوای بەستنی کۆنگرەی ساڵانەیان لە ١٩٩٦ بۆ ماوەی دوورودرێژ حوکمی زیندان کراون. دوو گەنج لە دوای کۆنگرەکە ئاڵای تورکیایان داگرتبوو. ئەم ڕووداوە وای کرد تورەیی حکومەت بتەقێتەوە. موددەعی عامی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کاتی لە دادگاداندا داوای کردبوو ئەم دوو کەسە لە سێدارە بدرێن، هەرچەندە تورکیاش وەکو دانمارك پرۆتۆکۆلی پاشکۆی پەیماننامەی مافی مرۆڤی ئەوروپای مۆرکردووە، کە لە سێدارەدان قەدەغەدەکات. ڕێکخراوی *Kurdish Human Rights Project*، کە دەزگایەکی یاسایی مافی مرۆڤە لە لەندەن، بە دوای مەسەلەی *HADEP* دا چووەو پشتگیریکردووە، کە تا ئێستاش لە دادگای ئاسایش لە تورکیا لە ژێر هێنان و بردنە. جگە لەمە داوایەکی تریش سەبارەت بە مامەلە کردنی کوردەکان لە لایەن تورکیاوە وا بەرێگاوەیە بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

# پەرلەمانی کوردی لە مەنفا

پاش ماوەیەکی کورت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم سوپای تورك ناوچە کوردیەکانی داگیرکرد. لە ساڵی ١٩٢١ تا ساڵی ١٩٣٨ شەڕێکی توندی ڕانەگەیەندراو دژ بە کوردەکان دەگەڕا.

لە هەمان کاتدا هەڵمەتێکی گەورە خرایەکار بۆ ئەوەی کوردەکان بتوێنرێنەوە و ئینکاری بوونی خۆیان بکەن. پاشتر ناوچە کوردیەکان خرانە ژێر باری نائاسایی عەسکەری. لە دوای کۆدێتا عەسکەرییەکەی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی قەتڵوعامی دژی کوردەکان دەستی پێکرد. لەتەك ئەمەش هوشیاریو ویستی سەربەخۆیەکی زێتر لە ای کوردەکان نەشونمای کرد.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سوودی لە خەباتی ئازادی شوێنانی تری دونیا وەرگرتووە.

چەوساندنەوەی هەمیشە و ڕاونانی بەردەوام زێتر لە نیوەی کوردەکانی ناچارکردووە یان ئەوەتا بگوازنەوە ڕۆژاوای تورکیا، یاخود ڕابکەنە دەرەوەی وولاّت.

زۆربەی کوردەکان ئارەزوویان لێیە بگەڕێنەوە کوردستان. کوردەکان لەپێناوی وەدیهێنانی مافی سەربەخۆیی زێتر پشتگیری تێکۆشان دەکەن، بۆ ئەمەش پێویستیان بە ئەنجوومەنێکی هاوبەشە، کە چاوی لە بەرژەوەندیەکانیان بێت.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ١٩٩١، ١٦ کورد هەڵبژێردران کە نوێنەری تێکۆشانی مافی کوردەکان بوون. لە هەمان کاتدا زۆر سەرەك شارەوانی کورد

هەڵبژێردران، کە لایەنگری ئەو بنەما سیاسیە بوون. هەر لەوساوە زۆر لەو نوێنەرانە کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابوون تووشی ڕاونانو کوشتنو زیندانی کراون، یاخود ناچاری هەلاتن کراون بۆ دەرەوەی وولات. بەم جۆرە کوردەکان ڕێگای نوێنەرایەتکاری پەرلەمانیان لەبەردەمدا گیرا.

لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیش بە ئاگا یاخود بێ ئاگا ئەو ڕێگەیەی لە خۆی بڕی، کە بتوانێ پارتە پەرلەمانتاریە شەرعیەکان وەکو نێوەند لە کێشەی تورکی _ کوردی بەکاربێنێ.

هەروەك لە بەشەکەی (کلاوس سلاڤنسکی) دەتوانی بخوێنیتەوە، کوردەکان ڕێگایان نادرێ کە خۆیان لە کۆمەڵەی کوردیدا ڕێکبخەن، هەروەها ڕێگای ئەوەشیان نادرێ، کە بە ئازادی زمانەکەی خۆیان بەکاربێنن.

ئەو جۆرە مامەلەیەی تا ئەمڕۆ لەگەڵ پارتە کوردیە پەرلەمانتاریەکانی وەکو *HADEP* و *DEP* دەکرێ، وادەکا زۆر زەحمەت بێ مرۆڤ وێنەیەکی لا دروست بێ سەبارەت بە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کورد لە پەرلەمان، کۆڕ و کۆبوونەوە هەڵبژێردراوەکانی تر لەو ناوچانەی کوردیان لێ دەژی.

لە دوای جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ کوردستانی عیراق _ خوارووی کوردستان _ کەوتە ژێر پارێزگاری *UN*. کوردەکان ئەم ئازادیە تازە وەدەستهاتوەیان قۆزتەوەو بە هەڵبژاردن پەرلەمانێکیان دامەزراند. ئەم پەرلەمانە کوردیە لەلایەك و ئەو بێ دەرفەتیەی ناو تورکیا لەلایەکی تر بوونە هاندەری ئەوەی پەرلەمانی کوردی لە مەنفا دابمەزرێ.

لە ساڵی ١٩٩٤ کۆمیتەیەکی ئامادەکردن داندرا. دەستپێشخەرانی کۆمیتەکە ئەندامانی *DEP* و ئەندامە لە کارخراوەکانی پەرلەمانی تورکیو چەندین نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسیو کەلتوریە جیاجیاکان بوون.

پەرلەمانی کوردی لە مەنفا (پ ك م) لە ١٢ نیسان/ ئەپریلی ساڵی ١٩٩٥ لە شاری لاهای هۆڵەندا دامەزرا.

(پ ك م) لە ٦٨ ئەندام پێك دێت. ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانو سەرەك شارەوانیەکانی، کە لە تورکیا لە کارخراون شوێنی هەمیشەیان هەیە. ئەوانی تر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای کۆمەڵەیەکی نوێنەرایەتیکەر هەڵبژێردرێن. هەر هەموشیان لەنێوان کوردەکانو ئاسووریەکانو ئەرمەنیەکانی دەرەوەی تورکیا هەڵبژێردرێن. لە دوا وەرزی پەرلەمان لە ئۆسلۆ لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ بڕیاردرا کە کاربکرێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە _ کوردستانی باکوور _ پەرلەمانەکە فراوانتربکرێت.

هەموو ڕێکخراوە کوردیو ئاسووریو ئەرمەنیەکان بانگکران بۆ ئەوەی بێنە پێشو بەشداری پەرلەمانی مەنفا بکەن. هەندێ ڕێکخراو وایان بەباش زانی بەشداری نەکەن. ئەوانەش بۆرژواکانو سۆسیالدیموکراتەکانو ڕێکخراوە چەپڕەوە شۆڕشگێڕەکان بوون. لە کۆتایی ئەم بەشە لیستەیەك بە ناوی ئەو ڕێکخراوانە هەیە، کە بەشداری ئەم پەرلەمانەیان کردووە، کە تیایدا دیارە (پ ك م ) تا چ ڕادەیەك بە شێوەیەکی پان و بەرین پێك هاتووە.

# پەرلەمانی مەنفا و *PKK*

(پ ك م ) له لایەن حکومەتی تورکیا و هەندێ ڕێکخراوی کوردی بەوە تاوانبار دەکرێ کە گوایە پەیوەندیەکی نزیکی بە *PKK* وە هەیە. بەلاّم *PKK* هیچ نوێنەرێکی له نێو (پ ك م ) دا نیه.

١١ ئەندام لە ناو پەرلەمانەکەدا نوێنەرایەتی *ERNK* ( ئانیا رزگاری نەتەوەی کوردستان) دەکەن.

ڕێکخراوی *ERNK* ڕێکخراوێکی سیاسی پاڵپشتی *PKK* یە، بە هەمان شێوە پەیوەندی نێوان *IRA* و *Sien Fien*. رژێمی تورکیا دەیەوێ وا لە وولاّتانی رۆژاوا بگەیەنێ کە ئەندامانی (پ ك م) و *DEP* تێرۆریستی کێوین و ڕێگای توند و تیژی بێ مانا دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی خۆیان. کە مرۆڤ لە نزیکەوە ئەندامانی (پ ك م) و *DEP* دەناسێ، وێنەیەکی تەواو جیاوازی دەستگیر دەبێ.

*(یەشار ڤایا)* پیاوێکی بازرگانی بە تەمەنی زۆر رێك و پێکە، بەڕێوەبەری بەشی تورکیای کۆمپانیای *SIEMENS* زیمنزی ئەلمانی بوو، خاوەنی رۆژنامەی *Űzğür Ğündem* ی کوردیە، سەرەکی *DEP* یە. بەلاّم توانا و کاریگەری پرۆپاگندەی ترسێنەری تورکیا لە بارەی کوردەکانەوە لەوە دیارە کە وەزیری دەرەوە[١٢] (نیلز هێلڤی پیتەرسن) رازی نەبوو بەوەی لەگەڵ *( یەشار ڤایا )*ی سەرۆکی (پ ك م) کۆببێتەوە.

---

[١٢] مەبەست لە وەزیری دەرەوەی پێشووی دانمارکە.

زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لە حیزبی *DEP* پلە و پایەی بەرزیان لە ناو کۆمەڵگای تورکیادا هەبووە. ئەمانە لە بنەماڵەی گەورە و ناودار و هەبوو بووینە. کە لە نزیکەوە ناسیاویان لەگەڵ پەیدا دەکەیت، ئیتر زەحمەتە بەو هەڵبەستانە باوەڕ بکەیت کە دەڵێن گوایە ئەوانە مەیلی تێرۆریستیان هەیە.

گرنگترین ئامانجی (پ ك م) پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و کەلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشیەکانی کوردەکانە. ئەم پەرلەمانە لە دژی هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی داگیرکردنی کوردوستانە و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە کارێکی رەوا دەزانێ. یەکێ لە ئامانجە گرنگەکانی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردوستانە.

(پ ك م) ئاواتی ئەوەیە ئەوەندەی لە تواناداية زۆرترین ژمارەی پارت و رێکخراوە کوردیەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردوستان کۆبکاتەوە. ئەم جۆرە کۆکردنەوەیە رێگا بۆ کۆنگرەی نیشتمانی خۆش دەکا، لەسەر هەمان شێوەی *PLO* ی فەلەستینیەکان و *ANC* میللەتی خوارووی ئەفریقیا. ئومێد ئەوەیە لە رێگای کۆنگرەی نیشتمانیەوە سەرکەوتنێکی گەورەتر لە مەیدانی نێونەتەوەیی بەدەست بێ.

(پ ك م ) کاری خۆی لە رێگای لێژنەیەکی کاروباری رۆژانە و کۆمەڵێك لیژنەی تایبەتی تر ئەنجام دەدا. پەرلەمان سێ مانگ جارێ کۆبوونەوەی خۆی لە یەکی لە پایتەختەکانی ئەوروپا دەکا. زۆر جاری واش هەیە کۆبوونەوەکانی لە بارەگای پەرلەمانە ئەوروپیەکان دەکات.

باڵوێزخانەکانی تورکیا ئەمەیان زۆر پێ ناخۆشە و بە توندی ناڕەزایی خۆیان لەلای وەزارەتەکانی دەرەوە و دەزگاکانی راگەیاندن دەردەبڕن.

(پ ك م ) کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی لە *Christiansborg* [١٣] لە کۆپنهاگن بەست. باڵوێزخانەی تورکیا ناڕەزایی خۆی گەیاندە حکومەتی دانمارك، بەڵام ناڕەزایەکەی رەت

[١٣] بارەگای پەرلەمانی دانمارکە.

کرایەوە، چونکە هەروەکو ( ئیرلنگ ئولسن ) ی سەرەکی پەرلەمانی دانمارك گوتی، لە دانمارك بە پێی یاسا رێگای کۆبوونەوەی سیاسی هەیە.

ئەم نارەزاییەی تورکیا ئەوە پێشان دەدا تا چ رادەیەك زەحمەتە کاری سیاسی لە تورکیا بکرێت و، سوپای تورك چەند لەوە دەترسێ دەنگی کورد ببێتە دەنگێکی شەرعی لە تورکیا. کاردانەوەی توندی باڵوێزخانەی تورکیا بووە هۆیەکی راستەوخۆ کە هەموو رۆژنامەکان و میدیا ئەلکترۆنیەکان باسی کۆبوونەوەکە بکەن.

ئەو کۆبوونەوە بەدیۆمە وای کرد کەوا هەر پێنج نووسەری ئەم کتێبە دەرکرێن و چیتر رێگایان نەدرێ جارێکی تر پێ بنێنە سەر خاکی تورکیا. بەڵام جگە لەم کۆبوونەوەیە هۆیەکی ناراستەوخۆی تریش هەبوو بۆ ئەم قەدەغەیە، ئەویش کاری مرۆڤایەتیانەی چەندین ساڵەی نووسەرانی ئەم کتێبەیە لە پێناو مەسەلەی کوردا.

کۆبوونەوەکەی کۆپنهاگن لەوەی دەکۆڵیەوە ئاخۆ ئەوروپا تا چ رادەیەك توانای بەشداری چارەسەری کێشەکەی ناو تورکیای هەیە. لیژنەیەك لە سیاسەتمەدارە دانمارکیەکان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری جەماوەر بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد، بە تایبەتیش ئەو کوردانەی لێرە دەژین. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەکە نەهاتە دەست.

ئەوەی لێرەدا سەیرە تەنها بەشدارانی لیژنەکە لە سۆسیالدیموکراتەکان و*SE* و *Enhedslisten*[14] خرانە لیستە رەشەکەی باسمان کرد و هاتوچۆی تورکیایان لێ قەدەغە کرا.

*(ڤیگۆ فیشەر)* لە *Konservativ Folkeparti* پارتی میللی پارێزگاران[15] و *(یونا گرۆن)* لە پارتی *Venstre* [16] هەردووکیان بەشداری لیژنەکە بوون، کەچی نەخرانە لیستە رەشەکەوە.

---

[14] ئەمیش حیزبێکی چەپرەوی دانمارکیە.

[15] حیزبێکی راسترەوی دانمارکییە.

بەلاّم ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە رژێمی تورکیا رای وایە کە ئەم دوو سیاسەتمەدارە هەلْوێستیان پۆزەتیڤە سەبارەت بە باروزروفی ناو تورکیا. بە تایبەت (ڤیگۆ فیشەر) کە هەلْوێستی زۆر توندە لە بەرامبەر مامەلە کردنی کوردەکان و داپلْۆسین و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ ئەو کێشەیەی ناو تورکیا لە رێگای گفتوگۆ چارەسەر بکات، ئەوا (پ ك م) گرنگترین کەرەستەیە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێت. ئەمەش بە تایبەتی لەم کاتەدا گرنگە کە گۆشەنیگا کوردیەکان چیتر نوێنەریان لە ناو پەرلەمانی تورکیادا نەماوە، بەلْکو دەنگیان تەنها لەو دیو دەروازە داخراوەکانی زیندانەکان دەبیسترێن.

---

[١٦]زۆر سەیرە کە ووشەی Venstre لە زمانی دانمارکی بە مانای چەپ دێت، بەلاّم حیزبیVenstre حیزبێکی راسترەوە.

# خەباتی کەلتوری کوردەکان

کەرەستەیەکی تری گرنگی کوردەکان لە پێناوی بڕیاری مافی سەربەخۆ تەلەفزیۆنی سەتەللایتی*MED-TV* یە.

ئەم ئێستگەیە هەر لە ساڵی ١٩٩٥ وە بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکا و هەموو ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەگرێتەوە، کە ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن کەس.

ئێستگەکە لە ئەوروپاوە پەخش دەکرێ و دەزگای نووسین و بلاّوکردنەوەی لە ئینگلتەرا و بەلجیکا و ستۆکهۆڵم و بەرلین و مۆسکۆ هەیە. هەموو دوای نیوەڕۆیەك نزیکەی شەش سەعات بە زمانەکانی کوردی و تورکی و ئینگلیزی بەرنامەکانی بلاّو دەکاتەوە. رووبەری پرۆگرامەکانی بەقەدەر تەلەفزیۆنی دانمارك پان و بەرینە و پرۆگرامی منداڵان و لاوان و کەلتور و گفتوگۆ و دیکۆمەنت و دەنگ و باس و هتد.. بە خۆوە دەگرێ.

ئیستگەکە موڵکی تایبەتیە و لە لایەن دەستپێشخەرانی تایبەتیەوە دامەزراوە، کە لایەنگیری تێکۆشانی کوردەکانن. هەر بۆیەشە ئێستگەکە پشتگیری پەرلەمانی مەنفا و *PKK* دەکات.

ئەمە بۆتە دڕكێك و چەقیوەتە چاوی تورکیا، کە زەختی خستۆتە سەر زۆربەی حکومەتە ئەوروپیەکان تاوەکو *MED-TV* قەدەغە بکەن. ئەمە زۆر جاری وابووە سەری گرتووە، بەلاّم ئێستگەکە جارێکی تر و لە شوێنێکی تر سەری هەڵداوەتەوە و

بەرنامەکانی دیسان سەر لە نوێ پەخش کردۆتەوە. سەرەڕای ئەمەش حکومەتی تورک هەوڵی ئەوە دەدات نەهێڵێ ئەنتێنی پەڕەپۆل لە ناوچە کوردیەکان بفرۆشرێ، تاوەکو ڕێی ئەوە لە کوردەکان بگرێ کە هیچیان لە *MED-TV* یەوە پێ بگات.

ئێزگەی *MED-TV* یەکێکە لە بەنرخترین کەرەستەکانی خەباتی ئاشتیانەی کوردەکان لە پێناو سەربەخۆیی. هەروەها ئەم ئێستگەیە دەتوانی هاوبەش بێ لە کردنەوەی چەندین دەرگای دیپلۆماسی، هیواداریـن ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئازار و ئەشکەنجە و قوربانی گیانی لەم کێشە بەلآیەدا.

لە دەزگا بە نرخەکانی تر بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەی ئەو کێشەیەی ناو تورکیا، پێویستە ناوی نووسینگەکانی راگەیاندنی *ERNK* بێنین کە لە ئەوروپا بلآو بوونەتەوە و لە کۆپنهاگنیش هەیە.

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد *ERNK* ڕێکخراوی سیاسی پاڵپشتی *PKK* یە.

لە سەردەمی ڕژێمی ئەپارتاید لە وولآتی خوارووی ئەفریقیا *ANC* دەزگایەکی راگەیاندنی لە کۆپنهاگن هەبوو، بۆ زۆرایەتیە رەشپێستەکان وەکو باڵوێزخانەیەك وابوو. کۆمەلآنێکی زۆر لە گروپە شۆڕشگێڕەکان بۆ ماوەی چەندین ساڵ ماوەیان بۆ رەخسا (باڵوێزخانە) ی ناڕاستەوخۆ بکەنەوە، کە زمانی حاڵی سیاسی ئەم گروپانە بوو. نووسینگەی *ERNK* لە کۆپنهاگن کارێکی دیپلۆماسی مەزن رادەپەڕێنێ. لێرەش باڵوێزخانەی تورکیا هەوڵی دا ئەم نووسینگەیە بە داخستن بدات، بەلآم هەوڵەکەی سەری نەگرت.

نووسینگەکە پەیوەندی چاکی لەگەل سیاسەتمەدارانی دانمارك و ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان هەیە. هەروەها ئەمان دەستیان هەبووە لە ڕێکخستنی جۆرەها کۆبوونەوەی گشتی بە بەشداری زۆربەی پارتەکان. لە یەکێ لە کۆبوونەوەکان لە *Christiansborg* وا ڕێککەوت باڵوێزی ئەوسای تورکیا لە هەمان ریز وەکو یەکێ لە نوێنەرانی (پ ك م) دابنیشێ.لەگەل هێندێش کۆبوونەوەکە لە *MED-TV* پیشان درا.

یەکێك لە دەسپێشخەریە گرنگەکانی نووسینگەکانی *ERNK* لە وولاتانی باکوور، دامەزراندنی (ئەنجومەنی کوردی - باکوور) ە. ئەم ئەنجومەنە لە پارتە بۆرژوا و سۆسیالیستەکان و خەڵکانی رێکخراوە مرۆڤایەتیەکان لە وولاتانی باکوور پێك هاتووە. ئامانجیش ئەوەیە کە گروپێك دابمەزرێ بۆ کارکردن لە پێناو هێنانەدی گفتوگۆیەك لە نێوان لایەنە دژ بە یەکەکان لە کێشەکەی تورکیا.

جگە لەمانەش یەکێتیەکی کۆمەڵە کەلتوری و کۆمەلایەتیە کوردیەکان لە دانمارك هەیە، کە هەموو ئەم کۆمەلانەی خستۆتە ژێر چەترێکی هاوبەشەوە و پێی دەڵێن *FEY-KURD*. ئەم کۆمەڵەیە جەژن و ئاهەنگ ساز دەکا و شوێنی کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنی زۆربەی کوردەکانی تورکیایە. بەم جۆرە ئەم کۆمەڵەیە هەڵوێستی بەرامبەر کێشەکەی تورکیا هەیە. کۆمەڵەکە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی سیاسی رێك دەخا و بە ئاشکرا پشتگیری تێکۆشانی لەپێناو سەربەخۆیی کورد دەکا و لەمەشدا تێکۆشانی *PKK*.

یەکێك لە لێپرسراوەکانی *FEY-KURD* لە ساڵی ١٩٩٤ تەقەی لێکرا و زۆر خراپ بریندار بوو. پۆلیسی دانمارکی نەیتوانی کابرای تەقەکەر بدۆزێتەوە، بەلام لە نێو کوردەکان هیچ گومان نییە کە ئەم کارە لە بن سەری دەزگای موخابەراتی تورکی بوو. هەر بۆیەش لای کوردەکان سەیر نیە کە پۆلیسی دانمارکی کابرای تاوانباری نەدۆزێتەوە.

لە بەشەکەی *(سۆرین سونەگۆو)* مرۆڤ زێتر دەچێتە ناو ئەم رووداوە، هەروەها باسی مەسەلەی *(کەمال کۆچ)* دەکرێ کە یەکێکە لە ئەندامە لەپێشەکانی *FEY-KURD*.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی کوردی تر لە دانمارك هەیە کە خۆیان بە گیروگرفتەکانی ناو تورکیاوە خەریك کردووە، کارێکی چاك ئەنجام دەدەن. ئەمانە لێرەدا باسیان نەکراوە، چونکە ئەم ووتارە بۆ باسی پەرلەمانی مەنفا و ئەو رێکخراوانەی لایەنگیری ئەو پەرلەمانە دەکەن، تەرخان کراوە.

# پاڵپشتیی دانمارك بۆ خەباتی كوردەكان

رژێمی توركیا - هەر بگرە لە سەروترین ژەنەرال هەتا بچووكترین پارتی ناو پەرلەمان - بە تەواوی دژی هەموو شێوەیەك لە شێوەكانی گفتوگۆن لەگەل هەموو كوردێك.

(توركیا یەك وولاتە، تەنها یەك میللەت لە گۆڕێیە، بۆیە گفتوگۆ لەگەل كێ بكەین).

ئەمە مانای ئەوەیە قەتلوعام و سەركوتكردنەوە بێ راوەستان بەردەوام دەبێ. بۆیە زۆر پێویستە وولاتانی رۆژاوا و كۆمەلگای نێودەولەتی زەختێكی سیاسی و ئابووری لە توركیا بكەن. باشترین شێوەش بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە، لە دەرخستنی ئەو راستیەدایە كە لایەنێكی كوردی هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بكرێت. ئیتر بەم شێوەیە رژێمی تورك چیتر ناتوانێ بیانو هەڵبەستێ كە گوایە هیچ لایەنێكی بەرامبەری نیە تاوەكو گفتوگۆی لەگەڵ بكات.

هەروەكو لەبەشەكەی ( لاسە بۆدتز ) دا هاتووە، كاتێ ( ئیساق رابین ) ی سەرەك وەزیرانی ئیسرایل كەوتە بەر رەخنەی ئەوەی بەشداری گفتوگۆی دەگەڵ *PLO* كردووە، لە وەڵامدا گوتی:

(مرۆڤ لەگەڵ دوژمنی خۆی دەبێ هەوڵی ئاشتی بدات). ئەم راستیە زۆر بە ئاسایی هەمان كیشەكەی توركیاش لە نێوان رژێمی توركیا و كوردەكان دەگرێتەوە. بۆیە شتێكی گرنگە زەختێكی نێونەتەوەیی بكرێت تا لایەنەكان ناچاری گفتوگۆ بكات.

کوردەکان دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن. هەموو سەرکردە کوردەکان وا دەڵێن،( عەبدوللا ئۆجەلان ) ی سەرەکی *PKK* ش چەند جار ئەمەی گوتوە و نووسیوە. بۆ ئەوەی پیشانیشی بدات کە ئەمەی بە راستی مەبەستە، *PKK* زۆر جاران لە یەك لاوە بانگەشەی تەقە راگرتنی کردووە. کەچی لە بەرامبەری ئەمە رژێمی تورکیا زێتر ئاگری کێشەکەی خۆش کردووە.

ئەگەر دیموکراتیە رۆژاواکان بە راستی مەبەستیان بێ مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بپارێزن و چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکە بدۆزنەوە، ئەوا پێویستە لەسەریان پەیوەندی و گفتوگۆ بە شێوەیەکی رەسمی لەگەل نوێنەرانی کوردەکان بکەن، لەوانەش (پ ك م ) و *PKK*.

شتێکی ئاشکرایە تورکیا یەکەم جار زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی لە دژی ئەم شتە دەردەبڕێ. دیارە ئیسرایلیش هەر وای کرد کە وولاّتانی رۆژاوا پەیوەندیان بە *PLO* کرد. بەلاّم دوای ماوەیەکی کورت تورکیا هەست دەکات کە زەختێکی سیاسی کەوتۆتە سەر تا لەگەلْ کوردەکان بکەوێتە گفتوگۆ. زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانی تورکیا زۆر (رۆژاوایین) و بەردەوام بە پەرۆشەوەن ببنە بەشێك لەو هاوبەشیە (رێك و پێك ) ە. بۆیە زەختی رۆژاوا زۆر کار لەو سیاسەتمەدارانە دەکات. ئەگەر وولاّتانی رۆژاوا بەرامبەر تورکیا توندی نەنوێنن تاوەکو گفتوگۆ بکات، ئەوا لە لایەن کوردەکانەوە وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو وولاّتانە بە هیچ شێوەیەك گوێ نادەنە چەوساندنەوەی کوردەکان. ئەمە زۆر بە روونی لەو نموونانە دەردەکەوێ کە لە بەشەکەی *( گیرت پیتەرسن )* دا هاتوون، سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان دانمارك و تورکیا لەو دە ساڵانەی دواییدا.

کوردەکان یەك *نەتەوەن*. هەروەکو لە پێشتریش باسمان کرد و چارێگی دانیشتوانی تورکیا پێك دێنن، و لە نزیکەی سێیەکی خاکی تورکیا دادەنیشن. بەدبەختی ئەوان لەوەدایە کە خەڵکی هەرێمێکی سەر سنووری پڕ ئاژاوەی سیاسین لە

نێوان چەند دەوڵـەتێکدا کـە دەکەوێتـە ناوچەیـەکی ناڕەحـەتی ئـەم جیهانـە. هـەروەها خاکی کـوردان سـامانێکی زۆر گـەورەی سـەرچاوە سروشـتییەکانی گرتۆتـە خـۆی. بـەڵام سامان بە لای کوردەکانەوە پێش هەموو شتێك مافـەکانی ناسـنامە و زمـان و کـەلتوری خۆیانە.

سامانی مەتریالی کوردەکان زۆر خۆشەویستە، بـەڵام بـۆ نەتـەوەی کـورد خـۆی نـا. زۆر لـەوە دەچـێ وولاّتـانی رۆژاوا تەنـها چاویـان لـە بـەرژەوەندی خۆیانــە، و پشـتگیری خەبات و تێکۆشانی کوردەکان بۆ کەمترین مافەکانیان ناکەن.

بۆیە کوردەکان وا هەست دەکەن هیچ رێگایەکیان لـە بـەردەم نـەماوە، تەنـها ئـەوە نەبێ تەکان بدەنە تێکۆشانی توند و تیژیـان. پێویسـتە وولاّتـانی رۆژاوا رێگا لەبـەردەم ئەم توند و تیژیە بگرن، ئەمەش بەوەی زۆر لە تورکیا بکەن تا رێگای گفتوگۆ بگرێتـە بەر.

ئەم کارەش بەوە ئەنجام دەدرێ کـە لـە پێشـدا خۆیـان راسـتەوخۆ گفتوگۆ لەگـەل رێکخراوە کوردیەکان بەرپا بکەن.

# پەرلەمانی کوردی لە مەنفا

ئەو پارت و ڕێکخراوە کوردییانەی لە پەرلەمانی کوردی لە مەنفادا بەشدارن:

پارتی دیموکراتی *DEP*
ڕێکخراوی ئازادی ئافرەتانی کوردوستان
یەکییێتی عەلەویەکان
ڕێکخراوی لاوانی کوردوستان
یەکییێتی خاوەن کارەکانی کوردوستان
بزووتنەوەی ئیسلامی کوردوستان
پارتی کۆمۆنیستی کوردوستان *KKP*
یەکییێتی کوردیی زەردەشتیەکان
ئانیا ڕزگاری نەتەوەی کوردوستان *ERNK*
یەکییێتی دیموکراتی ئاسووری

کۆنگرەی نیشتمانی کوردوستان
پارتی دیموکراتی کوردوستان *PDK*
دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ
کۆمەڵەی کەلتوری کوردوستان
کۆبوونەوەی نیشتمانی کوردوستان
نوێنەرایەتی کوردەکانی ئوسترالیا
نوێنەرایەتی کوردەکانی کەنەدا
کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان
ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان
یەکییێتی ڕۆشنبیرانی کوردوستان

# -بەشی دووەم-

# لەگەڵ دوژمنی خۆی مرۆڤ دەبێ هەوڵی ئاشتی بدات

**نووسینی**

**لاسه بودتز**

من دەمەوێ بە گێڕانەوەی مەسەلەی ( ردوان بولوت) دەست پێ بکەم.

لە ڕۆژی ٢٧ی ئەیلول/ سێپتەمبەر ساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵێ لە پارێزەران سەردانی زیندانی (غازی عینتاب) یان لە شاری دیاربەکری خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا کرد، تا لە بارو زروفی مردنی ١١ بەندکراو بکۆڵنەوە کە لە ڕۆژی ٢٤ی ئەیلول/ سێپتەمبەری هەمان ساڵدا مردبوون. بە پێی ڕاپۆرتی پارێزەرەکان، زیندانییەکان گوتوویانە:

(ردوان بولوت) کە نوێنەری یەکێ لە قاوشەکانی زیندان بوو، لە لایەن سەرەکی پاسەوانەکان بانگ کرا. یەکێ لە پاسەوانەکان، وێدەچوو پلەی لیفتنانتی _ ملازم _هەبێ، بە کوتکەداری بیسبۆل کەوتە لێدانی ( ردوان ) لە کاتێکدا بەندیەکانی دی ناچار کران تەماشای دیمەنەکە بکەن. پێنج دار لەم دارانە لە لێدانی ( ردوان) شکان، بەڵام وا دیار بوو ئەو ئەفسەرە دڵی تەواو دانەکەوتبوو، بۆیە سەری ( ردوان ) ی دایە بەر شەق و پێلەقە تا لە ئەنجامدا چەند پارچەیەك لە لەشی داماڵرا. پاشتر لەبەر چاوی بەڕێوەبەرەکان و بیرۆکراتەکان و فەرمانبەرە گەورەکان[1] دەستیان کردە لێدانی بەندیەکانی تر.

هاوڕێیانمان (ردوان بولوت، مەمەد ئەسلان، جەمال جام، ئیسکان ئوسال ) لەبەر چاوی ئێمە کوژران. پاسەوانەکان ئەم هاوڕێیانەیان بۆ سەرکردە عەسکەرەکان دەستنیشان کردبوو.

چوارده کەس لە ئێمە کە برینمان زۆر گران نەبوو، بە سواری جێبێك دوورخراینەوە. بەردەوام لە ناو جێبەکەش هەر لێیان دەداین. نەمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن، و هیچیشیان نەداینێ بیخۆینەوە. (خەیری گوموس) ی هاوڕێمان لە ناو جێبەکە بە زنجیر کوژرا .

[1] بۆ ئەم رستەیە لە دەقی ڕاپۆرتەکە بە ئینگلیزی نووسراوە directors, bureaucrats and magistrates

# دوو نەتەوەکەی تورکیا

ئەو راپۆرتەی لە سەرەوە ئەم ڤیچەمان لێ وەرگرتووە، بە پیتــی وورد نووســراوە و لە چەندەها لاپەڕە پێك هاتووە. بەڵام لەوانەیە ئەم سەربردە کورتە بۆ ئەم جارە بەس بێت.

مــرۆڤ دەتوانــێ بڵــێ هــەموو ئــەو زیندانیانــەی لەســەرەوە ناویــان هــات، ئـــەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان *PKK* بوون، بەوە تاوانبار کرابوون کە گوایە رێگای تیرۆریان گرتۆتــە بــەر لەشــەڕی دژ بــە تورکــەکان، لــە پێنــاو هێنانــەدی هــەل و مــەرجی ژیــانێکی مرۆڤانە بۆ کوردەکان.

زێتر لــە ٦٠ ملیــۆن کــەس لــە تورکیــا دەژیــن. لــەو ٦٠ ملیۆنــە لەوانەیــە زێــتر لــە ١٥ ملیۆنیان کورد بن. ئەمانە بە ئەنقەست بەســەر هــەموو ناوچــەکانی وولاٌتەکــەدا پــەرت کراون. بەلاٌم جێگا و شوێنی سروشتی خۆیان خوارووی رۆژهەلاٌتی تورکیایە.

ملیۆنــەهایان شانبەشـــانی تورکــەکان دەژیـــن. بـــەلای زۆر کەســـەوە _ هەرچـــەندە کوردیشن _ شتێك نیە لە ئارادا کە ناوی مەسەلەی کورد بــێ. ئــەو جــۆرە کەســانە بــەوە رازین وەك دانیشتوانی تورکیا حسێب بکرێن، بە تایبەت لە دوای ئەو وەرچەرخانــەی ( کەمال ئەتاتۆرك ) لە ساڵی ١٩٢٣ ئەنجامیدا کە هــەموو خــەڵکی لەیــەك ریــز دانــا، ئەمــە خۆی لە خۆیدا بۆچوونێکی جوانە، لە کاتێکدا پێدرێژی تورکــەکان ئــەوەندە زۆر رۆیــی تا گەیشتە ئەو رادەیەی بە کوردەکان بڵێن:

(تورکە چیاییەکان).

بەلأم ئەو گۆڕانکاریە مێژووییە و ئەو هەلۆێستە سیاسیەی ناو تورکیا لە سالأنی ١٩٢٠ ەوە هەرگیز لەو راستیە ناگۆڕێ کە کەمە نەتەوایەتیەکی گەورەی کورد لە تورکیا هەیە ئەو کەمە نەتەوایەتیە هەمیشە ئاواتی ئەوە بووە سەربەخۆیی خۆی و مافە کەلتوریەکانی وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو وەرگرێ، لەو مافانەش ئاخاوتن و نووسین بە زمانی کوردی خۆیان کە بە پێچەوانەی زمانی تورکی سەر بە خێزانی زمانە ئەوروپیەکانە.

دەستووری تورکی ئەوە رەت دەکاتەوە لە تورك بەولاوە نەتەوەیەکی تر لە تورکیا هەبێ، حکومەت و سەرۆکە یەك بە دوای یەکەکانی تورکیا لە جیاتی ئەوەی دان بە بوونی ئەو کەمە نەتەوایەتیە بێنن کە نکولی لێ ناکرێ، هەموو خواست و ویستێکی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردیان سەرکوت کردۆتەوە، تەنانەت هێزی سوپاییشیان لێ بەکارهێناوە. ئەمە بێگومان بۆتە هۆی سەرهەلدانی بزووتنەوەی چەکدار کە ئەوەتا لە سالی ١٩٨٤ ەوە بۆتە شەڕێك پڕ بە مانی ووشە.

چارەنووسی (ردوان بولوت) یەکێکە لە ئەنجامەکانی ئەو شەرە. هەر یەکێکی وەك من ئاسا کە ناوە ناوە سەردانی ناوچەکەی کردبێ، دەتوانێ بلێ ئەم مردنە بە هیچ شێوەیەك بە لای (ردوان) شتێکی کت و پڕ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. ئەو زۆر هۆشیاری ئەو مەترسیانە بوو کە لە ڕێگایدا بوون. باش دەیزانی چی چاوەڕوانی دەکا ئەگەر لە لایەن سەربازە تورکەکانەوە بگیرێ.

ژمارەی ریزەکانی ناوەوەی پێشمەرگەکانی *PKK* زێتر لە ٨٠٠٠ کەس دەبن. بەلأم لەگەل هەندێش ئەوەندە بە هێزن دەتوانن بەشێکی زۆر لەو مەکینە عەسکەریە ٥٠٠٠٠٠ کەسیەی تورکیا خەریك بکەن، بە تایبەت لەو کاتانەی *PKK*

تەقـەی رانـەگرتبێ. لـە راسـتیدا *PKK* هـەر لـەم سـاڵانەی دواییـدا دوو جـاران تەقـەی راگرتـووە، کـەچی دەسـەڵاتدارانی تـورك نـە هیـچ کاردانەوەیـەکیان بەرامبـەر ئەمـە هـەبووە و نـە ئـەم هەلانەیشـیان قۆزتۆتـەوە تـاوەکو چارەسـەرێك لـە میـانی گفتوگۆ تاقی بکەنەوە. دەتوانین بڵێین کەوا بە لای کەم نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ سەربازی تورك لـە خـوارووی رۆژهـەڵاتی تورکیـا جێگـیر کـراون و هەندێکیشـیان جارجـارە رەوانـەی باکووری عیراق دەکرێن، کە *PKK* بنکەکانی خۆی لێ دامەزراندووە.

# پێنج هەرێمە کوردییەکە

وەکو لەوە پێش باسکرا، زێتر لە ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیا هەیە، تەواوی دانیشتوانی تورکیا لە دەوروبەری ٦٠ ملیۆن کەسە. لە ئێرانیش، کوردەکان بی بەزەییانە مامەلە دەکرین، نزیکەی _ تەنها _ ٨ ملیۆن کورد هەیە، لەویش دانیشتوانی وولاتەکە بە گشتی خۆی لە ٦٠ ملیۆن کەس دەدات.

لەو ٢٠ ملیۆن کەسەی دانیشتوانی عیراق لەوانەیە ٤ – ٥ ملیۆنیان کورد بن. دوو ملیۆنیش لەو ١٤ ملیۆنەی سوریا کوردن. لە قەفقاز ئەگەر هەموویان خرکەینەوە سەر یەك ٤٠٠٠٠٠ کوردی تر هەن، بەلام یەکجار زۆر پەرت و بلاون چونکە لە کاتی خۆیدا کوردەکان ناچاری دەرپەراندن کراون، بەر لە هەمووشیانەوە ئەو کوردانەی دەیانویست ناسنامەی خۆیان بپاریزن. هەروەها دەتوانین بلیین هەر نەبی دەوروبەری ٥٠٠٠٠ کورد لە لوبنان و ئەردەن و فەلەستین هەیە. ژمارەیەکی زۆریش چ بە ریگای هەلاتنی سەیر سەیر و چ بە ریگای یاسایی گەیشتوونەتە ئەوروپا.

ئەلمانەکان نزیکەی نیو ملیۆن کوردیان لایە. فەرەنسا و هۆلەندا هەریەکەی ٥٠٠٠٠ یان لییە.

نزیکەی ٢٠٠٠٠ کورد لە هەریەکی لە ولاتانی ئینگلتەرا و سوید و نەمسا و ئەمەریکا هەن. نزیکەی ١٠٠٠٠ لە هەریەکی لە ئوستراليا و کەنەدا هەیە. بەلجیکا و دانمارك هەریەکەیان نزیکەی ١٢٠٠٠ کوردیان لییە. هەندێ کەس لە کوردەکانی دانمارك رایان وایە ژمارەکەیان لەمە پترە. هەروەها کورد لە نزیکەی زۆربەی وولاتانی تری

ئەورووپاش هەن. بەلأم ئەوەی بە تایبەت لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نزیکەی ٨٥- ٩٠٪ لەو ژمارانەی لەوەپێش باسکران کوردی تورکیان.

کاتێك کە سەربوردە بێ کۆتاییەکانی هەر یەکێك لەم خێزانانە دەگێڕینەوە کە لێك ترازاون و هەرگیز جارێکی تر دەرفەتی ئەوەیان نیە یەکدیگر ببنەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەوا چۆن هەموویان بێ هەلأوێرد هەر یەکەو چیرۆکی دراماتیکی - هەندێ جاریش - خوێناوی خۆیان هەیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەو کەسانە وەکو ئەندامێکی نەتەوەی راستەقینە و ئینکار نەکراوی خۆیان ناژمێردرێن لە لایەن ئەو وولأتانەی پەنایان بۆ دەبەن، بەڵکو دەخرێنە لیستەی مهاجیرەکانی ئەو وولأتەی لێیەوە هاتوون. بۆ نموونە کوردێك کە لە تورکیاوە هەلأتووە _ عادەتەن لەبەر هۆی بەجێ _ وەکو تورکێك ناونووس دەکرێ نەك وەکو کوردێك. ئەو کوردانەی لە ئێرانەوە دێن وەك ئێرانی دادەنرێن نەك وەك کورد....ئیتر بەم جۆرە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەو ژمارانەی لەسەرەوە باسمان کردن. سەد لە سەد راست نین.

ئەگەر وای دانێین ئەو ناوچانەی بە شێوەیەکی سەرەکی کوردیان لێ دەژی _ ئەو ناوچانەی لە وولأتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و قەفقاز کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن _ وەکو یەك دەوڵەتی گەورەی کوردی گردبکرێنەوە، ئەوا جوگرافیای هەرە گرنگترین ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەڕاست بە تەواوی دەگۆڕێ. سنوورە سیاسی و ستراتیژیەکان لە رەگەوە دەگۆڕێن، مەسەلەی رێگای گەیشتنە سەرچاوە فراوانەکانی پیترۆل پڕ بە مانای راستی ووشە دەکەونە بەر مەترسی تەقینەوە.

ئەمەیە هۆی راستەقینەی ئەوەی کە ( ردوان) ی هاوڕێمان هەتا تەواو بوو بە کوتکەداری بیسبۆل لێیدرا.

# خەون و ئاواتی کوردەکان

ئەگەر لە روانگەیەکی سیاسی فراوانترەوە سەیر بکەین، دەبینین لێرەدا مەبەست ئەوەیە کوردەکان هەر بە لێکترازاوی بمێنینەوە و ڕێگا نەدرێ یەکدیگر بن. هەر بۆیەشە ئەمرۆ کوردەکان مافی بڕیاری سەربەخۆیان نیە. هەر بۆیەشە وادەکەن ئاستی گوزەرانیان هەر بە نزمی بمێنێتەوە. هەر بۆیەشە کوردەکان هەڵدێن و مل لەبەر ڕێگای دوور و درێژ دەنێن، یاخود وەکو ڕێبوارێکی کوێر بزر دەبن تا لە پرێک بۆ نموونە لە ناوەندی دەریای ڕۆژهەلات[٢] سەر هەلدەدەن. هەر بۆیەشە بە دووری مەزانە سەوزەفرۆشەکەی سەر سوچی شەقامەکە کورد بێ.

ئنجا ئەم کوردانە سەرەرای ئەم هەموو دەردەسەری و ماڵوێرانیە، زۆر بە لوتف و خزمدۆستن، چونکە هەردەم لەوە دەترسن دەست بە ڕویانەوە بنرێ و قبول نەکرێن. بۆیە دەبینی کاری خۆیان زۆر لە پێویست پوختەتر ئەنجام دەدەن.

(ردوان) دەیزانی پەنابەری هەیە. بەلام ئەو ڕێگای پەنابەری نەگرتەبەر، چونکە وەکو زۆران کوردی تر گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ هەندێک لە ناو وولات بمێننەوە و لە پێناوی ئازادی خەبات بکەن، کە بە بڕوای تەواویان، تاکە ڕێگای نەتەوەی کوردە بۆ گەیشتنە سەربەخۆیی.

---

[٢] دەریای بەلتیك کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی دانمارك.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە *PKK* بە دەسەڵاتترین بەشە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش کۆمەڵی جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ چەندەها بزووتنەوەی سیاسی کە هەوڵیان داوە وەك پارتی سیاسی بە شێوەیەکی یاسایی کاربکەن، لە پێناو هەمان ئەو ئامانجانەی *PKK* کاریان بۆ دەکا، بەڵام ئەوان رێگای تر دەگرنە بەر، وەکو گفتوگۆ یاخود پێشنیاری گفتوگۆ و چوونە ناو پارتە سیاسیە تورکیەکان و ..هتد.

کوردی واش هەنە، کە بێ ئەوەی بیری سەربەخۆیی کوردیان هەبێ، لە نێو کۆمەڵگای تورکیدا گەیشتوونەتە پلەو پایەی زۆر بەرز. ئەم جۆرە کەسانە حەز ناکەن بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی کورد بخەنە روو. باشترین نموونەش (حیکمەت چەتین) ە کە بوو بە وەزیری دەرەوە، لە دوای ئەوەی وازی لە (بلند ئەجەوید) ی سەرەك وەزیرانی پێشوو[٣] هێنا.

(ئەجەوید) بەرپرسیاری شاڵاوەکەی تورکیا بوو بۆ سەر قوبرس، وەك سۆسیالدیموکراتێکی بێخەوش و دڵسۆز ناسراوە، بۆ ماوەی چەندەها ساڵ دۆستی سۆسیالدیموکراتی دانمارك بووە.

من لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا وام بۆ رەخسا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە کوردەکان قسەو گفتوگۆ بکەم _ سەرەك حیزبەکان یاخود سکرتێرە گشتیەکان. بەڵام تەنانەت یەك تاقە جاریشم لە هیچیەکیان نەبیست کە پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بکەن، نەك هەر لە تورکیا بەڵکو لە عێراقیش کە کوردەکان تیایدا لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو دەسەڵاتیان بەسەر گۆڕانکاریەکاندا شکا، هەرچەندە ئەنجامەکەیشی زۆر خراپ کەوتەوە.

هەر هەموویان باسی حوکمی زاتی و دامەزراندنی فیدرالی و ئۆتۆنۆمییان دەکرد. بەڵام هەرگیز باسی سەربەخۆییان نەدەکرد.

---

[٣]( بلند ئەجەوید) لە دوای نووسینی ئەم کتێبە جارێکی تر بۆتەوە سەرەك وەزیرانی تورکیا.

ئەوان دەزانن مەسەلەکە زۆر پر مەترسیە. بەڵام بە شیوەیەکی تایبەتی تر -کە گرنگە- دەزانن مەسەلەکە زۆر نا واقیعیە. میژووش تاقیکردنەوەی تالی هەبووە لەگەڵ ئەم نەتەوە تەمەن ٤٠٠٠ سالە. هەر یەکسەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان کە یارمەتی کوردەکان بدەن، لە پیناو دامەزراندنی شیوەیەك لە حوکمی زاتی، لە هەریمی سنوورەکانی نیوان تورکیا و سوریا و عیراق. بەلام گۆرانکاریەکانی سیاسەتی دەرەوە و دەسکردن بە هەلوەشاندنەوەی تەواوی ئیمپراتۆریای ئیسلامی عوسمانی بوونە کۆسپ لە ریگای جیبەجیکردنی ئەم پرۆژەیە.

(ئەتاتورك) کە لە سالی ١٨٨١ لە دایك بووە و لە سالی ١٩٣٨ مردووە، ناوی راستی (مستەفا کەمال پاشا) یە، بەلام لە سالی ١٩٣٤ ناوی لە خۆی نا (ئەتاتورك) کە بە مانای (باوکی تورکان) دیت.

بە رای خۆی ئەو شایانی ئەم ناوە پر شکۆمەندیەیە، چونکە لە سالی ١٩٠٨ بەشداری شۆرشی تورکیای _ لاوی کردووە و لە سالی ١٩١٣ بەشداری جەنگی بەلقانی کردووە و لە سالی ١٩١٩ هاوبەشی راپەرینی نیشتمانی تورکیای کردووە کە لە دواییدا پەرەی سەند و بوو بە جەنگی ئازادی دژ بە یۆنانیەکان.

بەرای میژوونوسەکان (ئەتاتورك) بەتەواوی لەگەل سولتانیەتی عوسمانی بریەوە.

لە سالی ١٩٢٠بەرزترین دەسەلاتی سیاسی و سەربازی پیدرا، لە لایەن ئەو کۆمەلە نیشتمانیەی[٤] لە ئەنقەرە دامەزرابوو. بە واتایەکی تر و بە زمانی ئەمرۆمان بە کورت و کرمانجی بوو بە دیکتاتۆر. ئەمە باریکی ئەوتۆی بۆ خولقاند کە تیایا بتوانی یۆنانیەکان راو بنی.

هەروەها توانی سولتان لە دەسەلات بخاتو لە سالی ١٩٢٣ بانگەشەی کۆماری بکات.

---

[٤] مەبەست پەرلەمانە.

بە ئاشکرا بڕیاریدا کەوا ئامانجی ئەوەیە تورکیا بگۆڕێت و بیکاتە وولاتێکی مۆدێرنی رۆژاوایی ئەوتۆ کە کەمە نەتەوایەتیەکی بچووکی تێدابێت. ئیتر کوردەکانی ئەم وولاتە بە تورك ژمێردران.

(تورکە چیاییەکان) وەکو لەوە پێشیش باسمان کرد، زاراوەیەك بوو زۆر بەکار دەهات.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کەوا کوردەکان وەکو گیروگرفتێك یاخود وەکو کێشەیەك تا رادەیەك لەبیرکران، هەروەك هەندێك لە مێژوونووسان بۆی دەچن. هەندێکی دی رایان وایە کەوا کوردەکان لەبەر ژمارەیەك لە هۆی سیاسی دیار پشت گوێ خران.

(ئەتاتورك) بەردەوام حوکمێکی توند و تیژی لە کۆماری تورکیادا دەگێڕا.

لەو کاتەی کۆنفرانسی ئاشتی لە شاری *Lausanne* (لۆزان) ی سویسرا لە ساڵی ١٩٢٣ خەریك بوو بەڵگەنامە رەسمیەکانی خۆی دادەڕێشت، کوردەکان لە راستیدا لەم داڕشتن و بڕیارانە بەدوورگیران.

لە کۆنفرانسی *Sevres* (سیڤەر) لە ساڵی ١٩٢٠ نیمچە پەیمانێکی وا درابوو کە دەوڵەتێك لە گۆشەی رۆژهەلاتی خوارووی تورکیا دابمەزرێ.

بەلای پیاوێکی وەك (ردوان بولوت)ی هاوڕێی لە سێدارە دراومان، ئەمە نیشانەیەك یاخود دووپاتکردنەوەیەك بوو کە کوردەکان بۆیان نەکرا ئازادی یان مافی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن.

ئەو زۆر لەوە گەنجتر بوو تا بتوانێ بە چاوی خۆی ئەم ئەنجامە ناڕاستەوخۆیانە ببینێ، بەلام زوو گەیشتە ئەو تەمەنەی ئەوە تێبگا کە دەوڵەتی (تورکەکان) لەوە خۆش نابن ئەو بە زمانی خۆی قسە بکا، یاخود هەڵبەستی گۆرانی و کتێبەکانی خۆی بە کوردی بنووسێ. یان بە گشتی ئەگەر بیەوێ ناسنامەی خۆی بسەلمێنێ.

هەروەها ئەو بە چاوی خۆی ئەوەی بینی چۆن هاوولاتیەکانی کە وەکو تورکەکان لە هەمان وولات دەژین، زوو زوو دەکەونە بەندیخانە و پۆلیسخانەکان و لەژێر خاك

سەر دەنینەوە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان بە كورد دادەنین. پێویستە ئەوەش بلێین توركەكان ئەمڕۆ نكولی لەوە ناكەن، كەوا مەسەلەكان ئیتر بەم جۆرەیان لیهاتووە و هەر بەم جۆرەش بەردەوام دەبن.

بەلام بەشێكی زۆری توركەكان هەبوون دركیان بە كێشەكە نەدەكرد، كە هەستیشیان پی دەكرد، یان ئەوەتا خۆیان لێ گێل دەكرد، یاخود پێیان وابوو كە ئەوەی لە ئارادایە شتێكی راست و رەوایە و لە پێشتریش هەروا بووە.

ئایا ئەوە نەبوو (ئەتاتورك) كە باوكی توركانە، بە یاسا و دەستوورەكانی هەموو كەسی یەكسان كرد؟ ئایا لە هەمان بۆنە نەبوو كە كوردەكان خرانە ژێر هەمان ئەو هەل و مەرجانەی بۆ توركەكان دانراون؟

بەلام گیروگرفتەكە لەوەدا بوو كە بەشی زۆری كوردەكان هەستیان بەخۆیان نەدەكرد كە توركن یان ئێرانین یان عیراقین یاخود سورین.

لە دوای كۆنفرانسی *Lausanne* پەیوەندی نێوان دەسەلات لە سوریا (سوریەكان) و كوردەكان تا رادەیەك گۆڕانكاری بەخۆوە بینی، بەلام لە سالانی ١٩٦٠ ەكان پێكدادانی زۆر خویناوی روویدا. لە سالانی ١٩٧٠ كان مەسەلەكە دیسانەوە گۆڕا، بەلام هەندی لە شارەزایان وای بۆ دەچن ئەمە تاكتیكێك بوو لە پێناو بەرژەوەندی حكومەتی سوریا و حیزبی بەعس. هەندێك لە كوردەكان زەوی و زاری خۆیان وەرگرتەوە، یەكێك لە هۆیەكانی ئەمەش ئەوە بوو، تاوەكو چەندەها گیروگرفتی كۆمەلایەتی لە كۆلی دەولەت بكرێتەوە.

سوریا ماوەیەكی دوور و درێژە رێگای دامەزراندنی حیزبی كوردی نادا. رۆژنامەگەری كوردی قەدەغەیە. بەلام لەگەل هەندیش قەدەغە نەبووە *PKK* لە شەری دژ بە توركیایدا، سوریا بكاتە بنكەیەك. دەلێن گوایە بارەگای مەدەنی *PKK* چەند سالە لە دیمەشقە. جگە لە هەندیش دوور نیە ئەوە راست بی كە زۆر لە پێشمەرگەكانی *PKK* لە سوریا مەشقیان پی دەكری.

ئەم هەلویستە دەگەریتەوە بۆ چەند هۆیەکی سیاسی کە سەرۆکی سوریا (حافظ الاسد)[5] لییان بەر پرسیارە . "الاسد" لە ریگای هاریکاری کوردەکان بە سنووریکی دیاریکراو، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم دانیشتوانە بیگانانەی ناو وولاتەکەی مسۆگەر دەکات. بۆیە "عەبدوڵا ئۆجەلان" سەرۆکی *PKK* ریگای پیدراوە، خانووبەرە و نووسینگە و جبەخانەکانی لە ناو سنووری سوریا دامەزرینێ.

لە هەمان کاتدا ئەم هاریکاریە هەولیکە بۆ پیشاندان و خستنەرووی سوریا وەك هیزیکی سیاسی پیشەنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەلام بیگومان زۆر لە دەسەلاتدارەکانی تری ناوچەکە تەواو پیچەوانەی ئەم بۆچوونانە.

بە یارمەتیدانی کوردەکان (الاسد) هەندی کارتی بەدەستەوەیە، کە دەتوانی بەرامبەر دراوسیکانی وەك تورکیا و عیراق و ئیران یاریان پیبکا، کە کیشەی کورد تیایاندا تا رادەیەك شیوەیەکی تری هەیە.

ئەو دەتوانی _ ئەگەر بیەوی _ نەیەلی ئەوان بە هەلویستی سوریا بزانن، لە بارودۆخیکی ئەوتۆدا کە بۆی هەیە کوردەکان لە یەکی لەو وولاتانە بە زەبری هیز بتوانن مافی سەربەخۆیی بەدەست بینن، یاخود هەرنەبی تاقی کەنەوە، کە تا ئەمرۆش ریگایان پینادری.

لە ئیران کوردەکان وەك هیزی سیاسی لەژیر چەوسانەوەدان، بەلام لەگەل هەندیش چالاکیەکی سیاسی زۆر زیندوو هەیە لەو ناوچانەی ئیران کە سنووریان بە تایبەتی لەگەل باکووری عیراق هەیە، کە ئیستا بە شیوەیەکی رەسمی لەژیر دەسەلاتی کوردەکانە.

ئەمەش لە ئەنجامی جەنگی دووەمی کەنداو هاتە کایەوە، تیایدا ئەمەریکیەکان دووبارە دەسەلاتی سیاسی و عەسکەریان بۆ کویت و عەرەبستانی سعودی گیرایەوە،

---

[5] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا هیشتا لە ژیان مابوو، تا مردیش هەر سەرۆکی سوریا بوو.

بەلام هەولی ئەوەیان نەدا (صدام حسین) ی دیکتاتۆری عیراق بروخینن. وەکو زۆربەمان لەبیرمانە، وازیان لەوە هینا لەشکری نیودەولەتی وولاتە هاوپەیمانەکان بەرەو بەغدا هەلکشی و (صدام حسین) بگرن یاخود لەسەر تەخت دایگرن.

بەلام مافی سەربەخۆییەکی کاتی لە باکووری عیراق درایە کوردەکان، کە دیارە بە هەندی ئەنجامی سەخت و پر مەترسی گەیشت.

# نموونەی عیراق

مرۆڤ دەتوانی بلی کوردەکانی عیراق لە سالانی ١٩٦٠ ەکان و ١٩٧٠ کان شیوە حوکمی زاتیەکی سنووردداریان وەرگرت. بەلام لەگەل گۆرانکاریەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو لە سالانی ١٩٨٠ - ١٩٨٨ لە نیوان عیراق و ئیران بە هەزاران کورد لە ناوچەکانی سەر سنووری ئیران راگویزران. هەر بەم بۆنەوەش بوو (صدام حسین) چەکی کیمیاوی دژ بە کوردەکان بەکار هینا، بە تایبەتیش دژ بەوانەی بەوە تاوانبار کران کە گوایە هاریکاریان دەگەل ئیرانیەکان کردووە، بەو نیازەی ئەوانیش دەستیکیان هەبی لە رووخاندنی رژیم لە بەغدا.

لە سالی ١٩٩١ و لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو، کوردەکان ویستیان شۆرشیکی راستەقینە لە دژی (صدام حسین) و دەسەلاتە دیکتاتۆریەکەی بەرپا بکەن. ئەمە بووە هۆی شەر و پیکدادانیکی خویناوی زۆر، هەمدیس هەزاران کورد کوژران. .کۆمەلانیکی یەکجار زۆری کوردەکان، کە تا ئەمرۆش بەراستی و بە دلنیایی نازانری ژمارەی راستیان چەند بوو، بەرەو تورکیا و _هەندیکیان بەرەو ئیران _ رایان کرد.

لە تەلەفزیۆن بینیمان لەژیر چ هەل و مەرجیکی سەختدا بوون. سەرمایەکی ئەوتۆ بوو کەس بەرگەی نەدەگرت و چەندەها کەس لە ریگادا مردن. ئەم گۆرانکاریە

بوو وایکرد ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا مۆلەت لـە *UN* وەرگـرن و بـە هـێزی سـوپا بچنە ناو باکووری عیراق و یارمەتی کوردەکان بدەن*.

بەلام ئەم دەستپێشخەریە لـە لایـەن زلهـێزە رۆژاواییـەکان لەبـەر ئـەوە نـەبوو کـە ویژدانیـان بزفـت و هەسـتیان بـە گونـاح کـرد سـەبارەت بـە تاوانـەکانی پێشـوویان و یارمـەتی نـەدانی نەتـەوەی کـورد لـە کـاتی خۆیـدا، بـەلکو بــە پێچەوانــەوە لـە ترسـی ئەوەبوو نەبادا ئـەو دەسـەلات دابەشـکردنەی رۆژهـەلاتی ناوەراسـت بکەویتـە مـەترسـی گۆران، کـە هەمیشـە مەسـەلەی بوونـی پـترۆل _ چ لـە مەیدانـەکانی جـەنگ و چ لـە ژوورەکانی ووتوویژ _ گرنگە و لەبەر چاو دەگیری.

لـە دوای ئـەوەی هـێزە رۆژاواییــەکان تــا رادەیــەك گۆرانکاریــە عەسـکەریەکانیان راگرت، قەدەغەیان خستە سەر فرینی فرۆکە جەنگیەکانی عیراق لـە ناوچـەی بـاکووری عیراق کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن.

ئەم قەدەغەکردنە لە لایەن فرۆکەکانی ئـەو سـی هـێزە رۆژاواییـەی ناومـان بـردن چاودیری دەکریت، کە رۆژانە چاویان لە بزووتنەوەکانی سەر زەویە.

ئەمانـە بنکـەی فرۆکـەکانیان لـە تورکیـا دامـەزراند، لـە سـەرەتادا بـە دەسـت ماچکردنەوە قبولی بوو، چونکە پیی وابوو کەوا ئەم جۆرە چالاکیانە هەموو شیوەیەکی کۆچ و رەوکردنی شەرعی و ناشەرعی کوردەکان بۆ ناو تورکیا رادەگری، کـە لـەو کاتـەدا بەلای ئەوانەوە زۆر بوو.

* ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا لە ژیر بریاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بریاریاندا ناوچەیەکی ئارام بۆ کـورد دروسـت بکریـت و لـە دەسـت هەرەشـەی سـەدام حسـەین بپـاریزرین، ئـەم سـێ وڵاتـە بنکـەیان لــە ئەنچەرلیکی تورکیا دامەزراند، بەڵام بی ئەوەی هیچ یەك لەم وڵاتانە سوپا و هــیزی سـەربازیان بهیننـە نـاو خاکی عیراقەوە وەك نووسەر دەلیت. —*سەردەم*—

# کوردستانی عیراق

لە باکووری عیراق کوردەکان، هەروەکو مافیکی رەوای خۆیانە، یەکسەر (کوردستان) یان ناودیر کرد. ناوی کوردستانیان لەسەر تەختەی گەورە نووسی و لە سەر سنووری هەموو وولاتە دراوسیکان دایاننا.

دوو تیرە لە باکووری عیراق هەبوونە[٦]*، کە بەر لەوەی ناتەبا بن و لە دوای ئەوەی ناتەباییان کەوتۆتە نیوان و تەنانەت دوای ئەوەی ناتەباییەکانیش براونەتەوە، هەر ئەو دوو لایەنە دەسەلاتی تەواویان بەسەر وینە و نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیەدا هەبووە.

سەرەتای دەست بەکارکردنی ئەمانە دەگەریتەوە بۆ دوادوایی سالانی ۱۹٤۰.

یەکیك لەو گروپانە ناوی خۆی ناوە (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) ***PUK***، ئەوی تریان (پارتی دیموکراتی کوردستان) ***KDP***. سەرۆکە زیرەك و شارەزاکانی ئەو دوو تیرەیە، کە هەلگیردرانەوە و کران بە دوو پارتی سیاسی یەکیکیان جەلال تالەبانی

---

[٦] لیرەدا باسکردنی راستی و ناراستی مەسەلەی ئەو دوو تیرەیە زۆر سەرنج هەلدەگری و مایەی گفتوگۆیە.

* چونکە ئەو دوو عەشیرەتە –نەك تیرە وەك نووسەر دەلیت– (تالەبانی و بارزانی) وەك عەشیرەت نەبوونەتە نوینەری کوردایەتی، بەلکوو لەبەر ئەوە ناویان دیت کە کەسانی سەر بەو دوو عەشیرەتە پیشەوایەتی بزوتنەوەیەکی کوردایەتیان کردووە کە پاشان .P..U.K و .K.D.P یان لێ کەوتۆتەوە. روە دیارەکانی ئەو کەسانەیش "مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تالەبانی"ین. کە .K..D.P سالی ۱۹٤٦ و P.U.K سالی ۱۹۷٦ دامەزراون. –*سەردەم*–

*PUK*، ئـەوی تریـان مەسـعود بـارزانی *PDK*ە. مەسـعود بـارزانی لــە دوای بــاوکیەوە سەرکردایەتی گرتە دەس.

ئەمانـە هـەردووکیان بـە خـۆو بـە جـەنگاوەرە دلســۆز و نەبــەرد و ئازاکانیانــەوە شارەزاییەکی زۆریان هەیە لە بەریوەبردنی شەر لەناوچە شاخاویەکان. لە هەمان کـاتدا شـارەزایی سیاسیشـیان تـا رادەیـەك وەکو یەکە و لـە ئاسـتیکی نزیـك بـە یـەك پــەرەی سەندووە.

مرۆڤ زۆر بە هەلە ناچی ئەگەر بلی، سەرەرای دوژمنـی هاوبـەش لـەو وولاتانـەی کوردیـان لی دەژی، کـەچی ئـەم دووانـە هەمیشە ئارەزوویـان کــردووە بــەردەوام یــەکتر دەسخەرۆ بکەن.

چونکـە بـەلای هەریـەکیك لـەم دووانــەوە وایـە، کـە بەتەنـها دەبـی ئـەو دەسـەلاتی بەسەر هەموو باکووری عیراقدا هەبی.

بیگومـان تالـەبانی و بـارزانی هــەردووکیان دوا ئامــانج و ئاواتیــان کوردســتانیکی مەزن و ئازادە، کە هەموو ئەو هەریم و ناوچانەی ئەو پینج وولاتە دەگریتەوە کـە زۆر لە کوردەکان پیی دەلین کوردستان.

بـەلام لـە سـالی ۱۹۹۱ بەشـیوەیەکی رەسمـی تـەواو داخوازیەکـەی خۆیـان گـۆری بــۆ حوکمـی زاتیـەکی راسـتەقینە بـۆ گشت ناوچـە کوردیـەکان. ئەمـە یەکسـەر بـووە هــۆی ئەوەی هەلویستی هاریکاری لەگەل تورکیادا باش بیت، بە کردەوەش ببیتە هۆی ئــەوەی سنوورەکان لەبەردەم ئوتومبیلە بارهەلگرەکان بکرینەوە کە کەلوپـەلیان بـۆ کوردسـتان دینا و بە ناو کوردستاندا رەت دەبوون تا دەگەیشتنە بەغدا. ئەمە لـەو کاتـە تەنگانـە و ناخۆشەدا داهاتیکی ئەستووری بۆ کوردەکان دابـین کـرد، چونکـە کەوتونەتـە شـوینیکی ئەوتۆ، گشت هاتوچۆیەکی سـەر سـنوور دەبوایـە بـەلای ئـەواندا تیپـەر بیـت، ئـەوانیش گومرگیان دەسەند.

بە تایبەتیش *KDP* دەستی بەسەر سندوقەکەدا گرتبوو. هەر ئەوەش بوو دواتر بووە هۆی شەری راستەوخۆ لە نیوان ئەم دوو پارتە کوردیەدا.

لە مانگی ئایار/ مای سالی ١٩٩٢ کوردەکان هەلبژاردنیکیان لە کوردستان کرد، کە تا رادەیەك شیوەیەکی دیموکراتیانەی هەبوو، بیجگە لەو دوو لایەنەی پیشتر ناومان بردن، هەندی حیزبی تریش بەشداریان کرد. بەلام *KDP* و *PUK* ٩٦٪ ی دەنگەکانیان بردەوە، بۆیە هەلسان پەرلەمان و دەسەلاتیان لە نیوان خۆیاندا دابەش کرد، پیاویك بوو بە سەرۆکی پەرلەمان زمانی سویدی دەزانی، چونکە کاتی خۆی لە سوید کریکاری پۆست بووە.

شاندە *NGO* دانمارکیە بچووکەکە کە من شەرەفی سەرۆکایەتیم هەبوو، سالی ١٩٩٣ لە کوردستان سەردانی بارزانی و تالەبانی کرد. کاروباری پەرلەمان لە هەردوو لایەنی سیاسی و تەکنیکی خراپ بەریوە دەچوو، هاریکاری نیوان هەردوو گروپە گەورەکە ئاشکرا دیار بوو رووی لە کیشەیەکی ترسناك بوو، و سەرنجامیشی بووە شەری ناوخۆ، لە سەرەتادا بە شەریك دەستی پیکرد لەسەر چەند پارچە زەویەکی بچووك هەتا مەسەلە گەیشتە سەر پارەی گومرگەکە.

بارزانی سەرۆکی *KDP* لە باریکی ئەوتۆدا بوو، رووی یارمەتی لە (صدام حسین) نا و *PUK* لە ئیران و *PKK* نزیك کەوتەوە، کە تا ئەم کاتە بە رەسمی خۆی تیکەل نەکردبوو.

ئیمە هەندی گروپی سیاسی و مرۆڤایەتی گەورەتر چەندین جار هەولماندا نیوانی بکەین. ئەوەی راستی بیت ئیمە کۆششیکی یەکجار زۆرمان کرد تاوەکو ئەو دوو پارتە کوردیە و _ هەندی گروپی سیاسی تریش _ تیبگەیەنین، کە ئەگەر ئەو دوو حیزبە گەورەیە ئاشتی نەپاریزن، ئەوا لە توانادا نیە هیچ یارمەتیەکی سیاسی راستەقینە و بە تایبەتیش یارمەتی مرۆڤایەتی لە باکوری عیراق جیبەجی بکریت. بارزانی بە شیوەیەکی رەسمی بەلینی ئەوەی پیداین کە لە پیناو هەل و مەرجیکی

سەقامگیر و ئاشتیانە تیبکۆشی. تالەبانیش، لە بارەگاکەی خۆی پیشوازی لیکردین، کە لەسەر شیوەی بنکەیەکی عەسکەری مۆدیرن بە رادار و شوورەی تەلی کارەبایی و چەندین پلەو پایەی عەسکەری چەکدار کرابوو، گفتیکی لە هەمان شیوەی داینی.

بەلام لەگەل هەندیش ئەو شەر و پیکدادانەی تا ئەو کاتە کەموزۆر لە ژیر کۆنترۆل بوو راگیرابوو، زۆر خیرا وەرچەرخا و بوو بە شەریکی راستەقینە.

لەو کاتەی ئیمە لە باکوری عیراق دەگەراین و دەسوراینەوە، لە ژیر چاوەدیری و پاریزگاریەکی سەربازی زۆر توند و سەرسورهینەر بووین، کە دەتوانم بلیم زیتر نارەحەتی دەکردین لەوەی ئارامیمان پی ببەخشی. سیاسەتمەدارە خۆجییەکان کە لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی تر دەگەلمان دەکەوتن، هەموو دەمانچەیان لەبەر پشتی بوو.

بارەکە بە شیوەیەکی گشتی لەو پەری ئالۆزیدا بوو. خۆ وەنەبوو هەر ***KDP*** و ***PUK*** لە دژی یەکدی شەریان دەکرد، بەلکو ***PKK*** و حکومەتی تورکیش دەستیان لە ناحەزایەتیەکە وەردابوو، بەو رادەیەی هەریەکە بەرژەوەندی خۆی تیدا دەدیت. ئەوەبوو دوایی بەدەرکەوت کەوا ***CIA*** بەلای کەم پینج تا شەش هەزار کوردی کردبوو بە پیاوی خۆی بۆ ئەوەی بتوانی چاوی لە گۆرانکاریەکان بیت. لە دوادوایی سالی ١٩٩٦ لە پیناو پاریزگاریکردنیان، ئەو پیاوانەی ***CIA*** گوازرانەوە بۆ تورکیا. بەلام هۆی راستەقینە ئەوەبوو کەوا بارزانی لە دژی ***PUK*** داوای یارمەتی کرد، ئیتر سەربازەکانی (صدام حسین) بە پیر ئەو داوایەوە هاتن و هیزەکانی بەغدا جاریکی تر هاتنەوە ناو باکوری عیراق، کە تا ئەو کاتە لییان قەدەغە کرابوو.

بە نیودەولەتیکردنی ئەم شەرەی ناوخۆ _ کە هەرچەندە تا ئەو کاتە سەرنجیکی زۆری نیودەولەتی رانەکیشابوو _ بەلای واشنتۆنەوە بە قەیرانیك دەژمیردرا کە لەوانەبوو هەرەشە بیت لەسەر ولاتیکی ئەندامی ناتۆ ***NATO*** کە تورکیایە. بۆیە حکومەتی ئەمەریکا بریاریدا _ لەتەك ئەوەی بە راشکاوی رەخنەی لە تورکیا دەگرت لەمەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ _ جۆرەها شیوەی یارمەتی سەربازی بداتە تورکیا.

سـنووری نیـوان عـیراق و تورکیـا ٣٣٠ کیلۆمـەتر دریـژە، لەبــەر ئـەوەی ناوچەکـە شاخاویە کۆنترۆلکردنی کاریکی زۆر سەختە. لە راستیدا کورد نەبێ کەسی تـر ناتوانـێ لەم ناوچەیەدا ریی خۆی بدۆزیتەوە. کوردەکان لـە مـاوەی چەندەها سالدا توانـای خـۆ حەشـاردانیان لــە نیــو شــاخەکاندا یــەکجار زۆر پــەرەی ســەندووە، هــەروەها زۆر سەرکەوتوانە دەتوانن ئەم ناوچە شاخاویانە بەکار بینن بـۆ هیرش بردنـە سـەر هیزە عیراقیەکان و تورکەکان.

کە تورکەکان دەستیان لە شەروشۆر و ناتەباییەکە وەردا، لە ئەنجامی ئەوەی *PKK* وەکو بزووتنەوەی پیشمەرگایەتی و وەکـو حیزبیکی سیاسیش پەریـەوە بـۆ ئـەو دیـوی سنوورەکان، حکومەتی ئەمەریکا یارمەتی پراکتیکی خستە روو.

بەر لە هەموو شـتیك ئەمەریکیـەکان دەیانویست یارمـەتی تـەکنیکی دژ بـە *PKK* بدەن بە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئاسایشی تورکی بە دریژایی سنوورەکان بە پانایی ٢٠ کیلۆمەتر.

ئەمـەش شـتیك نـەبوو بـە دزی یـاخود بـە نـهینی بیت. بـە پیچەوانـەوە، لــە ١ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٥ *Lynn Davis* ی یارمەتیدەری جیگـری وەزارەتـی دەرەوە بـۆ کاروبـاری کۆنـترۆلکردنی چەك و سیاســەتی ئاسایشـی نیونەتـەوەیی _ کـە ئافرەتیکی زۆر بە دەسەلات و متمانەی پی دەکەن _ رایگەیاند هەر لەو کـاتدا یەکسـەر یارمـەتی بـۆ تورکیـای ئـەندامی *NATO* دەخریتـەکار. نزیکـترین کاربەدەسـتی سـەرۆکی ئەرکانی سوپا ژەنەرال لیوفتنانت *Daniel Christman* بۆ زیتر دلنیایی کردن دریــژەی بـە قسەکاندا و گوتی کەوا یەکەم کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە لەگـەل تورکـەکان لـە مـاوەی ٢٤ سعاتدا دەبەستری. تورکەکانیش رایانگەیاند کە بە هیزیك بەشداری دەکەن کـە لـە ٣٥٠٠٠ چەکدار کەمتر نابی.

دەتوانـین بلیـین لـە راسـتیدا *NATO* بـەم کـارە هەلنەسـتا، بـەلکو تەنـها کرداریکـی سەربازی ئەمەریکی _ تورکی بوو.

بیگومان ئەم کردارە لە ئەنجوومەنی سەربازی *NATO* تاووتوێ کرابوو، دەبی ئەندامانی لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی دانمارکیش لە مەسەلەکە ئاگادار کرابن. نەدەکرا *NATO* وەکو ریکخراو کۆمەکی تورکیا بکات، بۆیە ئەمەریکا وەکو هاوپەیمانیك و وەکو دۆستیك دەستی یارمەتی دریژ کرد.

گروپە *NGO* بچووکە دانمارکیەکە کە مەبەستی بوو سودیك بگەیەنی، لەگەل هەردوو پارتە سیاسیە کوردیەکەی باکوری عیراق لە یەك کاتدا کۆبوونەوەی بەست، هەردوو لیژنەکانی کاربەدەست بەشیوەیەکی هاوبەش بەشداری گفتوگۆکانیان کرد لەگەلاندا لەمەر بارو زروفەکە و چۆنیەتی دابین کردنی یارمەتیە مادیەکان، کۆکۆدنەوەی زانیاری زیتر لەمەر بارودۆخی کوردەکان. ئەو گروپە بچووکە لە ریگای گەرانەوەدا بە ئەنقەرە و ئەستەنبول و ئەسینا و عەممان و بەغدادا گەرا.

لە بەغدا لەگەل کۆمەلیك لە نوینەرانی حکومەت گفتوگۆمان کرد، کە ئیمەیان تووشی سەرسامی کرد، چونکە ئەو نوینەرانەی حکومەت زۆر لەوە نزیك کەوتنەوە کە بەلینی حوکمی زاتی بە کوردەکانی عیراق بدەن. چالاکیەکانی گروپەکەمان لەم بوارەدا لە شوینیکی تری ئەم کتیبەدا روون دەکریتەوە. گروپەکەمان بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی و چەندەها سەردانی وولاتانی کرد، زۆرەها جار کۆبوونەوە و گفتوگۆی، سەرەرای ئەنقەرە، لە لەندەن و ئۆسلۆ و ستۆکهۆلم کرد.

لە سەردانی پاشترمان بۆ باکووری عیراق، کە کۆمیتەکەی فراوانتر کرابوو بە بەشداری سەرەك وەزیرانی پیشوو[٧]( ئەنکە یۆرنسن) و چەند کەسانیکی تر، نەگەیشتینە گفتوگۆیەکی چاکتر، بەلام لە لایەکی ترەوە بۆ مەسەلەی زیتر شارەزایوون و زانیاری پەیدا کردن سوودی هەبوو.

هەر لەوساوە تورکیا سنووری باکووری عیراقی بە تەواوی لە رووی هەموو سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس و کارمەندانی ریکخراوە مرۆڤایەتیە بیگانەکان داخست،

[٧]مەبەست لە سەرەك وەزیرانی پیشووی دانمارکە.

نەك هەر ئەوەندە و بەس بەلكو گروپە بچووكە دانماركیەكە لەم ئان و ساتەدا كـە ئـەم ووشانە دەنوسرین، تەنانەت ناو توركیاشیان لى قەدەغە كراوە.

هەرچەندە ئیستا شەر وەستاوە[8]، بەلام باری چەكداری و هەلویستی توند و تیژی نیوان ئەوانەی دەوری سەرەكی دەگیرن لە باكوری عیراقدا، تا ئیستاش هەر ماوە.

ئەو هەولەی ئەمەریكیەكان لە واشنتۆن و دەبلن و ئەنقەرە دایان، لە پیناو نیوانی كردن لە باكوری عیراقدا، تا رادەیەك فراوان و گشتگر بوو. دەرفەتیكی بـەهیزی ئاشتی و سەقامگیری لەگەل ئەم هەولدانەدا بەرپا بـوو، بـەلام ئـەوەی هیـچ گومـانی تیـدا نیـە، حكومەتی ئەمەریكا كۆششیكی یەكجا زۆری كرد لە پیناو گەیشـتنە ئـەنجامیك، چونكـە ئـەوان ئارەزویـان لـە هـەل و مـەرجیكی ئاشـتیانە بـوو لەبـەر ئـەو هۆیانـەی لـە پیشـتر باسمـان كـردن. ئەمـە خـۆی بـە شـیوەیەكی ئۆتۆمـاتیكی لـە بـەرژەوەندی ئەمـەریكا دەكەوتەوە.

---

[8] لە كاتی نووسینی ئەم كتیبەدا.

# زۆنی پاریزراوی نیودەولەتی

کە شەری دووەمی کەنداو لە سالی ١٩٩١ هەلگیرسا، ریکەوتنیکی نیودەولەتی دەگمەن و نائاسایی لە نیوان دەولەتەکان (ئەگەر هەندیکیانی لی وەدەرخەین) لەسەر ئەوە هەبوو، کەوا بەکارهینانی چەك لە دژی عیراق و (صدام حسین) ی دەسەلاتدار شتیکی راست و رەوایە. نەدەکرا ئەوە قبول بکریت کە یەکیك لە بەهیزترین ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ولاتیکی بچووکی دراوسیی قوت بدات بی ئەوەی سزا بدریت. ئەگەر کەس بە هانای ئەو ولاتە بچووکەوە نەهاتبا، ئەوا هەر زوو چارەنووسی کلۆلی یەکلا کرابۆوە.

وەك لە بیرمانە مەسەلەکە خیرا گەیاندرایە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەسەر بنچینەی زیتر لە ١٢ بریار، شەرعیەتی سیاسی و مرۆڤایەتی درایە ئەوەی تەنانەت بە هیزی چەکیش بی، دەبی سەربەستی و سەربەخۆیی کویت بپاریزری.

ئەمەریکیەکان بۆ ئەم مەبەستە دەسپیشخەریان کرد و ئەو پشتگیریەی لە ئەنجومەنی ئاسایش لە لایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لییان کرا، شتیك نەبوو جیگای سەرسورمان بیت. بەلام هیشتا دوو دەولەتی تری خاوەن مافی ڤیتۆ مابوون، کە لە توانایاندا بوو کۆسپ لە ریگەی بریارەکان دابنین، ئەو دوو دەولەتەش روسیا و چین بوون. هەرچی روسیا بوو نەك هەر لەسەر رۆخی پەرپوتبوون بوون، بەلکو لەسەر رۆخی هەلوەشاندنەوەش بوو، روسەکان لەم بارەیاندا بە ئاشکرا پیویستیان بە یارمەتی

ئەمەریکیەکان هەبوو، لە هەمان کاتدا پیویستیان بە باریکی سیاسی ئەوتۆ نەبوو کە ببیتە هۆی روبەروبوونەوە لە نیوان ئەم دوو وولاتەدا.

چینیش پیویستیەکی یەکجار زۆری بەوەبوو، کە ریکەوتننامەی سەبارەت بە ئیمتیازە گومرگیەکانی کەلوپەل ناردنی بۆ ئەمەریکا تازە بکاتەوە. بە واتایەکی تر، ئەمەریکا وەکو تاکە سوپەرهیز بە توانایەکی مەزنی سیاسی و عەسکەری لەم ناوەندە مایەوە. هەر ١٢ بریارەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش رەت بوون، بەلام وولاتی چین نە دەنگی بۆ دان و لە رووشیان راوەستا. بەم جۆرە بنەما بۆ کرداریکی عەسکەری لە رۆژهەلاتی ناوەراست دانرا، کە لە دوای شەری دووەمی جیهانیەوە، نموونەی وەك خۆی گەورە و سەرکەوتوو نەبووە. ئەمەریکا، کە تا ئەمرۆش تاکە سوپەرهیزی مەیدانە و تاکە دەولەتە کە بتوانی نیو ملیۆن سەرباز لەم سەری دونیاوە بگوازیتەوە ئەو سەری، ئەم ئەمەریکایە دەستپیشخەر و ریکخەر بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی عەسکەریشی دەکرد. شەری کەنداو لە ژیر سەرکردایەتی *UN* نەبوو. ئەوەی لەم جەنگەدا شەری دەکرد *UN* نەبوو، بەلام *UN* ئەوەی قبول کرد کە شەر دەست پیبکات.

ئەگەر لە روانگەی عەسکەریەوە سەیر بکەین دەبینین، دامەزراندنی هیزیکی نیو ملیۆن کەسی کاریکی سەرکەوتوو بوو، بەلام ئەوەی زیتر جیگای سەرنج بوو لیرەدا، ئەوەبوو کە هیزەکە زۆر بە خیرایی پیك هینرا و رەوانەی ناوچەکە کرا، بە تایبەتیش ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بی کە ژمارەیەکی زۆر لە دەولەتان بەشداریان تیدا کردبوو.

ژمارەی ئەمەریکیەکان لە هەمووان زۆرتر بوو. فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان هیزیکی زۆریان خستەکار، میسریەکان و سوریەکان هەمان شتیان کرد. کەچی عەرەبستانی سعودی و وولاتە بچووکەکانی کەنداو و ژمارەیەکی زۆری وولاتانی جیهان بە ژمارەی کەمترەوە بەشداریان کرد.

بەلام ئەوەی لە لایەنی سیاسیەوە کرا، تا رادەیەك لە هەمووی سەرنجراکیشتر بوو.

ئەو هاریکاریە نیودەولەتیە لە بەریوەبردنی هاوبەشی ئەم شەرە لە ناوەراستی ئەو بەشە دژوارەی دنیا کە پیی دەوتری رۆژهەلاتی ناوەراست، وای لە (جۆرج بۆش)ی سەرەکی ئەمەریکا کرد، دەنگی ئەوەندە لە تیری بیت، باس لە سیستەمی جیهانی نوی بکات

_ وولاتان مافی ئەوەیان هەیە بە هاوبەشی بینە دەنگ، کاتی مافە دیارو ئاشکراکانی یەکی لە وولاتان پیشیل دەکری _.

وەك رۆژانی دوای شەری کەنداو پیشانیاندا، بەدیار کەوت کە بە هیچ شیوەیەك شەرەکە نەبوو سیستەمی جیهانی نویی دروست کرد، بەلکو سیستەمی جیهانی نوی ئەو هەلومەرجە بوو کە هاتە کایەوە، لە دوای ئەوەی هەموو حکومەتە کۆمۆنیستەکان، لە پیش هەمووشیان دیکتاتۆری رووسی، رووخان. بەلام ئەمەیان چیرۆکیکی ترە.

ئەگەر لە ئاوینەی میژووەوە سەیری بکەین، لەوانەیە مرۆڤ سەری لە دوو شت سوربمینی، یەکەمیان لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو هیزە تا لە (صدام حسین) بدەن و کویت رزگار بکەن، دووەمیشیان کە کویت ئەوەندە گرنگە تا ئەو هەموو هیزەی بۆ کۆبکریتەوە.

مرۆڤ دەتوانی بەو پەری هەقیانەت ئەوە دەستنیشان بکا، کەوا کویت وولاتیکی دەسکردە، و دەسەلاتیکی دەرەبەگ و دیکتاتۆر بەریوەی دەبا، فەساد هەموو لایەکی وولاتەکەی تەنیوەتەوە. هیچیەك لەم سی خالەی باسمان کردن نکولیان لی ناکری.

بەلام مەسەلەکە بە گشتی لە دەوری یەك پرینسیپ کۆبوبوەوە. ئەویش ئەوە بوو کە جیهان و ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان قبولیان نەبوو دەولەتیك دەولەتیکی دی بگری. ئەم جۆرە سیاسەتی توند و تیژیە لە کاروباری دەرەوە ئیتر کاتی بەسەر چووە و باوی نەماوە.

لەوانەیە مرۆڤ گومان لەوە بکات کە هەر ١٨٥ وولاتی ئەندام لە *UN* بە پیی ئەم پرینسیپە کار دەکەن.

تـۆ بلیـی وولاتـانی خـاوەن مـافی ڤیتـۆ ئامـادەبن بـۆ جیبـەجیکردنی بریـارە پیویستەکان؟ ئایا ئەم وولاتانە ئامادەن واز لە مافی ڤیتۆ بینن؟ ئایا مەسـەلەکان چیان بەسەر دی ئەگەر ئەنجومـەنی ئاسایش فـراوان کـرا _ و دوور نیـە هـەندی لـە ئەندامـە تازەکانیش مافی ڤیتۆیان بدریتی؟

# ئایا کویت وولاتە یاخود هەریمە

کویت تا سالی ١٩٦١ کۆلۆنیەکی (ژیردەستەیەکی) پڕ داهاتی بەریتانیا بوو، بەریتانیەکان لە راستیدا دەیانویست _ بیگومان _ لەبەر پیترۆل هەر لەبەر دەستی خۆیان بی. بەلام لە ئەنجامی گفتوگۆ کویت گەیشتە سەربەخۆیی تەواو، بی ئەوەی هیچ هەلبژاردنیکی دیموکراتی بۆ شیوەی حوکمرانی یاخود سەرکردەی وولاتەکە ئەنجام بدری. میرنشینیك لە ژیر سەرکردایەتی بنەمالەی (الصباح )دامەزرا. عیراق کەوتە ورینە و وای دەردەخست کە کویت لە راستیدا دەبی سەر بە عیراق بیت، چونکە لە کاتی خۆیدا بەشیك بووە لە هەریمی بەسرە. بەسرا دەکەویتە ناو سنووری عیراقی ئەمرۆ، لە کاتی شەری جیهانی دووەم شاریکی ستراتیژی و پر بایەخ بوو. کویت هەر زوو بوو بە ئەندام لە کۆمەلەی وولاتانی عەرەب و خیرا خیراش بوو بە ئەندامی *UN*. بەلام هەرەشە و گورەشەی عیراق کویتی ناچار کرد داوا لە بەریتانیا بکات تا بیپاریزی. لە سەرەتادا کۆمەلەی وولاتانی عەرەب یەکسەر هیزیکی بچووکی لە وولاتەکە جیگیر کرد. ئەم هیزە تا سالی ١٩٦٣ لەم وولاتە بچووکەدا مایەوە. لە هەمان سالدا کۆدیتایەکی سەربازی لە عیراق روویدا، و حکومەتە تازەکە دانی بە سەربەخۆیی کویت نا. بەلام ئەم دان پیانانە نەتەبایی نیوان ئەم دوو وولاتەی نەبزاندەوە، دەودەوانی هەر بەردەوام بوو بە تایبەت لەسەر دوو دوورگەی بچووك کە لە لایەنی سەربازی و سامانی پیترۆلەوە گرنگ و پر بایەخن. میری کویت هەمیشە کەوتبووە بەر رەخنەی ئەوەی دیموکراتیەت ناخاتە کار، ئیتر ناچار ئەویش ریگای بۆ هەلبژاردنیك

کردەوە کە بەشداریکردنی تیدا سنووردار بیت. بۆ نمونە تەنها پیاوان مافی دەنگدانیـان هەبوو.

لـە کـاتی شـەری نیـوان عـیراق و ئـیران، کویـت زیـتر لەبـەر هـۆی تـەکتیکی نـــەك مەعنەوی پشتی عیراقی دەگرت، بـەلام دووریـش نیـە دانیشـتوانی کویـت باوەریـان بـە بۆچوونەکەی (صدام حسين) هەبووبی کە دەیگوت ئیران هەرەشە و مەترسیە بۆ گشت وولاتانی ناوچەکە.

( صدام حسين) لە پیش شەری دووەمی کەنداو و لەکاتی شەرەکە و لە دوای تەواو بوونیشی هەر دەیگوت کویت هەریمیکی عیراقە، دەبی ئەم وولاتـە بچووکـە بگەریتـەوە ژیر حوکمی بـەغدا. بـەلام ئاشـکرایە ئامـانجی راسـتەقینەی دەسـت بەسـەراگرتنی بـیرە نەوتە دەولەمەندەکانی کویت بوو. لەویوەشرا بیرەکانی عەرەبستانی سعودی زۆر دوور نـین، ئەگـەر (صـدام حسـين) دەسـتی بگاتــە یــاخود ببیتــە خــاوەنی گشـت سـەرچاوە نەوتیەکانی عیراق و کویت و عەرەبستانی سعودی، ئەوا بریاری هەموو گۆرانکاریەك لە بواری پیترۆل لەسەر ئاستی تەواوی جیهان پر بــە مانـای ووشـە دەکەویتـە بـەر دەسـتی حوکمرانی بەغدا.

بیگومان وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەمە قبول ناکا، لەبەر هیچ نــەبی لەبـەر ئـەوەی بەشـیکی زۆری بەرهەمـهینانی نـەوتی کویـت و عەرەبسـتانی سـعودی لـە دەسـت ئەمەریکیەکانـە، یـاخود لـە ژیـر چـاودیری ئـەوان دەردەهیـنری. بیجگـە لــە هــەندیش ژمارەیـەکی زۆری شـەریك و دۆسـتە نزیکـەکانی ئەمــەریکا لــە بـواری پیترۆلـەوە بـە تەواوی پابەندی پەیوەندیەکانیانن بە رۆژهـەلاتی ناوەراسـتەوە. دیـارە ئـەم مەسـەلەیە لـە پـیش هـەمووان وولاتـی ژاپـۆن دەگریتـەوە، بــەلام ویدەچـی خەریکـە ووردە ووردە (چـین) یـش دەگریتـەوە، کــەوا لــە میــانی ئابووریــەوە خەریکـە دەبیتـە یـەکیك لـە هاوبەشانی ئەمەریکا. هەمووومان دەزانین ئەنجامی شەری دووەمی کەنداو گەیشتە چی.

کویت ئازاد کرا، بەلام عیراق کە هەلگیرسینەری شەر بوو داگیر نەکرا، (صدام حسین) یش لانەبرا. کەچی لە لایەکی ترەوە عیراق بە ناچاری بە شیوەیەکی کاتی لە بواری بەریوەبردنەوە کرا بە سی بەشەوە، ئیتر بەم شیوە کوردەکان لە باکووری عیراق نیمچە مافیکی سەربەخۆیان وەرگرت، بەلام لە ژیر هەل و مەرجی دەستکورتی و قاتوقریەکی زۆر توند، چونکە باکووری عیراقیش دەکەویتە بەر ئابلوقەی ئابووری.

# ئاژاوە لە باکووری عیراق

مرۆڤ ناتوانی بە هیچ شیوەیەك خۆی لەو راستیە لابدا، کەوا کوردەکان لەسەر ریگای داخوازیە دوور و دریژەکانیان سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی ئازاد، تا رادەیەك حوکمی زاتیەکیان وەرگرت. کوردەکان خۆیان، بەر لە هەموو شتیك، تیگەیشتن و دانیان بەوەدا نا کەوا ئەمجارەش دەولەتی بچووکی خۆیان دەستنەکەوت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەولەتە لە نیو سنوور و قەوارەی باکووری عیراقیش بی. دووەم شتیش ئەوە بوو، ئەوان باش تیگەیشتن کە کۆماریکی فیدرالی خودموختاری لە باکووری عیراق وا دەکا *PKK* بیر بکاتەوە کە هەمان شیوە حوکمرانی لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دامەزرینی، کە کوردەکان تیایدا بە دریژایی چەندەها سال زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە پیك دینن. حوکمی زاتیەك، نەك ئازادی تەواو، لە باکووری عیراق بۆی هەیە تەشەنە بکات و کار بکاتە سەر گورانکاریەکانی نیو ولاتە دراوسیکان. ئەمەریکیەکان بە هیچ شیوەیەك ئەمەیان ناوی. هەمان شیوە گۆرانکاری لەوانەیە لە ئیرانیش بسەپیندری، بەلام بە هیچ شیوەیەك دیار نیە سەرەنجامی بەچی دەگا و لە سەراپای ئەم ناوچە دژوار و پر کیشەیە چۆن کۆنترۆلی پیترۆل دەکری. خالی دوایی و سییەم ئەوەیە، ئەمەریکیەکان بەرژەوەندیان لەوەدا بوو (صدام حسین) لاواز بکەن، بەلام نەیاندەویست ئەوەندەی لاواز بکەن کە ئیران لە بەرامبەریدا بەهیز بی. دەسەلاتی زۆری بەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەی کەنداودا بکەویتە دەست. ئیتر مەسەلەکە خۆی لەوەدا دەنواند کە بارودۆخیکی وا

دروست بکریت عیراقی تیدا بیهیز بی و ئیران دەستی ئەوندە نەروات، لە هەمان کاتیشدا تورکیای تیدا بە هیز بکریت.

ئەمە لە راستیدا ئەوە دەگەیەنی کە هەرچی بیری یارمەتی کوردەکان هەیە _ ئەگەر رۆژی لە رۆژان ئەو بیرە هەبووبی _ بەلاوە نری. ئەمەریکیەکان لە چەندین بۆنەی جیاجیا ئاشکرایان کردووە کەوا، ترسناکترین دەولەت لە رۆژهەلاتی ناوەراست بە چاوی وولاتانی رۆژاوا، ئیرانە. باشترین چارەسەر کە بە چاویلکەی ئەمەریکیەکان دەبینری، ئەوەیە (صدام حسین) بروخیندری، بەلام بەدەستی هیزی ئەوتۆ کە بتوانی وولاتەکە بە یەکگرتوویی بهیلیتەوە، نەبادا ئیران ببیتە خاوەن دەسەلات.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوو نەیهیشت هیزەکانی ئەمەریکا بەرەو ناو بەغدا بەردەوام بن، کە بەلای زۆر لە شارەزایان کاریکی فرە ئاسان بوو.

نەتەوەی کورد وەکو باسمان کرد لە دوای شەری کەنداو ئەزموونی راپەرینی خۆی کرد، بەلام ئەوەی وەدەستی هینا تەنها دەربەدەری بوو بۆ ناو خاکی تورکیا و ئیران. دامەزراندنی ناوچەیەکی دەسەلاتی حوکمی زاتی کوردی لە باکووری عیراق مایەی خۆشحالی هەندیك لە کوردەکانە. دەتوانین بلیین ئەم کوردانە ماوەی پشوودانیکی سیاسیان وەرگرت، یاخود با بلیین هەر نەبێ گەشبینەکانیان وا تیگەیشتن کە ئەم پشووە وەردەگرن.

ناکۆکیەکانی نیوان خۆیان و شەر و پیکدادانەکانیان هەر خیرا بوونە کۆسپ لە بەردەم بەرپا بوونی ئارامی و نیزام، کە مەرجن بۆ ناوچەیەکی حوکمی زاتی راستەقینە. پەیوەندیەکان لەگەل تورکیا لە سەرەتادا بەرەو باشی دەرۆیشت، هەتا ئەو حەلەی تورکەکان هەستیان کرد و گەیشتنە ئەو باوەرەی کە مەسەلەی (وولاتۆکە) یەکی کوردی سەربەخۆ، یاخود شتیکی لەمەش خراپتر، لە ئارادا نیە. مەبەست لە (لەمەش خراپتر) کوردستانیکی راستەقینەیە کە لە پارچەکانی ئەو وولاتانە دابمەزری ژمارەی زۆریان کوردە و زۆر جارانیش کورد وەکو زۆرایەتی بە

دریژایی میژوو تییاندا نیشتەجی بووینە. دوور نیە ئەمەی دووەمیان خەونی نیو ناخی هەموو کوردیك بی.

بە دلنیاییەوە هاوریی کوردی لە سیدارەدراومان (ردوان بولوت) خەونی لەم بابەتەی بینیوە، هیچ کەسیك لە چاودیریکەران ئەم خەوبینینەی لی بە خەوش ناگری، چونکە ئەو خۆی و هاوری و هاوخەباتەکانی دەیانزانی کە خەونەکانیان ریالیستی نین و دوورەدەستن، بەلکو لەوانەیە هەر تەنها حوکمی زاتیەکی سنووردار یاخود فیدرالیەتیك بە هاوبەشی کوردەکان لە ئایندەیەکی دور لە توانادا بی.

# پیشمەرگە کوردەکان

بەلام *PKK*، پارتی کریکارانی کوردستان، لەسەرەتای حەفتاکانەوە ئامانجی دیار و ئاشکرای هەبوو، کە بە ریگای خەبات و کاری سیاسی بنەمایەك بۆ کوردستانیکی ئازاد لەژیر هەر بارودۆخیك لە تورکیا بخولقینی و بە ئاواتی هەمان شت لە تەواوی ئەو هەریمانەی وولاتە دراوسیکانیش کە بە هەزاران و ملیۆنەها کوردیان لی دەژین.

گۆرانکاریەکانی ناو تورکیا، شەری چەکداری بەردەوام و بیکۆتایی، کارتیکردنی وولاتانی دەرەوە _ داواکاریە نیودەولەتیەکان، تەنانەت لەلایەن ئەو کۆمەلانەی پشتگیری کوردەکانیش دەکەن _ بارودۆخیکی ئەوتۆیان هینا ئاراوە، کە *PKK* خۆیشی چیتر داوای دەولەتیکی سەربەخۆی کوردی نەکات، بەلکو بە خودموختاریەك یاخود حوکمی زاتیەك رازی بی سەرەتاکەی بە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ دەست پیبکات.

لە راستیدا ناکری ئەمە بە داوایەکی ناپەسەند دابنری. ئەوەی لەوانەیە پەسەند نەکری تەنیا هەندیك لەو ریگایانەیە کە *PKK* لە ریرەوی خۆیا گرتنیە بەر، ئەو درندایەتی و ئەو شیوازەیە کە دەولەتی تورك لە شەری دژ بە کوردەکان بەکاری دینا. تیرۆریزمیەکی ئەوتۆ گەشەی سەند، لە توند و تیژیا باس ناکری، بەلکو تەنها دەبیتە مایەی مەحکومکردنی شەر هەلگیرسان لەلایەن کوردەکان و وەلامدانەوەی تورکەکان. بەلام لەو کاتەی کە تورکەکان ژمارەیان یەکجار زۆرتر بووە، ئەوا شەرەکە

یەکسەر بۆتە مارشیکی تراژیدی _ یاخود بۆتە جۆرە سەنگەرە شەریك لە ناوجەرگەی شەریکی پارتیزانی کلاسیکی، کە هەموومان بە باشی لە شەری ڤیتنام وەبیرمان دیتەوە. کیشەی کورد لە راستیدا وەك چەشنە قەیرانیکی ڤیتنامی لیهاتووە، بەلام تا ئیستا نەگەیشتۆتە مەوداکانی ئەو.

گەر مرۆڤ ئارەزووی کۆتایی هینانیکی خیرا بکات _ لیرەدا ژمارەی ئەو تورکانەی ئەو ئارەزووە دەکەن لە زیادبووندایە، لەوانەش نوینەرانی سەرمایەدارە مەزنەکان _ پیویستە دەسپیشخەری تازە و چاونەترسیەکی تازە و مرۆڤپەروەریەکی تازە بهیندریتە ئاراوە.

ئەو پیاوەی ئەمرۆ سەرۆکی *PKK* یە، هەر خۆیشی دامەزرینەری راستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە.

(عبداللە ئوجەلان) لە کاتی خۆیدا سەر بە بزووتنەوەیەکی چەپرەوی لاوان بوو و لە *AYOD* یشدا بەشداری هەبوو *(Ankara Higher Education Association)*. لە سەرەتای حەفتاکانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەرکی راستەقینەی ئەو ئەوە نیە، بۆ ریکخراوە تورکیەکانی خویندکاران یاخود بزووتنەوە پیشەییەکانیان کار بکات، بەلکو رۆلی کەسیتی ئەو لە نیو کۆمەلگای تورکیادا، پیویستە بەرگریکردن بیت لە کوردەکان و هەولدان بیت لە پیناو دابینکردنی مافەکانیان. (ئۆجەلان) لە دوای ئەوەی حەوت مانگان خرایە زیندان بە تۆمەتی (چالاکی نایاسایی خویندکاران)- سوپا بە کورت و کرمانجی پیی وابوو کە خویندکاران نابی خۆیان تیکەلی کاری سیاسی بکەن _ پەیوەندی لەگەل کۆمەلانی خویندکاران لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا پەیدا کرد، لەویدا کوردەکان هیزیان زیترە، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە (لەشکری رزگاری نیشتمانی) وورده وورده هاتە دامەزراندن. بەلام ئەمجارەیان وەکو ئەوەکەی *PKK* بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەبوو.

شتیکی ئاسایی دەبوو ئەگەر بهاتبایە *PKK* لە دانیشتن و کۆیوونەوەکانی ناوچە شاخاویە عاسیکانی نزیك سنووری عیراق دابمەزرابایە، یاخود لە بنکەو ئۆردوگاکانی پیشمەرگە کە خەریك بوون ووردە ووردە بونیات دەنران.

بەلام *PKK* رۆژیك لە رۆژانی سالی ١٩٧٤ لە ناوەراستی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا دامەزرا. لەسەرەتادا هەندیك کۆمەلەی چەپرەو لە دامەزراندنەکە بەشدار بوون، بەلام مەسەلەی کورد تەنها یەکیك بوو لە نیو ژمارەیەکی زۆری بوارەکانی تری کارکردندا.

# کۆدیتای عەسکەری لەودیوی کالیۆسەکانەوە

لە سالی ١٩٧٤، سی سال لە دوای یەکێك لەو سی کۆدیتا سەربازیەی تورکیا، ژەنەرالەکان لیبوردنیکی گشتی تەواویان دەرکرد، کە بەرای خۆیان لەسەر ری و بۆچوونی ( کەمال ئەتاتورك) کاریان دەکرد، کارکردنیکی ئەوتۆ کە بی نکولی هیچ پەیوەندیەکی بە دیموکراتیەتەوە نەبوو. لەم کاتەدا کۆمەلە و بزووتنەوەی سیاسی سەرلەنوی دەستیان کردەوە بە سەرهەلدان، لەوانەش چەپرەوەکان و خەلکانیکی تر کە مرۆڤ لە تورکیاش دەتوانی بە فۆندەمەنتالیست ناویان بەری. ئەمانە کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبوو، هەرچەندە زۆریان لەمانە پشتگیریەکی فراوان و بەهیزیان لە لایەن رووناکبیران و ئەهلی فیکرەوە لیکرا. بەلام حکومەت کەم تیکەلیان دەبوو. هۆی ئەمەش بەرای هەندێ کەس دەگەریتەوە بۆ ئەوەی حکومەت دەیویست لەسەر فەرمانرەوایی بمینیتەوە، کەچی هەندیکی کە دەلین حکومەت فەرمانی لە ژەنەرالە دەسرۆیشتوەکانەوە پیکرابوو کە تۆزیك نەرم بجوولیتەوە.

ئەوەی لیرەدا سەرنج راکیشە ئەوەیە کە حکومەتی ئەوسا حکومەتیکی فرەلایەنی هاوپەیمان[٩] بوو، لە ژیر سەرۆکایەتی (بلند ئەجەوید) ی سۆسیالدیموکرات و (نەجمەدین ئەربەکان) ی سەرکردەی سیاسی فۆندەمەنتالیستی (ئیسلامی).

(ئەربەکان) لە سەروبنی سالی ١٩٩٦_ ١٩٩٧ بە هاوبەشی لەگەل (تانسۆ چیلەر) ی کۆنسەرڤاتیف، سەرەك وەزیرانی تورکیا بوو. بە مەبەستی تیگەیشتن گرنگە ئەوە بلیین، کە زۆربەی تورکەکان و کوردەکان کە باس لە کاریگەری ئیسلامی و هیزی پارتی

---

[٩] ئیئتلافی.

رەفاهی ئیسلامی دەکەن، ووشەی فۆندەمەنتالیزم بەکار دینن، بەلام ووشەکە هەمان هیز و هەرەشە هەلناگری، وەك ئەوەی بۆ نموونە ئیمەمانان لە سکەندناڤیا بەکاری دینین. هەروەها فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی لە تورکیا هەر لە سالی ١٩٧٤ وە وەك بزووتنەوەیەکی روو لە گەشەکردن قبول کراوە و لەوساوەشەوە شتیکی ئەوتۆ رووی نەداوە. بەلام سەرەرای هەندیش ئەگەر مرۆڤ هەلبژاردنیك لە تورکیا بینیتە بەرچاوی خۆی، کە خەلکیکی زۆر یاخود زۆربەی خەلك دەخاتە دوای فۆندەمەنتالیستەکان، ئەوا مومکین نیە سەرکردایەتی سوپای تورك ئەوە قبول بکات.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە سوپا کۆدیتای ژمارە چوار ئەنجام دەدات و وای رادەگەیەنی کە ئەمە تەواو لەگەل کەمالیزمی کلاسیکی دەگونجی ( کەمالیزم، بەناوی کەمال ئەتاتورك کراوە، کە تورکیای کردە دەولەتیکی عیلمانی).

بەلام با بگەریینەوە سالی ١٩٧٤، چونکە لەم سالەدا گۆرانکاریەکی یەکجار گرنگ و یەکلاکەرەوە روویدا.

لە کاتیکدا لە توانادا بیت ریکخراوی چەپرەو قبول بکریت، نەك هەر بەتەنها بەوەی مافی دەربرینی داواکاریەکانی خۆیان بدریتی، بەلکو کتیبیشیان لەسەر بنووسری، کەواتە (چەپی تورکی) بوونی هەبوو. بەلام کە بوونی (چەپیکی تورکی) لە توانادا بیت، دەبوایە بوونی (چەپیکی کوردیش) لە توانادا بوایە.

ئەمە لە راستیدا پاشخانی ئەو ریگایەیە کە *PKK* ی پی دروست بوو. لیرەدا جیگای سەرنجە ئەوە دووپات بکریتەوە، کەوا ئەوان نەیانویست لەگەل (چەپی تورکی) تیکەل بکرین، لە لایەك لەبەر ئەوەی دلنیا نەبوون لەوەی (چەپی تورکی) جیگای باوەر بی ئەگەر پرس گەیشتە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی، لە لایەکی دیش کوردەکان زۆر ئاسایی خولیا و سەرنجی خۆیان دابووە ئەو چالاکیانەی بەشی خوارووی رۆژهەلات، کە زۆربەیان لە راستیدا خەلکی ئەم ناوچەیە بوون.

ئیتر لە کۆمەلیك لە شارە بچووکەکان دەست بەکار کرا، بەلام لە دەوروبـەری ١٩٧٨-١٩٧٩ شـاری دیاربـەکر، کـە بەندیخانەیـەکی زۆر گـەورە و پیسـی لییـە، بـوو بـە شـوین و بارەگای ئەو بەشەی *PKK*، کە تا ئەمرۆش لە سەر شەرکردن بەردەوامە کە خۆیان ناوی دەنیـن شـەری رزگـاری لـە نـاو وولات. کـەچی شـەری راسـتەقینە لـە سـالی ١٩٨٤ دەسـتی پیکـرد، بـە پیـی زۆر سـەرچاوەی جیاجیـا ژیـانی نزیکـەی ٢١٠٠٠ مرۆڤـی تیـدا فـەوتاوە. خەلکی مەدەنی تورك لـە سـەرەتادا دژایـەتی کوردەکانیـان دەکـرد، چونکـە گـەلیك جـار باوەری تەواو و پتەویان وابوو کە ئەمە بزووتنەوەیەکی ستالینی _ لینینی _ مارکسیە، _ بـەرای زۆر کەسـان _ ئامـانجی بزووتنەوەکـە ئـەوەبوو دەسـەلات لـە سـەراپای تورکیـا بگریتەدەس. بەلام ئەم ئامانجە لە هیچ کاتیکدا مەبەست نەبووە، گومان لەوەدا نیە کە ئامانجەکە دامەزرانی دەولەتیکی کوردی بووە، یاخود ناوچەیەکی حوکمی زاتـی کـوردی، دوای ئەوەی بەدەرکەوت کە ئیستا لە تواناد نیە مەسەلەی دەولەت جیبەجی بکری.

هەندی کەس رایان وایە کەوا ئەو کوردانەی لـەژیر ئـالای *PKK* ریکخـراون، کـە لـە راستیدا بەشیکی بچووکی سەرجەمی کوردەکانی تورکیان، ئەوانـەن بوونەتـە هـۆی ئـەو بارە ناهەموارەی کە تورکیا بە گشتی تیی کـەوتوە. بـەلام لیرەدا ئـەم بۆچوونـە بـەبی دوودلی رۆلیکی زۆر کاریگەر دەداتە کوردەکان.

لە لایەنی سیاسیەوە میللەتی تورك دابەش بونەتە سەر چەند حیزبیکی جیاجیـا، کە کۆنسەرڤاتیڤەکان[١٠] زیتر لە هەموویان زالن.

بەلام ئەم حیزبانــە توانـای ئـەوەیان نیـە کـە پیشکەوتن و سـەقامگیریەکی ئـەوتۆ بەرپاکـەن کـە رۆژی لـە رۆژان وولاتەکـە بـەرەو چوونـە نـاو یــەکیتی ئــەوروپا ببـات، هــەروەکو زۆرەهـا کــەس بــە ئاواتەوەیــە. ئــەم شــتانە و شــەری دژ بــە کوردەکــان بەسەر یەکەوە، ژمارەیەکی زۆر گیروگرفتی ئابووری بۆ وولاتەکە ناوەتـەوە، بەرادەیـەك وای لیکردووە لە قەیرانیکی بەردەوامدا بژی.

[١٠] پاریزگاران، محافزین

سەرچاوە باوەرپێکراوە کـوردی و تورکیـەکان _ کـە لـیرەدا تورکیـەکان گرنگـترن _ دەلین نیوەی یاخود نزیکەی ٥٠٪ بودجەی دەولەت بۆ سوپا دەروا. بـەلام سـوپا لـە دوای ماوە دیکتاتۆریەکەی (کەمال ئەتاتورك) بە هیچ جۆریك و لـە هیـچ کـاتیکدا دلـی بـەوە خۆش نـەبووە کـە وولات لەلایـەن پارتـە سیاسـیە مەدەنیەکانـەوە بـەریوە بـبریت. هـەر بۆیەشە ژەنەرالەکان لەسەردەمی تازەدا سی جار کۆدیتایان ئەنجامداوە و دەسەلاتیان بە هیزی سەربازی لـە سـالانی ١٩٦٠، و ١٩٧١، و ١٩٨٠زەوت کـردووە. زۆر کـەس سـەریان لـەوە سوردەمینی چۆن لە سـالانی نـەوەدەکان کۆدیتـای سـەربازی چوارەم روویـنـەداوە، بـەلام ئەگەر ژەنەرالەکان بەم کارە هەلسن ئەوە جیگای سەرسـورمانی کـەس نیـە، بـە تایبـەت ئەگـەر بیتـو ئـەو هاوپەیمانیـە سـەیرە لەگــەل دەســەلاتی ئیســلامیەکان چــەند ووردە ئەنجامیکی باش ئەدات بە دەستەوە.

بەشیکی زۆری شەرەچەقەی هەردوو پارتی حوکمبەدەس: "پـارتی ریگای راسـت و پارتی رەفای ئیسلامی "لە کاتی هەلبژاردنەکان، لەسەر ئەوەبوو کە هیرشیان دەبـردە سەر یەکتر.

کۆنسەرڤاتیڤەکان ئیسلامیەکانیان بەوە خەتابار دەکرد، کـە گوایـە پلانیـان دانـاوە تـا تورکیـا بکەنـە کۆمەلگایـەکی ئیسلامی، کـە سـەرەنجام دەبیتـە هـۆی خـراپ بوونـی پەیوەندیــەکان لەگــەل هیزەکــانی رۆژاوا. هــەرچی پــارتی رەفــاه بــوو، دەیگـــوت کۆنسەرڤاتیڤەکان دەیانەوی تورکیا لە رۆژاوا بە دوژمنـان ببەسـتنەوە، بۆیـە دەرچـوون لە *NATO* و تەنانـەت لـە یـەکیتی گومرگـی ئـەوروپاش رەنگـە باشـترین ریگـا بیـت کـە تورکیـا بیگریتـە بـەر. ئیستاش لەگـەل سـەرەتای سـالی ١٩٩٧، لـە کـاتی نووسـینی ئـەم باسـەدا، پیویسـتە ئـەوە دووپـات بکریتـەوە، کـە تـا ئـەمرۆ هـەموو شـتیك وەکـو جـاری جارانە. ئەگەر کۆدیتایەکی تازە رووبدات، ئەوا حەتمەن دەبیتە هـۆی تونـد و تیژیـەکی ترسـناك لـە رۆژهـەلاتی ناوەراست. تورکیـا بـەردەوام دەبـی لەسـەر ئـەوەی خـاوەنی گەورەترین هیزی سەربازی بیت لـە ئـەوروپا کـە ژمـارەی سـەربازەکانی ٥٠٧٨٠٠ کەسـە،

لەوانە ٤١٥٠٠٠ یان بیگارگرتەنە،[11] کە بۆ خزمەتیکی زۆر نابەدل بانگ دەکرین، چونکە هەردەم لە مەترسیدان. ماوەی خزمەتی سەربازی لە تورکیا ١٨ مانگە، ئیحتیاتەکانیش خۆیان لەقەرەی ٣٨٠٠٠٠ کەس دەدەن.

گەورەترین سەرچاوەی چەکی تورکیا، ئەمەریکایە. وولاتیکی تری سەرەکیش کە چەك دەداتە تورکیا، ئەلمانیایە کە لە سالی ١٩٩٥ لەبەر چەند گۆرانکاریەکی سیاسی، چەك ناردنی بۆ تورکیا راگرت. دۆستیکی نزیك و هاوبەشیکی بازرگانی تری تورکیا لە مەیدانی چەکدا، ئیسرائیلە. ئەم دۆستایەتیە لەبەر دوو هۆ جیگای سەرنجە : یەکەمیان ئەوەیە کە تورکیا یەکیکە لەو وولاتە ئەوروپیانەی هەر لە زووەوە هاریکاری لەگەل *PLO* [12] دەسپیکرد و ریگای بە ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین دا کە نوینەرایەتی دیپلۆماسی خۆی لە ئەنقەرە بکاتەوە. سەرەرای هەندیش ئیستا تورکیا سەرەك حکومەتیکی ئیسلامی هەیە، بەلام ئەمە بە هیچ کلۆجیك نەبۆتە کۆسپ لە ریگای هاریکاری نیوان هەردوو وولاتدا، (هەرچەندە سەرەك حکومەتی ئیسرایل سەر بە بالی راسترەوەکانە[13]).

فەرمانرەوایانی ئەمەریکا لە هەموو ئان و زەمانیکدا تورکیایان بە دۆستی نزیکی خۆیان لەقەلەم داوە. کە (تانسۆ چیلەر) لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری سالی ١٩٩٣ وەکو سەرەك وەزیران سەردانیکی رەسمی واشنتۆنی کرد، سەرەك (بیل کلینتۆن) بە ووتاریکی ئەوەندە پر گفت و لفت پیشوازی لیکرد کە لیی گەرمتر نەبی.

بۆ نموونە سەرەکی ئەمەریکا، بە پیی ئەو سیناریۆیەی ئامادە کرابوو (کە دیاربوو لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە ئامادە کرابوو) گووتی: " لە کاتیکدا پەیوەندیەکانمان لەگەل تورکیا خەریکە پەرە دەسینی و دەبیتە هاوشانیەکی بەهیز، شایانی پیزانینە کە

---

[11] ئیجبارین

[12] ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین.

[13] ئاماژەیە بۆ (بنیامین ناتانیاهۆ) ی پارتی لیکود، کە ئەوسا سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل بوو.

فەرمانرواییەکی ئەوتۆ تورکیا بەریوە دەبا  کە لە داخوازی و خەون و ئاواتی خەلکە ئاساییەکە دەگات، سیاسەتیکی وەها دەگریتەبەر دەرفەت بۆ ئەم خەلکە دەرەخسینی  تا خەونەکانیان بیننە دی ".

ئاخۆ دەبی رای خەلك لە دیهاتەکان، لە هەریمی پەنابەرە کوردەکان، لەلای ئەوانەی بە زۆر  لە شوینی خۆیان راگویزراون، لە بەندیخانە پرەکان لە بارەی ئەم ووشانەوە چی بیت؟

ووشەکانی سەرەك (کلینتۆن)  دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کەوا سیاسەتی ئەمنیەت و سیاسەتی یەکگرتوی دابینکردنی پیترۆل لە زۆرەها هەلویستدا دەکەویتە پیش مافەکانی مرۆڤەوە. ئەوەش لەبەر ئەوە نیە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاگای لە بارو زروفی راستەقینەی ناو تورکیا نیە. چونکە هەموو  سالیك لیکدانەوەیەکی ووردی پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئامادە دەکری و تورکیاش لەم لیکدانەوەیە بەدەر نیە.

ئەمەریکیەکان بە پیی داب و نەریت هیچ  شتیك ناشارنەوە سەبارەت بە ئاشکرا کردنی کاروباری فەرمانرەوایی و سەرچاوە و ئەرشیفەکان، ئیتر خەلك دەتوانی  دەستی بگاتە دوکۆمەنتەکان[١٤]. مرۆڤ هەر دەتوانی لە بالویزخانەی ئەمەریکا لە کۆپنهاگن دانیشی و راپۆرتە ئەمەریکیە رەسمیەکان لەبارەی مافی مرۆڤ لە تورکیا بخوینیتەوە.

---

[١٤] بەلگەنامەکان.

# تورکیا وەك پەرژینیك لەبەردەم وولاتە دراوسیکان

ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر شارەزای رەقەکاری و دووروویی نـەبی لـە کاروبـاری سیاسەتی دەرەوە، سەری لە پەیوەندی نیوان تورکیا و وولاتــە دراوسـی نزیکـەکانی سـور دەمینی.

تورکیـا پەیوەندیـەکی زۆر چـاکی بـە عـیراق و سـوریا و ئیرانـەوە هەیـە_ هەرسـی وولاتیش بە ئۆتۆماتیکی لەلایـەن ئەمـەریکاوە خراونەتـە نیـو لیسـتەی ئـەو وولاتانـەی پشتگیری تیرۆریزم دەکەن. لە سالی ١٩٩٦ ناوی سـوریا لـە لیسـتەکە بـزر بـوو. هـۆی ئـەم بزربوونە بوە مایەی تیوردبوونەوەی زۆر کەس. بیگومـان سـوریا تیکـەل بـەو هەولانـە کراوە _ کە لە راستیدا جیگەی نرخ و بایەخن _ بۆ وەدیـهینانی ئاشـتی لـە رۆژهـەلاتی ناوەراست، بە تایبـەتیش لـە نیـوان ئیسـرائیل و وولاتـە عەرەبـە نزیکـەکانی. یـەکی لـە هۆیەکانیش ئەوەیە، کە ئیسرائیل تا ئیستا دەستی لە داگیرکردنی بەرزاییەکانی جۆلان نەکیشاوەتەوە، و ئەگـەر پـەیمانیکی ئاشـتی سـوری _ ئیسـرایلی بیتـە ئـاراوە، ئـەوا ئـەو پەیمانە تەنها بەو مەرجە دەبی کە ئیسرائیل ئـەم بەرزاییانـە بـەجی بیلـی، کـە لەگـەل پەرەسەندنی چەکسازی گرنگیەکی ئـەوەندە مـەزنیان نـەماوە، بـە هـەمان شـیوەش لـەو ناوچانـە بکشـیتەوە کـە ناویـان نـاوە زۆنـی ئاسایشـی ئیسـرایلی لــە خــوارووی لوبنــان[١٥] (**حافظ الاسد**) ی تاکە دەسەلات بە دەستی سوریا بــە دریژایـی گفتوگۆکـان پیـی لەسـەر

[١٥]لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا ئیسرائیل هیشتا لە خوارووی لوبنان نەکشابۆوە.

ئەوە داگرتووە کە مەرجی سوریا بۆ ئەوەی هەر تەنها بیر لە مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی بکاتەوە، ئەوەیە کە ئیسرائیلیەکان ئەم ناوچانە بەجیبیلن.

بەلای زۆربەی خەلکەوە، ئەمریکا پشتگیری مەعنەوی و سیاسی داوە بە سوریا، بەلام نەك زۆر بە شیوەیەکی رەسمی.

هەرچی ئیسرائیلە ئەمەی پی خۆش نیە، لەگەل وەرچەرخانی سالی ١٩٩٦ _ ١٩٩٧ ئاسۆی چارەسەر زۆر روون نیە، بە تایبەت دوای ئەوەی راستڕەوەکان فەرمانرەواییان گرتەدەس.

ئەگەر هاتو ئەمەریکای نیوانیکەر، کە چەندەها سالە توانایەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە سەرف کردوە _ لە هەمان کاتدا بۆ بەرژەوەندی خۆیشیەتی _ ناوی سوریای بخستایەتە لیستەی ئەو ولاتانەی پشتیوانی بزوتنەوەی تیرۆریزمی دەکەن، ئەوا ئاسۆکە هیشتا لەوەش تاریکتر دەبوو.

بەلام کە (نجم الدین ئەربەکان) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا داوەتی (هاشمی رەفسەنجانی) سەرۆکی ئیرانی کرد تا سەردانیکی رەسمی تورکیا بکات، ئەمەریکیەکان لە واشنتۆن نیوچەوانیان گرژ بوو.

ئەتۆ بلیی تورکیای نزیکە دۆست _ ئەو ولاتەی بە قسەی (کلینتۆن) هەموو کەسیك تیایدا دەرفەتی ئەوەی هەیە خەونەکانی خۆی بینیتە دی. بەراستی بەلایەوە ئاسایی بیت کە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەل مەلاکانی ئیران دامەزرینی، ئەو ئیرانەی بەلای ئەمەریکاوە یەکەمین دوژمنی باوکە کوژەیە؟

بەلی ، بەراستی بەلای تورکیاوە ئاساییە.

(ئەربەکان) زۆر بە گەرمی پیشوازی سەرەکی ئیرانی (هاشمی رەفسەنجانی) کرد، یەکسەر لە تەکیا کەوتە گفتوگۆ لە بارەی فراوانکردنی هاریکاری و دۆستایەتی. هەروەها گەیشتنە ریککەوتننامەیەك کە لە سالی ١٩٩٧ دەست بکری بەوەی ئیران بایی ٢٣ ملیار دۆلار گازی سروشتی بە بۆری بگوازیتەوە تورکیا. هەروەها تورکیا دایناوە، ئەو

پیترۆلەی عیراقیش کە لە لایەن *UN* ەوە بۆ ئامانجی مرۆڤایەتی ریگای فرۆشتنی دراوە، ئەویش بە ریگای بۆری ترەوە بەخاکی ئەواندا تیپەر بیت.

ئیتر بەم شیوەیە تورکیا کە چەندەها سالە ناوی لینراوە (کابرا نەخۆشەکەی ئەوروپا) دەبیتە هاوبەشیکی نزیك لە هاریکاری لەگەل دووان لە گەورەترین دوژمنەکانی ئەمەریکا.

بە پیی رۆژنامەکانی ئەمەریکا، حکومەتی واشنتۆن خۆبەدوورگرتنیکی _ تەحەففوز _ توندی بەرامبەر ئەم ریکەوتننامە نیوان خۆشکەرەی تورکیای هاوپەیمانی ئەمەریکا لە *NATO* و ئیران دەربریوە، بەراشکاویەوە تورکیا گوناهبار دەکا، کەوا ئەم کارە پشتگیریکردن و پارەوپول بەخشینە بە تیرۆریزم، کە راستەوخۆ ئاراستەی *NATO* و وولاتانی رۆژاوا دەکری.

قسەکەری رەسمی لە وایت هاوس (نیکولاس بیرنز)[16] ئاشکرای کرد کەوا ئەمەریکا بە توندترین شیوە تورکیای ووریا کردۆتەوە کە ریککەوتننامە لەگەل ئیران نەبەستی. بەلام ئەوەشی گوت ئەمەریکا لەگەل هەندیش ئەوەندە خۆی بە سەردانەکەی (رەفسەنجانی) خەریك نەکردووە. سەرباری ئەمەش تورکیا و ئیران لەسەر ئەوە ریککەوتن بەربەستە گومرگیەکانی نیوان هەردوو ولات لەبەرامبەر یەکدا کەمکەنەوە و پارە خستنەکار لەمبەرولەوبەر فراوان و پتەوتر بکەن، هاریکاری لە بواری دەریاوانی زیاتربکەن، ریگا بدەن کەشتی و پاپۆرەکانیان بە نیو هەریمە ئاوی یەکتردا بسورینەوە، ژووریکی بازرگانی هاوبەش دامەزرینن. هەندیك رۆژنامەنووس کە ئەمەیان بینی، بەخۆیان نەوەستان و کەوتنە پرسیار و گوتیان ئاخۆ ئەم گۆرانکاریانە دژی ئەم فشار و ئەمبارگۆیانە نین کە ئەمەریکا بە تایبەت دژ بە ئیران داینـاون، دەبی کار نەکاتە ئەوەی سزای ئەو کۆمپانیایانە بدری کە فشارەکە دەشکینن، لەوانەش کۆمپانیا تورکیەکان کە زیتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلار دەخەنەکار لە بواری وزە لە ئیران.

---

[16] واتیبگەم ئەم پیاوە قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوو، نەك ئەوەی وایت هاوس.

(هاشمی رەفسەنجانی) لەوەلامدا ووتی: دوور نیە ئەمەریكیەكان لەو ریككەوتننامەی ئیمە تورە بن، بەلام ئەوە گیروگرفتی خۆیانە. ئەمەریكا دژی هەموو وولاتیكی بەهیز و هاریكاریەكانیەتی لە ناوچەكەدا.

هەروەها گوتی: جگە لەوەش ئیمە ریگای هیچ وولاتیك نادەین خۆی تیكەلی پەیوەندیەكانی نیوانمان بكات. وەلامی ئەنقەرە لەوەش روون و پاراوتر بوو. قسەكەری حكومەتی توركیا گوتی: فشاری ئەمەریكا لەم بوارەوە لەدژی دەزگا توركیەكان ناكری، چونكە توركیا بۆریەكانی لەسەر خاكی خۆی راكیشاوە.

سەرەك وەزیرانی توركیا (نەجمەدین ئەربەكان) دەیویست زنجیرەی ریككەوتنەكان لەگەل ئیران فراوانتر بكات و بەرهەمهینانی هاوبەش لە مەیدانی چەكسازی دامەزرینن. بەلام (چیلەر) بەمە قایل نەبوو. قسەكەریك بەناوی ئەوەوە گوتی: هاریكاری لەگەل ئیران لەبواری بەرهەمهینانی چەك لە نیو خالەكانی باس و گفتوگۆدا نیە، هیچ نەخشە و پلانیكی هاریكاری لەگەل ئیران لەم بوارەدا لە گۆری نیە. ئەم مەسەلەیە لەگەل نوینەرانی ئیران هەر باسیش نەكراوە.

لە كاتیكدا ئەگەر بەراستی هەول درابی بۆ هینانەدی بەرهەمهینانی چەكسازی هاوبەش، ئەوا جیگای سەرنجە بیر لە ریاكسیۆنی[١٧] ئەمەریكا بكەینەوە.

لەوانەیە (ئەربەكان) و (رەفسەنجانی) تا رادەیەكی زۆر حەزیان لیبوو پرۆژەیەكی لەم بابەتە بە ئەنجامدراوی ببینن.

هەلویست و ئاواتەكانی (ئەربەكان) _ كە هەندی كەس بە خەونی دادەنین _ ئەو كاتە پەردەی لەسەر هەلمالرا، كە لە سالی ١٩٩٦ سەردانیكی لیبیای كرد. لەراستیدا ئەمە جویندان و سوكایەتیەك بوو بە ئەمەریكای كرد، كە هەموو سالیك یارمەتیەكی ئابووری زۆر گرنگ دەداتە توركیا، بە تایبەت تاوەكو توركیا بتوانی سوپا زل و زەبەلاحەكەی بە كەرەستە و تفاقی تازەی لەبارەوە رابگری.

---

[١٧]كاردانەوە

# هەلبژاردن لە تورکیا

کە پارتەکەی (ئەربەکان) لە سالی ١٩٩٥ پەرەی سەند و بوو بە گەورەترین و بەدەسەلاتترین پارت لەم سەرو ئەو سەری تورکیا، ئەوا یەکیك لە هۆیەکانی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی دەنگی زۆربەی کوردەکانی وەرگرت.

لە راستیدا لە کاتی هەلمەتی هەلبژاردنەکاندا (ئەربەکان) بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گفتوگۆیەکی تازە لەگەل کوردەکان لە تواناداية. بەلام لە هەمان کاتیشدا زۆر لە کوردەکان، بۆ نموونە ئەوانەی بە زۆر لە شوینی خۆیان راگویزراون، لە رقی پارتەکانی تر کە لە دژی خواستەکانیان بوون، دەنگیان بە (ئەربەکان) دا.

تورکیا هەتا سالی ١٩٤٦ هەر سیستەمی تاکە پارتی هەبووە. ئینجا پاشتر دیموکراتی پەرلەمانی هاتەکایەوە، ئەمەش هەندی دەرفەتی دیموکراتی تازەی لەبەردەم کوردەکان کردەوە. کوردەکان لە لایەنی تیۆریەوە توانیان پارتی ئەوتۆ دامەزرینن، کە کەم و زۆر وەکو پارتی کوردی راگەیانرابوون، بەلام وادیار بوو سەرەنجامیان بە خراپ گەیشت. کەچی لەگەل هەندیش کوردەکان دەیانتوانی ببن بە ئەندام یاخود لە ریزی پارتە تورکیەکان کاربکەن. بیجگە لەمەش هەندیك لەو پارتانە زۆریان پی خۆش بوو نوینەری کوردیان هەبی، بەلام بەو مەرجەی ئەو نوینەرانە دان بە هاوولاتیەتی تورکی خۆیان بینن و نەبنە دەمراستی ئەوانەی پییان دەگوتن (جوداییخواز).

(مەمەد ئومید نەجەف) کە بروانامەی ماجستیری هەیە لە بواری کۆمەلناسی و لە مەلبەندی خویندنکاری رۆژهەلاتی ناوەراست لە زانکۆی ئۆپینسە[18] کاردەکات، لە ژمارە ٤ ی سالی ١٩٩٦ ی گۆڤاری (دەرەوە) کە لە لایەن (دەزگای سیاسەتی دەرەوە) دەردەچی، لیکۆلینەوەیەکی زۆر تیر و تەسەلی سەبارەت بە رۆلی کوردەکان لە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا لەم سالانەی دواییدا، کردوە. بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە سیاسەتناسی تورکی _ کوردی (حەمید بۆزئەرسەلان) وەرگرتوە، وەك سەرەتا لە هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٩٥ وە دەست پیدەکا. ئەو لە زمانی (بۆز ئەرسەلان) دەگیریتەوە کەوا هەلبژاردنەکان _ ئەگەر ناوچە کوردنشینەکانی لیدەرکەین _ تا رادەیەك بە ئازادی دەکران.

پارتی *HADEP* (پارتی گەلی دیموکراتی) بەشداری هەلبژاردنەکانی کرد. ئەم پارتە جیگرەوەی دوو پارتی کوردی تر بوو، *HEP* (پارتی کارکەرانی گەل) و *DEP* ( پارتی دیموکراتی)، کە هەردووکیان لە لایەن حکومەتەوە لە سالانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ قەدەغە کران و سەرکردەکانیشیان گیران و خرانە بەندیخانەوە.

بەر لە هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٩٥ *HADEP* شتیکی دامەزراند کە پیی دەگوترا بەرەی یەکگرتوو، کە بە تایبەتی لە چەپرەوەکان پیکهاتبوو. هەرچەندە ئەو بەرەیە لە دوای کوشتنی ٢٠ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی *HEP* و *DEP* پیك هاتبوو، بەلام لەگەل هەندیش هاریکاری نیوانیان لە راستیدا بە چاکی بەریوە دەچوو. لە کاتی هەلبژاردندا *HADEP* ٤,٢٪ ی دەنگەکانی هینا، بەلام دەبوایە لەسەرەوەی ١٠٪ ی دەنگەکانی بهینابا، تاوەکو بیتوانیبایە بەشداری پەرلەمانی بکردبایە.

بەلام *HADEP* لە راستیدا توانی وزە و توانایەکی بەهیز بخاتە گەر. لە دیاربەکر *HADEP* ٤٦,٧٪ ی دەنگەکانی وەرگرت، لە شارەکانی شیرناخ و سیرت گەیشتە ٢٢٪، لە ڤان ٢٧,٧٪، لە باتمان ٣٧,٤٪، لە هەکاری ٥٤,٣٪ ی دەنگەکانیان وەرگرت، دەبی ئەوەش

---

[18] زانکۆیەکی دانمارکیە.

بوتری کەوا لە هەندی ناوچە کوردیەکانی تر ئەنجامی هەلبژاردنەکان زۆر نزمتر بوو، تەنانەت لەو شارانەش کە دانیشتوانیان بە خۆیان دەلین کوردن.

کەچی پارتی رەفاە لەم شارانە بەرزترین ژمارە دەنگی هینا _ لە شوینیك گەیشتە سەرەوەی ٥٠٪، لە هەندی شوینی دی گەیشتە دەوروبەری ٣٠٪.

بەرای (بۆز ئەرسەلان) هۆی ئەنجامە خراپەکانی هەلبژاردن (جیاوازیە نەژادیەکانی ناوخۆی کوردەکان خۆیانە)، بە پیی گیرانەوەی (مەمەد ئومید نەجەف) ( بۆز ئەرسەلان) رای وایە بەرەوپیشچوونی پارتی رەفاە لە کوردستان زۆر جیاوازە _ هۆیەکی تەواو جیاوازی هەیە _ لەو بەرفراوانیەی وا جاریکی تر ئیسلامەتی دووبارە لە بەشەکانی تری تورکیا بەخۆیەوە دەبینی. زۆربەی زۆری گەلی کورد، تا رادەیەکی زۆر ئەو پارتە بە جیاواز دادەنین بە بەراوورد لەگەل پارتە نەتەوەییەکانی دی، کە بە ( بەرپرسیاریان دەزانن لە سیاسەتی توند و تیژی دەولەت لە ناوچە کوردیەکان لە لایەکەوە، کەچی لە لایەکی ترەوە، لە لایەنی (نیشتمانی) ەوە، توانای ئەوەیان هەیە خەلك بەو رادەیە بگەیەننە یەك، کە پەیوەندی لە نیوان کوردستان و بەشەکانی تری تورکیا دروست ببیت. ئەو قسانەی (مەمەد ئومید نەجەف) دەیانگیریتەوە، دووپاتی هەمان گۆشەنیگا دەکەنەوە کە سەرچاوەکانی تر بۆی دەچن سەبارەت بە هۆیەکانی بەرەوپیشچوونی پارتی ئیسلامی، ئارەزووی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بۆ سزادانی پارتە تراديسيۆنەکانی دی.

# زیندانیکردنی ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان

لە مانگی مارس/ ئاداری سالی ١٩٩٤ بوو کە بەشی زۆری کۆمەلەی نیشتمانی تورکیا (پەرلەمان) بریاریدا ئیمونیتیتی[١٩] شەش کەس لە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان هەلگری، کە بە تەواوەتی بە پیی دەستوور و یاسا هەلبژاردرابوون، دوابەدوای ئەمەش زیندانیان بکەن. بەم جۆرە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی تورکی پەردەیان لەسەر هەلویستی خۆیان سەبارەت بە دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەلمالی. ئەندامانی *DEP* هەر ئەوەبوو تەنها تۆزی بە کوردی قسەیان کردبوو. کوردیش زمانیکی قەدەغە بوو. بیجگە لەم شەش کەسە، ئەندامیکی بیلایەن و ئەندامیکی تریش لە نوینەرانی پارتی رەفاه، کە ئیستا سەرۆکایەتی حکومەتیان بە دەستە[٢٠]، ئەوانیش گیران. پاشان ویستیان ئەوەی دواییان بیست سال زیندانی بکەن، چونکە رەخنەی لەوە گرتبوو بۆچی ئیسلام ناکەنە ئایینی رەسمی دەولەتی تورک، بەمەش راستەوخۆ لە دژی (باوکی تورکان) -کەمال ئەتاتورک- وەستابوو. یەکی لە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان کە زیندانی کران، (خەتیب دجلە) ی سەرۆکی *DEP* بوو، پاشتریش ئافرەتی سیاسەتمەداری بە ناوبانگی کورد( لەیلا زانا) ش خرایە زیندانەوە. ئەمانە هەموویان دەیانزانی کە بە پیی بەندی ژمارە ١٢٥ بە تاوانی خیانەتکاری وولات تاوانبار دەکرین، دوای ئەوەی وایان بۆ هەلبەستان کە گوایە سیاسەتیکی ئەوتۆیان پەیرەو کردووە، کە ئامانجی تیکدانی

[١٩] حصانە، پاریزگاری

[٢٠] لەکاتی نووسینی ئەم کتیبەدا.

یەکبوونی دەولەتی تورکیایە. ئیتر هەر هەمان ئەم شتە لە سەدان هەل و مەرجی تـر و بۆنەی تردا، ناویان لینا جوداییخوازی. هەمووشیان دەیانزانی کە سزاکەیان یـان ئـەوەتا مەرگە، یاخود سالانیکی دوورودریژە لە زیندان. ئیتر هەر یەکسەر نارەزایی دەربرین لە دەرەوەرا بـە لیشاو بـەرەو تورکیـا دەسـتی پیکـرد، بـەلام زۆر سـەیرە کـە ئـەم نـارەزایی دەربرینە بەردەوام نەبوو. سەیرەکەشی لەوەدایە، پیشیلکردن لەوسـاوە بـە درندەتریـن شـیوە بەردەوامــە، ئەمــە راسـتیەکە لــە لایــەن حکومــەتی ئەمــەریکا و ئەمنســتی ئینتەرناشینال دووپات کراوەتەوە.

پەرلـەمانی ئـەوروپا لـە برۆکسل، کـە تورکیـا گەرەکیـەتی ببیتــە ئـەندام تیـایدا، نارەزاییەکی توندی نارد، و لەمەش زیتر داوای کرد کە حوکمی زاتی بدریتە کوردەکان. وەزارەتی دەرەوە لە ئەنقەرە بە راشکاوی رایگەیاند، بە پیی یاسای تورکی هەر ئەوەندە دەکریت، سەرتاپای مەسەلەکە بۆ دادگا بەجی بهیلدری. سەرۆك (سلیمان دیمیریل) کـە تا رادەیکی زۆر نوینەری بیری کۆنە، بە توندی لە دژی کورد بـووە، رایگـەیاند کـە هـۆی ئەم مەسەلەیە بە سوك و سانایی دەگەریتەوە بـۆ ئـەوەی *DEP* پـەیوەندی توندیـان بـە *PKK* وە هەیە.

بە پیی کتیبی (شەهیدان، ناپاکان، وەلاتپاریزان _ *Martyres, Traitors and Patriots*) کـە لــە نووســینی (میکـایل ئیگنــاتیف)یــە، *DEP* بریـاری دابـوو واز لـە هەلبژاردنــە خۆجییەکان بینی، کـە نیـاز وابـوو لـە ٢٧ی مـارس/ ئـاداری سـالی ١٩٩٦ بکریـت، چونکـە کاندید[٢١] و لایەنگرەکانی لە کاتی هەلمەتی هەلبژاردن لـە لایـەن سوپاوە زۆر نارەحـەت کرابوون.

هـەر لــە زووەوە وا دانرابــوو ١٨ کــەس لــە ئەندامــە کوردەکــانی نــاو پەرلــەمان دەکری ببنە پەیوەندیەك لە نیوان حکومەت و *PKK*. یەکیك لە ئەندامەکانی کۆمەلی

---

[٢١] پالیوراو، مرشح

*DEP* لە نیو پەرلەماندا هەر زوو لە سالی ١٩٩٣ کوژرا، ٥٤ کەس لە کارمەندانی تری پارتەکە کوژران. زیتر لە ٧٠ کەس لە ئەندامانی *DEP* و پاشتریش *HADEP* (شوینگرەوەی) بە پیی کتیبی ناوبراو هاتنە کوشتن، دەوروبەری ٣٢٠ کاندیدی هەلبژاردنە خۆجییەکان تووشی گیران بوون. ٢٠ بارەگا و نووسینگەی *DEP* تەقیندرایەوە.

ئازاد مەولود

# شەر لە خوارووی رۆژهەلاتی توركیا

جیگای سەرسورمان نیە كە ئەم رووداوانە هاندەرن بۆ ئـەوەی چالاكیـەكانی *PKK*، تەنانـەت چالاكی تیرۆریستیش، پەرەبستینن. لەگـەل ئـەوەی لـە لایـەنی پرینسـیپەوە قبولیش ناكرین. بەلام مرۆڤ كاتێ سەفەریك بۆ ناوچەكە دەكات و لەگـەل نوینـەرانی چـەندین پـارتی جیاجیـا دیتـە دوان، لەوانـە بەشـیك لـە كۆنـە پارتـە ترادیسـیۆنیە توركیەكان، بەشیكی دیش لە پارتە تازە كوردیەكان، كە مەودای كاریگەریـەتی و خـەلك وەدووكەوتنیان سنووردارن، ئیتر مـرۆڤ تیدەگا و دەزانـی كـە بـەبی *PKK* نـاكری هیـچ ریككەوتنیك ئەنجام بدریت، تاوەكو توركیا و هـەریمی كوردسـتان و هـەردوو نەتەوەكـە بە هیمنی بەرەو ئاشتی ببات. چەكدارانی *PKK* هیرش بـەدوای هیرشـیان دەبـردە سـەر سەربازەكان و كەرستە و تفاقیان، نەیان دەهیشت خویندنگاكان بە ئاسایی بەریوە بچن، چونكە ریزی زمانی كوردی نەدەگیرا. ژیانی مامۆستایان بیژمار تیكچوو. ئەمـە وایكـرد دیسان راوە پیشمەرگە و راگویزانـی خـەلك و رەشـكردنەوەی گوندەكـان دەسـپیبكاتەوە. هەندی كەس دەلین ۲۰۰۰ گوند تەقاندراوەتـەوە. بـە پیـی هـەندی سـەرچاوەی تـر ۳۰۰۰ ژمارەیەكی راسترە.

(مەمەد ئومید نەجەف) كە لەوەپیش شتمان لەزاری گیرایەوە، لـە ووتارەكـەی لـە (دەرەوە) نووسیویەتی كەوا بەلگەی هەیە بۆ ئەوەی كە شەری چەكداری *PKK*، شەریكی ناشـەرعیە. دیـارە هـەر ئـەو بـە تەنـها نیـە ئـەم بۆچوونـەی هەیـە، بـەلكو زۆر كـورد و

تورکی دیش و ملیۆنەهای تریش بە تایبەتی لە ولاتانی رۆژاوا هەنە، هەمان بۆچوونیان هەیە.

بەلام ناشکری دوو قسەی باشی بی پیچوپەنا لەمەر ئەو شیوازە نەگوتری کە *PKK* بەکاری دینی. چونکە دەبی مرۆڤ ئەوە لەبیر نەکا، کە چەندەها نەتەوەی دی هەیە، کە تا رادەیەك هەمان نموونە شیوازیان بەکارهیناوە لە خەباتی خۆیان لەپیناو ئازادیدا. هەر لە نزیکەوە دەتوانین نموونەی میللەتی خوارووی ئەفریقیا و ئەنگۆلیەکان و فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان بینینەوە. ئیمە کە باسی بەکارهینانی شیوازی تیرۆریستی ئەو نەتەوانە دەکەین، لە میانی جەنگی رزگاری خۆیان، بیگومان بۆ ئەوە نیە بەهانە بۆ *PKK* بینینەوە، بەلام شتیکی بەجییە ئەگەر وینەکە لە هەموو لایەنەکانەوە ببینری.

ئایا *PKK* دەتوانی بە ریگای تر بگاتە هەمان ئەنجام، بۆ نموونە بە ریگای گفتوگۆ؟ بە هەر حال ناکری بوونی ئەم توانایە رەت بکریتەوە، *PKK* خۆیشی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لیدوان لەسەر باسی ئەم شیوازە بکات.

(مەمەد ئومید نەجەف) نووسیویەتی، شەری نیوان *PKK* و دەولەتی تورك زیانی لە لایەك بەو خەباتە گەیاندووە کە کوردەکان لە پیناو مافە دیموکراتیەکانیان دەیکەن، لە لایەکی تریشەوە زیانی بەو خەباتە گەیاندووە کە گەلی تورك دەیکا لە پیناو دیموکراتیەتیکی فراوانتر. شەری *PKK* کۆمەلگای تورکی کردۆتە کۆمەلگایەکی عەسکەری، هیزە دژە دیموکراتیەکانی بەتین کردووە و دوژمنکاری لە نیوان هەردوو نەتەوە پەیدا کردووە. ئەگەر مرۆڤ ئەم هەلویستەی بە دلیش نەبی، پیویستە هەول بدا تیی بگات. ئەمە بناغەیەکە زۆربەی ریکخراوە نیودەولەتیەکان کاری لەسەر دەکەن، بۆ گەیشتن بە خاوکردنەوەی بارودۆخە توند و تیژەکان و لە پیناو بەرپاکردنی ئاشتی لە جیهاندا لە ریگای ووتوویژ _ ووتوویژی قورس و بەردەوام-

بەلام دەبی دانیش بەوە بنری، مرۆڤ زۆر بە دەگمەن گەیشتۆتە ئەم قۆناغە بەر لەوەی شەرە خویناویەکان کۆتاییان هاتبی. تا ئیستاش هەندی لە هەریمەکانی تورکیا لەژیر باری نائاساییدان، بارودۆخەکەیان تیدا بەجۆریکە، کە ووتوویژ ریگایەك نیە بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

لە تورکیا دوو ریکخراوی تورکی هەیە، لە ژیر هەلومەرجیکی یەکجار سەخت لە پیناو مافەکانی مرۆڤ کاردەکەن، و هەردوو ریکخراوەکەش تەواو بە شیوەیەکی رەسمی کاری خۆیان دەکەن. هەندیك لە کوردەکان و تورکە گومراکان دەلین ئەم دوو نووسینگە ئیسك سوکەی مافەکانی مرۆڤ، ریگایان پیدراوە بوونیان هەبی و لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن، چونکە ئەمانە جۆرە پەریز پاگژیەك لەبەردەم جیهانی دەرەوە پیشان دەدەن، گوایە تورکیا مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بەهەند هەلدەگری و گرنگی پیدەدا. تورکەکان خۆیان وەکو دەولەتیکی سەربەخۆ، ئەو ئاگانامانەی مافەکانی مرۆڤیان مۆر کردووە، کە لەلایەن *UN* و ئەنجومەنی ئەوروپاوە دەرکراون.

یەکیك لەم دوو ریکخراوە ناوی *IHD* یە، کە بەردەوام لیستە و خشتەکان دادەریژی لەمەر ئەو فەزاعەتانەی لە بواری پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا روودەدەن. سەرەرای ئەمەش ریکخراوە نیودەولەتیەکانی وەك بۆ نموونە ئەمنستی راپۆرت سەبارەت بە باری ناو تورکیا دەردەکەن. لە سالی ١٩٩٤ ئەمنستی راپۆرتی لەمەر پەنجا حالەتی (شوینبزر کردن) داوە، لە سالی ١٩٩٥ ژمارەکە بەلای کەم ٣٥ حالەت دەگریتەوە. ئەمنستی ئەوەش لەبیر ناکات کە باسی ئەو دەسدریژیانە بکات کە گوایە بەرای خۆیان دەتوانن بیسەلمینن لەلایەن *PKK* وە کراون. لە نیوان سالانی ١٩٩٣ – ١٩٩٥ نزیکەی ٤٠٠ کەس لە گیراو و مەدەنی بەدەستی *PKK* کوژراون، زۆربەیان لەبەر ئەوە بووە بوونەتە جاشی حکومەت، کە ناویان ليناون (پاسەوانی گوندەکان). زۆر کەس لەوانە ناچاری ئەو جاشاتیە کراون.

بە پیی راپۆرتەکانی ئەمنستی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە لایەن *PKK* وە بە شیوەی ئەلـەکی[٢٢] لـە مـانگی ئـاب/ ئۆگوسـتی سـالی ١٩٩٤ وە لـە سـیدارە دراون، ژمارەیـان کەمبۆتـەوە. بـەلام لەگـەل هـەندیش لـە سـالی ١٩٩٥ پـەنجا کـەس لـە لایـەن *PKK* وە لـە سیدارە دراون، لە نیوەی یەکەمی سالی ١٩٩٦یش ١٦ کەسی تر لە سیدارە دراون. هەروەها ئەمنستی رونیکردۆتـەوە، بـە رای زۆربـەی تورکـەکان، دەولـەت لـە ژیـر فـەرمانرەوایی سـوپادایە، یـاخود ئـەوەتا سـوپا و سیاسـەتمەدارەکان بـە هاوبەشـی بـەریوەی دەبـەن. زۆربەیەکی ئەوتۆ لـە دانیشـتوانی تورکیـا، کـە نکولـی لینـاکری، بـاوەر و متمانـەیان بـە سوپایە. دوور نیە هەر بۆیەشە تورکەکان، بە پیی رۆژنامەی (گاردیان) ی بـەریتانی لـە ژمارەیەکی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری سالی ١٩٩٦، لەگەل ئەو نەخشەو پلانەدا بـن کـە بـۆ فراوانکردنـی سـوپا دانـراوە، لـە مـاوەی ئـەو ٣٠ سـالەی داهـاتوو ١٠٠٠ ملیـار کرۆنـی دانمارکی [٢٣] لە سامانی کۆمەلگای تورکیا، تیدەچی. ئەمە مانای ئەوەیە مەسـرەفی سـوپا لەسەر دەولەت دەبیتە دووقات هیندەی ئەوەی ئەمرۆ.

پرۆژەکە بـەم شـیوەیە داریـژراوە کـە هـیزی ئاسمـانی و دەریـایی و هیزەکـانی سـەرخاك لـە سـالی ٢٠٣٠ بـە تـەواوی دەکرینـە هـیزی مۆدیـرن. گومـان لـەوەدا نیـە کـە بازرگانەکانی چەك، ئینجا چ دەولەت بن و چ کەرتی تایبەت، لەبەردەم مـامرەتیکی ئـاوا مەزندا ناولەپی خۆیان دەخورینن. هەروەها مرۆڤ دەتوانی ئەوە ببینی، ئەگەر دۆزەکە بە تەواوی بۆ نموونە بەلای ئیسلامیەکاندا وەرنەگەری، ئەوا بەشـیکی هـەرە زۆری ئـەو پارەیـە لـە لایـەن بـاجدەرە ئەمەریکیەکانـەوە دەدری، کـە بەلایانـەوە شـوینی سـتراتیژی تورکیا، بۆ بەرژەوەندیەکانی ولاتانی رۆژاوا یەکجار گرنگە.

---

[٢٢] عەشوایی

[٢٣] کە دەکاتە نزیکەی ١٢٥ ملیار دۆلار.

# مەترسی ئیسلامی

که ئەم چەشنە پلانانە ئامادە دەکرین و لەوانەیە جیبەجیش بکرین، ئەوا بەر لە هەموو شتیك دەگەریتەوە بۆ بوونی (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)، کە لە سەرکردە بالاکانی سوپا و سەرەك کۆمار (سلیمان دیمیریل)[24] و ژمارەیەکی کەم لە وەزیرەکان، لەوانە سەرەك وەزیران و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری پیکدیت. لە راستیدا هەر ئەم لیژنەیەیە هەموو بریاریکی بەدەستە و لە گشت مەسەلە پر گیرمە و کیشەکاندا خاوەنی قسەیە. هەر لیرەشەوە بریاری رادەی تیکەلبوونی سوپا دەدری، لەو کاتانەی بۆ نموونە بیروباوەری ئیسلامەتی بە هەرەشە دەزانری لەرووی ئەو شیوەیەی دەولەتدا، کە (کەمال ئەتاتورك) بروای پی هەبوو.

لە رۆژی ١٠ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری سالی ١٩٩٦سوپای تورك، بە پیی ئاژانسی رۆیتەر، رایگەیاند نزیکەی ٧٠ ئەفسەر و جیگری ئەفسەر لەبەر چەند هۆیەکی دیسپلینی کاربەدەر کراون، لەم حالەتەدا مانای ئەوەیە ئەمانە پەیوەندیان لەگەل ئەلقەی ئیسلامیەکاندا پەیدا کردووە. بۆ نموونە لەو راگەیاندنە رەسمیەی سوپادا هاتووە:

" لە دوای لیپرسینەوەی تایبەت بە نەبوونی دیسپلین و باری مۆرالی _ مەعنەوی _ لای ٣٣ ئەفسەر و ٣٨ جیگری ئەفسەر، بریار درا کەوا خزمەتەکەیان لە ریزی هیزە چەکدارەکانی تورکیا کۆتایی پی بهیندریت." ئەمە مەسەلەیەك بوو ریگای پیدرا

---

[24] ئیستا لە سەرۆکایەتی نەماوە.

بکەویتە سەر لاپەرەی رۆژنامەکان. لیرەدا ئەوەی دانەپۆشرا ئەوە بوو، ئەمانە هەموویان گومانیان لیدەکرا مەیلی ئیسلامییان هەبی. کەچی مەترسی (بە ئیسلامکردن) یاخود ئەوەی پیی دەلین گۆرانکاری فۆندەمەنتالیستی لە ریزی هیزە چەکدارەکانەوە، بە بروای من زۆر کەمە، چونکە بەشیك لە پاشخانی دەولەتەکە لەوەدایە کە سنووریك بۆ رۆلی ئیسلام هەبی.

ئەگەر بیتو ئیسلام گەشە بکات _ ئەمەریکیەکان و هەندی لە کۆمەلە سیاسیە ئەوروپیەکان زۆری پی نارەحەتن _ ئەوا بۆی هەیە دەوری سوپاش بە هەمان خیرایی و قەوارە کورژبیتەوە. لە لایەکی تریشەوە زیاد بوونی دەستڕۆیشتنی ئیسلامیەکان بۆ ماوەیەك، دەرفەتی سەربەخۆیی کوردەکان بەهیز دەکات، ئەمەش وەکو لەمەوپیش خستمانە روو، سوپا بە ئاشکرا لە دژیەتی.

# توركیا و ئەوروپا

تـوره و تونـدی لـه بەرامبـەر پێشـێلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ لـه تورکیـا بـه بـەردەوامی لـه لایـەن وولاتـانی رۆژاواوه دیتـه دەربریـن. دیـاره دیتـەوه بیرمـان پەرلەمانی ئەوروپی دوو بریاری توندوتیژی دەرکرد سەبارەت بـه ئەندامیـەتی تورکیـا لـه یـەکییتی گومـرگ و بـەپێرەوه نـەهاتنی ئـەو داخوازیانـەی بـۆ چاککردنی وەزعەکـه کرانـه پاشـکۆی بریـاری وەرگرتنـی تورکیـا. سـەرۆکی گروپـی سوسیالیسـتەکان، و سوسیالدیموکراتەکان (پاولینا گرین) که خـەلکی بەریتانیایـه، زۆر بـه تونـدی نـارەزایی خـۆی دەربـری. ئـەم نارەزاییـه ووتوویژەکـانی تورکیـای سـەبارەت بـه گـیروگرفتی قوبرسیش دەگرتـەوه. (پاولینـا گریـن) چاوپێکـەوتنیکی دریـژ و کـراوەی لەگـەل یـەکی لـه رۆژنامـه گرنگـەکانی تورکیـا *Turkish Daily News* کـرد، هـەندیك لـەو شـتانەی لەویدا گوتی:

" ئایا من دەبینم پارته سیاسیەکانی تورکیا بی پیچ و پەنا نیـازی خۆیـان ئاشکرا بکەن، تاوەکو هەلویستی سیاسی خۆیـان بگۆرن لەمـەر بـۆ نموونـه، مافـەکانی مـرۆڤ و دیموکراتی یاخود لەمەر مەسەلەی گۆرینی دەستوور؟.. نەخیر.

ئەگـەر ئەمـەم ببینیبایـه، لەوانـەبوو بهاتبامایـه سـەر ئـەو بـاوەرەی کـه ئـەوان بەلینـەکانیان بـه مەبەسـتی راسـت داوه، ئـەگینا خۆیـان دەخەنـه هەلویسـتیکی پـر مەترسی. بەلام من هیچم نەدی. هەر تەنها گویم له بەلینی تازه دەبی."

ڕێکخراوێکی ئەمەریکی _ بەریتانی هەیە بە ناوی *Peace in Kurdistan*، کە چوار کەسی بەناوبانگ سەرکردایەتی دەکەن: لۆرد ئاڤەری و ئەدیبان و نووسەران هارۆلد پینتەر و نوان چۆمسکی و ئارسەر میلەر.

شەش کەس لە ئەندامە ئافرەتەکانی ئەم ڕێکخراوە، وەکو نوێنەر لە ڕۆژی ٦ ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٦ سەردانێکی ئەنقەرەیان کرد تاوەکو دەسپێشخەری (ڕۆژێك بۆ لەیلا زانا) بخەنە بەردەم هەندی لە وەزیرەکانی حکومەتی تورکیا.

(لەیلا زانا) لە بری تێکۆشانی نەسرەوتووی، ژمارەیەکی زۆر پلە و پایەی شکۆمەندی و ڕێزلێنانی وەرگرتوە، تەنانەت لەو ماوەیەش کە لە نێو چوار دیواری بەندیخانە دایە لە پێناو ئازادی و سەربەستی کورددا. لەوانەش (خەلاتی ئاشتی زاخانۆڤ) و (خەلاتی گوڵەباخی زیوین) لە لایەن (دیداری نیونەتەوەیی بزووتنەوەی کرێکاران) لە دانمارك.

داواکاریەکەی ئەو گروپە ئافرەتەی باسمان کرد بۆ حکومەتی تورکیا، لە لایەن ٢٠٠٠ ئافرەتەوە ئیمزا کرابوو.

ناوونیشانی بەیاننامەکە (ڕۆژێك بۆ لەیلا زانا) بوو، تیایدا هاتبوو، کەوا (لەیلا زانا) بۆتە نیشانەیەك بۆ خەبات کردن لە پێناوی ماڤی کوردەکان و ناسنامەی کەلتوریان، بۆیە سەرجەمی ئەو ٢٠٠٠ ئافرەتە ئامادەن ڕۆژێك لە شوێنی (لەیلا زانا) بچنە بەندیخانە، تاوەکو دەرفەتی ئەوەی پێبدەن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، بێتە دەرەوە و هەوای ئازادی هەڵمژێ. بەلام جێگای سەرسوڕمانی خوێنەرانی ئەم کتێبە نیە، کەوا دەسپێشخەریەکە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك. تورکیا ئامادە نەبوو (لەیلا زانا) بەربدا، کە ١٥ ساڵ فەرمانی زیندانی بەسەردا براوەتەوە، بەلکو دوو ئەندامی تری پەرلەمانی بەردا کە ئەوانیش (ئەحمەد تورك) و (سەدات یۆرتاش) ی ئەندامانی *DEP* بوون، کە لە کاتی خۆیدا لەگەل لەیلا حوکم درابوون.

بەلام حوکمەکەی ئەوان سووکتر بوو. دیارە ئەمە لە ئەنجامی زەختی ئەمەریکا بووە، لەو کاتەی جیگری وەزیری دەرەوەیان بۆ کاروباری مرۆڤایەتی دوو جاران سەری لە تورکیا دا. هەروەها بەندی ژمارە ٨ لەمەر جودایخوازیەوە لە یاسای دژی تیرۆر کە لەوەپیش باسمان کرد، تۆزیك نەرم کرا، یەکسەر لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەسخۆش و ئافەرینی لیکرا.

(نیکولاس بیرنز) ی قسەکەر، پیرۆزبایی لە پەرلەمان و گەلی تورکیا کرد، و ئەمەی ناونا _ هەنگاویکی پۆزەتیف بەرەو دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ _. لە راستیشدا هەروا بوو، بەلام هەنگاوەکە کورت بوو.

سەبارەت بە بەردانی هەردوو پەرلەمانتاری *DEP*، (بیرنز) گوتی، ئیستا مرۆڤ بە پەرۆشەوە چاوەروانی چارەسەری ئەو مەسەلانە دەکا، کە بۆ تیهەلچوونەوە[٢٥] خراونەتە بەردەم دادگاکانی تورکیا و دادگای ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ.

(بیرنز) ئەوەی وەبیر هانیەوە کەوا تورکیا هەر لە پیشوەخت بەلینی داوە ریزی بریارەکانی ئەم دادگایانە بگریت.

لەم بوارەدا هیچ باسی (لەیلا زانا) نەکرا. بیگومان ئەگەر بهاتبا تورکیا حوکمەکەی ئەوی سوك بکردبایە، دەسکەوتی سیاسی زۆری لە دەرەوە وەدەس دەهینا. لە توانادا بوو ئاماژە بۆ نمونە بۆ نالەباری تەندروستی بکریت، یاخود بە سەرنجدانیکی سوك و ساناهی ئەو بنەمایانەی حوکمەکەیان لەسەر وەستاوە. بەلام ئەمەیان لەبەر دوو هۆ نەکرد، یەکەمیان ئەوەبوو کە خۆیان توند بەوە بەستەوە (هەرچەندە راستیش نیە) گوایە هەر بریاریك پەیوەندی بە ماوەی زیندانیەکەوە هەبی، پیویستە لە لایەن دادگاکانەوە بە هاریکاری لەگەل داواکاری گشتی وەربگیری. ئەمان لەکاتیکا خۆیان بەمە بەستەوە، هەر کەسیك کەمیك ئاگادار و شارەزای تورکیا بیت دەزانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەیتوانی فەرمانی بەردانی بدابایە، هەر نا ماوەیەك بۆ

---

[٢٥] ئیستیئناف، تەمییز

تاقیکردنەوە.[٢٦] هۆی دووەمی ئەوەی کە دەرگاکانی زیندانەکەی (لەیلا زانا) هەر بە داخراوی مانەوە ئەوەبوو، لە لایەنی سیاسییەوە، سووککردنی حوکمەکەی لە نیو دانیشتوانی تورکیاوە زۆر پەسەند نەبوو.

جگە لە هەندیش حکومەتی ئەمەریکا لە کاتی سەرنج و بیروڕا گۆڕینەوەدا، لە لایەن ئەو شاندەی بۆ مەسەلەی *DEP* هاتبوو، ئەوەی پیشاندا کە ئارەزوو دەکات تورکیا لە یەکییتی گومرگ بمینیتەوە، رۆژیك بیت ببیتە ئەندامی *EU*.

ئایا ئەمە لە بنەرەتدا مەسەلەیەکی ئەمەریکی بوو؟ بەلی، مرۆڤ پیویستە دانی پیدا بنی.

مرۆڤ بە رادەیەك لە دلنیاییەوە دەتوانی بیسەلمینی، کەوا ناهیلن تورکیا وەکو ئەندامیکی تەواو بیتە ناو ئەو کۆڕە گەرمەی ئەوروپا کە پیی دەوتری (یەکییتی ئەوروپا) تا بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بە رادەیەکی زۆر چاکتر نەکری.

بیگومان حکومەتی وا هەن لەناو *EU* دا، ئامادەن یەکسەر دەرگاکان ئاوەلا کەن، بەلام بەرهەلستی لە ناو پەرلەمانەکان، لەوانەش پەرلەمانی ئەوروپی خۆی، زۆر بەهیزە، تورکیاش لە بواری تر ئەوەندە بە کیشە و ژانەسەرە، کە هەر باسلیکردنی وەرگرتنەکەی چەندەها سال دەکیشی. جگە لەوەش یۆنان هەرچی لەدەستی بیت دەیکا تاوەکو تورکیا وەرنەگیری، چونکە یۆنانیش وەکو هەموو وولاتانی دی، لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەندامان، مافی ڤیتۆی هەیە. لە هەمان کاتدا لەو لیدوان و گفتوگۆیەی لە ئارادایە سەبارەت بە فراونکردن و زیادکردنی ئەندامانی *EU*، تیبینی ئەوە دەکری کە بە هیچ شیوەیەك ناوی تورکیا نایەت.

دیارە ئەمەریکا بەرژەوەندی لە جۆرە گۆڕانکارییەکە، هەلومەرجیکی باشتر بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیریەکی سیاسی زیتر بۆ تورکیا لەگەل خۆی بینی. هۆیە

---

[٢٦] لە ئەوروپا زیندانیەکان ماوەیەك بۆ تاقیکردنەوە بەردەدرین، بۆ ئەوەی سەیری رەفتاریان بکریت، بە بەراورد لەگەل ئەو تاوانەی لەسەریان گیراون.

ستراتیژی و بەرژەوەندی ئامیرەکان هەر لە زووەوە راڤە کراون. بەلام ئەمەریکاش پیویستی بە تورکیای دۆستی هەیە، بۆ مەسەلەی کۆنترۆلکردنی گۆرانکاریەکانی باکووری عیراق، کە دیارە تا ئیستاش ئەرکیکی ئاسان نیە. لیرە، لە بنکە تورکیەکانەوە، فرۆکە کۆنترۆلکەرەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئەوا بۆ ماوەی شەش سال دەچی[٢٧]، کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، بیگومان جیگای سەرسورمانە لە دوادوایی سالی ١٩٩٦ فەرەنسیەکان رایانگەیاند خۆیان لەو هاریکاریە دەکیشنەوە. ئەمەریکیەکان و بەریتانیەکان زۆر دلیان لەمە شکا. لە لایەنی پرینسیپەوە، پاشخانی ئەم کۆنترۆلکردنە چاوەدیری کردنی سەربازەکانی عیراق و نیازەکانی (صدام حسین) بوو لە ناوچەکەدا. لەم بوارەش ئەمەریکیەکان رۆلی سەرەکییان گیرا. بەلام لەوساوەی (جاك شیراك) سەرۆکایەتی گرتۆتە دەست، فەرەنسیەکان چیتر ئەمەیان پیخۆش نیە. بەکورتی فەرەنسا حەز دەکا دەستیکی زۆرتری لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبی، ئەو ئارەزووەشی بە هیچ جۆریك کەمتر نەبۆتەوە، لە دوای ئەوەی (صدام حسین) جاریکی تر ریگای پیدرا دەست بە نەوت فرۆشتن بکاتەوە، ئەگەرچی بە قەوارەیەکی سنوورداریش بیت. گومان لەوەدا نیە فەرەنسیەکان بەزۆر خۆیان دەکەنە خاوەن رۆلیکی مەزنتر، ئەویش لەبەر مەسەلەی پیترۆلە. خۆکیشانەوەیان لە لایەنی عەسکەریەوە ئەوەندە گرنگ نەبوو، چونکە دیارە ئەمەریکیەکان ئامادەن ئەو کەلینە پرکەنەوە کە فەرەنسیەکان لەدوای خۆیان بەجیی دیلن. بەلام نکولی لەوە ناکری کە کۆنترۆلکردنەکە لە سەرەنجامدا بە جۆریك لاواز دەبی، کە دەرفەتی هیزەکانی (صدام) زیاد دەکا تاوەکو بتوانن خۆیان بخزیننە ناوەوە، قوربانیەکانیش هەمدیس کوردەکان دەبن. بە هەمان شیوە کوردەکان دەبنە قوربانی سیاسەتەکەی (ئەربەکان) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا، کە لە هەلویستە ئایینیەکەی پارتی رەفاهەوە سەرچاوە دەگری و دەیەوی پەیوەندیەکانی لەگەل وولاتە

[٢٧] لەکاتی نووسینی ئەم کتیبەدا.

عەرەبــەکان بــاش بکــات. ئەمــە لــە بــەرژەوەندی واشــنتۆندا نیــە. ئــەوان حــەز بــە (بەئەوروپا کردنی) تورکیا دەکەن.

گەلیك لە ئەمەریکیەکان وای بۆ دەچن کە روو خۆشـی و لوتـف نوانـدن بەرامبـەر تورکیا (سەرەرای پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤیش) بە ئاسانتر دەبیتە هۆی وەدیهینانی

(بەئەوروپاکردن) یکی ئاوا، کە سەقامگیریش لەگەل خۆی دینی، لەوەی هەرەشـەی وەدوور گرتنیـان لیبکریـت، لەبـەر پەســەند نــەکردنی مــاف و خواســت و ویســتە سروشتیەکانی کوردەکان. بەلام وەکو دەزانین، گرتنی دوو ئەسپ بەجاریك زەحمەتـە[28]. مـرۆڤ دەتوانـی ئــەم هەلویســتەی ئەمــەریکا نــاو بــنی دوو _ پیوانــەیی، یــاخود (دوو _ روویی).

(ئەربەکان) لەم ماوەیەدا هەر راست و دروست ئەمەریکای بە دوو رویی گوناهبار کرد _ بەهەر حال بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ.

(ئەربـەکان) پیـی وابـوو ناهەقیـە ئەمـەریکا تـا ئیستا ئیران و عـیراق و لیبیـای دابریوە و جودای کردوونەتەوە. دەسنیشانی ئەوەی کرد کەوا ئیسـرائیل چـەندین جـار بە بریاری *UN* مەحکوم کراوە، بەلام کەسیك هەولی نەداوە بەزۆر بریارەکانی بەسـەردا بسـەپینی. کـەچی کـە عـیراق یـەك بریـاری بـەزاند، بـە سـەدان تـۆن بۆمبــای بەسـەردا هەلدرایە خوارەوە، ئەمەش بـەرای (ئەربـەکان) مامەلەیـەکی دوو _ پیوانەییـە. هـەمان شیوە رەفتار، بەرای (ئەربەکان) لە بۆسنیا و کەشمیر و چیچانستان کرا.

بیگومان ئەم جۆرە قسانە حکومەتیان لـە واشـنتۆن پەسـت کـرد، بـەلام دیسانەوە لەبەر هۆی سـتراتیژی و بـەرژەوەند ئـامیر زۆر کـەم بەرپـەرچیان دایـەوە، ئەمـەش بـە شـیوەیەك لـە شـیوەکان گوناهبارکردنەکـەی (ئەربــەکان) ی پتــەوتر کــرد، کــە دەلــی ئەمەریکا دوو _ پیوانەییە.

---

[28] پەندیکی دانمارکیە و ماناکەی لەخۆیەوە ئاشکرایە.

نەخشـە و پلانـەكانی (ئەربـەكان) بـۆ سـەردانی لیبیـا و ئـیران بوونـە هـۆی نارەحەتیـەك، بـەلام نەبوونـە هـۆی ئـەوەی ئەمـەریكا گوشار بخاتـە سـەر توركیـا. بـە پیچەوانەوە، بریار درا كەوا یـەكیك لـە نزیكـترین راویژكـارە تایبەتیـەكانی (ئەربـەكان) بانگی ئەمەریكا بكریت بۆ ووتوویژ لەمەر باری ئابووری. (ئەربەكان) لە بەرامبەر ئـەم بانگكردنە، ئەوپەری خۆشحالی خـۆی دەربـری، لـەوەش زیـتر گوتـی ئـەم سـەردانە بـۆی هەیە كۆمەلی تیك نەگەیشتن ساغ كاتەوە و نەهیلی.

# كلكلەی٢٩ ووتەرگیتی توركیا

ژمارەیـەكی زۆر خـراپ لەیەكگەیشـتن هــەبوو، هــەرچۆنیك بوایــە دەبوایــە روون بكرینەوە.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ كارەسـاتیكی ئوتومبیـل لە نزیك شاری (سورسورلوك) روویدا. لۆریەكی گـەورە و ئوتومبیلیكـی ئاسـایی تایبـەت لیكدەدەن، ئەم كەسانەی خوارەوە لەناو ئوتومبیلە ئاساییەكەدا دەبن:

* ئەندامیكی پەرلەمانی سەر بە (پارتی ریگای راست) بە ناوی (سەدات بوجاك) .

★بەریوەبەری پۆلیس (حوسین كوجاداغ) خەلكی شاری ئەستەنبول دەبی.

*سەرۆكی مافیا (عەبدللا جاتلی).

هەروەها قسەی ئـەوتۆش هـەبوو، دەلیـن گوایـە ئافرەتیكیشـیان لەگـەلدا بـووە كـە جاران شاژنی جوانی بووە.

لەوانە تەنها (سەدات بوجاك) رزگاری بوو، ئەوانی تر مردن. ئەوەی لیرەدا جیگای سـەرنجە، بوونـی (عـەبدوللا جـاتلی) بـوو لـەناو ئوتومبیلەكـەدا، چونكـە ئەنتــەرپۆل و پولیسـی توركی لـەدوای ئــەم كابرایــە دەگــەران، لەبــەر ئــەوەی خــەلكانی چــەپرەوی كوشتووە و دەستی لە هەولی كوشتنی (پاپا) لە رۆما هەبووە. لەسەرەتادا زۆر زەحمـەت بــوو دەســەلاتداران بتوانـــن ئــەوە روون بكەنــەوە، چــۆن ئــەندامیكی پەرلــەمان و بەریوەبەریكی پۆلیس و سـەرەك مافیایـەك لـەناو یـەك ئـەتومبیلدا بـوون. لـەو كاتـەدا

[٢٩] فەزیحەت

بەدەرکەوت کەوا (جاتلی) هەر لە کاتی کۆدیتاکەی سالی ١٩٨٠ وە لە دەزگای موخابەراتی تورکی دامەزراوە.

کە مەسەلەکە لە رۆژی ٢٧ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر کەوتە بەر لێکۆڵینەوەی پەرلەمان، نوێنەرێکی دەزگای موخابەراتی تورکی بە ناوی (مەمەد ئەیمور) دانی پیانا کەوا ئەو (جاتلی) یەی ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەنی رەسمیەوە پۆلیس بەدوایدا دەگەری و خۆی نەداوەتە دەست، لە لایەن دەولەتەوە بەکار هێنراوە بۆ جیبەجیکردن و ئەنجامدانی چەندین ئەرك و فەرمان لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیا.

(جاتلی) لە کاتی خۆیدا سەرەکی ریکخراویکی نهینی راسترەوەی تیرۆریستی بوو بە ناوی (گورگە بۆرەکان)، هەر لە ریگای ئەم ریکخراوەش بوو چەك و پاسپۆرتی ساختەی لە دەسەلاتدارانەوە بۆ دەهات. هەر ئەو (جاتلی) یەش بوو یارمەتی (مەمەد عەلی ئاقجا) یدا کە لە سالی ١٩٨١ ویستی (پاپا یۆحەنناى دووەم) بکوژی.

نوینەری دەزگای موخابەرات (مەمەد ئەیمور) لەبەردەم لیژنەی لیکۆلینەوەدا گوتی، کەوا ئەمان (جاتلی) یان لە دەرەوە بەکارهیناوە، لەبەر ئەوەی (ناچار بووین)، بەلام هەرکە زانیمان بازرگانی نارکۆ _ مخدرات _ دەکات، ئیتر کارکردنمان لە گەلیدا راگرت.

جاری یەکەم مەسەلەکە بەوە کۆتایی پی هینرا، وەزیری ناوخۆ (مەمەد ئاغار) کە پیشتر بەریوەبەری پۆلیسی سەرانسەری تورکیا بوو، کاربەدەر کرا.

بەلام کاردانەوەی (نەجمەدین ئەربەکان) سەبارەت بەم مەسەلەیە چی بوو، ئەوە تا ئەمرۆش دیار نیە. ئەو دەیویست خۆی وەك پیاویکی رەوشت بەرز پیشان بدات، بەلام هەر چۆنی بیت، مرۆڤ دەتوانی ئەو وەك ناسیونالیستیکی نموونەیی بژمیریت.

ئەو ناسیونالیزمە[٣٠] بەهیزەی لە تورکیا هەیە، چەندین سالە شانی کەسانی وەکو (ئەجەوید) و ( تانسۆ چیلەر) ی گرتوە، کە چەندین سالی لە ئەمەریکا بەسەر بردووە،

[٣٠] نەتەوەپەرستی.

ئەو ناسونالیزمە دوور نیە یەکێك بێ لەو هۆیانەی ئەو بارودۆخەیان لە وولاتەکە خولقاندووە. لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت، تورکیا پێویستی بە رادەیەك لە ئینتەرناسیونالیزمی هەیە تاوەکو بتوانی ببێتە ئەندامێکی تەواو و رەوای یەکێتی ئەوروپا، کە دەمێکە مەبەستیەتی. بەرای (ئەرەبەکان) وولاتانی رۆژاوا پالیان بە تورکیاوە ناوە و دووریان خستۆتەوە، بەلام ئاماژە بۆ هۆی یاخود هۆیەکانی ئەم دوورخستنەوەیە ناکات. چونکە هۆیەکان زۆرن.

ئەلبەتە دەبێتە ڕیایی ئەگەر نکولی لەوە بکرێت، کە ئەندامانی ئێستای یەکێتی ئەوروپا تۆقیون لەترسی ئەو بیکاریە زۆرەی لە تورکیادا هەیە، چونکە هێزی کار هەرنەبی لە لایەنی تیۆریەوە دەتوانی بە ئازادی لە سنوورەکانی ناو ئەم یەکێتیەدا بپەرێتەوە.

هەندێك سەرچاوەی تورکی وا دەردەخەن، کەوا ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتی گومرگ چەندەها ملیار دۆلاری زەرەر پێ گەیاندووە، لەبەر ئەوەی ئەو داهاتەی لە باج وەرگرتن دیتە دەستی هەمووی لەکیس چووە.

پەرلەمانی ئەوروپی تا ئێستاشی لەگەلدا بێت قاسەی پارەکەی داخستووە، کە قەول بوو ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری لێ بدرێتە تورکیا، بە مەرجی تورکیا دەست بکاتە کاری پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و ریزیان لیبگرێت. بەلام تورکیا ئەوەی نەکرد. زۆر دوریش نیە تورکیا لەبەردەم دادگای (ستراسبۆرگ) لەسەر کۆمەلێك مەسەلە تاوانبار بکرێت.

(ئەربەکان) بە شێوە و روخسار لە باپیرەیەکی بەتەمەنی روخۆش دەچێ، کە دەیەوی باشترین شت بۆ مندالەکانی خۆی بکات. هەروەها لە هەلسوکەوتی لەگەل بیگانانیشدا پیاوێکی بە لوتفە. بەلام وەکو لیی باس دەکەن، دەلێن لە کۆبوونەوە داخراوەکانی ناو پارتەکەی خۆی زۆر توند و تیژ و رەقەکارە. گەورەترین گیروگرفت

لەبـەردەمی ئـەو چاککردنی ئـابووری تورکیایـە. ئەگـەر بەراسـتی بتوانـی ئەمـە بکـات، ئـەوا خـەلکیکی زیـتر دینیتـە سـەر کـار و دەتوانـی ئاسـتی گـوزەران بـەرز بکاتـەوە، گەشەکردن سەقامگیر بکات، وولاتەکە بگەیەنیتە ئاستیکی باشتر بە بەراورد لەگەل باقی ئەوروپا، کەوا چەند سالە بە ملیارەها پارەی لە تورکیـا خسـتۆتە کـار، بـە تایبـەت ئەلمانەکان.

چارەسـەری تورکیـا لـە خۆبـەدوورگرتن و خۆدابرینـدا نیـە، بـەلکو لـە هـەولیکی دلسۆزانەدایە بـۆ لابـردن و نەهیشتنی هـەندی لـەو هۆیانـەی وولاتەکـەیان بەراسـتی دابریـوە. خوایـە بمـان پـاریزی _ تورکیـا ئەندامـە لـە *NATO* و ئەنجومـەنی ئـەوروپا و *OSCE* و هاریکاری ئیسلامی و زۆرانـی تـر. بـەلام خۆیـان قـەدری ئەمـە نـازانن کـە وولاتیکی دلگیریان هەیە، جیگای یەکجار خۆشی تیایە و خەلکەکەی زۆر زۆر بـە لوتـف و روخۆشن و تا بلیی میوانراگرن. من بیست جارم تورکیا بینیـوە و خـۆم دەزانم باسـی چی دەکەم.

# مەسەلەی کورد

بیگومان زۆر گرنگە ئەگەر ئەو حکومەتەی ئیستا یان حکومەتی داهاتوی تورکیا زات بکات و تەکانیك بداتە خۆی، یاخود دەسپیشخەریەك بکات بۆ گفتوگۆ، یەکەم جار لە بارەی کوردەکان و پاشتریش لەگەل کوردەکان. ئەوەی راستی بی نکولی لەوە ناکری کە گفتوگۆ تا چ رادەیەك پیویستە، هەرچەندە هەندی کەس هەنە ئەو نکولیە دەکەن. (ئەربەکان) یش دەزانی لە سالی ١٩٩٦، بەپیی نووسینگەی رۆژنامەگەری نیودەولەتی ئەلمانی *DPA*، ٣٥٠٠ کەس لە تورکیا کوژراون. لەوانە ٢٧٨٢یان لەو کەسانەن ناویان ناون (تیرۆریستە جوداییخوازەکان) _ مەبەست کوردەکانە- کە بەشی سەرەکیان دەبی پیشمەرگەکانی *PKK* بووبن. ٥٣١ کەس لەوانە بوونە کە پییان دەلین پاسەوانی گوندەکان[٣١] کە بەدەستی *PKK* کوژراون، هیرشەکانی *PKK* بوونەتە هۆی مردنی ١٤٢ کەسی دی. لە راستیدا *DPA* ئەم ژمارانەی لە یەکی لە نووسینگە رۆژنامەگەریەکانی تورکیاوە وەرگرتووە، ئەگەر لە راستی نزیك نەبانایە ئەوا هەرگیز بلاوی نەدەکرنەوە.

ئایا ئەم ژمارانە راگەیاندنە بەردەوامەکانی حکومەت دەسەلمینن، کە دەلین خەریکە مەسەلەی کورد بە زەبری هیزی سەربازی چارەسەر دەکەن، لە ژیر هەر هەلومەرجیکدا بیت بەردەوام سوپا لە دژی کوردەکان دەخەنە کار تا ئەو رۆژەی تورکیا دەسەلاتی تەواوی دەبی؟

---

[٣١] مەبەست جاشەکانە.

لەوانەیە مەبەست و ئامانجەکە روون و ئاشکرا بێت، بەلام ئەوەی راستی بێت سوپای تورکی بە هەموو حیسابێك ناتوانی پێشمەرگەکانی *PKK* رابگری، چونکە ئەوان پشتیوانیەکی دیار و ئاشکرایان لە ناوچە کوردیەکان هەیە _ بە هەمان شێوەی پێشمەرگە ڤیتنامیەکان کە بە رادەیەکی بەرفراوان یارمەتیان لە خەلکە مەدەنیەکەی دانیشتوانی وولاتی خۆیان وەردەگرت- مرۆڤ دەبی ئەوەشی لەبیر نەچی کەوا کوردەکان بەشەری ناوچە شاخاویەکان راهاتوون.

ئەو هەلەی لە دەست (ئەربەکان)ە لەوانەیە لەوەدا بێت، پی لە راستیەکە بنێت و بە جۆرێك بەرەو کوردەکان بکرێتەوە، وەك ئەوەی خۆی لەکاتی هەلمەتی هەلبژاردنەکان جاری بۆ دەدا.

مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێودەولەتیە، نەك هەر لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری کوردەکان بە لایەنی کەمەوە لە پێنج هەریمی جیاواز، لە پێنج وولاتی جیاوازی سنوور بەسەر یەکەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەژین. بەلکو زۆر لە کوردەکان ناچار بوونە لەو وولاتانە رابکەن و لە چەندین شوێنی تری ئەم دونیایە سەر هەلبدەنەوە، لەپێش هەموو ئەو شوێنانەش لە ئەوروپا. لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی و مرۆڤایەتیەوە، ئیمەمانان تا رادەیەك ناچارین خۆمان بە چارەنووسی کوردەکانەوە خەریك بکەین.

ئەم هەلویستە لە دانمارك بووە هۆی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی دۆستایەتی دانمارکی _ کوردی و کۆمیتەیەکی دانمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤی کورد. ئەمانە هەریەکەو لەلای خۆیەوە هاریکاری لەگەل ئەم *NGO*[٣٢] ی خوارەوە کردووە:

١) دیداری نێودەولەتی بزووتنەوەی کرێکاران.

٢) رێکخراوی یارمەتیدانی پەنابەران لە دانمارك.

٣) مەلبەندی دانمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

---

[٣٢] Non Government Organisations، ئەو رێکخراوانەی سەر بە حکومەتەکان نین.

٤) کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە ئەنجامی کەم و زۆر هاریکاریەکی ریك و پیك شاندیك پیکهیندرا لە (ڤیللۆ سیگوەردسن _ وەك نوینەری کۆمەڵەی دۆستایەتی) و (کلاوس سلاڤنسکی _ وەك نوینەری مەلبەندی مافەکانی مرۆڤ) و(منیش) و (لاسە بودتز _ وەك نوینەری سۆسیالدیموکراتەکان).

ئەم شاندە کۆمەلیك سەردانی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست ئەنجامدا، تاوەکو لە کیشەی کوردەکان بکۆلیتەوە و بە ئەندازەیەکی دیاریکراویش پیشنیاری چارەسەر کردن بخاتە روو، بە تایبەت سەبارەت بە ووتوویژیکی تازە. کاری شاندەکە بە شیوەی سەرەکی لە دەوری تورکیا و عیراق چەقی دەبەست، بەلام وولاتانی تریشی دەگرتەوە و نوینەری ئەوانیش ئامادە دەبوون.

لە یەکیك لەو جارانەی لە تورکیا ماینەوە، بە تایبەتی لە ئەنجامی هەولی بالویزخانەی دانمارك، دەرفەتمان پیدرا لە بەندیخانە سەردانی (لەیلا زانا) بکەین.

چەندەها خەلکی دیپلۆماسی دانمارکی، بە شیوەیەکی تایبەت ئەوانەی ئەنقەرە، زۆر بە دەنگ شاندەکەوە هاتن و یارمەتیەکی زۆریان دا. لە هەمان ئەو سەردانەی کە دەرفەتی ئەوەمان وەرگرت بە دوور و دریژی لەگەل (لەیلا زانا) دا بدویین، سەرەك وەزیرانی پیشوو[٣٣] (ئەنکە یۆرنسن) و نووسەر و رووناکبیر (نیلز بارفۆید) یشمان لەگەل بوو..

لەسەردانیکی پیشووتر توانیمان بە ئازادی یان نیمچە ئازادیەك چاومان بە (لەیلا زانا) بکەوی، چونکە هیچ گومان لەوەدا نەبوو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەل نوینەرە سیاسیە رەسمیەکانی لی بترازی، ئەوانی تر هەمووی لە ژیر سۆراخ و تاقیبی پیاوەکانی موخابەرات بوون. ئەمەش تا رادەیەك بەلای ئیمەوە گرنگ نەبوو، چونکە ئیمە شتیکی ئەوتۆمان نەبوو بیشارینەوە، کە لە سەفەرەکەشمان گەراینەوە، زۆر بە

---

[٣٣]( ئەنکە یۆرنسن) بۆ ماوەیەکی زۆر لە سالانی حەفتاکان سەرەك وەزیرانی دانمارك بوو.

تیر و تەسەلی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان باسی ئەو ئەزموون و دیمانە سیاسیانەمان کرد، ووتارمان لەبارەی کیشەکان و لایەنە سەرەکیەکان نووسی. قسەمان لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران کرد، بە تایبەتی لەگەل سۆسیالدیموکراتەکان، بەلام ئەوەی راستی بی لەگەل زۆر لە پارتەکانی دیش و لەگەل هەندی لە وەزیرەکانیش قسەمان کرد. بە شیوەیەکی گشتی روویکی خۆشیان پیشان دەداین و گوییان لە پرسیارەکانمان رادەگرت، کە ئیمە بە مەبەستی روونکردنەوە دەمانپرسین، هەرچەندە هەموو جاری لە مەبەستی پرسیارەکانمان نەدەگەیشتن.

_ کوردەکان هیچ گیروگرفتیك نانوینن. من خۆم کوردم.... (حیکمەت چەتین) ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای سۆسیالدیموکراتەکان چەندین جار ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە.

من زیتر وای بۆ دەچم و پیم وایە ئەو روخۆشیە لەگەل گرنگی و جیددیەتی کیشەکە نەدەگونجا. بەلام دەشبی تورکەکان هەر خۆیان وابن، جگە لەمەش سی کەس لە ئیمە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە خراینە (لیستی رەش) دوە و ریگای سەفەرمان بۆ تورکیا لی قەدەغە کرا ( کە هیوادارم ئەمە کاتی بی )، لە دوای ئەوەش من چاوم بە هەندی سیاسەتمەداری تورك کەوتوە، لەو کەسانەی مرۆڤ دەتوانی بە هیمنی و بە ئەندازەیەکی چاك لە لوتف و روخۆشی گفتوگۆیان لەسەر مەسەلەی کوردا لەگەلدا بکات، بەلام هەر وەك جاران، بی ئەوەی هیچ رەزامەندیەك بنوینن. یەکی لەوانە وەزیری دەرەوەی پیشوو (مومتاز سۆیسال) بووو کە لە سەرەتادا وەك *SF* یك دەستی پیکرد، پاشتر بووە سۆسیالدیموکرات و ئیستاش سەر بە سوپەر نەتەوەپەرستەکەی (بلند ئەجەوید) ە، بەلام پارتەکە لە رووی کۆمەلایەتیەوە پارتیکی هوشیارە.

# (لەیلا زانا) وەك نیشانەیەك

ئیمە سەرەرای سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان، چاومان بە ژمارەیەکی زۆریش لە نوینەرانی ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نووسەران و سینەماکاران کەوت. بەلام دوور نیە ئەوەی لە هەمووان زیتر کاری لە ئیمە کرد (لەیلا زانا) بوو.

هەرچەندە پانزە سالی بەندیخانەی لەپیش بوو، کەچی باوەری بەراست و رەوایی مەسەلەی کورد، هەرگیز یەك تۆزقال لەق نەبووبو. بەوپەری ئازادیەوە باسی کیشەکانی دەکرد، بۆ یەك چاوتروکانیش گویی نەدەدایە ئەوەی ئەو قسانەی لەگەل یەکدی دەمانکردن لە ریگای وەرگیریکەوە کە ئیمە لەگەل خۆمان هینابوومان، بەبی هیچ گومانیکەوە هەمووی گویی لی رادەگیرا و لەسەر شریت تۆمار دەکرا. من هیندیك لەو قسانەی (لەیلا زانا) دینمەوە، کە لە بەردەم دادگا کردیانی لە رۆژی ٨ ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری سالی ١٩٩٤، لەو کاتەی پانزە سال حوکم کرا، چونکە لەوانەیە ئەم قسانە خۆیان هەلویستەکەیمان باشتر بۆ وەدیار دەخات.

" من و حەوت ئەندامی تری پەرلەمانی تورکیا ئەمرۆ مەترسی ئەوەمان هەیە حوکمی لە سیدارەدانمان بدریت ( ... ) ئەو تاوانەی کردومانە چیە کە حوکمیکی ئاوا توندمان پی رەوا ببینری لە لایەن دادگایەك کە دیکتاتۆری عەسکەری لە سالی ١٩٨٠ دایمەزراندووە ؟

ئیمە تەنها دەتوانین یەك شت بسەلمێنین، ئەویش مەرگەساتی نەتەوەی کوردە لە تورکیا.

ماوەی ٧٠ ساڵە هەرەشە لە بوونی کورد دەکری، زمان و ناسنامە و کەلتوریان خراوەتە ژێر قەدەغە. کوشتنی پلانریژکراوی کەلتوری لەم ساڵانەی دواییدا لەوە دیارە، کە چەندەها ناوچە لە دانیشتوان چۆلکراون و ویرانکردن و تیکدانی گوندە کوردیەکان و دارستانەکان و کۆمەڵگا ئاساییەکە هەموویان شایەدی ئەوەمان بۆ دەدەن. تەنانەت وەزیری مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا خۆی پیی لەوە ناوە، لەم دوو ساڵەی دواییدا، سوپا ١٣٩٠ گوندی کوردی راگویزاوە و ویرانی کردوون.

نزیکەی دوو ملیۆن کورد دوورخراونەتەوە و دە دوانزە شار چۆل کراون و پینج شەش ملیۆن کورد ناچار کراون بەرەو رۆژاوای تورکیا کۆچ بکەن، جا ئەمە چ بە تیرۆری دەولەت بی و چ لە ئەنجامی لە باریەکچوونی ئابووری بی، کە هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ یانزە ساڵ شەر. (...)

قسەکردن بە ئازادی لە وولاتیك کە دەستووریکی دژ بە دیموکراتی هەبی و رژیمە دیکتاتۆریە عەسکەریەکان یاساکانیان دانابی، مەسەلەیەکی بە ترسە، تەنانەت بۆ ئەوانەی لە لایەن میللەتیشەوە هەڵبژیردرابن. دەوریەکانی مەرگ زیتر لە ٢٠٠٠ کەسی کارا و چالاکی سیاسی و تیکۆشەرانی مافەکانی مرۆڤیان کوشتوە، بی ئەوەی ئەو کەسانە لەناو شەرەکاندا بووبن. لەوانە ٨٢ کەسی کارا لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی ئیمە و ٣٤ رۆژنامەنووس و بلاوکەرەوەی رۆژنامە. ئەوە نرخی ئەوەیە دەیدەن، کە روداو و بەسەرهاتەکانیان بەشیوەیەکی تر خستۆتە روو، لەوەی دەزگا رەسمی و عەسکەریەکان دەیکەن. ١٠٦ رۆژنامەنووس و ئەکادیمیك[٣٤] و نووسەر بە هەمان تاوان خراونەتە زیندان.

[٣٤] دەرچووانی زانکۆکان

پیاوەکەم، (مەهدی زانا) کە جاران بەریوەبەری شارەوانی[35] دیاربەکر بوو، کە گەورەترین شاری کوردستانە، ١٥ سالی لە زیندان بەسەر برد، هەر لەبەر ئەوەی بە ئازادی قسەی کرد، ئەوا ئیستاش جاریکی تر خراوەتەوە بەندیخانە تا چوار سالی تریش سزا بخوا، لەبەر ئەوەی لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپی شایەدی داوە.

من خۆم دوو جاران بە حالەحال لە کوشتن رزگارم بووە. من ئەوەتا لە ٥ی ئادار/ مارسەوە لە زیندانم، بە (تاوان)ی ئەوەی شایەدیم داوە لە بەردەم کۆمیتەی هیلسنکی سەر بە کۆنگریسی ئەمەریکی و ریکخراوی ئاشتی نیو دەولەتی "کارنیگیا" و بە (تاوان)ی ئەوەی لیدوانم داوە بە تەلەفزیۆنیکی ئەوروپی، تەنها یەك رستەی کوردیم بەکار هیناوە، لەو کاتەی پەرلەمانی کوردی ئاهەنگی دۆستایەتی کوردی _ تورکی دەگیرا. ( .... )

(تانسۆ چیلەر) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا وای دەردەخا، کوردەکان میشکی حکومەتە ئەوروپیەکانیان شوشتۆتەوە. کاربەدەستان گومان لە ریکخراوەکان دەکەن کەوا لەژیرەوە بە نهینی تیرۆریست بن.  تا گەیشتە ئەو رادەیەی تەنانەت (ئەمنستی ئینتەرناسیونال) یشیان قەدەغە کرد. دەسەلاتداران کەوتونەتە داوی نەتەوەپەرستیەکی بیئایندەی کاتبەسەرچوو، بوونەتە پارانۆید[36] لە رووی ( کوردە جودابیخوازەکان ).

ئیمەی ئەندامانی هەلبژیردراوی کورد، راست و دروست  بوینەتە قۆچی قوربانی قەیرانە خەتەرناکە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و مەعنەویەکانی تورکیای نوی. ئەو شەرە بیمانایە بۆتە هۆی تیچوونی ژیانی زیتر لە ١٥٠٠٠ کەس و نزیکەی نیوەی بودجەی دەولەت هەلدەلوشی. ( ... ) من تەمەنم ٣٣ سالە. ئەوا ١٤ سالە من راودەنریم.

---

[35] بە سیستەمی رۆژاوایی دەکاتە سەرۆکی شارەکە

[36] پارانۆید ئەو کەسەیە تووشی پارانۆیا دەبی ، پارانۆیاش جۆرە شیتیەکی خەیالیە، کەسەکە لە خەیالدا خەلکی تر دەخاتە ژیر رکیف و دەسەلاتی خۆی و پیی وایە ئەوان لایەقی سزا و ئازارن.

من زۆرم لە هاوەڵەکانی خۆم بینی ئەشکەنجە دران و کوژران، چونکە دەیانویست بە ئاشتی و دیموکراتی شانبەشانی تورکەکان بژین. تاکە مەرجێك ئێمە هەمانبێ ئەوەیە، ڕێزی ناسنامە و کەلتوری کورد بگرن. من دوو منال و مێردێك و کۆمەلی دۆست و برادەرم هەیە. من ژیانم خۆش دەوێت. بەلام خۆشەویستیم بەرامبەر گەلەکەم، کە لە پێناو وەدەسهێنانی شکۆمەندی و ئازادیدا ئازار دەچێژێ، مەزنترە. ژیان بە کۆیلەتی و سەرشۆڕی چ نرخ و بایەخێکی هەیە، لە کاتێکا ئەوەی تۆ بە بەرز و پیرۆزی دەزانیت، لە لایەن ئەوانی ترەوە بە چاوی سوك سەیر دەکرێ _ دیارە مەبەستم ناسنامەیە- من ڕازی نیم و ڕێگا بەخۆم نادەم لە ژێر لێپرسینەوەی تورك بچەمێمەوە".

(لەیلا زانا) لە کۆتایی ووتارە هەست بزوێنەکەیدا گوتی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وولاتانی ڕۆژاوا چیتر بەو چاوە نەڕواننە تورکیا وەك تەنها ناوچەیەك کە بنکە سەربازی و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی دزەگویگرتنی لەسەر دامەزرێنن. ئێرە وولاتێکی پڕ هەستی بەتین و ناتەباییەکی زۆرە، کە بۆی هەیە وەك ئێرانەکەی شا لە سنوور دەرچی و بگاتە ڕادەیەکی بی مانا و نابەجی.

ئێمە لێرەدا ئەم دەقە وەرگیراوەی ووتارەکەمان لە کتێبی (تورکیا، بەرژەوەندیە کۆنەکان _ گیروگرفتە نوییەکان) وەرگرتووە، کە لە نووسینی (ئەنەس جیریکۆ) یە و لە لایەن دەزگای سیاسەتی دەرەوە لە سالی ١٩٩٥ دەرچووە.

کە (لەیلا زانا) ئەم ووتارەی دا، نەیدەزانی بە ١٥ سال زیندانی (ڕزگاری) دەبی، بەلکو بە تەواوی ئامادە بوو ئەو نرخە بدا کە عەسکەرتاریەتی تورك بۆی دەخواست : سزای مەرگ. بەلام کە سزاکە بەو قورسیە نەبوو، دیارە بێگومان لەبەر ئەوەبوو، ژەنەراڵەکان و دەسەلاتداران بە گشتی دەیانزانی وولاتانی ڕۆژاوا چۆن لە بەرامبەر ئەمەدا ڕەفتار دەکەن، چۆن تورکیا بۆ ماوەی چەند سالێك دوور ڕادەگرن و نایەلن ئەو ئاواتەی بیتە دی و ببێتە ئەندام لە دام و دەزگاکانیان، هەرچەندە هەندی وولاتیش پێیان خۆشە کە تورکیا وەربگیرێ.

پێویستە ئەوە بڵێین کەوا (لەیلا زانا) نەك هەر بە تەنها لەبەر ئەم ووتارەی لێرەدا وەرمان گرتووە، بەڵکو بەرەوش و ئاکاری خۆی، بەر لە حوکمدانی و لە دوای حوکمدانەکەشی، دیارە چەند خودان باوەر و دڵنیا و ڕێکوپێکە. لەگەڵ ئەوەی ئافرەتێکی نەرم و نیان و میهرەبانە، لە هەمان کاتدا سەرسەختە لە مەسەلەی ڕاستی و ڕەوایی مەسەلەی کورد.

دیداری ئەم ئافرەتە باریکەلەیە، کە خاوەن کەسێتیەکی سیاسی ئاوایە، لە نێو ئەو بەندیخانەیەی پانزە ساڵ حوکمی لە پێناو بیروباوەری خۆی تێدا بەسەر دەبا، خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی گەشبینییە.

جێگای سەرسورمان نیە ئەگەر زووتر لە زیندان ئازاد بکرێت، چونکە حکومەتی ئەمرۆی تورکیا[٣٧] بە سەرۆکایەتی حیزبێکی ئیسلامیە. ڕاستە ئەوان ناسیۆنالیزمی توندڕۆن، بەڵام بای ئەوە جورئەتیان تیایە و ئەو باکراوەندە میللییەشیان هەیە کە پێویستن بۆ دەرکردنی لێبوردنێکی خێرا بۆ (لەیلا زانا). دیارە لە ژێر حکومەتێکی وەك ئەوەی ئێستا دەرفەت زیترە.[٣٨]

بەڵام پێویستە ئەوەش بووترێ، لەو کاتەی (تورگوت ئوزال) دوا بە دوای کۆدیتاکەی ژەنەراڵ (کەنعان ئیڤەرن) سەرەکی وەزیران بوو، چەند هەوڵێکی غەیرە ڕەسمی لە ئارادا بوون بۆ ئارامکردنەوەی باری تورکی _ کوردی.

وا دەرخرا کەوا (ئوزال) کە خۆی پیاوێکی ئابووریزان بوو و بەرپرسی ئابووری بوو، هەر یەکسەر لەدوای کۆدیتاکە توانی درك بەوە بکات کە تورکیا پێویستی بەوەیە بارەکە هێمن بکاتەوە، ئەگەر گۆڕانکاریەکان هەڵنەگەڕێنەوە. جگە لەمەش (ئوزال) موسڵمانێکی بە باوەر بوو.

---

[٣٧] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا.

[٣٨] دیارە ئەم خەونەی نووسەر نەهاتە دی، تا ئەو ماوەی ئیسلامیەکان لەسەر تەخت بوون.

ئازاد مەولود

# کۆبوونەوەکانی تورکیا

بە بۆنەی نەورۆز، جەژنی سەری سالی کوردی، (ئوزال)، کە لەم ماوەیەدا پلەی بەرز ببۆوە و بووبو بە سەرەك كۆماری سەراپای وولات، واتا سەرۆکی دەولەت، لە مانگی نیسان/ ئەپریلی سالی ١٩٩١ پیشنیاری کرد کەوا کوردەکان پیویستە ریگایان پیبدری ئاهەنگی جەژنەکانی خۆیان بە شیوەیەکی ئاشتیانە بگیرن. هەروەها ئاشکرای کرد کەوا ئامادەیە لەگەل سەرکردە کوردەکانی باکووری عیراق دابنیشی. ئەمە ریگای بۆ ئەوە خۆش کرد کە تورکیا بە بریارەکانی *UN* رازی بیت سەبارەت بە پاراستنی باکووری عیراق لە ئاسمانەوە _ ئەو پرۆژەیەی بە *Operation Comfort* ناودیر کرا، تا ئیستاش هەر ئەو ناوەی لییە. پاشتر "تۆزال" لایەنگیری ئەوە بوو کەوا کوردەکان ریگایان هەبێ کتیب و گۆڤارەکانیان بە کوردی لە چاپ بدەن، ئەمەش لە راستیدا وەرچەرخانیکی سیاسی بوو. کەچی لە لایەکی ترەوە چاپەمەنی و بلاوکراوەکان هەر لەگەڵ دەرچوونیاندا، بە چەندەها بیانووی جیاجیا دەستیان بەسەردا دەگیرا.

(سۆسیالیزمی نیودەولەتی) ریکخراویکی هاریکاریە لە نیوان پارتە سۆسیالدیموکراتەکان و دیموکرات سۆسیالیزمەکان، لە دوادوایی ١٩٥٠ کانەوە دەستی بە چالاکی کردووە. راویژکاری کۆچکردووی ئەلمانیا (ڤیلی براندت) بۆ چەندین سال سەرۆکیکی سروشبەخش و چاپووکی ئەم ریکخراوە بوو. لە نیو ریکخراوەکەدا، کۆمیتەیەك بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست هەیە، کە تەمەنی یچی ئەوتۆ لە تەمەنی

ریکخراوەکــە خــۆی کــەمتر نیــە، یەکــەمین پـــەیوەندی راســـتەقینە لـــە نیـــوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان لیرەوە دەستی پی کردووە، بەلام بـی گومـان هەمیشـە لە دووری خەلکەوە.

رۆژیك لە رۆژانی بـەهاری سـالی ١٩٩٤ بـوو، کۆمیتەیـەکی بچووك پیکهینرا تـا بـە ووردی خەریکی مەسەلەی کورد بیـت. سـەرۆکی ئـەم کۆمیتـە بچووکـە سـویدیەك بـوو، منیش تییدا نوینەری دانمارك بووم.

زۆر کـەسمان لـە خـەلکی تورکیـا و عـیراق بـۆ شـایەدی دان بــانگ کـرد و لـە زۆر شوینان لە ئەوروپا لەگـەلیاندا و لەگـەل زۆر نوینـەری پارتـە کوردیـە جـۆراو جۆرەکـان کۆبووینەوە.

یــەکیك لــە فراوانـــترین کۆبوونـــەوەکانمان لەگــەل ژمارەیــەکی زۆر لــە نوینـــەرە کوردەکان، لە ئوتیلیك بوو لە ئەنقەرە، کە لە بەیانی زووەوە دەستی پیکرد و تا ئیـوارە بەردەوام بوو. بۆ زیتر دلنیایی و تا لە دواییدا بتوانری باسەکانی ناو کۆبوونەوەکـە بـە راســـت و دروســـتی بنووســـریتەوە، هــــەمووی لەســـەر شـــریت تۆمـــار کـــرا. ئیـــوارە تەکنیکارەکان شریتەکەیان داینی، بینیمان کۆپیەکیان لی داوە بە پۆلیسی تورکی. ئەوەی راستی بیـت ئیمـە زۆر سـەرمان لـەم جـۆرە تەفتیشکاریە سوورما، کـە بیگومـان هیچـی بەســەر دیموکراتیــەوە نیــە. هــەندیك لــە نوینــەرانی سۆســیالدیموکراتە میوانــەکان زۆر تووڕە بوون و تووڕە بوونەکەشیان نەشاردەوە. لەوانەی لە هەمووان زیتر شتەکەیان بـە هیمنی وەرگرت، کوردەکان بوون. یەکیکیان گوتی: ئیمە بەم شتانە راهاتووین.

تـەکنیکارەکان روونکردنەوەیـەکیان خستەروو، کـە لـەوەش هیمنیبەخشـتر بـوو، گوتیان:

بۆ چما ئەنگۆ نازانن پۆلیس لـە تورکیـا بـەدزی گـوی لـە هـەموو کۆبوونەوەیـەکی سیاسـی دەگـری ؟ هـەروەها ئەگـەر خـەلکی دەرەوەی وەکـو ئیـوەی تیـدا بـی، ئـەوا بـە دلنیاییەوە پۆلیس لەوی ئامادەیە.

کۆمیتـە بچووکەکـەی تایبـەت بـە مەسـەلەی کورد بێگومـان لەسـەر کـاری خـۆی بەردەوام بوو، یەکێك لەو بابەتانـەی تاوتوومـان کـرد، توانـای دامـەزراندنی دەزگایـەکی راستەقینە بوو بـۆ نێوانـی کـردن، تـاوەکو پێویست بـەوە نـەبی تورکـەکان روو بـە روو لەگەل کوردەکان گفتوگۆ بکەن و (سۆسیالیزمی نێودەولـەتی) وەکو پۆسـتەهەلگرێك کـار بکات، لەوانەیە چەند پێشنیارێکی تازە سروش ببەخشێتە هەردوو لایەن.

بـە هـەمان شـێوە بـیر لـەوە کرایـەوە گفتوگۆیـەك لـەنێوان کوردەکـان لـە بـاکووری عێراق و حکومەتی بەغدا بکرێتەوە.

لە سەرەتای سالی ۱۹۹٥ سەرۆکە سویدیەکەی کۆمیتەکە دەستی کردە خستنەرووی مەسەلەی ئەوەی ئاخۆ تـا چ رادەیـەك لـە توانادایـە، جـاری یەکـەم گفتوگۆیـەکی نـهێنی لەگەل سەرۆکی *PKK* (عبدالله ئۆجەلان) _ کە پێی دەلێن ئاپۆ _ ئەنجام بدری.

ئیمـە ئاسـایی دەمـانزانی پێشـنیارەکە هەسـتیارە، زۆر کـەس لـە دژی پـەیوەندی راستەوخۆ رادەوەستن. بەلام ئەگەر دەرفەت ببی راستەوخۆ لەگەل سەرکردەی

پێشـمەرگەکان[39] بکەوینـە گفتوگـۆ، ئـەوا هیـچ گومـان لـەوەدا نیـە کـە شـتێکی سوودبەخشە.

ئیمە لەم بۆنەیەدا باسی ئەوەمان کرد، کەوا (ئیسحاق رابین) ی سەرەك وەزیرانـی ئیسرائیل لەسەر هەق بوو کاتی گوتی:

لەگەل دوژمنی خۆی مرۆڤ دەبی هەولی ئاشتی بدات.

بریارمـاندا لـە جیـاتی سـەراپای کۆمیتەکـە، شـاندێکی بچـووك بـەرەو رۆژهـەلاتی ناوەراسـت بـەری بکـەویت. قـەوارەی شـاندەکە سـنووریکی دیـاریکراوی هـەبوو، ئەمـەش دەگەریتەوە بۆ ئـەوەی هـەندی کـەس لـە ئـەندامانی کۆمیتەکـە لەبـەر چـەند هۆیـەکی پرینسیپ ئامیز حەزیان نەدەکرد لەگەل سەرۆکی پێشمەرگەکان گفتوگۆ بکەن.

---

[39] نووسەر زۆرجاری ئەم زاراوەیە دووبارە دەکاتەوە بێگومان لە هەموویاندا مەبەستی (عبدالله ئۆجەلان).

لە لایەن (ئۆجەلان) ەوە راگەیانرا، کەوا زۆری پێخۆشە قسەمان لەگەلدا بکات، ئیتر وەفدیکی گفتوگۆ بە سەرۆکایەتی نوینەری سوید پێکهات و نوینەری هەر یەکیك لەو سێ پارتە سۆسیالدیموکراتانە: فەرەنسی و نەمساوی و دانمارکی ئەندامی وەفدەکە بوون. من نوینەری پارتەکەی دانمارك بووم.

# گفتوگۆ لەگەل *PKK*

لە ناوەراستی مانگی شوبات/ فیبریوەر ئیمە بە سواری فرۆکە چوینە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا. لەو کات پەیمانمان دا ئەم نهینیە بپاریزین. ئیتر پیشوازییان لیکردین و شەوی یەکەم شوینی حەسانەوەیان لە مالیك لەو مالانە بۆ دانان، کە پیی دەلین *safe house*. ئەو کەسانەی رۆمان و چیرۆکە سیخوریەکان دەخویننەوە ئەم زاراوەیەن زۆر بەرچاو دەکەوی.

رۆژی یەکەم (عبداللە ئۆجەلان) مان نەبینی، بەلام لە لایەن دوو ئافرەتی گەنجەوە خزمەت دەکراین. یەکیك لەو دووانە ئافرەتیکی زۆر هیمن و بە دیقەت و هۆشیار و بە جەخت و یەکجار چاپووك بوو، ویدەچوو هەم وەرگیر و هەم سکرتیری سەرۆکی پیشمەرگەکان بیت. رۆژی پاشتر (ئۆجەلان) هاتە مالەکە. هەر یەکسەر بەدەم نانوچای بەیانیەوە دەسکرا بە گۆرینەوەی بۆچوونەکان. زیدەرۆیی ناکەم ئەگەر بلیم ووتوویژەکان یەکجار کراوەبوون، ئەوەی بیگومان مەسەلەکانی سوك و ئاسانتر دەکرد ئەوە بوو، "ئاپۆ" زۆر ئاگاداری بارودۆخەکان بوو، نەك هەر بە تەنها لە وولاتانی ئیمە، بەلکو تەنانەت لە ناو سۆسیالیزمی نیو دەولەتیشدا. سەرۆکە سویدیەکەی وەفدەکەمان ئاشکرای کرد، لە کاتیکدا دەسەلاتدارانی تورك بریاریان داوە ئەو ئەندامە کوردانەی پەرلەمانی تورکی کە بەشیوەیەکی دیموکراتی هەلبژیردراون، بخەنە بەندیخانەوە، ئەوا ئیمە ئەو چوار ئەندامەی لقەکۆمیتەی

(سۆسیالیزمی نیودەولەتی) کە ئیستا لیرەین، بریارمان داوە، لە پیناو ئەوەی بتوانین بە شیوەیەکی ئۆبجەکتیف (مەوزوعیانە) باس لە کیشەکە بکەین، بەباشمان زانی لەگەل نوینەرە بەرپرسیارەکانی کوردەکان، لەوانەش *PKK* قسە بکەین.

ئیمە نەمانتوانی گفتوگۆی راستەقینە لەگەل سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردی لە تورکیا ئەنجام بدەین، لەو کاتەی تورکەکان ئەوانیان لە کونجی بەندیخانەکان قایم کردووە.

(ئۆجەلان) کە بە روخسار کەمیك بە (صدام حسین) دەچی، تەواو ئاشکرای کرد کەوا ئارەزووی لە دروستبوونی پەیوەندی تازەیە. وورد وورد لەگەل بەرەو پیشچوونی ووتوویژەکان، بۆچوون و بەلگەکانی خۆی بەدلنیاییەوە دەردەبرین.

ووتوویژەکان شەش سەعاتیان خایاند، ئیتر مرۆڤ دەتوانی هەلویستەکان لە کۆمەلیك خال کورتکاتەوە:

١. کیشەی نیوان کوردەکان و تورکەکان دەبی بە بۆچوونی دیموکراتیانە چارەسەر بکریت.

٢. پەرە سەندنی *PKK* دەگەریتەوە بۆ سالانی ١٩٧٠ ، بەلام خەباتی چەکداری بۆ جاری یەکەم لە سالی ١٩٨٤ دەستیپیکرد، لە دژی ئەوەی (ئۆجەلان) ناوی دەنی (داپلۆسین ).

٣. *PKK* و کوردەکان دەسدریژیکەر نین، بەلکو ئەوەی سەرکوت دەکریت *PKK* یە. ئەوانەی مافە دیموکراتیەکانیان زەوت کردووە، تورکەکانن.

٤. *PKK* دەخوازی کۆتایی بە شەری ناوخۆ بینی و پشتگیری راگەیاندنیکی هاوبەشی شەر راگرتن دەکات.

٥. مرۆڤ دەتوانی گفتوگۆیەك دەست پیبکات ئامانجی دامەزراندنی فیدرالیەت بی لە نیو سنووری تورکیادا، مافی کوردەکان دابین بکات.

٦. *PKK* هەر لەوەپیش لە ریگای حکومەتی سویسرا و خاچی سووری نیودەولەتی رایگەیاندووە، پەیرەوی پەیماننامەی (جنیڤ) ی ئاب/ ئۆگۆستی سالی ١٩٤٩ دەکات.

٧. *PKK* لە دژی توند و تیژییە لە ئەوروپا، دەخوازی خەریکی چالاکی سیاسی و کەلتوری بیت.

ئیمە داوامان لە (ئۆجەلان) کرد ئەم خالانە لە نامەیەکدا بنووسیتەوە، لە پیشدا خۆی و دواتریش ئیمە بتوانین بلاوی کەینەوە، ماوەیەکی دیاریکراویش بۆ تەواو کردنی نامەکە دابنری، تاوەکو دەقاودەق لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی دوواتری کۆمیتەکە کە لە (ڤیەننا) دەبەستری، بگاتە دەستمان.

لە میانی تاووتو کردنەکانی تردا، (ئۆجەلان) پیشبینی ئەوەی کرد کەوا تورکیا لە بەهاردا هیرش دەکات، پیشبینیەکەشی تەواو راست دەرچوو.

هەروەها (ئۆجەلان) گۆرانکاریەکانی باکووری عیراقی، کە کوردەکان تیایدا بە رەسمی، بەلام بە شیوەیەکی کاتی حوکمی زاتیان هەیە، بە کارەسات دادەنا. جگە لەوەش رای وابوو لەوانەیە لە توانادا بیت کۆمیسیۆنیکی نیودەولەتی دابنریت بۆ ئەوەی لە باری کوردەکان بکۆلیتەوە لە سەرانسەری رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەم کارە دەتوانری بە گۆنگرەیەك کۆتایی پی بهینریت بە بەشداری *UN* و *EU* و (ئەنجوومەنی ئەوروپی) و (سۆسیالیزمی نیودەولەتی) ، بیگومان لەگەل بەشداری ئەو لایەنانەی راستەوخۆ لە کیشەکەدان.

بەلای ئیمەوە زۆر گرنگ بوو (ئۆجەلان) ئەوە بزانی، کە چەندی *PKK* کاری تیرۆر ئەنجام بدات، دەبی ئەوەندەش چاوەروانی تیرۆری دەولەتی تورکی بکات. جگە لەوەش ئیمە گوتمان راگرتنی دەسبەجیی کارە تیرۆریەکانی کورد لە ئەوروپا، بۆ نموونە لە ئەلمانیا کە لە هەموو وولاتانی تر زیتر بەری کەوتووە، پیداویستیەکی زۆر گرنگە، بۆ

ئەوەی مەسەلەی کورد دۆستایەتی و هاوخەمایەتی لەدەست نەدا، ئەو هەلە سیاسیانەی تا ئیستا هەن بۆ هینانەدی بارودۆخیکی گفتوگۆ بەتەواوی بزر نەبن.

کە بیر لە گفتوگۆ فراوانەکەمان دەکەمەوە، (ئۆجەلان) یکەم دیتەوە بیر کە لە سەرەتادا ئامادە نەبوو شتیك بە نووسراوی بدات بەدەستەوە. بەلام وورده ووردە هاتە سەر ئەو باوەرەی، ئەگەر بیتو ئەو خالانەی سەرەوە لە نامەیەکدا دەربری، لەوانەیە ئەو نامەیە ببیتە تاکە دەرفەتیك بۆ گۆرانکاریەك کە لەسەرەتادا زۆر بە هیمنی دەست پیدەکات. بەهەرحال من وام بینی.

من دەزانم تورکی ئەوتۆ هەنە، رایان وایە من تەواو بە هەلە رۆیشتووم. بەلام من خۆم لەو رایەدا نیم. پیش ئەوەی ئیمە دیمەشق بەجی بیلین (ئیمە دوای گفتوگۆکان، گواستمانەوە ئوتیل).

(ئۆجەلان) نامەیەکی نووسی. ئیمە نامەکەمان لەگەل خۆمان هینا، بەلام هیچی لی بە ئەنجام نەهات. هۆی یەکەمی ئەو بیئەنجامیەش ئەوەبوو کە بلاوکرنەوەی نامەکە کاتیکی زۆری خایاند، لەوانەیە لەبەر ئەوەبیت، بەرەنگاریەك لە دژی بۆچوونەکانی (ئۆجەلان) لە ناوخۆیاندا هەبووبیت. هۆی دووەمیش ئەوە بوو، تورکەکان نەیانویست نامەکە بخویننەوە. نامەکە خالی ئەوتۆی تیابوو کە تورکەکان هەمیشە لە هەموو دەمیك وایان دەرخستووە ئەو بابەتانەی ئەم خالانە باسی لیوە دەکەن لە نیو دانیشتوانە کوردەکان هەر بوونیان نیە. سەرەرای ئەمانەش نامەکە هیچ داواکاریەکی تیدا نەبوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی لە نیو سنوورەکانی تورکیادا، کەچی تورکەکان هەمیشە وای دەردەخەن گوایە ئەمە بەردەوام داواکاری کوردەکانە.

هۆی سییەم کە نکولی لیناکری ئەوەبوو، حکومەتە رۆژاواییەکان مەبەستیان نەبوو نامەکە بەرادەی پیویست بە هەند هەلگرن، چونکە لە ریگای شاندەکەی ئیمەوە

هاتبووە کایەوە. ئەگەر ئەم شتە راست بێ، ئەوا هەڵەیەکی تراژیدیانەیان لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا کردووە.

کە کۆمیتە – *NGO* بچووکە دانمارکیەکەمان دوو مانگان پاشتر گەیشتنە ئەنقەرە لەگەڵ وەزیری دەرەوە (ئەردال ئینونو) کۆبووینەوە.

باوکی (ئینونو) یەکێك بوو لە دۆست و هاوکارە هەرە نزیکەکانی (کەمال ئەتاتورك) و لەدوای (ئەتاتورك) یەکەمین سەرەك کۆماری تورکیا بوو. لە هەمان کاتدا سەرۆك و سکرتێری گشتی (پارتی کۆماری )بوو، کە خۆی بە پارتێکی سۆسیالدیموکرات دادەنا، لەدوای چەندین بەشبەشانێ و ناتەبایی، ئەوەتا تا ئەمڕۆش لە (سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی) ئەندامن. (ئینونو) ی پیرەمێرد لە کاتی خۆیدا بەدەستی (ئەجەوید) رووخێندرا.

(ئەجەوید) چەند ساڵێ دواتر سۆسیالدیموکراتەکانی بەجێهێشت، چونکە بە بۆچوونی ئەو، بەڕادەی پێویست سۆسیالدیموکرات وچالاك و کاریگەر نەبوون، پارتێکی نوێی بۆ خۆی دامەزراند بە ناوی (پارتی چەپی دیموکراتی).

(ئەردال ئینونو) بوە سەرۆکی سۆسیالدیموکراتەکان، هەر بۆیەش کورسی وەزیری دەرەوەی لە حکومەتی فرەحیزبی بەرکەوت.

(ئەردال ئینونو) پیاوێکی بەتەمەنی زۆر رووخۆش و بە لوتف و بەڕێز و ریکوپێکی ئەوتۆیە، هەردەم ئامادەیە گوێ شل بکات، تەنانەت بە تایبەتی بۆ ئەو دانمارکیانەی رایان وایە، کە پێویستە مافی کوردەکان رەچاو بکرێت.

بەلاّم بە هیچ جۆرێك نەیویست نامەکەی (ئۆجەلان) بە شێوەیەکی رەسمی بخوێنێتەوە، کە لەسەردانەکەی دیمەشق لە رێگای ئێمەوە هاتبووە کایەوە. تەنانەت رازی نەبوو کۆپیەکیش لە نامەکە وەرگرێ، کە من لەگەڵ خۆم هێنابوومە تورکیا.

هیچ گومان لەوە نەبوو، لە رێگای ترەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی نامەکە بوو.. بەلاّم نامەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ داڕێژرابوو پشت گوێی خستنی ئاسان نەبوو.

لە کاتی گفتوگۆکاندا (ڤیللۆ سیگوەردسن) بە گوییدا چرپاندم لەدوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەمان و لەوکاتەی ژوورەکەی وەزیری دەرەوە بەجی دیلین، من نامەکە لەسەر میزەکە بەجی بیلم وەك ئەوەی لەبیرم کردبی. ئیتر منیش وام کرد. بەلام لەو کاتەی ئیمە خەریك بووین لە بینا تازەکەی وەزارەتی دەرەوە، کە دەکەویتە دەوروبەری شاری ئەنقەرە، بچینە دەرەوە، فەرمانبەریك بەپەلە هات و نامەکەی بەدەستەوە بوو و بە ئینگلیزی بانگی دەکرد:

*Mr. Budtz… Mr.Budtz..* تیبینیەکانت لەبیر کرد.

ئەگەر هەلویستی تورك بەم جۆرە بیت، بیگومان دیارە دریژکردنی دەستی یارمەتی ئاسان نیە لە پیناو خولقاندنی ئەو پەیوەندیانەی زۆر پیویستن بۆ ئەوەی ئاشتی بۆ توركیا بیتەدی و کوردەکانیش مافەکانی خۆیان وەرگرن.

ئەمەریکیەکان بە نوینەریکی زۆرتر و کاریگەریەکی زۆر فراوانتر هەول دەدەن، بەلام ئەوان ئیستا تەنها خۆیان بەوە خەریك کردووە، ئاشتی لە نیوان هەردوو پارتی کوردی عیراق *PUK* و *KDP* بەرپا بکەن، هەلومەرجیکی لەبارتر لە نیوان ئەم پارتانە و توركیا بیننە ئاراوە.

*PKK* بە ئەنقەست دوور راگیراوە. تورکەکان تا ئیستا نایانەوی گفتوگۆ لەگەل *PKK* بکەن، ئەگەر هەر پەیوەندیەکی نهینی غەیرە رەسمیش کرابی، کە بیگومان دەبی بە نیوانیکردنی ئەمەریکیەکان بی، ئەوا گفتوگۆکان و ئەنجامەکانی (ئەگەر ئەنجامیان هەبووبی) تا ئیستا لەو پەری نهینیدا هەلگیراون.

# گفتوگۆ چارەسەرە

درەنگــــە وەختيــــك، رۆژى پيـــش جـــەژنى كريســـــمس، ٢٤ى كـــــانوونى يەكـــەم/ ديســـەمبەرى ســـالى ١٩٩٦، دەزگـــا راگەياندنـــە نيـــو دەولەتيـــەكان بلاويـــان كـــردەوە كـــەوا ســـەرۆكى *PKK* (عبداللـــە ئۆجـــەلان) داوايـــەكى ئاراســـتەى توركـــەكان كـردووە بـۆ كۆتـايى بەشـەر هينـان و دەسـپيكردنى گفتوگۆ. (ئۆجـەلان) گوتـى، ئيسـتا كـــاتى چارەســـەريكى ئاشـــتيانەيە. وا ديـــارە توركـــەكان ئـــەم داواكاريـــەيان بـــە نيشـانەى بيـهيزى لەقەلـەم دا، سـەرەراى هـەنديش دوور نيـە ئەمـە بـە نيشـانەى ئـەوە تيگەيشتبن كـەوا توركيا خەريكە لـە شـەرى سـەربازيدا سـەركەوتن وە دەسـت ديـنى. بـە هــەرحال داواكاريەكــەى (ئۆجــەلان) هيــچ كاردانەوەيــەكى رەســمــى لى نەهاتە ئەنجام.

ئەو تەقە راگرتنـە يەكلاييـە و ئـەو هـەول و تەقەلايـەى لـە پينـاو ريككەوتنيكى ئاشتيانە كە *PKK* لـە سـالى ١٩٩٥ خستنيە روو، بـە تـەواوى لەلايـەن توركيـاوە خـۆى لى لە گيلى درا. بەلام (ئۆجەلان) واى بۆ دەچى، كەوا سەرەنجام زەحمەت دەبـى توركـەكان بتوانـن روو لـەو پيشـنيارانە وەرگيـرن كـە ئـەو دەيانخاتـە روو. لەوانەيـە ئـەو شـتيك بزانـى كـە ئيمـە نـايزانين، بۆيـەش ئـەو دەسپيشـخەريەكى تـازەى كـرد. بـەلام شـتيكى خەتەرناكە، ئەگەر بيتو وا بزانـرى ئـەوەى ئـەو دەيكا لـە بيهيزييـەتى، چونكە ئەمـە دەبيتە كەمنرخاندنى هەلويست و هيزى كوردەكان. زۆربەى كوردەكان خەو و خوليا و

ئاواتی ئەوەندە مەزنیان هەیە کە دەستیان نایانگاتی، بەلام کوردەکان گەلیکی ئاشتیخوازن. لە هەمان کاتدا بەیەکەوە هیزیکی یەکجار مەزن پیك دینن.

دەتوانن لەمرۆوە تا چەندین سالی تر لە شەرکردندا بەردەوام بن. شەر لە لایان تا رادەیەك بۆتە شتیکی رۆژانە. بەلام لە هەمان کاتدا شەر دەبیتە هۆی تیکدانی ئابووری تورکیا و لەناوبردنی قەدر و قیمەتی وولاتەکە.

پیویستە کۆمەلگای نیودەولەتی ئەوە وەبیر ژەنەرال و سیاسەتمەدارە تورکەکان بینیتەوە، مرۆڤ لەگەل دوژمنی خۆی هەولی ئاشتی دەدات.

لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦، (عبداللە ئۆجەلان) لیکدانەوەیەکی سیاسی دوورودریژی لەمەر بارودۆخەکە نووسی، وەکو ئەوەی خۆی دەیبینی. لیرەدا باسی ئەوەی کردووە *PKK* بە تەواوی لە خۆ ئامادەکردن بۆتەوە بۆ هیرش بردنی پاشتر، تورکەکان ئاگادار دەکاتەوە کەوا *PKK* ئامادەیە هەر کەرەستەیەکی لەبەر دەستی بێ، بە کاری بینیت، بەلام لە هەمان کاتدا دەنووسی، کە ئیمە حەز دەکەین حکومەت کراوە بیت، لە رووی گفتوگۆیەکی سیاسی و دیموکراتیدا. (..)

دەبی دان بە ناسنامەی رەوای گەلی ئیمە بنری. مافە سیاسی و دیموکراتی و کەلتوریەکانی دەبی دابین بکرین. سەربەستی دەربرین و کۆبوونەوە و ریکخراو دانان دەبی بە دەستوور مسۆگەر بکری، دامودەزگای لیهاتووی تازە بۆ ناوچە خودموختاریەکان دابمەزری. ئەمە تاقە ریگایە بەرەو پیشەوەمان دەبا، بۆ چارەسەرکردن لە نیو سنوورەکانی ئیستای تورکیادا.

پیناچی ئەمانە شتی نابەجی بن. لە راستیدا ئەم ئامانجانە ئاشکرا لەگەل ئەو مافانەی مرۆڤ یەکدەگرنەوە، کە ئیمە چەندەها سالە بۆ نموونە لە دانمارك ریزمان گرتوون.

# بەشی سێیەم

# تورکیا و مافەکانی مرۆڤ

نوسینی

کلاوس سلاڤنسکی

# دروشمی ڕۆژنامەی Turkish Daily News:
# (ئاشتی بۆ وولات، ئاشتی بۆ جیهان)

***کەمال ئەتاتورك***

من کە یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۸۱ چوومە تورکیا، ئەو کاتە دەسەڵات بە دەست سوپاوە بوو، و (ئەجەوید) سەرەکی سوسیالدیموکرات لە ماڵەوە دەستبەسەر بوو. وەکو ڕاوێژکاری پارێزگای کۆپنهاگن لە کاروباری مهاجیرەکان دەبوایە من سەر لەو ناوچانە بدەم کە مهاجیرە تورکیاییەکانی دانمارکیان لێوە هاتوون.

بە پێی باری نائاسایی سەربازی، دەبوایە مەردم کاغەزی ڕەسمی بدرابوایە تیایدا ئەو ناوچانە دیاری کرابوون مرۆڤ بۆی هەبوو سەردانیان بکات.

لەبەر ئەوەی زۆربەی مهاجیرە تورکیاییەکانی دانمارك لە ناوچە کوردییەکانەوە هاتوون، ئەوا من هەر پێشوەخت پەیمانم لەگەڵ وەرگێڕێکی دانمارکی _ کوردی بەستبوو بۆ ماوەی ۲۰ ساڵ.

لە کاتی گەڕانمانا بە نێو گوندە کوردییەکاندا مەفرەزەیەکی سەربازی بەلاماندا ڕەتبوو. ئێمەیان ڕاکێشا دەرەوە و لوولەی تفەنگەکانیان لەسەر سینگمان دانا. کاغەزەکانمانیان پشکنی و دوای لێپرسینەوەیەکی کورت منیان لەو دەشتە بەجێهێشت وەرگێڕەکەیان لەگەڵ خۆیان بردە شارەکەی ئەو ناوچەیە. ئیتر من بە دوای داچووم و

پـەیوەندیم بـە سـەرۆکی شـارەکەوە کـرد. دوو سـعات پاشـتر منیـان بـردە ئۆردوگایــەکی سەربازی. کە پێم نایە ناو هۆڵێکەوە چاوم بە ڕاڕەوی زیندانێك کەوت کـە سـەربازەکان تیایـا خـەریك بـوون لـە یـەکێ لـە بەندیـەکانیان دەدا. پاشـتر وەدەرکـەوت ئـەو بەندیــە وەرگێڕەکەی من بوو. وایان ڕاگەیاند گوایە لەوە دەکۆڵنەوە بزانن ئـەو کەسـە خزمـەتی سەربازی کردووە یاخود دواکەوتەیە.

ئەمە یەکەمین دیداری من بوو لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی تورکیا.

# سێبەرە خوێناویەکەی سوپا

رۆژانــە مــن زانیــاریم ســەبارەت بــە بــارودۆخی تورکیــاوە پێدەگــات. نامــەم لــە باڵوێزخانــەی تورکیــا لــە دانمــارك بــۆ دێ. زانیــاریم ســەبارەت بــە کــاری تــیرۆری *PKK* بەرامبەر بە دەوڵەتی تورك و دانیشتوانیەوە پێدەگات. بەیاننامەی ڕێکخراوە کوردییـە جیاجیاکانم پێدەگات سەبارەت بە کاری تیرۆری دەوڵەت لە لایەن حکومەتەکانی تورکیا و عـێراق و ئـێران دژ بـە خــەڵکی مــەدەنی کـورد. لـە ڕێگـای ئینتـەرنێتــەوە هـەواڵی رۆژنامەگـەری رۆژنامـەکانی تورکیا دەگات. هـەروەها ڕاپـۆرت و بەڵگەنامـە و کتێــب و روونکردنەوە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دێت، لەوانە ڕێکخـراوی *Human Rights Watch* ، و *Amnesty International* ، و *Kurdistan Human Rights Project* لـە لـەندەن، ئینسـتیتوی کـوردی لـە پـاریس و ڕێکخراوەکــانی مــافی مــرۆڤ لــە تورکیــا و عــێراق. هـەروەها بەڵگەنامـە رەسمییــەکانی ئەنجوومــەنی ئــەوروپا و *EU* و *UN* و بڕیارەکــانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ و دادگای ستراسبۆرگ.

ئــەم هــەموو زانیاریانــە بەیەکــەوە بنچینەیــەکی بــاش دروســت دەکــەن بــۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو بارودۆخی تورکیا و کوردەکان و هەڵویست گرتنی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە.

هاوبەشیکردنی تورکیا بۆ نموونە لە ریزەکانی *NATO* و ئەنجوومەنی ئـەوروپا لـە زۆر لایەنــەوە کــەڵکی بــۆ ســەقامگیری ئــەوروپا هــەبووە. بۆیــە ئاسـایی بـوو تورکیـا ئــەو

پەیماننامەیە ئیمزا بکات سەبارەت بـە سـەقامگیری لـە ئـەوروپا کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە وولاتە ئەوروپاییەکان لە ئاداری ١٩٩٥ لە پاریس ئیمزایان کرد.

پەیماننامەکە وولاتەکان بە زۆر شت دەبەستێتەوە، لەوانە ڕێزگرتنی سنوورەکانی یـەکتری، ڕێزگرتنـی کەمـە نەتەوایەتیـەکان و مافــەکانی مــرۆڤ. تورکیـا بــەم ڕادەیــە بەشێکە لە خێزانی ئەوروپا. ئەو پردە کەلتووری و ئابووریەی کـە تورکیـا بـە درێژایـی مێژوو لە نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروستی کردووە پێویست بـوو ببێتـە هـۆی دەسـتەبەرکردنێکی تـەواو و مـەزنتری دیموکراتییـەت و مافەکانی ئـازادی سیاسـی لەوەی کە ئێستا هەیە.

کـە بـە ڕۆژ ژمـێرە تورکیاییەکـەمدا دەچمـەوە لـە مـاوەی ئـەم ١٥ سـاڵەی دواییــدا، دەبینم سیاسەتی ڕاستەقینەی تورکیا زێتر بوەتە نا - ئەوروپی.

لە ماوەی چەندین سالْ من سـەرنجی گۆڕانکاریـەکانی تورکیـام داوە.مـن کاتـێ ئـەم هەموو زانیاریانەی باسمان کردن دەخەمە سەریەك و دەیانپێوم لەگەلْ ئەم سەردانانەی تورکیا کە من بەشداریم تێدا کردوون و ئەو هەموو گفتوگۆیەشی دەخەمە پالْ کـە مـن لەگـەلْ چـەندەها وەزیـر و خـەلکانی بەرپرسـی ڕێکخراوەکـان کردوومـن، سـەیر دەکــەم تەنها وێنەیەکی ترسناکی کۆمەلێکی دیکتاتۆری کەلەگاییم بەدەستەوەیە.

وولاتێـك گالتـە بـە هـەموو ئـەو بـیرە دیموکراتیانـە دەکـات کـە ئێمــە کۆمــەلگای خۆمانمـان لـە ئـەوروپا پـێ بونیـات نـاوە، تورکیـا جـار بـە دوای جـار دەخـوازی ببێتــە بەشێکی.

لـەو ٧٠ سـاڵەی ڕابـووردو، لـەو ڕۆژەوەی تورکیــا لەســەر ڕێ و شـوێنی کۆمــەلگای کەلەگایی عوسمانی لایداوە، دیموکراتیەت تووشی هەلبەزین و دابەزین بووە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی بەرجەستەیی دوورەوە سەیر بکەین دەبینین تورکیا لە زۆر لایەنــەوە گەیشــتۆتە ئاســتی خواســتەکانی خــۆی ســەبارەت بــە پەرەســەندن بــەرەو کۆمەلگایـەکی دیموکراتـی و عیلمـانی. بـەلام حکومەتـە دوابـەدواکانی تورکیـا و سـوپای

دەسەڵاتدار هەمیشە خاوەن خووێکی بەد و خراپ بوونە، ئەویش راونانی گەورەترین کەمە نەتەوایەتیە، کە کوردەکانن. بە دەیان ساڵە سیاسەتی شەرعی تورك لەوەدا بووە سنوور بۆ زمان و کەلتوری کوردی دانێ و سانسۆری بخاتە سەر و ئەو پارت و کەسایەتیانە راونێ کە چەندین ساڵە دژ بەم سیاسەتە ناشایستەو نائەوروپیە راوەستاون.

ناوچە کوردیەکان ئەوە دوانزەمین ساڵە[1] لە ژێر چەپۆکی ئاسنینی سوپادان، پارتە کوردیەکان قەدەغە دەکرێن، دادگای تایبەت سەرکردە کوردەکان ناچاردەکا وولات بەجێبێڵن، خوێندنگا کوردیەکان فەرق و جیاوازییان دەرهەق دەکرێ، دامودەزگاکانی راگەیاندنی کوردی دادەخرێن و لە سەرووی هەمووشەوە پڕوپاگەندەی دژ بە کورد لە نێو کۆمەڵی تورکدا زیاتر و فراوان دەکرێ.

هەروەك لە مێژوودا باوە، لەو وولاتانەی دیموکراتیەت بە پشتیوانی سوپا دادەمەزرێنن، کوردەکان بوونەتە کۆمەڵێك هاووڵاتی پلە دوو، بە کۆمەڵ گوناهی نالەباریەکانی تورکیایان دەخرێتە ئەستۆ، وەکو تیرۆر و خراپەکاریەکانی مافیا و رووخان و شکستی ئابووری. ئەوروپا پێویستە باوەڕی بە هێزە دیموکراتیەکانی ناو تورکیا هەبێ، بە هەموو شێوەیەکی بەجێ پشتگیرییان بکات.

بەڵام ئەگەر تورکیا نەتوانێ لەگەڵ کەمە نەتەوایەتیە کوردییەکەی خۆی بژی، ئەوا ئەوروپاش ناتوانێ لەگەڵ تورکیا بژی، وەك بەشێك لەو خێزانە دیموکراتیەی رۆژنامەی *Politiken* [2] لە سەر وتاری رۆژی ٤ | ٨ |١٩٩٤ باسی دەکات.

زۆر لە سەرکردە تورکەکان چاك دەزانن کەوا تورکیا خۆی ئەم کاری (جوداییخوازیە) دەخوڵقێنێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتداران بەو پەڕی قورسیەوە ئاساییترین مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن.

---

[1] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە

[2] گەورەترین رۆژنامەی دانمارکە.

*دوابەدوای جەنگەکان خوێن لە سەر ڕێیان دەڕۆیشت*

*چقڵ و دڕکەزی هەموو شوێنێکی داگرتبوو*

*سەردەمی سەهۆڵبەندان لە سەر زەوی زاڵ بوو*

*هەتاو بێ تیشك بوو*

*ئادەمیزاد لە یەك بەدوور لە سەرمانا هەڵدەلەرزین*

*کەس برادەری، یاخود خوشك و برای کەس نەبوو.*

(بلێند ئەجەوید) ی سەرەك وەزیرانی تورکیای پێشوو[٣] ئەم چەند دێڕەی سەرەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ نووسیوە.

شەڕی ناوخۆ و دەسەڵاتدارانی سوپا و زەبروزەنگ و تیرۆر بوونەتە بارێکی قورسی مێژوویی بە شانی تورکیاوە. ئیتر گۆڕانکاریەکان زۆر خێرا روودەدەن، چ لە تورکیا و چ لە جیهان.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی وارشۆ ئیتر مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ چیتر بە مەسەلەیەکی ناوخۆ داناندرێ.

لە مانگی تشرینی دووەم _ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئاگانامەیەکی پەسەند کرد، کە دەبێتە راستە هێڵێك بۆ *EU* تا وەکو وولاَتانی ئەندام لە ئایندەدا لە کاری خۆیاندا لە سەری بڕۆن. لە ئاگانامەکەدا دووپاتی ئەوە دەکرێتەوە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ فاکتەرێکی زۆر گرنکە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا و یەکێکە لە بەردەکانی بناغەی هاریکاری ئەوروپا لە لایەنی هاوبەشێتی ناوخۆی ئەوروپا و هاریکاری وولاَتانی ئەندام لەگەڵ وولاَتانی دەرەوەی ئەوروپا.

لە دوای ئەمە ئەنجومەن داخی خۆی دەردەبڕێ بەوەی تا ئێستا بە ئاشکرا مافەکانی مرۆڤ لە ولاَتانێکی بێشماردا پێشێل دەکرێن، ئاگانامەکە بەڵێنی ئەوە دەدات

[٣] و ئێستاش

مافەکانی مرۆڤ و مافە بنەڕەتیەکانی ئازادی لە هەموو جیهان بەرەوپێش ببات و بیانپارێزی.

(ئەمە یاسای کۆمەڵگای جیهانی و سەرتاپای وولاّتانە، ئەرکی بەردەوامی تەنێ تەنێ و هاوبەشیانە).

زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دووپاتی ئەوە دەکرێتەوە: (ئەنجومەنی ئەوروپا ئەوە دێنێتەوە یاد، کە شێوەی جیاجیای ئاشکراکردن و پیشاندانی پێشێلکردنی ئەو مافانە نیشانەی نائارامی دەربڕینن، داواکردنی دووبارە دابین کردنەوەی ئەو مافانە، ئیتر بە دەستتێوەردان ناژمێردرێ لە کاروباری ناوخۆی ئەم وولاّتانە، هەروەها ئەم مەسەلەیە بەشێکی گرنگ و یاسایی پێکدێنێ لەو گفتوگۆیانەی نیوان "هاوبەشێتی "[4] و ولاّتانی تر. وولاّتانی هاوبەش لەسەر کۆششی خۆیان بەردەوام دەبن دژ بە پێشێلکردن لە هەر کوێیەك بێ ).

تورکیاش لە سەر ئاستی رەسمیەوە بۆتە ئەندام و چۆتە ناو کۆمەڵێ لەم رێککەوتننامانە، لەوانە گرینگترینیان ئاگانامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەرورها مافە ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کەلتورییەکان. بە پێی ئاگانامەکەی ئەنجومەنی ئەوروپا، نابێ لە رێگای بڕیاری تایبەتیەوە لە پرینسیپەکان لابدرێ بەبیانووی رەچاوکردنی لایەنی نیشتمانی یان کەلتوری یاخود ئایینی.

چەند ساڵێك دوای بەسەرهاتەکەی ١٩٨١ ی تورکیا، سەبارەت بە رەچاو کردنی مافە بنەڕەتیەکان و چۆنیەتی پیادەکردنیان لە لایەن تورکیاوە، لە ساڵی ١٩٩٣ چاوم بە وەزیری دادی ئەوسا (سەیفی ئۆکتای) کەوت.

لە ساڵی ١٩٨١ وە جار لە دوای جار بۆم دووپات بۆتەوە کەوا (کارێکی ئاساییە) لە زیندانەکان و پۆلیسخانەکان لە خەڵك بدرێ، جا گوناهی ئەو خەڵکە لە رووداوێکی

---

[4] مەبەست لە هاوبەشییتی ئەوروپایە

ئوتومبێل و هاتووچۆ دابێ یاخود لە شتێکی گرنگتر. بە واتایەکی تر ئەمە بۆتە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی لێپرسینەوە و تەحقیق کردن پێی ڕاهاتوون. من ئەمانەم گشتی خستە بەردەمی وەزیر. ئەو لە وەڵامدا گوتی کەوا تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە زۆر لە پێوانە و ستانداردی ئەوروپا ڕەتی داوە، هەروەها گوتی لەو ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری پۆزەتیف ڕووی داوە لە بواری گرتنی تاوانباران و لە دادگادان و باری سزادان. وەزیری داد لەم بۆنەیەدا ئاماژەی بۆ یاسای سزادانی ساڵی ١٩٩٢ کرد کە مافی زیاتر دەداتە تاکە کەس. بەڵام دانی بەوە نا کەوا گیروگرفتی گەورەیان هەیە لە بواری فێرکردنی کارمەندانی سوپا و پۆلیس.

بەڵام من دەڵێم زۆر بەداخەوە مەسەلەی دیسپلین و زەبت و ڕەبتی پۆلیسی ڕەقەکار و توندوتیژ و جەللادەکانی سزا و جەزرەبەدان لە نێو سوپادا، تاکە گیروگرفتی تورکیا نین. ئەوەتا ڕووداوەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەم دوانزە ساڵەی دواییدا گەواهی ئەم قسەیەمان دەدەن.

# وولاّتی وێرانی کوردەکان

کە پیاو بە درێژایی سنووری تورکیاو سوریادا تێپەڕدەبێت، دەبینێت چۆن بورجەکانی چاودێریکردن و چەندەها تانۆکی تەلی دڕکداری ڕووەو سوریا دیمەنەکە دەشێوێنن.

کە بەرەو بەشی خوارووی ڕۆژهەلاّتی تورکیا وەرێ دەکەویت، چەند گوندێکی پەرش و بلاّوت بەرچاو دەکەوێ، لەگەلّ چەند کێلگە پەمۆیەکی نیمچە وشکهەلگەڕاو کە ژن و مندالّ خەریکی رنینیانن.

کوڕێژگە شوانێکی کوردی تەمەن نزیك دە سالاّن، لە دەو ڕێیەکە دانیشتوە و پالّتۆکەی خستۆتە ژێر بالّی خۆی. خەریکە زۆر بە ووردی و سەرنج لاپەڕەیەکی دڕاوی ڕۆژنامەیەك دەخوێنێتەوە، کە فرەفرپەتی بە دەست ئەو بایەی هاوکات یاری بە پەمۆ پێ گەییوەکان دەکات. تۆ بلّێی ئەمە ووتارێك بێت لە ڕۆژنامەی *Üzğür Ğündem* ی کوردی، کە دەسەلاّتدارانی تورك ناوە ناوە دایدەخەن؟ تۆ بلّێی ئەمە هەوالّێك بێت لە بارەی شاری (کارتان) کە دەکەوێتە ناوچە نەوتیەکانی ئەم نزیکە، کە بەم دواییە *PKK* ی ڕێکخراوی کوردی ئەفسەرێکیان تیایدا گوللەباران کرد و سوپاش دوابەدوای ئەمە سەرتاپای تانکیە نەوتەکانی داخست و ئاگری تێبەردان؟

ئەو بەشە کوردیەی تورکیا ئەوەندە نزیکە لە شەڕی ناوخۆ ئیتر ووشەی ناتەبایی پڕ بە پێستی نی‌یە کە باسی باری ئەم ناوە دەکرێ.

لەم گۆشەیەی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا، کاروانە سەربازیەکان گرمەیان دێ لە گەڕانیاندا بەدوای *PKK*، لە کاتێکدا جوتیارە چەکدارەکان بە وولاغ زەوی دەکێڵن و بە دەست تۆوی دەدەن. خەڵکێکی تر لە بەردەم دەرگای بۆ نموونە زیندانی (ماردین) ماونەتەوە و چاوەڕوانن بچنە سەردانی هێندێك کەس لەو بیست هەزار کوردەی لە ژێر هەلومەرجی زۆر ناخۆش لەبەر چالاکیەکانی *PKK* گیراون. ئەو رەشماڵ و خیوەتانەی لە بەردەم زیندانەکان هەڵدراون وایان لێ هاتووە ژیانیان تێدا بێ ترستر بێ لە ژیانی گوندەکان.

هەر مانگێك دەوروبەری ١٠٠ گوند، بە موعەدەلی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٣٠٠ کەسێکیان چۆڵی دەکەن، سوپا دەستیان بەسەردا دەگرێ، ئەوە لە کاتێکا ئەگەر بولدۆزەریان لێنەدرێ.

لە نێو کەلاوەکاندا تەنها شاخە کوردیەکان بە پێوە ماون، کە دەسەلاتداران بە پیتی زل و زەبەلاح تەنانەت لە سەر چیای (ئەرارات) وەکەی حەزرەتی نوح ئەم دروشمەیان نووسیوە:

(خۆشبەختە ئەوەی خۆی بە تورك دەزانێ).

بە پێی بۆچوونی لێپرسراوانی مەسەلەی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، حکومەتی تورکیا لەبەردەم دوو گیروگرفتدایە: یەکەمیان تێبگات ئەو هەڵە و چەوتیە چیە کە لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا روویداوە؟ دووەمیان *PKK* چۆن رادەگیرێ.

( ڤیتاهان ئۆجاك) لە قاتی هەرە سەرەوەی وەزارەتی دەرەوە لە ئەنقەرە دادەنیشێ. ئەو بەشە کەوتۆتە لاپەڕێك، کە شێوەکەی لە قاسەی بانق دەکا و دەرگایەکی هەیە نزیکەی ٣٠ سم ئەستوورە.

بەپێی بۆچوونی (ئۆجاك) حکومەتی تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە باری گوزەران لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دەبێ باشتر بکرێ و پێویستە پرۆژەی ئابووری بخرێتەکار، بەلام ئەمە نزیکەی لەسەدا ٤٠ - ٥٠ ی بودجەی کشتوکالی تێدەچێ. ئەو پێ

لەوە دەنێ کەوا کوردەکان مافی کەلتوری خۆیان وەرنەگرتووە، بەلاّم وەکو پەلپوبەهانــە ئەوەی زێدە کرد کەوا کەمە نەتەوایەتیەکانی دیش لە تورکیا لە هەمان بار دان.

ناتەبایی نێوان کوردەکانی تورکیا و سوپای تورک رۆژ بە رۆژ توندتر دەبێ.

کاری توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی راونــانی دانیشتوانە کوردەکان و ریکخـراو و پارتــەکانی دۆستی کـورد زیـاد بکـا. خراپــتربوونی بارەکە بـۆی هەیـە ببێتـــە شـەڕێکی ناوخۆی راستەقینە، چونکە ئەو پارتــە چەکدارە کوردیـە (*PKK* ) جارێکی تـر دێتـەوە وەلاّم، بە بومبای خۆتەقێن و هێرش بردنە سەر بۆ نموونە ناوچەکانی گەشت و گوزار.

راستیش ئەوەیە، ئەو بارە تراژیدیە لەلایەن حکومەتە یەکبەدوا یەکەکانی تورکیا خۆیان خولقێندراوە، نەك هەر تەنـها کەوتونەتـە راونـانی گـەلی کـورد، بـەڵکو هەرێمـە کوردیەکـەیان لـە نالـەبارییێکی کۆمەلاّیـەتی ئاشـکرا بـە پاشکەوتویی بەجێهێشـتووە، بـە بەراورد لەگەلّ ئەو پەرەسەندنەی لە ناوچەکانی تری تورکیادا هەیە.

راپۆرتێك لە کۆمەڵـەی پـارێزەرانی دیاربـەکری پایتـەختی هەرێمـە کوردیەکـە لـە ساڵی ١٩٩٥ ئەوە دەردەخا کەوا دەستوور و ژمارەیەك لە یاسا پیشەییەکان دژوارن لەگەلّ زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە تورکیا مۆری کردوون.

سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەران (سەزگین تانریکولو) ئــەوە روونـدەکاتـەوە کـە یاسـای ژمارە ٢٨٢٠ ی تایبەت بە پارتە سیاسییەکان قەدەغەی کردووە پارتەکان ببنــە بڵندگـۆی کۆمەلاّنی کەمە نەتەوایەتیەکان، پارتەکان نابی لە زمانی تورکی بەولاوە هیچ زمـانێکی دی بەکاربێنن. یاسای ژمـارە ٢٩٠٨ تایبەتـە بەدامـەزراندنی کۆمەڵەکان، ڕێگا نـادا هیـچ کۆمەڵەیەك دابمەزرێ کە خۆی بـە زمـان و کـەلتورێکی دیکـە جگـە لـە تورکـی بـەولاوە خەریك بکات.

یــەکێ لـە وەزیرەکـانی پێشـووی حکومــەتی ئەجـەوید ویسـتی لـــە سـاڵی ١٩٩٥ ڕێکخراوێکی دارایی دابمەزرێنێ، بەلاّم لەبەر یاسای نـاوبراو بـۆی نـەکرا ڕێکخراوەکـەی تۆمار بکرێ، چونکە چەمکی (کوردی) تێدا بوو.

یاسای سەرنووسکردنی ژمارە ١٥٨٧ ئەمەی خوارەوەی تێدایە:

(دایك و باوك ناو لە منداڵی خۆیان دەنێن، بەڵام ناوەکە نابێ دژ بە کەلتوری نەتەوایەتی و ڕێ و ڕەوشتەکان بێ) . لە پەیڕەونامەیەکدا کە دوابەدوای یاساکە هاتووە، لە پەرەگرافی ٥ دا سەبارەت بە نازناو دەڵێ: نازناو (ناوی فامیلی و بنەماڵە) دەبێ تورکی بێ.

یاسایەك هەیە لە بارەی بەڕێوەبردنی ناوچە و هەرێمەکانە، ژمارەکەی (٥٤٤٢) ە. ئەم یاسایە فەرمانێکی گرتۆتە خۆی دەڵێ پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ناوی ئەو شارانە بگۆڕێت کە تورکی نین.

مۆرکی ئەندازە زمانەوانیەکە تەنانەت بە دەستوورەوەش دیارە کە لە پەرەگرافی ٤٢ یدا هاتووە: (هیچ زمانێك لە زمانی تورکی بەولاوە نابێ بەکاربێت، لە فێرکردنی هاوولاتیانی تورکیا لە دامودەزگاکانی فێرکردن و خوێندنگاکان لە تورکیا).

هاوڕێك لەگەڵ ئەم یاسایە لە یاسای فێرکردن و خوێندنی زمانی بێگانە ژمارە ٢٨٢٣ دا هاتووە، ئەو زمانە بێگانانەی دەخوێندرێن پێویستە لە لایەن حکومەتەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ لە سەر پێشنیاری (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی).

هەر لە کاتی کۆدێتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٨٠ وە ئەوا سوپا لە ڕێگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی حوکمڕانی تورکیا دەکا، ئەو ئەنجومەنی ئاسایشەی لە ساڵی ١٩٨٤ پێکهێندرا و سەرۆکی ئەرکانی سوپا سەرۆکایەتی دەکا.

لەگەڵ یاسای نەهێشتنی تیرۆر ژمارە ٣٧١٣ یاسای تریش دەرکرا، سەبارەت بە سەربەستی چاپەمەنی و فیلم و ڤیدیۆ و موزیك و پەخش کردنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و دەسەڵاتی پۆلیس لەم بوارەدا. پەیامی هاوبەش لەم یاسایانە ئەوەیە پۆلیس بۆی هەیە هەر چالاکیەکی کەلتوری ڕاگرێ دژی یەکەی دوڵەت و نەتەوەی تورك بێت.

ڕۆڵی دادگاکان لێرەدا زۆر کەم کراوەتەوە، کە ڕاستەوخۆ بەم کۆمەڵە یاسا تەسك و سنووردارانە بەڕێوە دەبرێن و ناڕاستەوخۆ بەو دەسەڵاتە زۆرەی دراوە بە پۆلیس و

سوپا بە پێی دەستووری باری نائاسایی کە لە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠ وە بۆتە (باری ئاسایی).

لەگەڵ ئەوەی کەوا ئەم نموونانە بە ئاشکرا ئەوە پیشان دەدەن تا چ رادەیەك یاساکانی تورکیا و جێبەجێ کردنیان لە دادگا سنوور لەبەردەم ئەو رێککەوتننامانە دادەنێن کە تورکیا مۆری کردوون وەکو ئەوەی بۆ نموونە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، ئەوا بە پێی راپۆرتەکەی کۆمەڵەی پارێزەران (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) بە پێویستی زانیوە کەوا ٩ ناوچە لە تورکیا کە بەشی هەرەزۆری دانیشتوانیان کوردن دەستنیشان بکا و ناویان بنێ بە ناوچەی دادگایی تایبەت.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٤ – ١٩٩٤ دادگای ئاسایشی دوڵەت لە دیاربەکر ٦٠٠٠٠ کەسی گرتووە، وا تاوانبار کراون و حوکم دراون، گوایە سەرپێچی ئەم یاسایانەیان کردووە کە لە سەرەوە باسمان کردن.

ئەو ژمارەیە ئەوانەی دەگەڵ حسێب نەکراوە کە گیراون و پاشتر بەردراون (لەبەر نەبوونی بەڵگە) یاخود نزیکەی ئەو ٣٠ کەسەی هەموو مانگێك لە کاتی گلدانەوەیان لە لای پۆلیس بێ سەروشوێن، بزر دەبن، هەروەکو لە نێو ژمارەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ *IHD* باسکراون ( *Insan.lari Dernegi* ).

# هەموو بەر پێشێلکردنەکان دەکەون

راپۆرتی رۆژانە لە رێکخراوە تورکی‌یەکان و ئەوانی دەرەوە بەڵگەنامە دەدەن بە دەستەوە کە یاسا نوێیەکەی سزادانی تورکیا، باری جێبەجێکردن و ئەنجامدانی لە سیستەمی دادگایی تورکیا بەرەو چاکتر نەبردووە.

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* وا دەردەخا کەوا لەو ساوەی سوپا لە سەرەتای ١٩٨٠ کانەوە دەسەڵاتەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی بەجێهێشت ئیتر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زیادی دایە.

ئەو ژمارانەی خوارەوە لە راپۆرتی ساڵانەی *IHD* ی ١٩٩٦ وەرگیراون:

- لە سێدارەدان بە کەیفی خۆ، مردن لە ژێر ئەشکەنجە ١٩٠ کەس
_ ئەو مەدەنیانەی لە ئەنجامی کردەوەی سەربازی گیانیان لەدەستداوە ١١٩ کەس
- ئەوانەی دوای گلدانەوەیان لە لای پۆلیس بێ سەروشوێن بوونە ١٩٤ کەس
- تەنها ئەو داوا و شکاتانەی راگەیاندراوە لەمەڕ ئەشکەنجەدان ٣٤٦ کەس
- ئەو گوندانەی وێران کراون ٦٨ گوند
- ئەو سەندیکا و رێکخراوانەی داخراون ١٣٢ رێکخراو
- ئەو رۆژنامەنووسانەی گیراون ٤٢١ کەس
- ئەو بلاوکراوانەی دەستیان بە سەردا گیراوە ١٩٥ بلاوکراوە
- ژمارەی زیندانیە سیاسیەکان ١٤٠ کەس

پـارێزەری نـاودار (یوسـف ئالاتـاس) کـە پـەیوەندی بـە *IHD* هەیـە، لـە کـاتی سەردانێکما بۆ تورکیا روونی کـردەوە کـە دەسـەڵاتدارانی سـوپا لـە ناوچـە کوردیـەکاندا هیـچ جیـاوازی لـە نێـوان *PKK* و کـوردی ئاسـایی ناکـەن. لـە مـانگی تشـرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٣ سوپای تورك هێرشی کردە سەر ناوچەی (ئەلبیستان) و چەندین ناوچە و شاری بـە چـەکی کیمیـاوی وێـران کـرد. *IHD.* بـە لێکۆڵینـەوە و پشکنینی زانستیانەی جل و بەرگی زێتر لـە ١٠٠ کەسـی مـردوو، بەڵگـەی بـۆ ئەمـە وەدەست هێناوە.

وەزیـری پێشووی مافـەکانی مـرۆڤ (ئەزیمـەت کویلوئۆگلو) لـە دیداریکی لەگـەل وەفدیکی دانمارکی لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری سالی ١٩٩٤ هەمان شتی سەلماند.

لـە قەراخـەکانی ئـەوروپا تورکیـا تەنـها شـوینی شـەرمەزاری و رووزەردی بەردەکەوێ، وەکو یەکیك لەو وولاتانەی لە کۆمەلیك راپۆرت بۆ چەندەمین جـار مـۆری نـا دیموکراتیـەتی لیـدەدرێ، لەوانـەش دوا راپۆرتـەکانی ئەمنسـتی ئینتـەر ناشـیونال سەبارەت ئەشکەنجەدانی مندال.

ئەمنستی لە ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٦ هەڵمـەتیکی لـە دژی تورکیـا خستەکار، چونکە تورکیا وەك ئەندامیکی ئەنجومەنی ئەوروپا و *OSCE* (ریکخـراوی ئاسایش و هاریکاری ئـەوروپا) و *NATO* ، بـە بۆچوونـی ئەمنستی مامەلـەی زۆر بـە باشی لەگـەلدا دەکـری. مامەلەیەکی زۆر باش بە بەراوورد لەگەل ئەو شیوەیەی دەسەلاتدارانی تورك مامەلـەی هاوولاتیانی خۆیانی پی دەکەن.

راپۆرتەکـە سـەبارەت بـە ئەشـکەنجەدانی منـدالان، وینەیـەکی ترسـناکی بـاری مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەلگای تورکی دەخاتە روو.

ئەمنستی دەلی تورکیا بۆتـە دیموکراتیـەتیکی بـە تـرس بەرامبـەر ژیـان، هـەروەها بەلگـەی وا پیشـکەش دەکـا کـە چـۆن منداڵـی تەنانـەت ١٢ سـالی لـە پۆلیسـخانەکان ئەشکەنجە دەدرین.

لە مانگی کانونی دووەم/ ژانوەری ساڵی ١٩٩٥ منداڵێك بە ناوی (دونا تالون )کە تەنها تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، گیرا، بە گومانی ئەوەی نانێکی دزیوە. ئەو کچە بچکۆڵە بە پێچەوانەی یاسا، پێنج رۆژ لە پۆلیسخانەی سەرەکی ئەنقەرە هێشترایەوە بێ ئەوەی بۆی هەبێ پەیوەندی بە پارێزەرێك یاخود بە کەسوکاری بکات.

"لێیان دام ، ئێواران چاویان دەبەستمەوە. دەیان بەستامەوە و وایەری ئەلەتریکیان دەخستە پەنجەکانمەوە. ئینجا یەکێکیان دینەمۆکەی هەڵدەکرد. تەوژمی ئەلەتریکیان لە دەموچاویشم دا. بەیانی رۆژی پاشتر لێپرسینەوەیان دەسپێکرد. یەکێکیان زۆر بە توندی بە هۆکی - تۆکییەکەی لە دەموچاوی دام ".

بە پێی راپۆرتەکەی ئەمنستی (دونا) دەڵێ لە زگیشیان دام. بەلام هیچ کەسێ نەدرایە دادگا لەسەر ئەشکەنجەدانی ئەو کچە.

چیرۆکێکی دی چیرۆکی کورێکە لە دەوروبەری هەمان تەمەنە و ناوی (خەلیل ئیبراهیم ئۆکالی) یە، لە رۆژی ٢٧/ تشرینی دووەم - نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٥ لە شاری ئەزمیر گیرا، کە شاری گەشتوگوزارە. ئەم منداڵە لە دوای سێ رۆژ گرتن لە پۆلیسخانەی (چنارلی) خرایە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە.

وا دیارە ئەم ووشانەی (نازم حیکمەت) ی شاعیری تورکیان لەبیرکرووە کە دەلی:

با زەوی بە مندالان بسپیرین
تەنانەت ئەگەر بۆ رۆژیکیش بی
با ئەو رۆژە نیشانەی دۆستایەتی بی
لە دوای ئیمە مندالان زەوی دەگرنە ئەستۆ و
درەختی نەمر دەروینن.

(لیسبیت پالە) کە سەرۆکی کۆمیتەی یونیسیفی سویدە، لە ئەنجامی راپۆرتەکەی ئەمنستی لە نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ نارەزایییەکی بۆ حکومەتی تورکیا نارد. هەر

یەکسەر دوابەدوای ئەمە وەزیری دەرەوەی تورکیا (تانسۆ چیلەر) وەلامی دایەوە و سەرسامی خۆی دەربریبوو سەبارەت بە نارەزاییەکە.

(چیلەر) ئەوەی ئاخنیبووە وەلامەکەی مندالان لە تورکیا لە باوەشی یاسای تورکی پاریزراون.

وەزیری دەرەوەی تورکیا راستەوخۆ دەچیتە ناو ئەو مەسەلەی باسمان کرد سەبارەت بە کچۆلەکە (دونا). (چیلەر) رونی کردۆتەوە ئەم کچە بە تاوانی دزی لەگەل یەکیکی تر لە خیزانەکەیان گیران و رۆژی پاشتر بەردران، ئەو شایەدیەی داویانە دیارە لەبەر ئەوەیە ئەمنستی پارەی داوەتە ئەم خیزانە تا قسەکانی خۆیان بگۆرن و روونکردنەوەی ناراست بدەن.(تانسۆ چیلەر) وەلامە پینج لاپەرەییەکەی بەوە کۆتایی پی دینی کە ئەم زانیاریە نادروستانە سەبارەت بە تورکیا بەم شیوەیە بەدرۆخرایەوە و تورکیا هەموو شتیك دەکات لە پیناو پەیرەوکردنی پەیماننامەی مندالانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لیرەدا دەبی ئەوەش بووتری تورکیا تا ئیستا پەیماننامەیەکی ئەوروپی لە هەمان بابەت مۆر نەکردووە بۆ پاراستنی مافەکانی مندال.

لە سالی ١٩٩٥ وەزیری دەرەوەی تورکیا (نەوزاد ئەیاز *Nevzat Ayaz* ) لیدوانیکی لەگەل ژمارەی ٣/٢٩ ی رۆژنامەی *Information* [٥] کرد. لە لیدوانەکەدا هاتوە کەوا (حکومەتی تورکیا دسپیشخەرییکی تازەی خستۆتە روو بۆ رووبەرووبوونەوەی رەخنەی جیهانی دەرەوە). لە ١/ ئەیلول، سیپتەمبەری سالی ١٩٩٥ بابەتیکی تازە دەکەویتە خشتەی وانەکانی خویندکارانی دواناوەندیەکانی تورکیا، ئەویش بابەتی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤە. هەروەها خویندکارانی پۆلەکانی ٦ -٨ ی سەرەتایی لە بابەتی (کۆمەلناسی) فیری مافەکانی تاکەکەس و دیموکراتی دەبن. بە پیی *Information* (نەوزاد ئەیاز) بەم جۆرە بەلگە بۆ دەسپیشخەریەکە دینیتەوە:

---

[٥] رۆژنامەیەکی گرنگی دانمارکییە.

(ئەگەر ئیمە بمانەوی دیموکراتیەت بۆ مەودایەکی دوور دابین بکەین، پیویستە گەنجەکان فیری مافەکانی مرۆڤ ببن. بە دەسپیکردنی ئەم خویندنە هەر لەم سالەوە، ئیتر هەلیکی گەورەتر دیتە پیش تا پەرلەمانی ئەوروپا لەم پایزە یەکبوونی گومرگی نیوان *EU* و تورکیا پەسەند بکات).

ئەوەی من بزانم ئەم خویندنە نەبوو بە هیچ، وادیارە تورکیا ئەمەی هەر بۆ مەبەستەکەی سەرەوە بوو، ئەگینا شتەکە خۆی لە خۆیدا پۆزەتیڤە.

بەلام هەرچەندە وەزیرەکانی تورکیا روونکردنەوە بۆ جیهانی دەرەوە بنووسن، ئەوا باری مندالان لە تورکیا لە سالی ١٩٨١ بە دواوە بەرەو خراپی دەروات.

تورکیا ئەمنیەت و پاراستنی مندالانی خۆی بەلاوە ناوە و چاوی نوقاندووە بەرامبەر ئەو زەبروزەنگانەی دەرهەق بە دوارۆژ دەکرین. لەیەکی لە سەردانەکانم بۆ ئەم وولاتە یادگاریەکم هەیە کە ئەم نالەباریە پیشاندەدا.

لە ناوەراستی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لە گەرەگی (کیزیلا) کچۆلەیەکی تورکی بچکۆلانە لەسەر جادە دانیشتبوو. تەمەنی تەنها سی _ چوار سالان دەبوو. تەرازوویەکی قۆپاو و شکاوی خۆکیشانی لە پیش خۆی دانابوو، تاوەکو خەلك خۆیانی پی بکیشن و چەند پولیکی بدەنی. هەموو ئیوارەیەك ئەم منالە لە ژیر سەرما و گەرما بە چاوی بە خەوەوە دادەنیشت، لە کاتیکا ئەم هەموو ئوتۆمبیلە بە تۆز و دوکەلەوە بە لایدا رەت دەبوون و تەنها بیست سانتیمەتریان نیوان بوو لە گەلیدا.

من سالانی سەرەتای ژیانم لە کۆپنهاگن لە *Vesterbro* [٦] بەسەر بردووە، لە خویندنگاکانی *Kofoed* کارم کردووە و بە سەردان چوومەتە زۆر لە وولاتانی جیهانی سییەم. ئیتر بەم حیسابە دەبی من کەسیکی قایمم لی دەرچووبی. کەچی لەگەل ئەوەشدا ئەم کچۆلەیە چەندەها شەو خەوی لە چاوی من هەرماند. ئیوارەیەکیان بریارم دا هەندیك پارەی بدەمی. زۆر بە نەرمی جوولەیەکم پیی کرد بەلکو بەئاگابی

[٦] گەرەکیکی میللی و هەژارە

و پارەکە وەرگری، ئەویش بە چاویکی خەوالوەوە نیگایەکی تیبریم، هەمان نیگای مندالەکانی خۆم بوو لەو کاتەی ئیواران دەیان خەمە ژیر لیفەی گەرم و ماچی شەوباشیان دەخەمە سەرگۆنا. پارەکان لە دەستی خلۆربوونە خوارەوە، لەم ئانەدا زانیم ئەو یارمەتیە کاریکی باشیشە و خراپیشە.

باشە چونکە کەمیك خواردن بۆ خۆی و لەوانەیە بۆ کەس و کاری دابین بکات.

خراپیشە چونکە هەتا پارەی بدریتی ئەوا بەردەوام دەخریتە سەر ئەم جادەیە، تا ئەو کاتەی تەواو گەورە دەبی یان دەمری. ئەم کچە بەزۆر شیوە نموونە و وینەیەکی باری ئیستای تورکیایە. بەلام ئایا تۆ بلیی ئەمە ووتار خویندنەوەیەکی مرۆڤایەتی نەبی لە لایەن بینەریکی ئەوروپایی؟ .....لەوانەیە، بەلام واقیعی تورکیا شتیکی زۆر ترسناکە. ئەو بارودۆخەی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا کە شیوەی شەری ناوخۆی هەیە رووی لە زیادبووندایە.

کاری تیرۆر لە لایەن هەردوو سوپای تورك و بزووتنەوەی *PKK* ی کوردی ئەنجام دەدری. لە ناو خەلکی سادەی تورکیا خەریکە جۆریك لە (دەردە ڤیتنام) سەرهەلدەدا. هەروەك گەنجیکی کورد لە سەردانیکمدا بۆ دیاربەکر پیی گوتم: کە مرۆڤ خزمەتی سەربازی خۆی تەواو کرد ئیتر دوو دەرفەتی لە بەردەمدایە، یان ئەوەتا دەچیتە ناو ئیسلامیەکان یان ریگای شاخەکان دەگری، بە واتایەکی تر دەچیتە ریزی *PKK* .

لەو دوانزە سالەی شەری ناوخۆ هەر سالی ٤٠ ملیار کرۆن[٧] مەسرەفی شەرە. ئەم شەرە تا ئیستا بۆتە هۆی کوشتنی ٢١٠٠٠ کەس[٨]. کەواتە کوشتنی یەك کەس لەم شەرە شیتانەیەدا ٢٣ ملیۆن کرۆن[٩] لەسەر تورکیا دەکەوی. ئاخۆ دابین کردنی ژیانی کەسیك، بۆ نموونە ئەو کچە بچکۆلەی سەر جادەکانی ئەنقەرە، چەندی تیدەچی.

---

[٧] بە پارەی دانمارکی دەکاتە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار.

[٨] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

[٩] بە پارەی دانمارکی دەکاتە ٣،٢ ملیۆن دۆلار.

# دەستدریژی کردنە سەر کاری پیشەیی

چەوساندنەوە و جەور و ستەم لە تورکیا هەر بەتەنها کوردەکان ناگریتەوە.

لـە سـالی ١٩٩٦ ریکخـراوی جیـهانی (سـەندیکا سەربەسـتەکانی نیودەولـەتی) راپۆرتیکی بلاوکردەوە سەبارەت بە پیشیلکردنی مافەکانی سەندیکاکان.

هەرچەندە حکومەتی تورکیا چەندین جار پەیمانی چاککردن و راستکردنەوەی ئەو یاسایانەی داوە کە سنوور لە بەردەم مافە بنچینەییەکانی سەندیکاکان دادەنی، کەچی هیشتا تورکیا لە ریزی پیشەوەی وولاتە سەرکوتکەر و پیشیلکەرەکانە.

لە تەمموز/ جولای سالی ١٩٩٥ دەستووری تورکیا گۆردرا و ئـەو قەدەغەیـەی لابـرد کە پیشتر هەبوو سەبارەت بە بەشداری سەندیکاکان لە کاری سیاسی و پەیوەندیان لەگەل پارتە سیاسیەکان. بەلام بە داخەوە یاسای دژ بە _ تیرۆر *Anti - terror* تا ئیستا لانەبراوە کە ماوەی سنووردانانی زۆری تیایە، ئا لیرەدا بەکاردیت بۆ راونانی خەلکیك لە ئەندامانی سەندیکاکان. بە هەمان شیوە کۆمەلیك یاسای تایبەت هەیە، ری لە فەرمانبەرانی دایەرەو دەزگا میریەکان دەگرن، ئەگەر بیانەوی خۆیان ریکخەن و گفتوگۆی بە کۆمەل ئەنجام بدەن. ئەمەش مامۆستایان و پۆلیس و خەلکانی نیو سوپا دەگریتەوە. لەگەل هەندیش ئەم سنوور دانانە لە بەردەم مافە سەندیکاییەکان نەیتوانیوە کاری دژ بە حکومەت راگری. هەرچەندە لە کاتی لەچاپدانی ئەم کتیبە هیشتا راپۆرتەکەی سەندیکا سەربەستەکانی نیودەولەتی ئامادە نەبووە، کەچی

ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* بە بەلگە رایگەیاندووە کەوا بەلای کەم ٤٥ جار دەستدریژی کراوەتە سەر کاری سەندیکا لە تورکیا.

خەلکیکی زۆر دەکەویتە بەر دەستدریژیەکانی دژ بە سەندیکا تورکیەکان و نوینەرە پیشەییەکان. لەوانە دوکتۆرەکان و کارمەندانی دی لە بواری تەندروستی، مامۆستایان و فەرمانبەرە رەسمیەکانی دی، فەرمانبەرانی سیستەمی دادگایی.

بەکورتی ئەم پیشیلکردنەی مافە سەندیکایەکان هەموو ئەو کۆمەل و لایەنانە دەگریتەوە کە ئیمە لە دانمارك پییان دەلیین *LO* [١٠].

تورکیا یەکیکە لەو ولاتانەی لەگەل دانمارك لە هاریکاریدان. ئیمە لە ئەنجوومەنی ئەوروپا و ناتۆ لەگەل تورکیا لەسەریەك میز دادەنیشین. تورکیاش هەروەکو ژمارەیەکی زۆر لەوولاتان پەیماننامەکانی *ILO* [١١]ی لەبواری بازاری کار مۆر کردووە.

جیاوازیەکە لەوەدایە کەوا دەسەلاتدارانی تورك بەردەوام سەرپیچی ئەم پەیماننامانە دەکەن، زۆر بەداخەوە هەر ئەوانیش نین بە تەنها لەم سەرپیچیکردنانەدا هەروەك راپۆرتەکەی ناوبراو باسی دەکا.

پیشیلکردنی مافە سەندیکاییەکان لە تورکیا خۆی لەم شتانەدا دەبینیتەوە: جەزادان بە پارە، رۆژانە و مانگانە کەمکردنەوە، گەفلیکردن، گواستنەوە لە کار، کاربەدەرکردن، تیهەلدان لە کاتی خۆپیشاندان، دەستدریژیکردنە سەر دایەرە و دەزگاکانی سەندیکاکان، حوکمی زیندان، داخستنی سەندیکاکان.

لە سالی ١٩٩٥، ١٢٠ دەزگا و دایەرەی سەندیکاکان لە لایەن دەسەلاتدارانی تورك داخران. لیرەدا چەند نموونەیەکی تری سالی ١٩٩٦ دەخەینە روو:

---

[١٠] ریکخراویکی رەشمالئاسایە گشت سەندیکاکانی دانمارك دەگریتە ژیر خۆی.

[١١] ریکخراوی کریکارانی جیهانی.

*١٨ی نیسان / ئەپریل*

دەیان هەزار فەرمانبەری رەسمی لە سەرانسەری تورکیا کاریان راگرت و داواکاریەکانیان ئەوەبوو (مافی سەندیکایەکی ئەوتۆیان هەبی کەوا مافی مانگرتن و گفتوگۆی بە کۆمەلی هەبی و مانگانەیەکی بەرزتریان بۆ دابین بکری). فەرمانبەرانی رەسمی خۆپیشاندانی نارەزاییان لە شارەکانی ئەستەمبول وئەنقەرە و ئەزمیر ئەنجامدا. لە ئەدەنە لە لای کەنارە دەریاییەکانی گەشتوگوزار نزیکەی ١٠٠ مامۆستا ریپیوانیکی نارەزاییان کرد کە بە زەبری کیبل بلاوەیان پیکرا. لە ئەنجامی پیکدادانەکان چەندەها کەس بە توندی بریندار کران و زۆرانی دیش لە لای پۆلیس گلدرانەوە. هەمان شت لە ئەستەمبولیش روویدا، لە ئەنقەرە فەرمانبەرانی دایەرە رەسمیەکان ریگایان نەدرا بگەنە گۆرەپانی (کیزیلای) نزیك پەرلەمان. حکومەتی تورکیا لیکۆلینەوەی دادگایی خستەکار لە دژی ریکخەرانی ئەم نارەزاییانە.

*٢٤ی ئایار/ مای*

دەسەلاتدارانی تورك پینج لە کارمەندانی سەندیکای مامۆستایانیان لە (کیریکالە) بەزۆر لە دایەرەکانی سەندیکا گوازتەوە.

سی مامۆستا ( ئایشە ئاوچی، ئەحمەد جیجەك، سامی یانیك ) گوازرانەوە بۆ خویندنگایەکی تر وەك سزادانیك لەبری چالاکییان لە کاری پیشەیی.

هۆی سزادانەکەیان بەشداریکردن بوو لە نارەزاییەکانی ١٨ی نیسان/ ئەپریل.

*٤ ی حوزەیران/ یونیو*

دادگاییکردنی ئەو فەرمانبەرانە دەستی پیکرد کە بەر لیدانی پۆلیس کەوتبوون لە شاری ئەدەنە لە کاتی کار راگرتنی ١٨ی نیسان/ ئەپریل، هەموو ولاتی داگرتبوو. داواکان ئەوەبوون کەوا (ئەوان لە دژی پۆلیس وەستاون) و (ریپیوانی نایاساییان

کردووە). هەرچەندە زۆربەی گوناهبارکراوەکان راپۆرتی دوکتۆریان پیشاندا، کەچی فەرمانی بەندکردنیان درا بەوەی گوایە ئەوان لە پۆلیسیان داوە.

*١١ی حوزەیران/ یونیو*

کۆمەلیك کریکار لەبەردەم کۆمپانیای هاتوچۆی نیودەولەتی (*Inchcape Retrans* ) خۆپیشاندانیکیان ریکخستبوو، کە سەربازەکان هاتن و تیکەلبوون ١٤٠ کریکار خواحافیزیان لیکرا، چونکە ئەندامی سەندیکابوون. سەرۆك و ئەندامانی (*Motor Vehicle Workers Trade Union*) لەوساوە خرانە زیندان و کەوتنە بەر سزای جەزادان و مانگانە برین.

*١٥ی تەمموز/ یۆلیو*

لە شاری دیاربەکر (ئەنور ئولەز) ئەندامی سەندیکای *Yol – Is Trade Union* لە لایەن پۆلیسەوە گیرا، دوای ئەوەی شەو بەسەر مالەکەیان دادا.

ژنەکەی (ئولەز) بۆ ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ *IHD* روونکردەوە، پۆلیس دەرگای مالەکەیانی بە کوتك شکاندووە تا لیی بیتە ژوورەوە و کەوتونەتە لیدانی هەردوو مندالی مالەکە (فەیزوللا – ١٥ سال) و (یەلیز _ ١٩ سال) .

هۆی ئەمە: چالاکی لە ریزی سەندیکاکان.

*٢٠ی ئەیلول/ سیپتەمبەر*

پۆلیس ٢٠ کریکار و کارمەندانی سەندیکای گرت کە لە ئیستەمبول مانیان گرتبوو، لە ئەنجامی کاربەدەرکردنی کۆمەلیك کریکار لە کۆمپانیایەکی گوازتنەوە. هۆی دەرکردنی ئەم کریکارانە ئەوەبوو کە ئەندامی سەندیکا بوون.

*٤ی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەر*

پۆلیس (ئیوارەیەك بۆ هاوکاری) قەدەغە کرد، کە کریکارە مانگرتووەکانی پیشەسازی پیستە لە شاری (توزلا) نیازیان بوو ئەنجامی بدەن.

پیویستە ئەم دەستدریژیانەی تا رادەیەك تۆزیك نەرمن لە بەر رۆشنایی پیشیلکردنی گشتگر و چەند جارەی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە سەیر بکری، کەوا دەستدریژی زۆر بە زەبر و توندوتیژ دەگریتە خۆی، وەکو ئەشکەنجەدان و سانسۆری رۆژنامەگەری و شوین بزرکردن و کوشتن و گوند سوتاندن.

راپۆرتەکەی سەندیکا سەربەستەکانی نیودەولەتی بەلگەیەکی روون و بەردەستە کە ئەوە پیشان دەدا، مافەکانی رادەربرین و سەربەستی کۆبوونەوە و مافی خۆریکخستن لە نیو کۆمەلە و یەکیتیەکاندا لە کۆمەلیك پەیماننامە نیودەولەتیەکاندا مافی زۆر گرنگن.

ئەمە نەك هەر بە تەنها لە پەیماننامەکانی *ILO* دا هەیە کە تورکیا مۆری کردوون و سەرپیچیشیان دەکات، بەلکو لە پەیماننامە مەزنەکانی *UN* و پەیماننامەی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤیشدا هەیە، کە مافە بنچینەییەکانی ئازادی بۆ موچەخۆر و نمایندەی سەندیکاکان مسۆگەر دەکات.

# پەرپووتی لە بواری ئازادی رادەربرین

لە ناوەراستی هەشتاکاندا چوومە ئەستەمبول بۆ سەردانی چەند ناسیاویکم لەنووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی سینەما و خەلکانیکی دی کە لە بواری راگەیاندنی کەلتوری کاریان دەکرد. زۆربەیان دۆست و برادەری هەردوو نووسەر (سارە ستینوس) و (ئیریك ستینوس) [١٢] بوون، هەر بۆیەش شارەزاییەکی باشیان هەبوو سەبارەت بە سیاسەتی کەلتوری دانمارك و ترادیسیۆنە (گروندڤی) [١٣] یەکان کە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە زانیاری خۆی لە خۆیدا جۆرە بەختیاریەکە.

کۆمەلیکی گەورەی نووسەران، لەوانە (کەمال ئوزەر) و (ئولکو تامەر) و (یەشار کەمال) و (ئۆرهان پاموك) و زۆرانی دی، دەزگای بلاوکردنەوەی خۆیان دامەزراندبوو لە پیناو پاراستنی ئازادی ووشە. هەر لەوساوە دەسەلاتدارانی تورك هەولی ئەوەیاندا کەوا سنوور لەبەردەم ئازادی دەربرین دانین. جار لە دوای جار دەست بەسەر چاپکراوەکاندا دەگیرا، بەلکو زیانی ئابووریان پیبگا. هەلبەتە گران دەوەستی ئەگەر مرۆڤ لە تورکیا نووسەر بی.

ژمارەیەکی زۆر لەو میرانەی ووشە لە سالی ١٩٩٤ بەشداری کۆبوونەوەی نووسەران بوون لە شاری (سیواش) لە ئەنجامدا ئاگریکی کوشندەی تراژیدی لە لایەن دەمارگیرە ئاینیەکان تیبەردرا.

---

[١٢] دوو نووسەری دانمارکین

[١٣] قەشە و شاعیر و رابەریکی رەوشەنبیریی مەزن و ناسراوی دانمارکە لە سەدەی نۆزدەهەم.

هەروەها ئەم نووسەرانە بەشێکن لەو ١١٠٠ رەۆشنبیرە تورك و کوردانەی لە هاوینی سالی ١٩٩٦ لەبەردەم دادگای ئاسایشی ئەستەمبول بە کاری جودایخوازی تاوانبار کراون، چونکە هەریەکە و بە شیوەیەك هاتۆتە زمان و داوای چارەسەریکی سیاسیان بۆ ئەو دووبەرەکیەی لەگەل کوردەکان کردووە.

٩٨ نووسەر تاوانبار کراون بەوەی بەشداریان لە ئەنتۆلوژیای (ئازادی بیر و گوتن) کردووە.

بە پیی ژمارە ٣٤ی ( *Update on the State and Affairs in Turkey* ) کە لە لایەن ئینستیتوی کوردیەوە لە پاریس دەردەچی، یەکی لە تاوانبارکراوەکان لەبەردەم دادگا گوتویەتی زۆر زەحمەت بووە بۆی تا منالە هەشت سالیەکەی تیگەیەنی کە تەنانەت بیرکردنەوە خۆی لەخۆیدا تاوانیکە لە تورکیا.

لەسەر هەمان شیوە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرە رووسەکان، ئەدەبی تازەی تورکی بە شیوەیەکی وروژینەر و هەژینەر نووسراوە. زۆر بە کەلکی ئەوە دیت کە بە دەنگی بەرز بخویندریتەوە، ئەدەبیکی ریالیستیە، زۆر جار وەکو ژیاننامەیەکە، لە هەمان کاتدا مۆری هاوبەشی و دەستەجەمی پیوەیە. بناغەی ئەم ترادیسیۆنەش نووسەری بی وینە نازم حیکمەت ١٩٠٢ – ١٩٦٣ داینا. ئەم شاعیرە بەشیکی زۆری ژیانی لە زیندان بەسەر برد، کتیبەکانی بۆ ماوەی ٢٧ سال قەدەغە بوون. لە کۆتاییدا نازم حیکمەت لە تاراوگە سەری نایەوە.

لە سەرەتایهەشتاکان لەگەل کۆمەلیك لە رۆژنامەنووس و نووسەران لە ئەستەمبول لە ناو کەشتییە _ پاسیك دانیشتبووین کە بە ناو ئاوی بسفۆردا دەخولایەوە. یەکی لە نووسەرە تورکەکان ئەم تیکستەی نازم حیکمەتی هینایەوە:

*رۆژەکان تاریکن*

*هەر رۆژە و هەوالیکی مردووان دیت*

*بە دەستی خۆمان*
*ئاگرمان بەردایە جوانترین جیهانەکان.*

نووسەرەکانی تر کە لەگەڵماندا بوون داوایان لێکرد بێدەنگ بێ. دوای چەندین ساڵ لە دوای مردنی نازم حیکمەت، تەنانەت بە ئینگلیزیش ووشەکانی هەر مەترسییان تێدا ماوە.

پاشتر لە دانیشتنێکی تایبەت کۆببووینەوە، گوێم لەم حیکایەتە ئەنەدۆڵیە بوو: پیاوێکی پیر و دانا بە کورێکی گەنج دەڵی کەوا کارەساتێکی ترسناك روودەدا. بیرەکانی گوندەکە ژەهریان تێدایە و هەرکەسێك لە ئاوەکەیان بخواتەوە مێشك و ئیدراکی نامێنی و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ دەکا.

هەرچەندەی کورە گەنجەکە دەکا و دەکۆشی تا خەڵکی گوندەکە ئاگادارکاتەوە، مەسەلەکە بۆ برا و برادەرانی روون کاتەوە، کەچی کەس باوەری پێناکا. ئیتر بۆ ئەوەی خۆی رزگارکا ناچار سەری خۆی هەڵدەگری و گوندەکە بەجێدیلی. دوای چەند ماوەیەك لە هەندەران رۆژێك غەریبی هەلدەستی و بیری گوند دەکاتەوە و زۆر پەریشانی ئەوە دەبی بزانی چی روویداوە. کە دەگەرێتەوە دەبینی هەموو لە ئاوەکەیان خواردۆتەوە و ئیتر کەس بیر و مێشکی لا نەماوە.

لەگەڵ ئەوەی هەموو خەڵکی گێژ و وێژ بوونە و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن، کەچی ئەو هەوڵی ئەوە دەدات سەرلەنوی خۆی بە ژیانی گوندەکەی رابێنێتەوە.

بەلام ئەوەی لە هەموو شتێك زیتر خەمباری دەکا ئەوەیە، هەموو خەڵکەکە وا دەزانن ئەو شێت بووە، وەکو شێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. سەرەنجام بارەکە دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ کە ئیتر توانای بەرگەگرتنی نامێنی و یەکسەر ئەویش دەچێتە لای بیرەکە و ئاوەکە دەخواتەوە. بەم جۆرە ئەویش زەینی تاریك دەبی و قسەکردنی ئاڵۆز و پاڵۆز دەبی.

کە (یەشار کەمال) ی نووسەر و کاندیدی پاداشتی نۆبل، لە سالی ١٩٩٦ بە هۆی ووتارەکانی سەبارەت بە ئازادی رادەربرین تاوانبار کراو پاشانیش حوکمی زیندان کرا، من بیرم لەم حیکایەتە کردەوە.

بە رای *Lasse Ellegaard* (لاسە ئیلەگۆو) کە لە رۆژنامەی *Informatio* رۆژنامەنووسە، ئەم حوکمە رۆشنبیرانی تورکیای دابەشی سەر دوو بەرە کرد.

کەمالیستەکان وای بۆ دەچوون کە (یەشار کەمال) دەبوایە جیاوازیەك بکات لەنیوان کوردەکان و *PKK*، ووتارە بزوینەر و یەخەگرەکەی لە گۆڤاری *Der Spiegel*زیانی زیتر بووە لە قازانجی بۆ خەبات لە پیناوی دیموکراتی.

هەرچی لایەنگیرانی (یەشار کەمال) بوون رایان وابوو، مرۆڤ ناتوانی باسی مەسەلەی ئازادی دەربرین بکات بی ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو هەموو شالاو و هیرشە سیاسیانە بکات کە دەولەتی تورك دەیانکاتە سەر مافی ئازادی گوتن و نووسین.

ئەم حوکمە بوە مایەی نارەزاییەکی توند لە هەموو دونیا.

نووسەری ئەمەریکایی *Arthur Miller* لە مانگی نیسان/ ئەپریلی سالی ١٩٩٦ لەبارەی حوکمەکەوە گوتی :

(ئای کە چ ئەبسوردیەتیکی- نامافولیەتیکی- ئازار گەیەنەرە. ئەگەر مەسەلەکە ئەوەندە گرنگ و جیدی نەبایە، لەوانە بوو وەك بابەت بۆ کۆمیدیایەك بشیابایە. بەلام کۆمیدیا کەمە لە بەردەمی تۆ و ئازادی تۆ وەك مرۆڤ. ئەو هەموو خەلکەی لە سەراپای دونیا لە ریگای کتیبەکانت و خەریکبوونت بە کاری مرۆڤایەتی تۆ دەناسن، ئەم خەلکە لەم هەلویستەی ئیستادا بە گیان لەگەلتدان. من دلنیام ئەوان بە رق و بیزەوە سەیری ئەم بریندارکردنەت دەکەن و ئەو پەری ریز لە بەرامبەرت دەنوینن).

٢٨٠٠ کەس لە ئەندامانی *PEN* [١٤] لقی ئەمەریکا بە هەمان شیوەی لقی دانمارك و زۆرانی دی نارەزایی خۆیان بۆ تورکیا نارد.

[١٤] ریکخراوی نووسەران

بەندی ١٩ لـە ئاگانامـەی جیهانیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـەبارەت بـە مافـەکانی مـرۆڤ هـەق دەداتـە (یەشـار کـەمال) و لایـەنگرەکانی و پشـتی ئـەوان دەگریـت. مـافی رادەربرین بە ئازادی مافیکی سیاسی گرنگە. نابی سانسۆری لەسەر هەبی. بـە واتایـەکی تر، دەسەلاتداران لە بنەرەتدا بۆیان نیە تیکەلی ئەوە بن ئـاخۆ هاوولاتیـان چـی دەلیـن یاخود چی دەنووسن. بەلام مافی دەربرین بە ئازادی روانگەیەکی تریشی هەیـە، ئـەویش مافی بەدوادا گەران و وەدەسـهینانی زانیاریـە. بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بتوانـی بـە ئـازادی رای خۆی دەربری، چالاکانە بەشداری ژیانی کۆمەل بکات، پیویستە بۆی هەبی دەستی بگاتە زانـین و زانیـاری. بەداخـەوە زۆر نموونـەی ئـەوتۆمان نیـە کـەوا ئــەم چەشـنە ئــازادی دەربرینە لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە پەیرەو دەکری.

هەموو کەسیش ئەو دەرفەتەی نیە وەکو (یەشار کەمال) کـە لـە دونیـادا ناسـراوە، یاخود وەکو کچە رۆژنامەنووسی ئاژانسی رۆیتەر (ئەلیزا مارکوس).

ئەم کچە زنجیرە ووتاریکی سەبارەت بە شەری دژ بە *PKK* لەخوارووی رۆژهەلا تی تورکیا نووسی. (ئەلیزا مارکوس) بە (گرتیخستنی رقابەرایەتی نەژادی و رەگەزایەتی) گوناهبارکرا. چەند کۆمەلیکی ئەمەریکی دەستڕۆیشتو نارەزایی خۆیـان دەربـری و ئیـتر تورکەکان وازیان لیهینا بەو مەرجەی تورکیا بەجی بیلی، ئیمـرۆش وا لـە قوبـرس وەك پەیامنیری رۆیتەر کاردەکات.

بە هەمان شیوە (یوسف یەسلیگۆز) ی خاوەن بنکەی چاپەمەنی و بلاوکردنەوە بەوە رزگاری بوو کە نەژادنامەی سویسری هەیـە. هەرچـەندە ئـەویش لـە مـانگی حوزەیران/ یونیوی سالی ١٩٩٦ لە فرۆکەخانەی ئەستەمبول گیرا لەبەر ئەوەی کتیبیکـی بە زمانی ئەلمانی بلاو کردبۆوە لە ژیر ناونیشانی ( دەروازەیەك بۆ ئەدەبی کوردی ).

ئەمانە لە کاتیکدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیـا لـە سـالی ١٩٩٥ فۆلدەریکـی لـە بـارەی مافەکانی مرۆڤ لـە تورکیـا بـە زمـانی ئینگلیزی لـە چاپ دا. دوو لاپـەری فۆلدەرەکـە بریتیە لە لیستەیەك بەناوی ئەو چاپەمەنیە کوردیانەی لە تورکیا بلاوکراونەتەوە.

هەر لە سالی ١٩٩٤ وە بالویزی تورکیا لە دانمارك ئاشکرای کرد کەوا یەکیك لەو حکومەتە فرە پارتە دوا بەدوای یەکانەی تورکیا نیشانەی ریفۆرمی ئەوتۆی پیشانداوە، کە بواری ئازادی دەربرین چاکتر دەکات.

ئەو کاتە (تانسۆ چیلەر) سەرەك وەزیران بوو. لەگەل وەرسوورانەوەی سالی ١٩٩٦/ ١٩٩٧ بوو بە وەزیری دەرەوە لە کۆحکومەتدا لەگەل پارتی رەفاهی ئیسلامی، کە لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ پیشنیاری یاسایەکی خستەروو بۆ زیدەکردنی کۆنترۆل بەسەر ( میدیاکان ) دەزگاکانی راگەیاندن لە تورکیا.

بە پیی رۆژنامەی *Information* (چیلەر) روونی کردۆتەوە کە گوایە مەبەست لە پیشنیارەکە دانانی سنووریك بووە لەبەردەم سەرۆك دەزگاکانی راگەیاندن کە بە جۆریك هەلس و کەوتیان کردووە وەك ئەوەی بلیی لە سەرووی خەلکەوە بن و ئەوە رەت دەکاتەوە کە مەسەلەکە دانانی سانسۆر بیت.

(چیلەر) یەکیکە لەو سیاسەتمەدارانەی زۆرترین جار بە خراپی لە لایەن میدیاکانەوە باسی کراوە. لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ کارەساتیکی ئوتومبیل پەردەی لەسەر ئەوە هەلمالی کەوا چۆن خەلکانیك لە سەرکردایەتی پۆلیس، لەگەل سیاسەتمەداریك و سەرۆك مافیایەکی ناشیونالیستی راسترەو لە بواری قاچاخچییتی چەك و بازرگانی هیرۆیین بەیەکەوە کاردەکەن.

وەزیری ناوخۆ (مەمەد ئاگار) کە پیشتر سەرەکی پۆلیس بوو بە ناچاری دەستی لەکار کیشایەوە، لەبەر ئەوەی دەستی لە رووداوەکەدا هەبوو.

میدیاکانی تورکیا زۆرتر ئاماژەیان بۆ تیوەگلانی (چیلەر) کرد لەم مەسەلانەدا. خۆی و میردە بازرگانەکەی (ئوزەر چیلەر) لە لایەن زۆر لە رۆژنامەکان گوناهبارکران بەوەی بەشدارن لە بەرپرسیاریەتی کۆمەلیك کاری خراپ و بەرتیل خۆری و گویراگرتنی لەژیرەوە لەو کاتانەی لە گەل سەرەك وەزیرانی پیشووی کۆنسەرڤاتیف (مەسعود یەلماز) حکومەتی هاوبەشیان هەبوو.

پێشنیارەکە سنووری ئەوەندە مەزنی لە بەردەم بواری میدیاکان دانا بوو، تا نەتوانن خۆیان لە مەسەلە ناسکەکان بدەن، بە رادەیەك (سلیمان دیمیریل) ی سەرەك کۆمار ڤیتۆی لە دژی پێشنیارەکە بەکار هێنا، ئەمە شتێکی زۆر نائاساییە لە سیاسەتی تورکیا. ئەمە لەدوای ئەوە بوو کە خاوەن رۆژنامە گەورەکانی تورکیا وەکو(حورییەت) و (میللییەت) و (سەباح ) و (جمهوریەت ) و زۆرانی تر، رویان کردە (ستراسبۆرگ) تاوەکو داوای یارمەتی لە ئەنجومەنی ئەوروپی بکەن.

لەوانەیە ئەم جۆرە نموونانە لە روانگەیەکی دانمارکیەوە شتی خراپ (نیگەتیڤ) بن، بەلام بە رەچاوکردنی باری تورکیا ئەم شتانە نیشانەی ئەوەن کە هەندی تەرزە بیرکردنەوەی دیموکراتی بۆیان هەیە لە هەلویستی تایبەتدا سەرکەون. بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا بارودۆخیکی ترسناکە.

واقیعە دلتەزینەکە لە پوختەی راپۆرتەکانی ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی ١٩٩٠ – ١٩٩٥ دەبینری. لە ماوەی پینج سال دەسەلاتداران ٣٨٩ گۆڤاریان داخستووە. ١٢٤٩ کتیب و گۆڤار دەستی بەسەردا گیراوە و ٢١٩ نووسەر و رۆژنامەنووس خراونەتە زیندان. نموونەکان زۆرن و دلتەزینن.

بە پیی ژمارەی رۆژی ١٩٩٤/٨/٩ ی رۆژنامەی *Information* ، ئۆتومبیلەکەی سەرنجدەری بە توانای رۆژنامەی جمهوریەت (ئوگور مومجو) سەر لەبەیانیەك لەبەردەم مالی خۆی لە ئەنقەرە تەقیندرایەوە، لەو کاتەی خەریك بوو پیی بنیتە ناویەوە.

ئەم رۆژنامەنووسە لەم ئانەدا خەریکی ئامادەکردنی ووتاریك بوو لە بارەی پۆلیسی نهینی تورکیا.

لە مانگی ئاب/ ئۆگۆستی سالی ١٩٩٥ ماسیگریك لاشەی شیویندراوی رۆژنامەنووس (فەرهاد تەپە)ی دۆزیەوە کە تەمەنی تەنها ١٩ سال بوو.

چەند رۆژێك لە دوای ئەمە ئافرەتی رۆژنامەنووسی تەمەن ٢٢ سال (ئایسەل ماكاج) بە سكی پڕەوە كە لەسەر مندالبوون بوو، شوین بزر بوو، تا ئیستاش نەدۆزرایەوە.

رۆژی ٨ ی كانوونی دووەم/ ژانوەری سالی ١٩٩٦ ئاژانسی رۆیتەر رایگەیاند كە لە كاتی یەكی لە چالاكیە وەرزشیەكان لە ئەستەمبول پۆلیسی تورك ئەوەندەیان لە رۆژنامەنووسی ٢٧ سالی (مەتین گۆكتەپە) داوە تا گیانی دەرچووە.

تاكە شتیكی (باش _ پۆزەتیف) كرابی لە ئەنجامی ئەم نموونە تراژیدیەی ستەمی درندانەی پۆلیس ئەوەبووە، كە ئەم مەسەلەیە لە پەرلەمانی توركی لە ١٥ ی تشرینی یەكەم/ئۆكتۆبەری سالی ١٩٩٦ كەوتە بەر گفتوگۆ و لیدوان.

رۆژنامەنووسی لە توركیا بۆتە پیشەیەكی ئەوتۆ مەترسی ژیانی لیدەكری.

رۆژنامەی *Űzğür Ğündem* ی بە زمان توركی و بە خاوەن كوردی، قورسترین زەبری بەركەوتووە. لەو ساوەی لە سالی ١٩٩٢ بۆ یەكەم جار دەرچووە و تا ئیستا زیاتر لە ٢٠ رۆژنامەنووسی لی كوژراوە و پتر لە ٣٠٠ ی لی گیراوە و بە پیی زانیاریەكانی ریكخراوی مافەكانی مرۆڤ *IHD* زۆریان ئەشكەنجە دراون.

بە تەنها لە سالی ١٩٩٦ رۆژنامەكە زیتر لە ١٠٠ جار دراوەتە دادگا، جار بە دوای جار بە سەر نووسینگەكانی دا دراوە و دەستی بەسەردا گیراوە و هەروەها بۆ ماوەی دوورو دریژ داخراوە.

(كارولینا مورهید) لە *Index on Censorship* روونی كردەوە كە (ئیزمەت ئیسمەت) بەرپرسیاری نووسین لە رۆژنامەی *Turkish Daily News* ناویری بگەریتەوە توركیا پاش ئەوەی لە سالی ١٩٩٤ لە بەردەم كۆنگراسی ئەمەریكا قسەی كرد. هەرچەندە گەرەنتی ئەوەشی درایە كە قسەكانی دەرنەچن، كەچی لەگەل هەندیش قسەكانی گەیشتەوە دەسەلاتدارانی تورك.

(ئیسمەت) تارادەیەك وتاری هاوسەنگپاریزی لە بارەی کوردەکان نووسیوە، چەندین سالە لەم رۆژنامە تورکیە کاردەکات کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچیت (ئیلنور جەڤیك) کە راویژکاری سەرۆك (دیمیریل) بووە، خاوەنی ئەم رۆژنامەیەیە..

لە یەکی لە سەردانەکانم بۆ تورکیا (جەڤیك) گوتی بەردەوام مانگانە دەداتە (ئیسمەت) کە ئیستا لە سەر ویستی خۆی لە مەنفا لە لەندەن دەژی.

من لە راستی ئەم قسەیە ویکەوتم کاتی لە سالی ١٩٩٦ (ئیسمەت) م لەدیداریك لە لەندەن بینی. دیدارەکە پەیوەندی بە کۆبوونەوەکانی ئاشتی لایەنە کوردیە عیراقیەکانەوە هەبوو، بە ئامادەبوونی نوینەرانی ئەمەریکا و تورکیا. تەنانەت پەیوەندیکردن بە نیوەندە سیاسییە دەسترۆیوەکانی ناو تورکیاش نەیتوانی یارمەتیەك بۆ رۆژنامەنووسیکی بیلایەنی وەکو (ئیزمەت ئیسمەت) دابین بکات.

دەسەلاتدارانی سەربازی تورکیا لەم سالانەی دواییدا رۆژ بە رۆژ هەلویستی زیدە ناکۆکیان دژ بە رۆژنامەنووسان و میدیاکان وەرگرتووە، هەروەکو لە کۆریك و لە راپۆرتیکی سالی ١٩٩٣ دەردەکەوی.

زانیاریەکان لەم لایەنانە وە هاتوون: ***British Bar Human Rights Committee*** ریکخراوی ئەلمانی مافەکانی مرۆڤ ***Medico International*** ، و ***Kurdish Human Right Project***.

راپۆرتەکە بە زیتر لە سەد بەند و برگەی یاسایی تورکیادا دەچیتەوە، کە راستەوخۆ ناکۆك و دژوارن لەگەل بەلگەنامە یاساییە نیودەولەتیەکان، کە یەکیك لەوانە ریکەوتننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایە. ناکۆکی و دژواریەکان بۆ نموونە، لە بوارەکانی ئازادی دەربرین و ماڤ دادگایی کردن بە شیوەیەکی دادپەروەرانە و پاراستن لەبەردەم جیاوازی نەژادی و زۆری دی.

ریکخراوەکان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە خودی بەند و برگە یاساییەکان و بەکارهینانیان لە نیو سیستەمی دادگایی گیروگرفتیکی ئەوتۆ نیە.

گرنگترین سکالا و پەلپی کۆرەکە و راپۆرتەکە لەسەر بوونی یاسای دژ بە _ تیرۆر *Anti –terror* ی تورکیە کە دەسەلاتیکی بی سنوور دەبەخشی بۆ وەلاوەنانی پرینسیپە دادگاییە تورکی و نیودەولەتیەکان.

ئەم ریکخراوانە لە راسپاردەکانی خۆیاندا دەلین کەوا دان بەوەدا دەنریت کە حکومەتی تورکیا لە ناکۆکی و دووبەرەکیەکی چەکدار ئالاوە لەگەل *PKK* لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیادا، *PKK* لە زۆر حالەتدا خۆی تووشی خەتاباری کردووە بە کاری توندوتیژ و کوشتنی کارمەندانی رۆژنامەگەری و داپلۆسینی ئازادی دەربرین. بەلام لەگەل هەندیش ریکخراوەکان رایان وایە حکومەتی تورکیا پیویستە لە ئاستی بەرپرسیاریە نیشتمانی و نیودەولەتیەکاندا بیت و ئەو ریفۆرمە دەستنیشانکراوانە لە دەستوور و لە کۆمەلیك یاسای تایبەت ئەنجام بدات.

خۆ هەر رۆژنامەنووسان بەتەنها نین کە گیروگرفتی سەربەستی دەربرینیان هەیە. رۆژنامەی *Turkish Daily News* لە ژمارەی رۆژی ١٦ ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ ئاشکرای کرد کەوا پۆلیس هونەرمەندی ناسراوی مۆسیقا و کاری مافەکانی مرۆڤ (سانار یورداتاپان) ی گرتووە. بەوە تاوانباریان کردووە کەوا خەریکە فیلمیکی دوکۆمەنتار لە سەر کوشتنی رۆژنامەنووسە کوردەکان لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دەردەکا، بەلام بە قسەی (ئەرەن کەسکین) ی پاریزەری، ئەو تەنها مۆسیقای بۆ فیلمەکە داناوە.

هۆی راستیش وادیارە ئەوە بوو فیلمەکە لە کەنالی سەتەللایتی کوردی *MED-TV* پەخش کرا.

*MED – TV* لە ئادار/ مارتی ١٩٩٥ وە پرۆگرامە کوردیەکانی بۆ ملیۆنەها مالە کورد لە هەموو جیهان بلاوکردۆتەوە. بۆ یەکەم جار کوردەکان توانیان پرۆگرامی کوردی ببینن و بە کوردی گوی لە گفتوگۆ و مشتومری سیاسی چەندین بابەتی جیاجیا بگرن. لە هاوینی سالی ١٩٩٦ تورکیا زۆری لە وولاتانی وەك فەرەنسا و ئەلمانیا کرد تا ری بە

کۆمپانیاکانی تەلەفزیۆن بگرن و قەدەغە دانینە سەر ئەوەی لەگەڵ *MED – TV* لەسەر پەخشکردنی پرۆگرامەکان ریککەون. ری گرتنەکە وای کرد*TV – MED* لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی ریککەوی کە بەرنامەکان لە لەندەنەوە بلاو بکاتەوە. لە ئەنجامی ئەمەوە وای لیهات لە دوادوایی سالی ١٩٩٦ قەدەغەکەشیان هەلگرت.

لەو بەشەی ئەم کتیبە کە (ڤیللۆ سیگوردسن) نووسیویەتی بە ووردتر باسی کاروباری ریکخراوە کوردیەکان دەکری، لە بەشەکەی (سورین سونەگۆو) باسی نموونەی ئەو هەولانە دەکری کە بالویزخانەی تورکیا دەیاندا لە پیناو فشار خستنەسەر سەربەستی دەربرین لە لایەن کوردەکان و تورکەکان لە دانمارك.

چونکە لە دانمارکیشەوە رۆژنامەنوسە کوردەکان بۆ میدیا کوردیەکان کاردەکەن و بنکەشیان لە دەزگای زانیاری کوردیەکانی *ERNK* دایە.

حکومەتی دانمارك بەربەستی لە ریگای سەربەستی دەربرینی کوردەکان دانەناوە، لە شیوەی ئەو بەربەستەی بۆ نموونە لە ئەلمانیا هەیە.

(نیلس هیلڤی پیتەرسن) ی وەزیری دەرەوەی دانمارك لە نامەیەکیدا بۆ من لە ١٩٩٤/٥/٤ نووسیویەتی: کردنەوەی نووسینگای زانیاری لە دانمارك تەواو ئازادە، بەو ئەندازەیەی ئەو چالاکیانەی لەم نووسینگانە ئەنجام دەدرین، بە شیوەیەکی یاسایی بەریوە بچن و لەگەڵ یاساکانی دانمارك برۆن. ئیتر بەم شیوەیە هیچ بەربەستیك لە ریگای ئەوەدا نیە کە نووسینگەی زانیاری لە کۆپنهاگن بکریتەوە.

سنووردانان لەبەردەم سەربەستی دەربرین لە تورکیا زیتر ریکخراوە مرۆڤایەتیەکان دەگریتەوە، کە خەریکی مافەکانی مرۆڤن.

ریکخراوی *IHD* لە مانگی ئایار/ مایسی سالی ١٩٩٦ کتیبیکی بلاوکردەوە بە نیوی (میژووی مافەکانی مرۆڤ) ( *Insan Haklari Tarihi* ). هەر سی رۆژ دوای دەرچوونی کتیبەکە دەستی بەسەردا گیرا.

(ئوزجان ساپان) ی خاوەن دەزگای بلاوکردنەوە و (ئەرۆل ئانار) ی نووسەر هەردووکیان دوا بەدوای ئەمە بە (پالپشتیکردنی پروپاگەندەی جودایخوازی لە دژی یەکییتی دەولەت) تاوانبارکران.

لەمەش زیتر نووسەری کتیبەکە تاوانیکی تری خرایە پال بەوەی لەبەشی (مەسەلەی کورد) نوسیویەتی کەوا کوردەکان سەر بە کەلتوریکی ترن کە کەلتوری تورکی نیە، کوردەکان هەر لە کاتی ریککەوتننامەی لۆزان (*Lausanne*) لە سالی ١٩٢٣ کەوتونەتە بەر شالاوی راونان و داپلۆسین. (ئانار )لە کاتی بەرگری لەخۆکردن لە ٣/ تشرینی یەکەم _ ئوکتۆبەری/ ١٩٩٦ بۆ دادگای ئاسایشی دەولەتی نووسیوە کەوا پینج سال خەریکی نووسینی کتیبەکە بووە. زیتر لە ٢٠٠ سەرچاوەی ناوخۆ و دەرەوەی بەکار هیناوە، لەوانەش هەندیك لە بەلگەنامەکانی *UN* .

(ئانار) لەو رایەی خۆی پاشگەز نابیتەوە کە کەلتوری کوردەکان جیاوازە لەوەی عەرەب و فارس و تورك. هەروەها بەرگری لەو راستیە میژووییە دەکا کە کوردەکان بۆ چەندین سەدە وەکو کەمەنەتەوایەتیەك لە ئیران و عیراق و سوریا و تورکیا بە ژیردەستی ژیاون.

هەروەها (ئانار) جەخت لەسەر ئەوە دەکا کتیبەکە بەلگە دینیتەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە سەر بناغەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتی و چارەسەریکی ئاشتیانە نەوەك سەربازی. ( بەکارهینانی هیزی سەربازی لە دژی مافەکانی کەمەنەتەوایەتیەکان لە جیاتی باشتر کردنی ئەو مافانە، وەکو ئەوە وایە قفلیك لە کیشەکە بدەی. چارەسەر ئەوەیە مافی کەمەنەتەوایەتیەکان بدریتە کوردەکان، کەش و هەوایەك بۆ کوردەکان بخولقیندری، کە لە سایەیەوە بتوانن ناسنامەی کەلتوری خۆیان دەببرن).

(ئانار) لە دوادوایی نامەی بەرگریکردنەکەی لە بەردەم دادگا، ئەم قسانەی حەزرەتی عیسا دینیتەوە کە ئاراستەی دەسەلاتدارانی سەردەمی کۆنیان دەکا :

(ئەگەر قسەکانم هەڵەن، فەرموو پێم بڵێن ناراستیەکەم لە کوێیە، ئەگەر قسەکانیشم راستن ئیتر بۆچی سزا بدریم ؟)

(ئانار) نامەکەی تەواو دەکات و پێی لەسەر ئەوە دادەگری هیچ ووشەیەك لە کتێبەکەی نیە بۆ دەربرینی (مەبەست و بیری تاوانکاری) نووسرابێت.

(ئەرۆڵ ئانار) بە هەمان بەندی یاسا تاوانبار کرا کە (لەیلا زانا) ی ئەندامی پەرلەمانی پێ ١٥ ساڵ خرایە زیندان.

ئەم نووسەرەمان کە قسەکانی حەزرەتی عیسای بە نموونە هێنابۆوە وەکو دژواریەکی تراژی _ کۆمیدی لە رۆژی ١٩٩٦/١٢/٢٤[١٥] لە شاری ئەستەمبول دادگایی کرا.

دادگایی کردنی کتێبەکە و مێژووی مافەکانی مرۆڤ تا ئیستا بەرزترین و دیارترین خاڵە لە بواری داپلوسینی روو لە زیادە و سەرکوتکردنەوەی سەربەستی دەربرین لە تورکیا.

ئەم مەسەلەیە نەك هەر بە تەنها ئەوە پیشان دەدا کەوا چۆن سەرپێچی بەندی ١٩ ی ئاگانامەی جیهانی *UN* سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و بەندی ١٠ ی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا دەکرێت، بەڵکو نیشانەی ئەوەشە کەوا چۆن شەری حکومەتی تورك لە دژی هەموو ئازادیەکی بیر و دەربرین دەگاتە ئەوەی تەنانەت لە دژی مێژووی مافەکانی مرۆڤیش داوا قەید بکات _ داوایەك، کە دەوڵەتی تورك خۆیشی ناتوانی تیایا سەرکەوی.

---

[١٥] ١٢/٢٤ رۆژی لە دایك بوونی حەزرەتی عیسایە.

# زیندانییە سیاسییەکان

بە ماوەیەکی کەم بەر لە جەژنەکانی کریسمسی سالی ١٩٩٦ ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا فاکسیکی *SOS* ی دەرکرد. ئەم فاکسە هاواری بەهاناهاتن بوو بۆ پشتگیری کردنی یەکیك لەو هەزار هەزارە زیندانیە سیاسیانەی لە تورکیا گیراون. ئەم گیراوە ناوی (رەشید کەیران) ە. ئەم دە سالەی دوایی لە زیندانی *Merkez Kapali Cezaevi* لە ئەنقەرە بەسەر بردووە.

(رەشید کەیران) تەمەنی ٣٥ سالە و ١٨ سال حوکم کراوە. هەرچەندە تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بووە و بەر ئەشکەنجەدان کەوتووە، کەچی کاربەدەستان داو و دەرمان کردنیان لی قەدەغە کردووە.

سی بەندی تر لە هەمان زیندان مردوون، چونکە ریگای دوکتۆریان نەدراوە بۆ چارەسەرکردن. هیچ ژمارەیەکی رەسمی لە بەردەستدا نیە ئاخۆ چەند بەندی و گیراو لە زیندانەکانی تورکیا دەمرن، بە هۆی چارەسەر نەکردنیان یاخود پشت گوی خستنیان.

کە سەرۆکی لیژنەی دادگایی لە ناو پەرلەمان[١٦] (بیۆرن ئیلمکویست) لەگەل پرۆفیسۆر (ئیریك سیسبوی) نوینەری کۆمیتەی هیلسنکی دانمارکی سەریان لە زیندانەکانی تورکیا دا، دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە بارودۆخیان خراپن و گیراوەکان مامەلەی خراپ و ناشیرینیان دەرهەق دەکری. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر جار

---

[١٦] مەبەست پەرلەمانی دانمارکە

بەندیەکان یاخیبن، ئـەوەتا دواتریـن یاخیبونیـان ئـەوەی پـاییزی سـالی ١٩٩٦ بـوو کـە تیایا ١٢ زیندانی لە ئەنجامی مانگرتنیان لە خواردن مردن.

یـەکێك لـە هـەرە ناسـراوترین زیندانیـەکانی تورکیـا ئـافرەتی کـورد و ئـەندامی پەرلـەمان (لـەیلا زانـا) یـە. لـە سـالی ١٩٩١ وەك نوینـــەری پـارتی دیموکراتـی *DEP* بـۆ پەرلەمانی تورکیا هەلبژیردرا.

(لـەیلا زانـا) خــەلکی دیاربــەکری (پایتــەختی) کـوردە، کـە دەکەویتــە خـواروی رۆژهەلاتی تورکیا. لەگەل ١١ کەسی دی لە سالی ١٩٩٤ بە (جودایخوازی) تاوانبار کرا.

ئـەو بـەرگری و پاریزگاریـەی پەرلەمــەنتارەکانی *DEP* هـەیانبوو، هــەلگیرا و بـۆ ماوەی چوار رۆژ لە ناو بینای پەرلەمان لە (تاراوگە) دا بوون.

کە بیناکەی پەرلەمان لە کۆتایی هەفتە داخرا، پۆلیس لە دەرەوە ئامادە بوو، ئیتر (لەیلا زانا) ١٥ سال حوکم درا و یەکێك لە هۆیەکانی ئەوە بوو کەوا لـە نـاو پەرلـەمانی تورکیا بە کوردی قسەی کردووە.

رۆژی پینـج شەممەی ٢٧ ی ئەپریل/ نیسانی سالی ١٩٩٥ لەگەل چەند کەسانیکی تـر لەوانــە ســەرەك وەزیرانــی پیشـوو (ئەنکــە یۆرنســن) و (لاســە بۆدتــز) و ( ڤیلــۆ سیگوەردسن) و (نیلس بارفۆید )ی سـەرەکی *PEN* ی دانمـارك چوینـە سـەردانی (لـەیلا زانا) لە بەندیخانەی *Ulucanlar* لە ئەنقەرە. بەندیخانەکە وەك تەویلەیەکی ئەسپان لـە سـالی ١٩٢٠ دروسـت کـراوە و یەکیکـە لـە هــەرە بەندیخانــە نــاخۆش و ســەرەتاییەکانی تورکیـا. (لــەیلا زانــا) روونــی کــردەوە کــەوا بــە هــۆی نەخۆشــی ئیسـقان بــراوە بـۆ خەسـتەخانە و داو و دەرمـان کـراوە، هـەروەها سـەرەرای هەلومـەرجی نـاخۆش، کـەچی ئەو باشترین ژووری لە زینادنەکە هەبوە.

ژوورەکـەی ئـەو لـە دوو چـاوە پیـك دەهـات. چاوەیـەکیان دوو پاسـەوانی ئـافرەتی تیدایـە، بەشـەو و رۆژ خـەریکی چاودیری کردنـی ئـەون. یــەکێك لــە هۆیــەکانی ئــەم

چاودیری کردنە باری تەندروستیەتی. لە هەمان کاتدا چاودیری کردنەکە جۆریك لە دلنییایەکیشی پی دەبەخشی. تاکە پەنجەرەی ژوورەکە پینج مەتر لە بەرزیدایە، تەنها لەوێوە رۆناهی رۆژی بەرچاو دەکەوی، ئەمە بیجگە لەو جارانەی سەردانی دەکری یاخود هەفتەی جاریك یاری باسکیتبۆل دەکات.

لە مانگی شوبات/ فیبریوەری سالی ١٩٩٥ بۆ یەکەم جار ریگای پیدرا چاوی بە ئەندامەکانی تری *DEP* بکەوی. ئەم ئەندامانە بۆ ماوەی یەك سال تاك تاك و لە ژوری تەنها بەند کرابوون. (لەیلا زانا) لە ریگای یاری تۆپینەوە توانی میردەکەی ببینی، کە ئەویش گیراوە. هۆی گیرانی هەردووکیان دەگەریتەوە بۆ ئەوەی داوای مافەکانی دانیشتوانە کوردەکانیان کردووە، کە دەوروبەری چارەگی سەرجەمی دانیشتوانی تورکیان. منالەکانیان رەوانەی لای هەندی برادەر کراون لە فەرەنسا.

زیندانیەکانی نیو ئەم بەندیخانەیە هەردوو بابەتی تاوانکاری ئاسایی و زیندانی سیاسیشی تیدایە. (لەیلا زانا) ئارەزووی کرد تەنها وەلامی پرسیارە سیاسیەکان بداتەوە، چونکە - وەکو خۆی ووتی - من بە هۆی سیاسەتەوە لیرەم و لە ژیر هەر هەلومەرجیکی سیاسیدا بژیم ئەوا من کاری سیاسی خۆم هەردەکەم. (لەیلا زانا) گوتی ئیمە دەمانزانی مەترسی گرتنمان لەسەرە. بەلام بارو زروفمان لە زیندان وورده وورده باشتر بووە، چونکە سەنگاییەکی نیودەولەتی خراوەتە سەر حکومەت. ئەوە بە لای ئیمەوە زۆر بە نرخ و گرنگە کە خەلکی بیگانە سەرنج دەنوینن بەرامبەر بە ئیمە و گەلی ئیمە.

حکومەتی تورك بە دریژایی دادگایی کردنەکە دەیگوت سیستەمی سیاسی ناتوانی تیکەلی کاروبار و بریارەکانی دادگا بیت، چونکە دیموکراتی لە تورکیا هەیە.

بەلام لە سالی ١٩٩٥ سەرەك وەزیرانی ئەوسا (تانسۆ چیلەر) گوتی ئەو خۆی بە تەنها وای کرد *DEP* تاوانبار بکریت و حوکم بدریت. بە رای پەرلەمانتارەکانی *DEP* (چیلەر) بەم جۆرە خۆی سەرپیچی دەستووری تورکیای کردووە.

(لەیلا زانا) ئەوەی خستەرو كەوا شتی لەو بابەتە لە وولاتانی دیموكراتی راستەقینە رووی نەداوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان كە سەر بە یەك پارتن زیندانی بكرین.

(لەیلا زانا) ئەوەی روون كردەوە لە كاری سیاسی توركیا دوو هیز هەیە. یەك لەو هیزانە رۆناكی خوازن و ئەوی دیكەیان تاریكی خواز، لیرەدا ئاماژەی بۆ ئەم گفتوگۆیە كرد كە سەبارەت بە دیموكراتیكردن و گۆرینی یاساكان لە ئارادایە. هیزی ئەوتۆ هەیە دەیانەوی پەیوەندیان لەگەل ئەوروپا باشتر بكەن و دەیانەوی چارەسەری عەسكەریانەی كیشەی كورد راگرن. هیزی دیش هەیە رایان وایە مەسەلەكە تەنها قەلاچۆكردنی تیرۆریزمە، هەموو لایەنەكانیش هەر توركن. ئەم كۆمەلە كەمترن، بەلام هیزیكی زۆریان هەیە.

یەكیك لەو تاوانانەی خراوەتە پال سیاسەتمەدارەكانی *DEP* و خەلكانیكی وەكو (یەشار كەمال) ی كاندیدی پاداشتی نۆبل، دەگریتەوە بۆ بەندی ژمارە ٨ ی بەدناو لە یاسای ئەنتی - تیرۆر، كەوا هەموو دەربرینیك قەدەغە دەكات كە شیوەی جودایخوازی هەبیت.

لە لایەنی رەسمیەوە هەموو ئاخاوتنیك لەبارەی بوونی كەمە نەتەوایەتیەكی نەژادی، تاوانە.

ئەو قورساییەی خرایە سەر حكومەتی توركیا لە لایەن كۆمەلگای نیو دەولەتی، وای كرد(چیلەر) ی سەرەك وەزیرانی ئەوسا، بەلینی ئەوە بدات كەوا بەندی ژمارە ٨ لابەری. بەلام (لەیلا زانا) چاودیریكەرە سیاسیەكانی دی لەو باوەرەدان هەتا ئەگەر بیتو لیبوردنیكیشیان بدریتی لە ئەنجامی یاسا گۆرین، ئەوا ناوەرۆكی ئەم بەندە دەخریتە نیو یاسایەكی ترەوە، جاریكی دی حوكم دەكرینەوە. (لەیلا زانا) دەلی بیركردنەوە ئازادە لە توركیا، بەلام دەربرین نا. گۆرانكاریەكان تەنها ئارایشت كردنن.

بەندییەکانی *DEP* بۆیان هەیە رۆژنامەکان بخویننەوە، دیار بوو (لەیلا زانا) زۆر ئاگاداری مەسەلەکان بوو. دووبارە ئاماژەی بۆ گرنگی جەخت و قورسایی نیودەولەتی کرد، چونکە تورکیا لە بواری ئابووریەوە زۆر پشتی بەدەرەوە بەستووە. هەروەها گوتی ئەرکی سەرشانی هەموومانە ئەم گۆرانکاریانە رابگرین کە ئەمرۆ لە تورکیا لە ئارادان. ئنجا روونی کردەوە کەوا لە سەدا ٧٠ ی بودجەی تورکیا بۆ سوپا تەرخان کراوە. گەورەترین گیروگرفتیش کیشەی کوردە. ئەگەر بیتو ئەو کیشەیە چارەسەر بکریت، ئیتر پیویست بەو خەرجیە زل و زەبەلاحەی سوپا و پۆلیس نابیت. لە جیاتی ئەمە پیویست بە دایەلۆگ (گفتوگۆ) هەیە. دەولەتی تورکیا نایەوی گفتوگۆ بکات، حکومەت چەندین جار دەستنیشانی ئەوەی کردووە کەوا دەستوور ریگای لەبەردەم چارەسەری کیشەکە گرتووە. بۆیە بەر لە هەموو شتیك پیویستە دەستوور و کۆمەلیك یاسای تایبەتی بگۆردرین. ئەگەر ئەم گۆرانە روونەدات ئەوا کیشەی کورد چارەسەر ناکری.

(لەیلا زانا) دەستنیشانی کۆمەلیك کیشەی لەم بابەتەی کرد لە دونیادا. بۆ نموونە ئیسرائیل – *PLO*. بۆ ماوەی چەندین سال ئەمان لەشەردا بوون، ئیستاش لە سەر ئاشتیەکی بەردەوام گفتوگۆیانە. شەریش لە تورکیا دوو لایەنی هەیە. چونکە مەدەنیەکان دەیانەوی دەولەت لە ئاشتیدا بژیت. لە سالی ١٩٩١ گەلی کورد ئومیدیکی هاتەوە بەر کە *DEP* هاتە نیو پەرلەمان، هەروەها حکومەتی تورکیا *DEP* وەك پردیك بەکارهینا بۆ پەیوەندی کردن لەگەل *PKK* .(ئوزال) ی سەرەك وەزیرانی پیشتر داوای کرد گفتوگۆیەك لە نیوان *PKK* و حکومەت بەرپا بکریت، بەلام کە ئەو مرد ئیتر هەموو وتوویژ و والا بوونەوەیەك راوەستا.

(لەیلا زانا) گوتی ئەگەر نەتەوەی کورد مافە بنەرەتیەکان وەرگرن، ئەوا هیچ هۆیەك بۆ چالاکیە سەربازیەکانی *PKK* نامینی. هیچ کەسی داوای دەولەتیکی سەربەخۆ ناکات. دەولەتیکی کوردی شتیکی ریالیستی نیە، ئەمە زیندە خەونە.

ئەمە هەرگیز ئامانجی *DEP* نەبووە. ئـەوەی ئـەمڕۆ لـە ئارادایـە ئەوەیـە کـە کوردەکان ژێردەست دەخرێن، بەلام ئەگەر کوردێك حاشا لە ناسنامەی خۆی بکات ئـەوا دەتوانی ببی بە ژەنەرال یاخود بە وەزیر. ئەگەر هەمان کورد بە پێچەوانەوە هەلبسـتی ئەوا جێگای وەکو من دەبێتە ئەودیو شیشەکانی زیندان.

ئەمڕۆ وا جیهان والا دەبێتەوە، سنوورەکان خەریکی هەلوەشاندنەوەن، زۆر شێوەی سـەربەخۆیی دروست کـردن هەیـە. لـە قوبـرس یۆنانیـەکان و تورکـەکان هەریەکـە و پەرلەمانی خۆیان هەیە. ئێمە لە تورکیا ١٥ ملیۆن کوردین، هیچ کەسیکمان بۆی نیە بە ئاشکرا بە ناسنامەی خۆی بژی. بڕیارە گرنگەکان لـە تورکیـا سیاسـی نـین، بـەلکو سـوپا دەریـان دەکـات، کـە دەیـەوی کیشـەکەکان تەنـها بـە توندوتیـژی چارەسـەر بکـات. بـاری کۆمەلایەتی خراپ و ترسـناك لـە سـۆڤیەتی جاران ئـەوەمان پیشـان دەدا کـە نـاتوانری وولاتیك بە زەبری سوپاوە بە یەکگرتوویی رابگـیری. پیویسـتە یاساکانی تورکیـا بگەنـە ئاستی پیوانە نیودەولەتیەکان، کۆمەلگای نیودەولـەتی، تورکیـا تونـد بـە ریککەوتننامـە نیودەولەتیـەکان ببەسـتیتەوە. ئەمـە دەبیتـە هـەنگاویکی بـە سـوود لـە پینـاو بەدیموکراتیکردن و سەقامگیربوون لە تورکیا.

بەم جۆرە (لەیلا زانـا) کۆتـایی بـە قسـەکانی هینـا، پیـش ئـەوەی پینـج سـەرباز و ئافرەتیکی فەرمانبەری بەندیخانە وەپیش خۆی بدەنەوە بەرەو زیندانەکەی.

ئازاد مەولود

# توركیا لەبەردەم شكایەتكاری

لە ئەنجامی ئەو هەموو دەستدریژیانەی دەكرینە سەر مافەكانی مرۆڤ، توركیا چەندەها جار راكیشراوەتە بەردەم شكاتكاری لە ستراسبۆرگ، كە بارەگای كۆمیسیۆن و دادگای مافەكانی مرۆڤی ئەوروپا دەگریتە خۆ.

پەیماننامەكەی سالی ١٩٥٠ ی مافەكانی مرۆڤ لە ئەوروپا بۆتە كەرەسەیەكی كاریگەر لە دژی رژیمە زۆردارەكان.

لە سالی ١٩٨٨ وە سیستەمی مافەكانی مرۆڤ لە ئەوروپا زیتر لە ١٥٧٨ داوای لە دژی توركیا تاووتو كردووە. هەموو هاونیشتمانیانی ولاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەوروپا دەتوانن لەبەردەم  دادگای مافەكانی مرۆڤ شكات بكەن، ئەگەر بیتو مافەكانیان بە پیوانەی پەیماننامەی مافەكانی مرۆڤ لە  ئەوروپا پیشیل بكریت. ئەم سیستەمەی پشكنین زۆر بە هیز و كاریگەرە، بەلام لە هەمان كاتدا  زۆریش قورس و لەسەرخۆیە. میكانیزمی شكات لە سی  ئۆرگان پیك دیت: كۆمیسیۆن و ئەنجومەنی وەزیران و دادگا.

كۆمیسیۆن ئەو مەسەلانە تاووتو دەكا كە ئیتر هیچ دەرفەتی پیداچوونەوە و تیهەلچونەوەیان لە ولاتی خۆیان نەماوە. ئەگەر شكات و داواكە پیشكەش  بكریت بەر لەوەی شەش مانگ بەسەر بریاری كۆتایی ناو ولاتی خۆی تیپەری، ئەوا  ئیتر شكاتكار دەبی دیار و ناسراو بی، مەسەلەكان لە چوارچیوەی پەیماننامەی مافەكانی مرۆڤ دابی. ئیستاكانی لەو ساتەوەی داواكە دەگاتە دەست كۆمیسیۆن تاوەكو دوابریاری دادگا دەردەچی نزیكەی پینج سال دەبا.

لە سەدا ٩٠ ی داواکان رەت دەکرینــەوە، چونکــە یــان ئــەوەتا ناکەونــە چوارچیــوەی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ، یاخود هەر لە بنەرەتدا هیچ سەرپیچیەك رووی نــەداوە. ئەگەر کۆمیسیۆن بینی  داواکــە دەبــی ریــی ئاسایی خــۆی بگــری، ئــەوا لــە هــەمان کــاتدا دەتوانی هەولیك بدات بەلکو لایەنەکان لە نیوان خۆیان پیك بین.

ئەگــەر ئــەم پیکهاتن و ریککەوتنــە مومکین نــەبوو، ئــەوا راپۆرتیــك دەنووســری، کۆمیسیۆن هەلسەنگاندنی خۆی دەکا سەبارەت بەوەی ئاخۆ سەرپیچی کراوە یان نــا. لــە دوای ئەمە دوا بریار سەبارەت بە چارەنووسی ئەو  داوایانــەی ناخرینــە بــەردەمی دادگــا بە دەستی کۆمیتەی وەزیرانی ئەنجومەنی ئەوروپایە، کە لە هەموو  وەزیرانــی دەرەوەی وولاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئەوروپا پیك دیت.

هــەندیك داوا لەبــەر گرنگــی لایــەنی پرینسیپەوە رەوانــەی دادگــا دەکریــن، ئەگــەر دەولــەتیك لــە لایــەن دادگــای مافەکانی مــرۆڤ حوکــم کــرا بــەوەی مــافی هاوولاتیــانی پیشیل کردووە، ئەوا لەسەری پیویستە ئەم چەوتیە راســتکاتەوە. جاری وا هەیــە دەبــی قەرەبو بکاتەوە، ئەگەر پیویستی کرد دەبی  یاساش بگۆردریت، تــاوەکو ئیــتر داوای لــەم بابەتــە جــاریکی دی نەیەتــە پیشــەوە. کۆمیتــەی وەزیرانــی ئەنجومــەنی ئــەوروپا دەبــی لیبکۆلیتــەوە کــە ئــەو دەولەتــەی لــە لایــەن دادگــاوە حوکــم کــراوە، بریارەکــانی دادگــا جیبەجی دەکا.

لیرەدا گرنگە ئەوە دووپات بکریتەوە، هەر بە تەنها ئەرکی سەرشانی ئەو دەولەتە حوکمدراوە نیە کە بریاری حوکمەکەی لە دژدا دەرکراوە، بــەلکو ســەرجەمی دەولــەتانی ئەوروپا کە بەستراونەتەوە بە دادگــای مافــەکانی مــرۆڤ لــە ئــەوروپا دەبــی لەســەر ئــەم بریارەی دادگا برۆن.

بــەم جــۆرە ئــەرکی سەرشــانی وولاتەکانــە یاســاکانی خۆیــان و جیبــەجی کردنیــان راستکەنەوە بە ئەندازەی ئەوەی هاوشان بن لەگەل بریارەکانی دادگا.

لەم بۆنەیەدا گرنگە ئەوەمان لەبیر نەچی کە دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان لە تورکیا لە ژیر ئیش و ئازاری هەژاریەکی زۆردا دەژین، سوپا و پۆلیس ئەو خاوەن داوایانەی دەرفەتی سەرکەوتنیان هەیە، دەخەنە ژیر پالەپەستۆیەکی زۆر، نەبادا لەبەردەم دادگایەك لە وولاتیکی دووری ئەوروپا شکات لە دەولەتی تورك بکەن.

کەچی لەگەل هەندیش لەوساوەی حکومەتی مەدەنی دەسەلاتی رەسمی لە تورکیا گرتۆتە دەست، ژمارەی داواکان زیادیان کردووە، ئەمەو هەرچەندە بە ئەنجام گەیاندنی داوایەکی لەم بابەتە یەکجار زۆری تیدەچی.

ئەو داوایانەی لە دانمارکەوە دەگاتە کۆمیسیۆن، بەشی زۆری لەبارەی مندال لە دایك و باوك سەندنەوەیە[١٧]، یاخود لە بارەی خویندن و فیرکردنی سیکس و شتی لەم بابەتەیە. داواکانی دژی تورکیا جۆریکی ترسناکی تەواو جیاوازن.

هەشت لە زۆرترین ئەو هۆیانەی لە داواکاندا دووبارە دەبنەوە بەریر ئەمانەن:

- گوند ویرانکردن
- مامەلەی خراپ و ئەشکەنجەدان
- شوینبزرکردن
- گرتن بەبی بریاری دادگا
- لەسیدارەدان بە کەیفی خۆ لە لایەن پۆلیس و سوپاوە
- سەربەستی دەربرین
- قەدەغەکردنی پارتە سیاسی و ریکخراوە پیشەییەکان
- مردن لە ژیردەستی پۆلیس لەکاتی گیران.

---

[١٧] زۆر وا دەبی دەولەتی دانمارك یان شارەوانیەکان مندال لە دایك و باوکیان دەسینن، چونکە وای دەبینن کە ئەوان لەبەر زۆر هۆی جیاواز ناتوانن مندالەکە بە پیی پیویست پەروەردە بکەن، مانەوەی مندال لە لای دایك و باوکی زیانی پی دەگەیەنی.

بە پیی بەندی ژمارە ٢٤ لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هەر وولاتیك مافی ئەوەی هەیە داوا لە دژی وولاتیکی دی تۆمار بکات.یەکیك لەو وولاتانەی بەم کارە هەلسا دانمارك بوو لە دژی تورکیا.

لە داوایەکی سالی ١٩٨٢ کۆمیسیۆن لای دانمارکی گرت، بەوەی کە تورکیا خۆی خەتابار کرد بە سەرپیچیکردنی پەیماننامەکە. ئەم یەکلایی کردنەوەیە ئەوە دەگەیەنی تورکیا دانی بەوەدانا هەر هاوولاتیەك مافی ئەوەی هەیە شکات لە بەردەم دەزگای ستراسبۆرگ بکات.

(گیرت پیتەرسن) لە بەشەکەی خۆی باسی هەلومەرجی سیاسی ئەم مەسەلە دەکات.

(لارس ئادەم ریهۆف) کە مامۆستایە لە زانکۆی کۆبنهاگن لە کتیبەکەیدا بە ناوی (پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا) دەلی ئەو شکاتانەی تا ئیستا لە لایەن دەولەتان کراوە، ئەوە نیشان دەدەن کەوا پیشیلکردنی سیستەماتیك و زەقی مافەکانی مرۆڤ دەتوانری لەم ریگایەوە بگەیەنریتە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ: (بوونی دەرفەتی شکات کردن لە دەولەتیك توخمیکی بە کەلکە لە نیو گفتوگۆ دیپلۆماسیەکان، کە بە پیی باروزروف دەتوانی لە ریگای گفتوگۆ چارەسەریك بسەپینی).

هەرچۆنیك بیت مەسەلەکەی سالی ١٩٨٢ بوە هۆی ئەوەی زۆر لە تورکەکان و کوردەکان بۆ یەکەم جار دەستیان بگاتە شیوە دادگاییەك کە لە توانایدا هەبی یەخەی دەسەلاتدارانی تورکیا بگریت. حکومەتی تورکیاش هەستی بەمە کردوە، ئەم مەسەلەیە لە سالی ١٩٨٤ وە رووی لە زیادیدایە. یەك لیشاو شکات و داوا پەردەیان لەسەر دەستدریژیە درندەییەکانی رژیم ئاشکرا کرد. زۆربەی داواکان لە بارەی دەستدریژی کردنە بۆ سەر کوردەکان، لە ١٩٩٠ وە ژمارەیان گەیشتوتە ٨٢٧ داوای دژ بە تورکیا.

یاساناسی نەرویجی و ئەندامی لەپیشی ئەمنستی (جۆن رود) له کۆنفرانسیکدا له ئۆسلۆ له سالی ١٩٩٦ روونی کردەوه کەوا سیستەمی تاوتوکردن له ستراسبۆرگ خەریکه له باریەك دەچی، لەبەر زۆری ژمارەی ئەو هەموو داوا و شکاتانەی دژ به تورکیا و سروشتی ترسناکی ئەم داوایانه.

ریکخراوی بەسەنگی مافەکانی مرۆڤ *Kurdish Human Rights Project (KHRP)* له لەندەن سەنتەریکی بەلگەنامەی زۆر گەورەی گەشه پیکردوه بۆ داواکانی دژ به تورکیا.

*KHRP.* تۆریکی نیونەتەوەیی له پاریزەر و خەلکی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ریکخراوەکان، تەنانەت له تورکیاش دامەزراندووه. هۆیەکەشی دەگەریتەوه بۆ ئەوەی دەسەلاتداران له تورکیا به جۆرەها شیوه هەول دەدەن کەوا ترس بخەنه دلی قوربانیەکان نەوەك له لای کۆمیسیۆن شکات بکەن.

ئەگەر بیتو پاریزەران داوایەك بگرنه خۆ، ئەوا تاوانباریان دەکەن بەوەی پشتگیری تیرۆریستەکان دەکەن، هەندیکی تریان له ژیر هەلومەرجی نادیار و نائاشکرا دەکوژن، هی واشیان هەیه دەخرینه زیندان و ئیزنی پاریزەراتیان لی دەستیننەوه. بۆیه له زۆر حالەتدا *KHRP* خۆی داواکانی دژ به تورکیا دەگریته ئەستۆی خۆی.

لەو ٨٢٧ شکاتەی سالانی ١٩٩٠، ٤٥٧ ی رەوانەی حکومەتی تورکیا کرا، تاوەکو روونکردنەوەی خۆیانی لەسەر بدەن. ٢٤٥ شکات رەت کرایەوە، ٩٦ یان خرانه بەر لیکۆلینەوەی بەردەوام. له سالی ١٩٩٠ وه کۆمیسیۆن راپۆرتی سەبارەت به ١٢ داوا داوه، له هەموویاندا تورکیا به هۆی دەستدریژیەکانی گوناهبار دەرچووە. پینج لەو داوایانه به ریککەوتنی نیوان تورکیا و خاوەن داواکان کۆتایی پیهاتووه. ئەوه چەندین ساله تورکیا بەردەوام خەریکی هەرەشه بووه لەو شکاتکارانەی ستراسبۆرگ. له سالی ١٩٩٦ تورکیا دوو حوکمی پرینسیپ ئامیزی له بواری مافەکانی مرۆڤ بەسەردا برایەوه، ئەو داوایانەش که ماون وا بەریوەن بۆ دادگا.

ئەو داوایانەی لە بەردەستی کۆمیسیۆن بـە ریککەوتن کۆتاییـان پیـهات، لـە بـارەی رووداوی زۆر توندوتیـژ و سـتەمکاری بـوون. نموونەیـەکی بچـووك لەوانـە داوایەکـە لـە بارەی پۆلیسیك کە کچیکی ١٧ سالانی ئەشکەنجە داوە و پاشـتر لەبـەردەم خوشـکیکی لـە خۆی بچووکتر پری داوەتـی و دەسـتدریژی سیکسـی کردۆتـە سـەری. لـە داوایـەکی تـردا هاتووە کەوا سەربازەکان بـە زۆر خـەلکی گوندەکانیـان ناچـار کـردووە کـە گـوی خۆیـان بخۆن.

لە ژمارەیەکی زۆر لـە داواکـان دەسـەلاتدارانی تـورك وەلامدانـەوەی کۆمیسـیۆنیان دواخسـتووە و دریژەیـان پیـداوە، یـاخود راسـتەوخۆ کۆسـپیان لـە ری دانـاوە لـە ریگـای ئەزیـەتدانی خـاوەن داواکـان و کەسوکاریان. ئـەم جـۆرە شـیوازانە دەزگـای مافـەکانی مرۆڤی لە ستراسبۆرگ ئەوەندە تورە کردووە، کە دادگا زۆر بە توندی تورکیای مەحکوم کـردووە، لەبەرامبـەر سـەرپیچیکردنی زۆری کۆمـەلیك بـەند و برگـەی پەیماننامـەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

یـەکیك لـە داواکـان لـەبارەی ویرانکردنـی گونـدە کوردیـەکان بـوو لـە ناوچـەکانی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا. لە میان سالانیکی دوور و دریژی کیشەی نیوان حکومـەتی تـورك و بزووتنـەوەی یـاخی بـووی *PKK* ، نزیکـەی ٣٠٠٠ گونـد لەلایـەن حکومـەت و *PKK* وە، تیکدراوە.

لـە سـالی ١٩٩٤ مـن لەگـەل (ئەزیمـەت کۆیلوئوگلـو) ی وەزیـری مافـەکانی مرۆڤـی تورکیا کۆبوومەوە. ئەم وەزارەتە نە بابەت و ناوەرۆکی هەبوو، نە دارایی، نـە دەسـەلات یاخود مافی ئەوەی هەبوو مەسەلەکانی مافی مرۆڤ تاووتو بکات.

وەزیری ناوبراو روونی کردەوە کەوا بە هۆی ئەم گوندە ویرانکراوانە، زیتر لە دوو ملیۆن کەس لە تورکیا بی مالن. پرۆفیسۆر (ئیریك سییەسبوی) لە سالی ١٩٩٥ سەری لە کۆمەلیك لەو دیهاتە چۆلکراوانەدا و لەگەل خەلکە راگویزراوەکە قسەی کرد.

گوندنشــینەکانی دییــەکی کــوردی رازی نـــەبوون بەشـــداری هـــەلبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٧ی مارس/ ئاداری سالی١٩٩٤ بکەن، چونکە حکومەت ریگای نەدا پارتـە کوردیەکە بەشداری بکا. دەبوایە خەلك لە ژیر کۆنترۆلی سەربازە چـەکدارەکان دەنگیـان بدابایە و دەنگەکان لـە بارەگای جەندرمـە بژمیردرابـان. ئیـتر هـەموو ری و شـوینیکی دیموکراتی بەلاوە نرابوو.

(سییەســبوی) دەگیریتــەوە دەلــی: ( ســزای گوندەکــە ئــەوەبوو بــە فرۆکــە بۆمبــاران کــرا. چــوار کــەس لــە دانیشــتوان برینــدار کــران. لــە خەســتەخانە نەیانهیشت تیمار بکریـن، چونکـە برینـدارەکـان رازی نـەبوون بلیـن ئـەوەی بۆمبـارانی کردن *PKK* بوو.)

گوندیکی تر بە هەمان شیوە لە رقان و لـە تۆلـە لەلایـەن دەسـەلاتدارانی تورکـەوە چۆلکرا. یەکیك لە بنکە سەربازیەکانی ناوچەکە درابووە بـەر بۆمبـا، سـەربازیك کـوژرا بـوو. گوندیـەکان بـەم شـیوەیە بـۆ (سییەسـبوی) یـان گیـرابووەوە: (بـەیانی رۆژی پاشـتر سەربازەکان هاتن و خەلکەکەیان لە بیناکەی خویندنگا کۆ کردەوە و ژن و پیاویان لیـك جودا کردنەوە. بە لیدان کەوتنە گیانی پیاوەکان و هەموو خانووەکانیان خـاپوور کـرد. ئەوشـتانەی بـەنرخ بـوون سـەربازەکان هـەموویان دزی و ئـەوی مایــەوە تیکوپیکیـاندا. تەنانەت بەرمالەکانی مزگەوتیشیان دزی. پیـاویکی پـیر لـە ژیـر ئەشکەنجەدان بـوو تـا سـەعات نـۆی ئیـوارە. سـەربازەکان مریشـکیان دەدزی و کـەر و گیانلەبــەرەکانی تریــان دەکوشت).

ئەوانەی پرۆفیسۆر (سییەسبوی) دەیانگیریتەوە، هەزاران کوردی مـەدەنی هـەموو سالیك تووشی دەبن، لە سالی ١٩٩٢ ، ٥٠٠ کەس لـە گوندنشـینەکان ئـەوەندەیان بەدەسـت ئازار و ئەشکەنجەی حکومەتەوە چەشـت، ناچـار لـە ریگای *KHRP* لـە لای کۆمیسـیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا شکاتیان کرد.

لـه رۆژی ١٠ ی تشـرینی دووەم/ نۆڤەمبـەر، سـەربازەکان چوونــە نــاو گونــدی (کەلەکچی) و گوندەکەیان سووتاند، ئاژەڵەکانیان دایـە بـەر گوللە، خەلکەکـەیان بـەزۆر کۆکردەوە و کەوتنە ئازاردانیان.

لـه رۆژی ١٦ی ئــەیلول/ سـیپتەمبەری ١٩٩٦ دادگـا تورکیـای حوکـم کـرد بـەوەی سەرپیچی نۆ بەند و برگەی هەمەجۆری لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ کردووە.

لەو شتانەی دادگا جەختی لەسەر کرد ئەوەبوو کە هیزەکانی ئاسایش راستەوخۆ بەرپرسـیارن لـە سـووتاندنی خانووەکـان، بەمـەش ریـز و حورمـەتی خیزانیـان پیشـیل کردووە. سەرەرای ئەمەش دادگا بە پەیوەست لەگـەل ئـەوەی خـەلکی گوندەکـان لـە لای کۆمیسیۆن شکاتیان لە تورکیا کردووە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەسـەلاتدارانی تـورك کەوتبوونـە بـەدوادا گـەران و هەرەشـە کـردن لـە ژمارەیــەکی زۆری لادییـەکان تـاوەکو راگـەیاندنیکیان پـی ئیمـزا بکـەن، تیـایدا نووسـراوە کـەوا ئـەوان لـە راسـتیدا بــە هیــچ شیوەیەك شکاتیان لە لای کۆمیسیۆن نەکردووە.

بۆیە دادگا وای دەبینی کە مامەلەکردنەکەی کاربەدەستانی تـورك ( گوشـاریکی دژ بەیاسا و پەسەند نەکراوە بەرامبەر بـە شـکاتکارەکان لـە پینـاوی ئـەوەی لـە داواکانیـان پاشگەز ببنەوە و بیانکیشنەوە.)

بۆچی هەمیشە ئـەم گونـدە بیچارە و داماوانـە خـاپوور دەکریـن؟ ئایـا ئـەو شـارە بچکۆلانانە پرن لە پیشمەرگەکانی *PKK* ، هەروەکو حکومەتی تورك رایدەگەیەنی؟

(یەشار کەمال) هەلسەنگاندنی خۆی لـە وتـاریکدا لـە سـالی ١٩٩٥ لـە گۆڤـاری (دیـر شپیگل _ *Der Spiegel* ) دەربری:

(دوای ئــەوەی دوو ملیــۆن و نیــو ئادەمیزادیــان دەربــەدەر کــرد، ئیســتاش وا رۆژهەلاتی ئەنادۆلیان خستۆتە ژیر ئابلوقەی خۆراك. هەر کەسیك ئـیزنی پۆلیسی پـی نـەبی، نـاتوانی خـواردن بکریـت، چونکـە خـەلکی گوندەکـان نـانی پیشـمەرگە دەدەن. دەغلـودان و داربــەرو و قــەزوان و گویــز و بـادەم و میوەجـات و دارسـتانەکانی ئــەو

گوندنشینانە دەسوتیندری، کە بە لایانەوە باشترە رابکەن نەوەك بۆ پاسەوانیی گوندەکانیان لە دژی پیشمەرگە دەست بدەنە چەك.

ئاژەلەکانیان سەردەبرین. بۆچی دەبی ئەو گوندانە بسوتیندرین و لەگەل زەوی تەخت بکرین؟ لەبەر ئەوەی نەوەك دالدە و نانی پیشمەرگە بدەن. ئەوەی ئیمە لە ئەستەمبول گوێبیست دەبین، پیشمەرگە پیویستیەکانی خۆیان لە پاسەوانی گوندەکان[18] وەردەگرن. لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل ٥٠٠٠٠ پاسەوانی کریگرتە هەیە. سەرتاپای ناوچەکە بۆتە کۆیلەی ئەوان. دەولەت لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل هەموو شتیکە. هەموو شتیکیان لە کوشتن و برین و ویرانکردن و سووتاندن لەدەست دی. بروایان بە هیچ دەستوور و یاسایەکی مرۆڤایەتی نیە.)

وەکو لە پیشتر باسکرا (یەشار کەمال) گوناهی ئەوەی خرایە ئەستۆ کە چالاکیەکانی زیان بە دەولەت دەگەیەنی، حوکمیکی جیبەجی نەکراوی بۆ دەرکرا. ئیمرۆ وا بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو لە وولاتی سوید دەژی.

هەر لە دەوروبەری دەرچوونی بریاری دادگا لە مەسەلەی گوندە ناوبراوەکە، پەرلەمانی ئەوروپا لە ئاکامی شکاتە روو لە زیادیەکانی دژ بە تورکیا، لە مانگی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ بە ملیارەها یارمەتی راگرت کە دەبوایە تورکیا لە *EU*ی وەربگرتبایە، بە پیی ریککەوتنی یەکییتی گومرگ لە نیوان تورکیا و *EU* کە لە مانگی کانوونی دووەم/ ژانوەری سالی ١٩٩٦ کەوتە بواری جیبەجیکردن.

لە ٦ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٦ سیستەمی سیاسی ئەوروپا لە بەدوادا چوونی بەردەوامی خۆی تورکیای بە ئاشکرا مەحکوم کرد.

کۆمیتەی ئەوروپی بۆ پاراستن لە دژی ئەشکەنجەدان، رەخنەکەی خۆی لەسەر راپۆرتیك بونیات نابوو کە لە ئەنجامی چەند سەردانیکی تورکیا لە سالانی

[18] مەبەست لە جاشەکانە

١٩٩٠ - ١٩٩٦ نووسرابوو. وەفدەکەی کۆمیتەکە سەردانی زۆر جیگای کردبوو لەوانەش بەندیخانەکان و چەندین جار بە بەلگە سەلماندی کەوا خەلك دراوەتە بەر ئەشکەنجە.

هاوشان لەگەل کاری (سەنتەری دانمارکی هینانەوە سەرپیی قوربانیەکانی ئەشکەنجە)، کە خەریکە بەلگەنامە کۆدەکاتەوە سەبارەت بە دەستدریژی بەدەنی و دەروونی سەر زیندانیە سیاسیەکانی تورکیا، کۆمیتەکەی ئەوروپاش توانی کۆمەلیك حالەتی ئەشکەنجەدانی بەدەنی و دەروونی بخاتە روو.

زۆر لەم شایەدیانە لە رۆژی ١٨ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ لە دیداریکدا لە (کریستیانسبۆرگ)[١٩] دووبارە کرایەوە.

دیدارەکە لە لایەن سەندیکای ئاسایی پزیشکان و ئەمنستی ئینتەرناسیونال بە هاوکاری لەگەل وەزارەتەکانی دەرەوە و داد و تەندروستی ریك خرابوو، تیشك خرایە سەر ئەوەی کە پزیشکان رۆلیکی سەنترال و گرنگ دەبینن لە بەدیکۆمەنت کردنی دەستدریژی کردنەکان.

دوکتۆر (توفان کویسە ) ی سەرۆکی (سەنتەری هینانەوە سەرپیی تورکیا) مەترسی هەیە بەر سزادان بکەوی، چونکە سەنتەرەکەی رازی نیە لیستەی ناوی نەساغەکانی بداتە دەست کاربەدەستانی تورك. بە پیی بۆچوونی (ئینگە گینیفکە) کە سەرۆکی (سەنتەری دانمارکی هینانەوە سەرپیی قوربانیەکانی ئەشکەنجەدان) ە، هەولی دەسەلاتدارانی تورك بۆ تیکدانی کاری چارەسەرسازی لەوە دیارە کە سەرۆکی پیشوی پۆلیس کرا بە وەزیری داد.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ریگای وەزارەتی داد داوای ناوی ئەو نەساغانەی کردووە کە لە سەنتەرەکانی هینانەوە سەرپی چارەسەر دەکرین، بە بیانوی ئەوەی کە گوایە کاربەدەستان دەیانەوەی ئەو کەسانە بدەنە دادگا کە ئەشکەنجەی ئەو نەساغانەیان داوە.

---

[١٩] وەکو لەمەو پیش ئاماژەمان بۆ کرد بارەگای پەرلەمانی دانمارکە

بـە پێـی (ئینگـە گینیفکـە) ئەمـە بەڵگەیـەکی تونـد نیـە، چونکـە گـەر ئـەو کاربەدەستانە بیانەوی ئەم جۆرە دادگاییە ساز بدەن ئەوا دەتوانن بیکەن.

(ئینگە گینیفکە) دەلی: ( ئەگەر دادگا لـە "ئەدەنـە" دوکتۆرەکان و بەرێوەبـەری سەنتەرەکان ناچار بکات ناوی ئەو کەسانە بدەن کە سەریان بەو سـەنتەرانەدا کـردووە، ئەوا زەبریکی بە تایبەت ترسناك ئاراستەی کاری دوکتۆری دەکـری، نـەك هـەر بەتەنـها لە سەنتەرەکانی دژی ئەشکەنجەدان بەلکو لە هەموو تورکیا. ئەوەیە مەسەلەکە).

حوکمیکـی تـر کـە لـە دژی تورکیـا دەرچـوو، لـە داوایـەك بـوو سـەبارەت بـە ئەشکەنجەدانی سیاسەتمەداریکی کوردی تەمەن ۳۳ سال لە شاری (ماردین) لـە خـواروی رۆژهەلاتی تورکیا.

(زەکی ئاکسۆی) لـە رۆژی ۲٥ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـالی ۱۹۹۲ لـە لایـەن پۆلیسەوە گیرا، بەوە تاوانبار کرا کە لایـەنگیری *PKK* یـە. ئـەو ۱٦ رۆژەی دواتـر خرایـە بەر ئەشکەنجەدانیکی سیسـتەماتیك: لیـدان و تـەوژمی کارەبـا و سـەر خستنە ژیـر ئـاو (هەلواسینی فەلەستینی) و هـەروەها ئەشـکەنجەدانی دەروونـی. دەسـت و پییـەکانی لـە توانای کارکردن کەوتن. لە نیو زیندانیشدا ریگای نـەدرا بچیتـە لای دوکتـۆر، بـەلام لـە دوای بەردانی لە ۱۰ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەر خرایـە نەخۆشـخانەیەکی زانکۆ. ئـەم نەخۆشخانەیە سەلماندی کەوا (ئاکسۆی) ئەشکەنجە دراوە. بەلام داواکاری گشتی رەسمـی مەسەلەکەی رەت کردەوە.

بە هاوکاری ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* و *Kurdish Human Rights Project* لـە لـەندەن، (ئاکسـۆی) لـە ریگـای دادگـای مافـەکانی مرۆڤـی ئـەوروپا لـە ستراسبۆرگ شکاتی لە دژی تورکیا قەید کرد. لەو کاتـەی داواکە لـە لای کۆمیسـیۆنەوە لەژیر تـاووتو کـردن بـوو، (ئاکسۆی) لـە لایـەن خـەلکانیکی نەناسـراوەوە بـە تەلـەفۆن هەرەشەی مەرگی لیدەکرا.

لە رۆژی ۲۱ی شوبات/فیبریوەری سالی ۱۹۹٤ کە کۆمیسیۆن بریاریدا داواکە رەوانەی دادگای مافەکانی مرۆڤ بکات، داوا لە حکومەتی تورکیا کرا تا بە شیوەیەکی رەسمی وەلامی خۆی سەبارەت بە مەسەلەکە بداتەوە. رۆژی ۱٥ی نیسان/ ئەپریلی سالی ۱۹۹٤ وەکو دوامۆلەت بۆ ئەو مەبەستە دیاریکرا. دوو رۆژ بەر لە مۆلەتەکە هەرەشەیان لە (ئاکسۆی) کرد تا داواکەی بکیشیتەوە. یەك رۆژ لە پیش بەسەرچوونی مۆلەتەکە لە ١٤ی نیسان/ ئەپریلی سالی١۹۹٤ لە کاتیکدا (ئاکسۆی) بەریگاوە بوو بەرەو مال درایە بەر گوللە و کوژرا. تورکیا یەکیکی لەسەر ئەم کوشتنە گرت، گوایە ئەندامی ***PKK*** یە و داوای کرد شکاتەکە لە دادگای مافەکانی مرۆڤ رابگیری. لە سالی ۱۹۹٤ وە تاکو ئەمرۆ[20] تورکیا هەول دەدات نەیەلی داواکە بەریوە بروات، ئەویش بە ریگاگرتن لە ناردنی بەلگەنامەکان و شایەدی دان و ....هتد.

لە رۆژی ۲۳ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری سالی ۱۹۹٥ کۆمیسیۆن لە بەرامبەر تورکیادا چیتر ئارامی لەبەر نەما و تورکیای بە گوناهبار دەرکرد لە سەرپیچیکردنی بەندی ژمارە ۳ ی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا، کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان و هەروەها بەوەی کە تورکیا کۆسپی لە ریگای کاری کۆمیسیۆن داناوە.

لە رۆژی ۱۸ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ۱۹۹٦ تورکیا حوکم کرا لەبەر شکاندنی قەدەغەی ئەشکەنجەدان و پینج بەندی تر لە پەیماننامەکە، لەوانەش کۆسپ دانان لە ریگای کاری کۆمیسیۆن و دادگا.

هەشت دادوەر دەنگیان بۆ حوکمەکە دا بەرامبەر یەك دەنگ لە دژی. ئەو یەکەش ئەندامیکی تورکی دەستەی دادگاکە بوو وەکو لە پیشتر باسمان لیوەکرد، مەرجیکی زۆر ئاساییە کەوا هەر شکاتیك پیویستە یەکەم جار لە بەردەم دادگای بالاوە لە دانمارك تەواو بووبی، پیش ئەوەی بگاتە بەردەم کۆمیسۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

---

[20] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

کـەچی لـە مەسـەلەی تورکیـا، کۆمیسـیۆن لـە ژمارەیـەکی زۆری ئـەو شـکاتە نوییانـەدا چـاوەریی ئـەوەی دادگـای بـالا ناکـا. هـۆی ئەمـەش دەگەریتـەوە بـۆ ئـەوەی کۆمیسـیۆن بـە بەلگـە بـۆی دەرکـەوتووە کـە تورکیـا بـە بەرپرسـیاریەتی و مەوزوعیەتـەوە لـەو شکاتانەی سـەبارەت بـە دەسـتدریژیەکان ناکۆلیتـەوە. داوای بـۆ نموونە سەبارەت بە ئەشکەنجەدان و گوند سـووتاندن هـەرگیز بـە شـیوەیەکی جیـدی و گرنـگ لیکۆلینـەوەیان بـۆ نـاکری و زۆر جاری واش هەیـە هـەر بـەلاوە دەنریـن. وەکـو یاساناسی نەرویجی (جۆن رود) دەلی کۆمیسیۆن بۆی دەرکـەوتووە کـە داوا و شـکاتەکانی تورکیا، دەستیان ناگاتە ئامرازە دادگاییە کاریگەرەکان لـە نـاو تورکیـا، بۆیـە کۆمیسـیۆن ئـەوەی قبوولـە کـە زیـان پیگـەییوەکان لـەم حالەتانـەدا دەتوانـن راسـتەوخۆ شـکات لای کۆمیسیۆن بکەن. بۆیە لە پراکتیککردنی دادگایی کۆمیسیۆن جۆرە (ریبـازیکی تایبـەت بۆ تورکیا) پەیدا بووە.

بە پیی ئەم هەموو حالەتە بە دیکۆمەنت کراوەی پیشیلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ بە هەزاران خەلکی مەدەنی کـورد کەوتونەتـە بـەر ئـازار و دەسـتدریژی زۆر و زەبـەند. یەکیك لە هۆیەکانـەش دەگەریتـەوە بـۆ دەسـتووری دەولـەتی تـورك خـۆی کـە هـەر لـە پیشـەوە لـە بـەندی ژمـارە ٢ باسـی ریزگرتنـی مافـەکانی مـرۆڤ دەکـا، بـەلام دواتـر لـە بەندی ژمارە ٣ دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەولەتی تورکیا یەك پارچەیە و نـابی بـەش بەش بکری، زمانیش زمانی تورکیە.

مرۆڤ سەری لە دووبارە بوونەوەی ئەو هەموو توندوتیژیە سوردەمینی، کەوا هەم زیان بە ناو و دەنگی حکومەتی تورك دەگەیەنی و لەهەمان کاتدا بۆ ژیانی کوردەکـان و تورکەکانیش زیـان بەخشـە. سـەرەك وەزیرانـی پیشـووی تورکیـا[٢١] (بلنـد ئەجـەوید) لـە شیعریکیدا لە سالی ١٩٧٠ ئەمەی بەم شیوەیە روون کردۆتەوە:

---

[٢١] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

( ئیمە نە هیزی داهینانمان هەیە و نە ئارەزوی مەرگیش دەکەین). لە کاتی کۆبوونەوەی وەفدە دانمارکیەکە لەگەل (ئەجەوید) لە رۆژی ١٩٩٥/٥/٢٧، (ئەجەوید) رایگەیاند کە تورکیا پیویستی بە دەستووریکی نوی هەیە. یەکیك لەو شتانەی بۆ نمونە ئەو باسی کردن، گیروگرفتی ریکخراوەکانی لاوان بوو کە مافی ئەوەیان نیە لە هەلبژاردنەکان خۆیان ناودیر بکەن بۆ بەشداری.

ئیمە گوتمان زۆر لە داواکانی بەردەم دادگای مافەکانی مرۆڤ هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کوردەکان مافی کەلتوری خۆیان نیە، (ئەجەوید) گەرایەوە گوتی، کەوا زمانی کوردی زمانیکی پیشکەوتوو نیە، ئەگەر کوردەکان بیانەوی وەکو کەمە نەتەوایەتیەك مافیان هەبی، دەبی بەوە رازی بن کە مافەکانی زۆر نەتەوایەتیەکانیان[٢٢] لە کیس بچی. بە قسەی (ئەجەوید) بە پیی ئەو هەموو داوایەی لای کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤن، ئەوا دەستووری دەولەتی تورکیا نزیکەی ئەو ١٥ ملیۆن کەسە ناگریتەوە کە باوەریان وایە ناسنامەی ئەوان ناسنامەیەکی کوردیە.

هەلبەستە ئایندەبینەکەی (ئەجەوید) سەبارەت بە نەبوونی هیزی داهینان، وادیارە بوەتە خالی چەقینی کۆنەپەرستانەی ئاشکرای خۆی و زۆر لە سەرکردە تورکەکانی دی، کە حەزناکەن ریگای ئەوە بدەن ئەو سیاسەتە لەبارکەوتووە بمری.

---

[٢٢] دیارە مەبەست لە مافەکانی نەتەوەی سەردەستە، گوایە کوردەکان هەمان مافی تورکەکانیان هەیە پیویست ناکا ئەو مافانە بە چەند مافیکی کەمتر بگۆرنەوە. هەر بۆ نموونە کاتی خۆی ( صدام حوسین ) دەیگوت کوردەکانی عیراق زیاد لە عەرەبەکان دوو مافیان هەیە، جاریك وەکو کورد و جاریك وەکو عیراقی.

# تیكۆشەرانی توركیا لە پیناو مافەكانی مرۆڤ

ئیستا من دەزانم كەوا حكومەتی توركیا سەری دەلەقینێ لە بەرامبەر راپۆرتەكانی ئەمنستی و لیستەكانی مەرگ كە لە لایەن ریكخراوە كوردیەكانەوە دی. من ئەوەش باش ئاگادارم كە رونكردنەوە رەسمیەكانی توركیا لە لایەن ریكخراوە مرۆڤایەتیەكانی ناوەوە و دەرەوەی توركیا رەت دەكرینەوە.

بەلام ئەو راستیەش هەیە كەوا *PKK* وەك ریكخراویكی كوردی بەرپرسیارە لە زۆر كاری تیرۆر، تازەترینیان خۆتەقاندنەوەی قیزاوی ژنانە، كە وەك پەلاری كویر بە ریكەوت شتی بەردەكەوی. بەداخەوە شایەت هەیە لەسەر ئەوەی پیشیلكردنی مافەكانی مرۆڤ لە هەردوو دیوی گۆرەپانی شەردا رودەدا.

(مەمەد ئو نەجەف) [٢٣] كە لیكۆلەرەوەیە لە سەنتەری خویندنی رۆژهەلاتی ناوەرۆاستی سەر بە زانكۆی (ئۆدینسە) [٢٤] لە پیرستی مانگانەی سەنتەرەكە لە تشرینی یەكەم/ ئۆكتۆبەری سالی ١٩٩٦ دا نوسینیكی لەبارەی شەرعیەت و ناشەرعیەتی شەری *PKK* بلاوكردۆتەوە. ئەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە لەژیر هەر هەلومەرجیگدا بی ئەوا *PKK* فاكتەریكی سیاسی گرنگ لە توركیا پیك دینی، بۆیە پیویستە شەرعیەتی پی بدری و تیكەل بە سیستەمی سیاسی توركیاوە بكریت. (بە هەر شیوەیەك بی پیویستە توركەكان هەول بدەن (عبدالله ئۆجەلان) ی سەرەكی *PKK* بكەن بە (یاسر عەرەفات)

[٢٣] لە بەشەكانی پیشووی ئەم كتیبە ئاماژە بۆ ناوی كراوە.

[٢٤] زانكۆیەكی دانماركییە.

يك. دەبى ساغى كەنەوە كامەيان زيتر لە بەرژەوەندى ولاتەكەدايە (عبدالله ئۆجەلان) يك كە لە شاخەكان شەردەكا و خەون بەوە دەبينى ببيتە (پۆل پۆت) يكى نوى لە كوردستانيكى بچووك، ياخود (ئۆجەلان) يك كە لە ناو پەرلەمانى ئەنقەرە تيدەكۆشى بۆ تەرخانكردنى پارەيەكى زيتر بۆ خويندنى كوردى و چاككردنى زيرابەكانى دياربەكر. (ئۆجەلان) يش هەمان ساغكردنەوەى لە بەردەمدايە.

مرۆڤ هەر ئەوەى پيدەكرى ئوميدى ئەوە بخوازى هەردوولا ريگاى ريككەوتن هەلبژيرن).

نموونەى يەكيك لەو ريكخراوانەى لە توانادا بوو وەكو پرديك بەكاربهاتبا بۆ ئەم جۆرە ريككەوتنە، ريكخراوى مافەكانى مرۆڤ بوو لە توركيا *IHD* كە لە لايەن *EU* پشتگيرى ليدەكرى، بەلام هەتا ئيستاشى لەگەلدا بيت حكومەتە يەك بەدواى يەكەكانى توركيا نايانەوى هاريكارى لەگەل *IHD* بكەن، بەلكو بە پيچەوانەوە.

لە مانگى ئەيلول/ سيپتەمبەرى سالى ١٩٩٦ سەرۆكى ريكخراوى مافەكانى مرۆڤى توركيا (ئەكين بيردال) لەئەنقەرە لە لايەن هيزەكانى ئاسايشەوە گيرا.

سەرۆكى *IHD* (ئەكين بيردال) لەگەل هەنديكى تر، لەوانەش ئەندامىكى پەرلەمان لە يەكى لە پارتەكانى ناو حكومەت چووبو بۆ باكوورى عيراق. ئەم وەفدەى توركيا هەولى ئەوەى دابوو حەوت سەربازى تورك ئازاد بكەن كە بۆ ماوەى چەند مانگيك بوو بە دەستى يەكيك لە گروپەكانى *PKK* ديل كرابوون.

دادگاى ئاسايشى دەولەت (بيردال) ى گرتبوو، تاوانبارى كردبوو بەوەى كەوا ئەو هەولدانەى لە پيناو بەردانى سەربازە توركەكان ( پشتگيرى كردنە لە ريكخراويكى ناشەرعى - *PKK* -). ماوەى سزادانەكەى دەگاتە پينج سال زيندانى كردن.

سەرۆكى *IHD* يەكيك بوو لە وتاربيژە سەرەكيەكان لە ديدارەكەى پەرلەمانى دانمارك سەبارەت بە توركيا، لە مانگى نيسان/ ئەپريلى سالى ١٩٩٥، هەروەها يەكيك بوو

لە وتاربێژە سەرەکیەکان لە کۆنفرانسی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج سەبارەت بە تورکیـا لە هەمان سال.

گرتنی یەکەمین پیاوی بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ لـە تورکیـا بـەگژداچوونیکی روون بوو، لە کاتیکدا کە *IHD* ئاهەنگی یادی دەسالی دامەزراندنی خۆی دەگیرا.

حکومـەتی تورکیـا بـە گرتنـی (ئـەکین بـیردال)ویستی بەربەسـتیك لـەپیش ئـەو زانیاریانە دانی کە باس لە پیشیلکردنی دژی هیزە دیموکراتیەکانی تورکیا دەکەن.

(بیردال) هەر لە پیشوەخت بـە هـەمان شـیوەی (ئەربـەکان) ی سـەرەك وەزیرانـی تورکیا[٢٥] سالیك حوکم دراوە، لەبەر ئەوەی باسی چارەسەریکی سیاسـی نـەك عەسـکەری لە نیوان کوردەکان و حکومەتی تورکیا کردووە.

لە سالی ١٩٩٦ (بیردال) بە بۆنەی هەفتەی ئاشتی جیهانی ووتاریکی لە شاری

(مەرسین) دا. ووتارەکەی لە لـە لایـەن پۆلیسی نـهینی تۆمـارکرابوو، لـە دادگا بـە روویان دادایەوە. (بیردال) بۆی نەبوو شریتەکە وەرگـری کـە لـە دادگا بۆیـان لیدایـەوە. وەکو *IHD* دادگایی کردنەکەی گیراوەتەوە، (بیردال) گوتبووی خەلك لە تورکیا حـەزیان لییە بە ئاشتی و برایەتی بژین.

(بـیردال) لـە ووتـە پینـج دەققەیەکـەیدا ئاشـتی هیناوەتـەوە سـەر ئـەوەی کـە بــە تـەواوی بـە مافـەکانی مرۆڤـەوە بـەندە. باسـی ئـەوەی کردبـوو کـە ئـەو ناتەباییـەی لـە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا لە ئارادایـە، بۆتـە هـۆی دەسـتدریژی کردنـە سـەر مافـەکانی مرۆڤ، بەر لە هەموو مافیکیش مافی ژیان.

لە داواکەدا هاتبوو کە (بیردال) هانی رقابەری و دوژمنکاری داوە لەو کاتەی باسـی جیاوازی رەگەز و هەریم و ناوچەکانی کردووە.

بـە پیـی یـەکی لـە وەرگیرەکـانی بالویزخانــەی دانمـارك، (ئـاکین بـیردال) رونـی کردۆتەوە کەوا لەمیانی قسەکانی گوتویەتی:

[٢٥] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

" لە زۆر ولاتە سەرمایەدارەکان و ولاتە سۆسیالیستەکان شەر لە ئارادایە. بەلام لە هەموو ئەم شەرانە خویناوی تر ئەو شەرەیە کە لە نیو هەریمە جوگرافیەکەی خۆماندایە، ئەو دراما مرۆڤایەتیەی خەلك دووچاری بووە وەکو ئەو زەبرو زەنگەی (سرب) ەکان بەرامبەر بە خەلکی بۆسنیا لە وولاتی بۆسنیا -هیرسۆگۆڤینا. ئەوە ١١ سالە ئەو ناهەقیە بەردەوامە، ئەو شەرەش لە ئەنجامی نەبوونی مافەکانی گەلی کوردە.

گەلی کورد لە ژیر شەریکی پیسدا لە گوند و مالی خۆیان راگویزراون، شەریکی ئەوتۆ کە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەسی تیدا کوژراوە، سەدان گوندی تیدا سووتینراوە.

هەموو کەسی ئەو راستیانە دەزانی: تورکیا کیشەیەکی کوردی هەیە، ئەو کیشەیەی کورد پیویستە بە خیرایی و بە شیوەیەکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە چارەسەر بکری. ئەم شەرە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا گەلی کورد لە مالی خۆی دەرکریت و زەوی و زاری لی زەوت بکریت. بۆیە پیویستە تورکیا چارەسەریکی ئاشتیانەی ژیانی کوردەکان لە نیو دەستووردا زامن بکات".

بە پیی بۆچوونی داواکاری گشتی، (بیردال) بە دوو شت خۆی تووشی خەتاباری کرووە، یەکەمیان کاتی ئەو سوپایەی لە دژی کۆمەلەیەکی مارکسی _ لینینی شەر دەکا، دەیەوی شتیك دامەزرینی کە ناوی دەنین کوردوستان، ئەو سوپایە بەو زەبر و زەنگە دەشوبهینی کە (سرب) ەکان بەرامبەر بە بۆسنیەکان دەیکەن، دووەمیش کاتی ئەوە دەردەخا کەوا کوردەکان لە ژیر ئەم شەرەی دژ بە تیرۆریستەکان دەکری، لە گوندەکانی خۆیان راگویزراون.

هەروەها داواکاری گشتی (بیردال) تاوانبار دەکا چونکە رایگەیاندووە کە بنەمای شەری ئەو ریکخراوە ناشەرعیە ( مەبەست لە *PKK* یە ) لە سەر نەبوونی مافەکانی گەلی کوردە،(بیردال) ئارەزووی دەربریوە کە ژیانی گەلی کورد بخریتە ریزی ئەو مافانەی لە نیو دەستووردا زامن کراون، لە کاتیکا ژیانی هەموو دانیشتوانی تورکیا لە نیو هەمان ئەم مافانەدایە.

لەگەل بەردانی (بیردال)، مەسەلەی گفتوگۆکانیش لەگەل *PKK* سەبارەت بە بەردانی حەوت سەربازە دیلەکان کۆتایی پی هات، لە مانگی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ (بیردال) توانی سەربازە تورکەکان لە باکوری عیراقەوە لەگەل خۆی بینیتەوە تورکیا.

ئەمەو داواکەی تر لە دادگای ئاسایشی دەولەت هەر بەردەوام بوو.

کە(ئاکین بیردال) لە بەردەمی پەرلەمان[٢٦] و لە کۆنفرانسەکەی ئۆسلۆ لە مانگی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ وتاری دا، باسی پیشنیار و دەستپیشخەریەکی کرد بۆ دانانی گروپیکی کار بۆ ریفۆرم و چاککردنی یاساکانی تورکیا. هەروەها دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا مەسەلەی کورد لە تورکیا لە هەموو بابەتیك زیتر لە ئارادایە و لە هەموو گیروگرفتەکانی تر سەرانسەری ترە، لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤیشە. هەروەها گوتی:

" مەسەلەکە بە تەنها مەسەلەی ناسنامەی گەلیك نیە، بەلکو لە تەك ئەمەدا مەسەلەی ژیانیکی سەربەست و شیاوە".

(بیردال) روونی کردەوە کە دەستوور و هەموو یاسا بنچینەییەکان دەگەرینەوە بۆ سالانی هەشتاکان، لەو کاتەی دەسەلات بەدەست سوپاوە بوو. بە رای ئەو، پیویستە هەموو کەسیك لە تورکیا کار بکات بۆ ئەوەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بکاتە کەرستەیەك و یاسای نیودەولەتی بکاتە بناغەیەك بۆ هەموو یاسایەکی ناو وولات.

سەربەستی بیرکردنەوە و سەربەستی ریکخستن و دامەزراندنی پارتی سیاسی و کۆبوونەوە بەستان و خۆپیشاندان و هتد.

هەروەها سەرنجی بۆ ئەوە راکیشا هەموو لایەك دەبی بۆیان هەبی بەشداری ئەم لیدوانە بکەن سەبارەت بە چاککردنی یاساکان.

(بیردال) ریزگرتنی مافی ژیانی بە گرنگترین شت ناو برد.

---

[٢٦] مەبەست پەرلەمانی دانمارکە.

سزای مەرگ و ئەشکەنجەدان و هەموو شیوە سزایەکی نامرۆڤانە پیویستە لە دەستوور و لە یاساکانی تر بە ناشەرعی و نایاسایی بژمیردرین. سەرەرای ئەمەش پیویستە مافی یەکسان بوونی هەر تاکە کەسیك لە نرخ و پلەی کەسییتی و گشت مافەکانی بە بی فەرق وجیاوازی زامن بکری، بی گویدانە زمان و ئاین و رەگەز و نەتەوە و رەچەلەکی کۆمەلایەتی و بیرو باوەری سیاسی. بە کورتی (بیردال) باسی هەموو ئەو مافانەی کرد کە ئیمە وەکو بەدیهیەتیکی رۆژانە لەگەلیاندا دەژین.

باسی نەبوونی بیلایەنی دەسەلاتە دادگاییەکان و نەبوونی زەمانەتی کرد لە بەرامبەر گرتنی خۆرای بی ئەوەی لە تواناداا بی پاریزەر بیتە هانا. باسی ئەوەی کرد چۆن یاسای ئەنتی _ تیرۆر ریگای داوە، کەوا خەلك بگیری و سزا بدری لە دەرەوەی دادگاکان.

(بیردال) داوای ئەوەی دەکرد کە هەندی دەزگای بۆ نموونە وەك ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی چیتر لە سەرووی پەرلەمانی تورکیەوە نەبی، ئەو دام و دەزگایانەی سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشن تیك بدرین، ئیتر ئەو کۆنترۆلەی لە سەر ئاین و دابونەریتی کەلتوری هەیە رابگیری. باسی دانانی میکانیزمیکی کۆنترۆلکردنی دەکرد لە بەریوەبەرایەتی کۆمەلگای مەدەنی و ریکخراوە هاوبەشیە مەدەنیەکان و سەندیکاکان، داوای دەکرد زانکۆکان چیتر لە ژیر کۆنترۆل نەبن.

(بیردال) کۆتایی بە باسەکەی هیناو ووتی بۆ ئەوەی ریفۆرمەکان جیگای باوەر بن پیویستە ئەنجامدانی هەموو ئەم گۆرانانە لە لایەن دەسەلاتدارانی راستەقینەی تورکیاوە قبول بکرین.

لیرەدا وەکو لە پیشوش باسمان کرد، ئەرکیکی دیارە کە بۆ نموونە دانمارك یاخود ئەوروپا دەستپیشکەریەك بکەن. پیکهینانی گروپیك لە شارەزا و پسپۆرانی جیهان لەگەل هەندیك ئەندامان کە تورکیا دەستنیشانیان بکات، بە پالپشتی *EU* دەتوانی کۆمەلیك پیشنیار ئامادە بکەن بۆ چاککردنی دەستووری تورکیا.

پەندیك لە قورئان[27] هەیە دەلی ئەگەر پەنجەی بچووك هەوی كرد لەوانەیە ئەم هەوكردنە هەموو لەش دابگریت. بۆیە زۆر پیویستە كۆمەلگای نیودەولەتی پشتگیری ئەو هیزە دیموكراتیانە بكات كە لە ناو توركیادا هەن _ یەكیك لەو هیزانەش ریكخراوەكەی (بیردال) ە. پیداچوونەوەیەكی ووردی ئەم مەسەلەی دژ بە كەسی (ئاكین بیردال) نموونەیەكی چاكە سەبارەت بە باری دیموكراتی لە توركیای ئەمرۆدا.

كە سەرۆك وەزیران[28] (پاول نیورۆپ راسموسن) لە مانگی شوبات/ فیبریوەری سالی ١٩٩٦ خەلاتی _ گولەباخی بەخشیە (لەیلا زانا)، ئەم خەلاتەی لە لایەن (دیداری نیونەتەوەیی بزووتنەوەی كریكاری) پیشكەش كرا بوو، وتەیەكی دا تیایدا گوتی: "تیكۆشان لە دژی ناهەقی تیكۆشانیكی ئەوتۆیە كە ئیمە هەرگیز دەستی لی هەلناگرین _ چونكە ئەگەر دەستمان لی هەلگرت ئەوا دەستمان لە خۆمان هەلگرت ". ئنجا لەسەر قسەكانی بەردەوام بوو گوتی: " ئیمە هەرگیز كوردەكان لە بیر ناكەین. ئەوان مافیكی زۆر سروشتی خۆیانە كە زمان و كەلتورە دەولەمەندەكەی خۆیان پیادە بكەن. مافی دەربرین بە زمانی خۆ مافیكی بنەرەتیە. سیاسەتی دانمارك بەرامبەر توركیا لە سەر دوو سەرنجی سەرەكی راوەستاوە. یەكیكیان پەیوەندی بە بەرەوپیش بردنی پرۆسەی بە دیموكراتی كردن و ریزگرتنی مافەكانی مرۆڤە لە توركیا، لە نیو ئەمەشدا دۆزینەوەی چارەسەریكی ئاشتیانە و دیموكراتیانەی مەسەلەی كوردە.

دووەمیش بەردەوام مسۆگەركردنی رینمایی رۆژاواییە بۆ توركیا نەوەكو خۆی لە ئەوروپا دابریت ". هەلویستی حكومەت و پەرلەمانی دانمارك دیارە: هەلویستی لایەنگیری كردنی دیموكراتی و مافەكانی مرۆڤە.

بەلام كە مرۆڤ دەبینی وتارە هاوشیوەكەی (بیردال) بە چ ئاكامیكی گەیاند، ئەوساكە دەلیین خۆشبەختانە (پاول نیورۆپ راسموسن) ئەم ووتارەی لە توركیا نەدا.

---

[27]لەوانەیە مەبەست لە فەرموودەیەكی پیغەمبەر بیت.

[28] سەرەك وەزیرانی دانمارك

# مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان

(بیردال) و هەموو ئەوانەی تر کە دەلین مەسەلەی کورد گەورەترین کیشەی تورکیایە، راست دەکەن. چونکە ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە مافەکانی کەمە نەتەوەیاتیەکەوە هەیە.

(یەشار کەمال) ی نووسەر لە ووتارە بەناوبانگەکەی دەنوسی:

( هاوولاتیە کوردەکانمان زمانی خۆیان گەرەکە - ئەو زمان و کەلتورەی خۆیان کەوا لەت و پەت دەکری. برا کوردەکانمان ئیستا وان لە جەنگدا لە پیناو مافەکانی خۆیاندا. ئەو برا تورکیاییانەمان کە ئیمە هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشی بەیەکەوە ژیاوین. لە کاتی شەری سەربەخۆیی ئیمە شانبەشان وەستابووین. ئیمە بە یەکەوە ئەم دەولەتەمان بونیات نا. دەشی مرۆڤ زمانی برای خۆی ببری؟... هۆی ئەم شەرە بە تەنها ئەو کولکەی شیرپەنجەیە: رەگەزپەرستی).

بەلام بابزانین کەمەنەتەوایەتی چیە؟. مانا ئاسایی و باوەکەی - هەروەها لۆژیکیەکەی - چەمکی کەمەنەتەوایەتی ئەو کۆمەلە خەلکە دەگریتەوە کە بەشیوەیەك لە شیوەکان لە زۆرایەتیەکە جیاوازن. بەلام لە لایەنی یاساییەوە ئەوەندە ئاسان نیە تا دەستنیشانی ئەوە بکەیت ئاخۆ کی کەمەنەتەوایەتیە.

بە دریژایی چەندەها سال ناتەباییەکی زۆر هەیە لەسەر پیناسەکردن و دیاریکردنی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی. بەلام ئەم ناتەباییە شتیکی ئەوتۆ نیە

چونکە ئەوا دەیەها ساڵە ریککەوتنیك نیە لە سەر ئەوەی ئاخۆ کەمە نەتەوایەتی لەچوارچیوەی تیگەیشتنی مافی مرۆڤەوە چیە و کین.

لە نیو ریکخراوە نیودەولەتیەکانی وەك بۆ نموونە *UN* گفتوگۆی زۆر توند و گەرم کراوە، بە مەبەستی دانانی ری و شوینیك لە پیناو پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکان و دابین کردنی ماف و بەهاکانیان بە شیوەیەکی یەکسان لەگەل زۆرایەتیەکان.

ئەمە هەر لەخۆیدا دیارە، کە ئەم جۆرە ری و شوینانە زەحمەتن بۆ دەولەتەکان کە عادەتەن زۆرایەتیەکان نوینەرایەتیان دەکەن. هەروەها دەولەتەکان _ بە واتایەکی تر زۆرایەتیەکان _ خۆیان بە یەکەوە دادەنیشن و لە سەر چەند ری و شوینیك ریك دەکەون بە تایبەت بۆپاراستنی کەمایەتیەکانە. بۆیە شتیکی سەیر نیە کەوا ریککەوتنەکە وا زەحمەت بووە _ زۆر جاریش مەحال بووە _ لەسەر ئەوەی چ چەشنە کەمایەتیەك سوود لەم ری و شوینە تایبەتیانە وەردەگرن. ئەو کەسانەی دانیشتوون و گفتوگۆیان لەم مەسەلەیە کردووە بە هیچ شیوەیەك ویستیان نەبووە، چونکە دەبوایە خۆیان یاخود گروپەکانیان واز لە بەرژەوەندی و پاروە چەورەکانیان بینن لە پیناو گروپە کەمایەتیەکان، کە زۆربەی جارەکان نمایندەیان لە نیو گفتوگۆکاندا نیە.

کۆمەلگای نیودەولەتی بە دوو چەشنە " پیناسە و دیاریکردنی " کەمە نەتەوایەتیەکان کاردەکات.

یەکەمیان ئەوەیە کە لە پەیماننامەی *UN* دایە سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان.

لە بەندی ژمارە ٢٧ دا هاتووە: " لەو شوینانەی کەمایەتی ئیتنی ( نەژادی ) یان ئایینی یاخود زمانەوانی هەیە، ئەوا نابی کەسانی سەر بەم کەمایەتیانە مافی ئەوەیان لی زەوت بکری کە بە هاوبەشی لەگەل ئەندامانی گروپەکەی خۆیان ژیانی کەلتوری خۆیان بژین، یان باوەر بە ئایینی خۆیان بینن و جیبەجیی بکەن، یاخود زمانی خۆیان بەکار بینن."

دووەمیان لە بەندی ١٤ ی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هاتووە:

" پێویستە کەلك و چێژ بینین لەم ماف و ئازادیانەی لەم پەیماننامەیە دانیان پێدا نراوە، دابین بکرێت، بەبی جیاوازی بە هۆی نێر و مێیەتی، رەگەز، رەنگ، زمان، بیروڕای ئایینی، سیاسی، بنەچە و رەچەڵەکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی، سەر بە کەمە نەتەوایەتیەك بوون، سامانداری، هەلومەرجی لە دایکبوون یاخود هەر هەلومەرجێکی تر."

زاراوەی کەمە نەتەوایەتی لە بەڵگەنامەکانی *CSCE*[٢٩]، هەروەها لە پەیماننامەی *UNESCO*[٣٠] بەکار هێنراوە بۆ وەستان لە دژی جیاوازی کردن لە بواری فێرکردندا. هەروەها بەندی ژمارە ٣٠ لە پەیماننامەی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ووردی باس لە پاراستن دەکا لە ژێر یەك هەلومەرجدا.

بەم شێوەیە دەبینین ئەم جۆرە زاراوەیە زۆر بەکاردین وەکو کەمایەتی نەتەوە، کەمایەتی زمان، کەمایەتی رەگەز، دانیشتوانی ئەسلی و ئینجا ئەو کۆمەڵانەی خۆیان بە کەمە نەتەوایەتی نازانن، بەڵکو خۆیان بە نەتەوە دەژمێرن، وەکو بۆ نموونە کورد لە تورکیا و فەلەستینیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.

جگە لەمانە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تردا زاراوەی تریش دینە پێش وەکو گروپی ئیتنۆلۆگی و ئایینی. لە هەمان کاتدا ئەم پێناسەکردنانە لاوازیەکی زۆریان تیدا بەدی دەکرێ، ئەگەر رێکەوتنێکی بەدوادا نەیەت سەبارەت بە هەندی پێوەر و مەرج بۆ هەر گروپێك کە کەی و چۆن دەکەوێتە ناو چوارچێوەی پێناسەکان.

کە مرۆڤ تەماشای بارۆمەتری واقیعی سیاسی دەکات، بە کێشە گرگرتووەکانی کەمە نەتەوایەتیەکانەوە لێرە و لەوێ، دەبینی دەرفەتی سیاسی بۆ رێککەوتن لەسەر

---

[٢٩] ئەنجوومەنی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا.

[٣٠] رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کەلتور.

پیناسـەکردنیکی دیـار و ئاشـکرای کەمـە نەتەوایەتیـەکان _ ئینجا پاراستنیشـیان _ لـە ئایندەیەکی نزیك، زۆر کەمە.

ئـەم ریکنەکەوتنـە سـەبارەت بـە پیـوەر و مەرجـەکان لـە راسـتیدا مانـای ئەوەیـە، هـەندی وولات لەبـەر هـۆی سیاسـی یـاخود هـۆی تـر نایانـەوی پاریزگـاری گروپیکـی دیـاریکراو بکـەن. ئیـتر بـەم جـۆرە ریزگرتنـی مافـەکانی کەمەنەتەوایەتیـەکان ناکەنـە ئەرك و نایانخەنە ئەستۆی خۆیان.

بەم شیوەیە ئیتر وولاتیك دەتوانی بلی کـەوا ئـەم لەگـەل پرینسیپەکاندایە، بـەلام کەمەنەتەوایەتی لە نیو چوارچیوەکانی سنووری ئەمدا نیە.

تورکیا نموونەیەکی کلاسیکیە لـەم بـوارەدا. لـە دەسـتوورەکەیدا تەنـها باسـی یـەك نەتەوە و یەك زمـان هـاتووە. بـەلام فەرەنساش لەبـەر هـەمان هـۆ خـۆی دوورگـرت لـە بەندی ۲۷ لە پەیماننامەی *UN* سـەبارەت بـە مافـە مـەدەنی و سیاسـیەکان. فەرەنسا لـە کۆبوونــەوەی *CSCE* سـەبارەت بـە کەمـە نەتەوایەتیـەکان لـە سـالی ۱۹۹۰ خـۆی لــە (بەلگەنامــەی کۆپنــهاگن) بـە دوورنــەگرت، کـە لەوانەیــە بــە هــەنگاویکی لــەپیش بژمیردری. کەچی بولگاریا و یۆنان و تورکیا خۆیان بەدوور گرت.

هۆی یەکـەمی ترسـی حکومەتـەکانی ئـەم وولاتانــە لەوەدایــە کـە بوونــی کەمــە نەتەوایەتیەکان هەمیشە مەترسین بۆ سەر یەکپارچەیی وولاتەکانیان.

دیـارە لایەنــە باشــەکانی فـرە کــەلتووری و کارلەیــەککردنی سـوودبەخش و پــر بەرهــەمی نیــوان چــەند کــەلتوریکی جیاجیــا، کــار ناکاتــە ســەر بــیری سیاســی دەسەلاتدارەکان.

زۆر جاران هەولی ئەوە دراوە چوارچیوەیەك بۆ مەسـەلەی گروپـە کەمایەتیـەکان دابنری.

لە پەیمانی ئاشـتی سـالی ۱۹۱۹ لـە نیـوان هاوپەیمانـەکان و بولگاریـا، بەشـیك هەیـە سـەبارەت بـە پاراسـتنی کەمایەتیـەکان. بـۆ لیکدانـەوەی مانـای زاراوەی *community*، لـە

سالی ١٩٣٠ پرس بە دادگای نیودەولەتی دەکری. بۆچوونەکەی دادگا لەم رووەوە نموونەیەکە بۆ دارشتنی ئەو چوارچیوەیەی لەسەرەوە باسمان کرد.

" بە پیی مانای باو *community* مانای کۆمەلە کەسانیك دەگەیەنی، کە لە وولاتیکی دیاریکراودا یاخود لە هەریمیکدا دەژین و رەگەز و ئایین و زمان و داب و نەریتی خۆیان هەیە، نیشانەی جیاکەرەوەی لەمەر رەگەز و ئایین و زمان و داب و نەریت یەکیان دەخات، لە نیو چوارچیوەی گیانی هاریکاری، لەسەر بناغەی پاراستنی داب و نەریتەکان، دەستگرتن بە شیوەی خواپەرستی خۆیان، دابین کردنی فیربوون و پەروەردەی مندالەکانیان بە گویرەی گیانی رەگەز و داب و نەریتەکانیان، یارمەتی دانی یەکتریان."

ئەمە یەکیکە لە جوانترین بەلگەنامە نیودەولەتیەکان لەمەر مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان، چونکە لەم بۆچوونەدا ئاماژە بۆ ئەو هۆیە سەرەکیە دەکریت کە وای کردووە پاراستنی کەمایەتیەکان پیویست بیت ، دیارە مەبەست لە گرنگترین پیداویستی مرۆڤایەتیە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ سەر بە گروپیکی کەلتوری بیت.

لە نیو بواری *UN* یشدا هەول دراوە پیناسەیەکی وردتری گروپی کەمایەتیەکان بکریت.

لە سالی ١٩٧٩ کۆمەلیکی راپۆرت دانەر، راپۆرتیکیان بۆ *UN* ئامادە کرد کە تیایدا بە پیی بەندی ژمارە ٢٧ ی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئەم پیناسەیەی خوارەوەیان بۆ گروپی کەمایەتیەکان داناوە:

" ئەمانە گروپیکن لە نیو دەولەتیکدا، لە لایەنی ژمارەوە لە باقی دانیشتوان کەمترن، شوین و پایەیەکی دەسەلاتداریان نیە، ئەندامەکانی ئەم گروپە کە هاوولاتی ئەم دەولەتەن تایبەتمەندیەکی رەگەز و ئایین و و زمانەوانیان هەیە کە لە خەلکەکەی تر جیایان دەکاتەوە، بە شیوەیەکی دیار یان نادیار هەستی هاوکاری خۆیان دەردەبرن بەرامبەر پاراستنی کەلتور و داب و نەریت و ئایین و زمانی خۆیان."

ئـەو مەسـەلەی (نـەبوونی شـوین و پایەیـەکی دەسـەلاتداری) ئاماژەیـەك بــوو بـۆ وولاتـی خـوارووی ئـەفریقیای ئـەوکات، کـە کەمایـەتی دەسـەلاتیان بەدەسـت بـوو، بۆیـە نەدەکرا داوای پاراستنی کەمایەتی بکەن.

ئیتر بەم شیوەیە ئەم پیناسەیە هەرگیز نەگەیشـتۆتە ئـەوەی پشتگیری لی بکریت لە لایەن ئەو ولاتانەی تا ئیستاش بەردەوام خۆیان بە بەندی ژمارە ٢٧ نابەستنەوە.

ئەگـەر تەماشـایەکی ئـەوروپا بکـەین دەبینـین ئـەم جـۆرە پیناسـەیە کیشـەی بـۆ دەسەلاتدارە تازەکانی بۆ نموونە (ئیستۆنیا) و (لاتڤیا) ناوەتەوە، کـە کەمایەتیـەکی بـە رەگەز رووسی زۆر گەورەیان تیدایە، وەکو کەمە نەتەوایەتیەك لە زۆربـەی مافـەکانیان بیبەش کراون.

گـەورەترین دوو کـۆرو کۆمــەلی ئــەوروپی بـۆ گفتوگۆکـردن لەســەر مەســەلەی کەمایەتی و مافەکانی مرۆڤ *UN* و *OSCE* ین.

لـە کـاتی خـۆی *CSCE* لـە سـالانی حـەفتاکان لـە کۆبوونــەوەکانی هیلسـنکی هاتــە دروست بوون، کە ئیستا بۆتە *OSCE* _ ریکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا.

یەکیك لە مەودا مرۆڤایەتیەکانی *OSCE* مەسـەلەی ریزگرتنـی مافـەکانی مرۆڤـە، کە بابەتی کۆمەلیك کۆبوونەوەی تایبەتی بوون. لـەم کۆبوونەوانـەدا یاسـا و ریسـاکانی *OSCE* بۆ پاراستنی کەمایەتیەکان پەرەیان پیدرا.

یەکیك لـە پرینسـیپە گرنگـەکانی شـیوەی کـارکردنی پرۆسـەی *OSCE*، پرینسـیپی تـەبایی تـەواوە، بـە شـیوەیەك پیویسـتە تــەواوی وولاتــانی بەشــدار ریککــەون لەســەر ناوەرۆکی دیکۆمەنتە جیاجیاکانی *OSCE*.

سەرەرای ئەمەش جیی بایەخە لیرەدا سەرنجی ئەوەش بدەین کە دیکۆمەنتــەکانی *OSCE* دیکۆمــەنتی یاسـایی بەســتەوەر نــین وەکــو پەیماننامــەکانی *UN*، بــەلکو زیــتر دیکۆمەنتی سیاسی ئەخلاقین.

گرنگترین خاڵ لە پاراستنی کەمایەتیەکان لە لای *OSCE* ئەوەیە، پی لەسەر ئەوە دادەگریت مەسەلەی کەمایەتیەکان مەسەلەیەکی نیودەولەتیە. ئەمە لە راستیدا هەنگاویکی یەگجار لە پیشە بۆ پاراستنیکی کاریگەرانەتری کەمایەتیەکان، ئیتر بەم شیوەیە دووپاتی ئەوە دەکریتەوە کەوا مامەلەکردنی وولاتان لەگەل دانیشتوانە کەمایەتیەکانی خۆیان ئیتر تەنها بە مەسەلەیەکی ناوخۆ ناژمیردری. بە واتایەکی تر ئیستا دەولەتان دەتوانن خۆیان تیکەلی کاروباری دەولەتیکی دیاریکراو بکەن سەبارەت بە شیوەی مامەلە کردنی گروپە کەمایەتیەکان لە لایەن دەولەتی ناوبراو.

خالیکی تری گرنگ ئەوەیە کەوا *OSCE* ئەوەی چەسپاندووە کە گروپە کەمایەتیەکان پیویستە مافی ئەوەیان هەبی لە بەرامبەر تواندنەوەی بەزۆر بوەستن و بەرەنگاری بکەن.

ئیتر نابی خەلکانی تر زۆری ئەوەیان لی بکریت تاکو شیوەی ژیان و نەریتی خۆیان بگۆرن بە مەبەستی ئەوەی وەکو هی زۆرایەتیەکەی لی بیت.

خالی لاواز و بیهیزی پرۆسەی *OSCE* سەبارەت بە کەمایەتیەکان لەوەدایە کە تەنها کار بە زاراوەی " کەمە نەتەوایەتی" دەکری.

بەم جۆرە کوردەکان لە تورکیا لە لایەنی تیۆریەوە لە نیو هەریمەکانی *OSCE* پاریزراون، بەلام ئەم کۆمەلانە ناگریتەوە کە خاکی خۆیان بەجی هیشتووە و لە شوینی دیکە دەژین بۆ نموونە قەرەجەکان و مهاجیرەکان و پەنابەرەکان.

لە کۆبوونەوەکانی *OSCE* لە هیلسنکی لە سالی ۱۹۹۲ کۆمەلیك بریار وەرگیرا سەبارەت بە کەمە نەتەوایەتیەکان، بە تایبەتیش کۆمیسیریکی بالای *OSCE* تایبەت بە کەمە نەتەوایەتیەکان دامەزرا. بەلام یەکی لە لایەنە بیهیزیە گرنگەکانی دەسەلاتی کۆمیسیرەکە لەوەدایە کە ناتوانی لە کاتی رووودانی هەندی جۆرە رووداو کار بکات، وەکو ئەوانەی ناویان ناون " رووداوە تیرۆریزمیە نەخشەکیشراوەکان ".

ئـەم بریـارە لــە ئــەنجامی پیداگرتنــی تورکیــاوە تیئــاخنرا، کــە تیــایدا هــاتووە، کۆمیسیری بالا بۆ نموونە ناتوانی کاربکات لە مەسەلەی ئـەو کیشە تورکـی _ کوردیـەی وا لـە ئارادایـە. لـیرەدا باسـی *OSCE* مـان بـە دوور و دریــژی کــرد، چونکــە ئــا لــیرەدا پۆزەتیـف تریـن پیشـکەوتن لـە مـەر گروپـە کەمایەتیـەکان روویــداوە. لـەم دوادواییــە ئەنجوومەنی ئەوروپیش تۆزی جوولایەوە.

لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ۱۹۹٤ کۆمیتەی وەزیرانی ئەنجوومـەنی ئـەوروپا بریـاری پەیماننامەیـەکی دیـاریکراوی (پەیماننامـەی چوارچیوەیـی)[31]دا، سەبارەت پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکان لە ئەوروپا. ئامانجی پەیماننامەکە پاراسـتنی ئەو کەسانەیە کەوا سـەر بـەو کەمایەتیانـەن و لـە وولاتـانی ئـەوروپا نیشـتەجین، بـەم جۆرە ئەمە دەبیتە بەشداری کردنیك بـۆ پاراسـتنی سـەقامگیری و ئاشـتی و ئاسـایش و دیموکراتی لە ئەوروپا.

لـە پەیماننامەکـەدا پـی لەســەر ئــەوە داگــیراوە کــەوا ئــەم پاراســتنە ریزگرتنــی ناسـنامەی نـەژاد و کــەلتور و زمــان و ئــایینی کەمایەتیــەکان دەگریتــەخۆ. هــەروەها سەرەرای ئەمەش دەبی مەرجـە پیویسـتیەکان دابـین بکریـن بـۆ ئـەوەی کەمایەتیـەکان توانای دەربرین و پاراستن و پەرەپیدانی کەلتور و ناسنامەی خۆیان هەبی. ئەمە ئـەوە دەگەیەنی کە پەیماننامەکە هیندی پرنسیپ دەچەسپینی بـۆ چۆنیـەتی مامەلـەکردن و پاراستنی ئەو کەسانەی سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانن. بریارەکانی نیـو پەیماننامەکـە ریبازیك دیاری دەکەن تا دەولەتەکان لەسەری برۆن بـۆ گەیشـتن بـەو ئاسـتەی پاراسـتن کە ئاواتیانە.

لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی بریارەکان لە شیوەی ئامانج راگەیاندنن، یاخود داواکارین بەلکو دەولەتەکان فـەرمان و دەسـتووری ئـەوتۆ بخەنـەکار بـە مەبەسـتی دابـین کردنـی مافەکانی کەمایەتیەکان. ئەم مافانە بە پیی پەیماننامەی کەمایەتیەکان بـە مـافی تاکـە

[31] ئەو پەیماننامەیە کە تەنهاچوارچیوەی مەسەلەیەك دەگریتەوە و بە دریژی ناچیتە ناواخنی بابەتەکان.

کەس دەژمێردرین. بە واتایەکی تر مەبەست پاریزگاری کردنی تاکی سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانە. کەمە نەتەوایەتیەکان بەم شیوەیە وەکو کۆمەل پاراستن وەدەست ناهینن. زۆربەی مافەکانی پەیماننامەکە دووپاتکردنەوەی هەمان ئەو مافە سەربەستیانەن کە لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپادا هاتوون، وەکو مافی سەربەستی دەربرین و یەکسانی لەبەردەم یاسا و مافی فیربوون.

وەکو خالیکی تایبەت پەیماننامەی چوارچیوەیی جەخت لەسەر لایەنی پەیوەندی و هاموشۆیی دەکات.دان بە مافی کەمایەتیەکان دەنری کە لە بۆنەی تایبەتو گشتی بە قسە یاخود بە نووسین زمانی خۆیان بەکار بینن. هەروەها پیویستە دەولەت ئەوە دابین بکات کە زمانی کەمایەتیەکان بەکار بیت لە کاتی پەیوەندیکردن بە دەسەلاتە ئیداریەکان. سەرەرای ئەمەش پیویستە دەولەت مافی بەکارهینان و زانیاری گەیاندن بە زمانیك مسۆگەر بکات کە ئەو کەسانە تییان بگەن، سەبارەت بە کیشەکانی بەردەم دادگا لە مەسەلەی گرتن و شکات کردن و داوا خستنەرو. لەم رووەوە پەیماننامەکە مسۆگەریەکی ئەوتۆ زیتری تیدا نیە لەوەی لە نیو پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا هەن.

بەلام پەیماننامەی چوارچیوەیی لە ناوەرۆکیدا مافیکی تیدایە بۆ ئەو کەسانەی سەر بە کەمایەتیەکانن، کە بتوانن ناو و نازناو بە زمانی خۆیان بەکاربینن.

دەولەت پیویستە بە رەسمی دان بە بەکارهینانی ئەم ناوانە بنی.

ئەمە ئەو ناوانەش دەگریتەوە کە لە سەر تابلۆ گشتیەکاندا دەنووسرین... هتد.

هەروەها ئەرکی سەر شانی دەولەتە کە یەکسانیەکی تەواو و کاریگەر پیادە بکات لە نیوان کەمایەتیەکان و زۆرایەتیەکان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و کەلتوری.

سەرباری ئەمەش پیویستە دەولەت دەرفەت برەخسینیت بۆ ئەو کەسانەی سەر بە کەمایەتیەکانن تا بتوانن چالاکانە بەشداری ژیانی کەلتوری و ئابووری کۆمەلایەتی

کۆمەڵگا بکەن، لەگەڵ کاروبارە رەسمی و گشتیەکان کە بە تایبەتی پەیوەندیان بە کەمایەتیەکانەوە هەیە. بە هەمان شیوە ئەرکی سەرشانی دەولەتە کەوا کەلتور و ناسنامەی کەمایەتیەکان بەرەو پیش ببات.

جگە لەمەش پەیماننامەی کەمایەتیەکان بە ئەرکی دەولەتی دادەنی کە ری و رەسمی پیویست بگریتەبەر بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی دەکەونە بەر شالاوی هەرەشە و مامەلەی ئەوتۆ کە مۆرکی فەرق و جیاوازی و دوژمنکاری و توند و تیژی پیوەیە، کە هۆیەکەی لە بنەرەتدا دەگەریتەوە بۆ نەژاد یان کەلتور یان زمان یاخود ئایین.

هەروەها داوا لە دەولەت دەکری کەوا سەرەرای جیاوازی داب و نەریتە کەلتوریەکان، بە شیوەیەکی گشتی گیانی لیبوردن و گفتوگۆ بەرەو پیش ببات.

لە کۆتاییدا هەر کەسیکی سەر بە کەمایەتیەکان پیویستە مافی تەواو ئازادی هەبی کە خۆی بریاری ئەوە بدات وەکو کەمایەتیەك مامەلەی لەگەلدا بکریت یان نا، ئەم بریارە نابی ببیتە هۆی ئەوەی ئەم کەسە زیانی پیبگات لەو کاتانەی ئەم مافانە بە پلە و پایەی ئەو کەسەوە بەند بن.

# رۆلی کۆمەلگای مەدەنی

ئەگەر پەیماننامەی چوارچیوەیی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان لە لایەن تورکیاوە مۆر بکریت و لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسەند بکریت، لە نیو یاساکانی تورکیا و دەزگا دادگاییەکاندا کاری پی بکریت، ئەوا بۆی هەیە تورکیا لە ئەندامیەتی تەواوی *EU* زۆر نزیك بکەویتەوە، کیشە چەکداریەکەی چەندین سالەی لەگەل کوردەکاندا لە یەخە بیتەوە. بۆیە ئەرکیکی سیاسیە توندی لەگەل تورکیا بنوینریت، بۆ ئەوەی ئەم دوکۆمەنتە بە هەند هەلگری. تا ئەو کاتەی ئەم کارە ئەنجام دەدری ، دەتوانری نەك لە لایەن دەولەتەکانەوە بەلکو لە لایەن خەلکی ترەوە، پشتگیریکردنی هیزە دیموکراتیەکانی ناو تورکیا وەدی بهینریت.

بەریوەبەری سەنتەری دانمارکی مافەکانی مرۆڤ (مۆرتن کییەروم) سەبارەت بە توانای بەشداریکردن لە چارەسەری کیشەی کەمایەتیەکان نووسیویەتی:

"خۆپاراستن لە کیشەی چەکدار و چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کیشانە ناکری بە تەنها بۆ حکومەتەکان و لیکدانەوە تەکتیکیەکانیان بەجی بهیلدریت. مەسەلەی شەر و ئاشتی نابی چیتر بەو جۆرە ببینریت وەك ئەوەی یاری شەترەنج بیت لە نیوان دوو لایەندا، بەلکو پیویستە زیتر وەکو بازاریك ببینریت، کە چەندەها کەس رۆلی تیدا دەبینن و هەریەکەو بۆ بەرژەوەندی خۆی بە لایەکدا رایدەکیشیت.

بەرژەوەندیە ئایینی و نەژادی و سیاسی و ناوچەییەکان هەمیشە بەهیز دەبن و ووزەی تازەیان تیدەکەویت و بە شیوەیەکی زۆر ئالۆز خۆیان دەسەپینن. ئەم

بەرژەوەندیانە بە چاك و خراپیانەوە زۆر ئالۆزترن لەوەی رەنگیان هەر تەنها رەش و سپی بیت.

توند و تیژی و دژایەتی لە كۆمەڵگای مەدەنی دەبیتە بەشیك لە بنەمای كیشەكە. بەشی هەرە زۆری قوربانیەكانی كیشە توند و تیژەكانی نیوان دەولەتان لەم سەدەیەماندا، دانیشتوانە مەدەنیەكان بوونە. لە كیشە ناوخۆییەكانیشدا هەمان هەلومەرجە و بگرە خراپتریش".

لەو وەزعەی لە توركیا لە ئارادایە، لە پیناو چارەسەركردنی كیشەكە دەسەلاتدارانی توركیا و دوژمنەكانیان، واتا هەردوو لا، پیویستیان بە یارمەتیە لە لایەن چەند هیزیكی ئەوتۆوە كە هیچ نیازیكی شارەوەیان نەبی.

(مۆرتن كییەروم) ئەم هەلسەنگاندنەی خوارەوەی هەیە:

"لەم سالانەی دواییدا ریكخراوە مەدەنیەكان *CSO* [٣٢] رۆلیكی یەكجار مەزنیان گیراوە لە بواری بەرەو پیش بردنی مەسەلەی مافەكانی مرۆڤ و ریكخستن و پیشكەشكردنی یارمەتی مرۆڤایەتی و بلاوكردنەوەی زانیاری لەمەر یاسای مرۆڤایەتی وخولقاندنی گۆرانكاری كۆمەلایەتی و ئابووری. *CSO* كان وەكو ئەلقەی بەستنەوەن لە نیوان كۆمەلگای مەدەنی و دەولەتەكان و سیستەمە نیمچە رەسمیەكان.

*CSO* كان زۆر هیز و توانای مرۆڤی و مەتریالیان تیدایە، كە لە توانا دایە لە كاتی تەنگ و چەلەمەدا بە چاك بەكار بهینرین، بۆ نموونە وەك بەربەستیك لەبەردەم سەرهەلدانی كیشەكان."

وەكو لەوە پیش لە بەشەكەی (ڤیللۆ سیگوردسن) یش باسكرا، هەر لە سالی ١٩٩١ وە دەستپیشكەریەكی دانماركی لە كاردا بووە، لە لایەكەوە تۆریكی پەیوەندی لەگەل پارت و ریكخراوە توركی و كوردیەكان چنیوە، لە لایەكی تریشەوە كاری گشتگری ئەنجام داوە سەبارەت بە بلاوكردنەوەی زانیاری لەمەر بارودۆخی توركیا بە گشتی و

[٣٢] Civil Society Organisations

ئەو کیشەیەی لە ئارادایە و گۆشەنیگای لایەنەکانی ئەم کیشەیە. ئەم کارە دوو ئەرکی لەسەر شان بووە: گەیاندنی زانیاریەکان و خولقاندنی گفتوگۆ.

ئەو راپۆرتانەی لیژنەکانی ساغکردنەوەی راستیەکان کە بۆ نموونە لە لایەن *UN* وە لەبارەی کیشەیەك ئەنجام دەدرین، لە زۆر حالەتدا نهینین و هەموو دەم ناگەنە دەستی لایەنە نارەسمیەکان.

دەستپیشکەریەکەی دانمارك هەولی داوە کە گشت کۆبوونەوەکانی لەگەل وەزیرەکانی تورکیا و سەرەك پارتە کوردیەکان لە راپۆرت و شیکردنەوەی گشتی ئەوتۆ بنووسرینەوە کە هەموو کەس دەستی بیانگاتی. بەم جۆرە ئیمە هەولمان داوە تیگەیشتنیك لەمەر ئالۆزی کیشەکە بخولقینین، تاوەکو چاو ببردریتە دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی.

لە دوای ئەمەشدا ئیمە چەندەها پیشنیارمان خستە روو بۆ دەستکردن بە پرۆسەی دامرکاندنەوەی کیشەکە، کە لە توانادا بوو ببنە هاندەری داهینانی گەورەتر لە ناوچەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریکی ئەم کیشەیە.

ئەنجامی ئەم کارە بۆتە پیشنیاریکی ئەوتۆ لە هەردوو لایەنی تورکی و کوردیەوە بۆ ئەوەی ئیمە بکریین بە نیوانیکاری چالاك. ئیمە وەکو گروپیکی مەدەنی لە تواناماندا بووە بگەینە نوینەرانی کۆمەلگای مەدەنی وەکو بۆ نموونە ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، لایەنەکانی کیشەکە هەروەکو بۆ نموونە (لاسە بۆدتز) کۆبوونەوەی لەگەل سەرۆکی *PKK* کرد.

گروپە مەدەنیەکان بە حوکمی شوین و پایەی خۆیان وەکو لایەنیکی سییەمی نارەسمی دەتوانن هەلویستیك بخولقینن کە لە لایەن هەردوو لاوە جیگای باوەربیت، بەم شیوەیە گفتوگۆیەك بەرپا بکریت. ریکخراوە مرۆڤایەتیەکانیش دەتوانن لە هەردوو لاوە ئەو کەسانە کۆکەنەوە کە رای گشتی دروست دەکەن، وەکو رۆژنامەنووسان

و نووسەران و سیاسەتمەدارەکان و زۆرانی تر، ئیتر ئەوانەش دەتوانن بەشداری بکەن لە بەرپاکردنی گفتوگۆ.

زۆرجاران زەحمەتە بۆ ریکخراوە نیمچە رەسمیەکان بتوانن ئەو رۆلە بگیرن لەبەر سروشتی ناوەوەی کیشەکە.

(مۆرتن کییەروم) بەم جۆرە باسی ئەم مەسەلەیە دەکات:

" رۆلی لایەنی سییەم زۆربەی کات دەبیتە یارمەتیەك، لە کاتیکدا ئەو لایەنانەی لە کیشەکەوە ئالاون زۆر جار هەر توانای ئەوەیان هەیە تەنها دوینی و ئەمرۆ ببینن، چونکە ئەو هەلویستە نەگۆر و چەقیوە وادەکا زەحمەت بیت بتوانن پیش چاوی خۆیان ببینن. بە هەمان شیوە زۆربەی لایەنەکان تا رادەیەك زیتر مەیلیان لییە باسی _ لایەکەی تر بکەن _ لەوەی باسی خۆیان بکەن. ئەمەش لە جیاتی بیرکردنەوەیەکی بونیاتنەر، بیرکردنەوەیەکی نیگەتیڤ دروست دەکات. بەم چەشنە کیشەکە لە جیاتی ئەوەی بکریتەوە و چارەسەر بکریت، هەر بە داخراوی و چەقیوی دەمینیتەوە".

# گفتوگۆ سوودی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە

ئەو بارودۆخەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیا کە لە شەری ناوخۆ دەچی، لە فراوانبوون دایە. کاری تیرۆر لە لایەن سوپای تورکیا و بزووتنەوە کوردیەکەی *PKK* وە ئەنجام دەدری. زیتر لە ٤٠٠٠٠٠ سەرباز لە شەریکی توند دان لە بەرامبەر ٣٠٠٠٠ پیشمەرگەی *PKK*. لە نیو خەلکی ئاساییدا لە تورکیا خەریکە (دەردە _ ڤی تنام) یك پەیدا دەبی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی مەدەنی و سەربازی لە شەرەکەدا دەفەوتین و دەبنە قوربانی.

سزای زیندان و بەندکردن بە سەخاوەتی بەسەر خەلکدا بەش دەکریت. دیهاتە سووتاوەکان بابەتی گفتوگۆی سیاسی رۆژانەن لە نیو پەرلەمانی تورکیدا. چەندەها سالە وا مافەکانی مرۆڤ بەو رادە فراوانە پیشیل دەکرین، بەلام خالی هەرە گرنگ ئەوەیە کیشەکە وا خەریکە بەرەو رۆژاوا رووەو ئەنقەرەی پایتەختی حکومەت دەگوازریتەوە. ئەمرۆ لە ناوچەی سیواشدا دیارە سوپا کەوتۆتە راونانی دانیشتوانە کوردەکان لە رۆژهەلاتەوە، و مرو لە میانەی لیدوانە سیاسیەکاندا گوێبیستی ئەو ترسە دەبی، کە *PKK* ستراتیژیەتی خۆی دەگۆری و دەست دەداتە شەریکی راستەقینەی گەریلای _ ناوشار لە تورکیا.

بۆیە زۆربەی پارتەکان سەرقالی ئەوەن قاسید و یارمەتی رەوانەی ناوچەکانی شەر بکەن، پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوە ئامادە بکەن و ئەو دەستدریژیانە بدەنە دادگا کە لە لایەنی سوپاوە کراون.

بە پیی قسەکانی *Ilnur Cevik* نووسەری بەرپرسی رۆژنامەی *Turkish Daily News* کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچی، ئەو شەرەی ناوخۆی تورکیا سالانە حەوت ملیار دۆلاری تیدەچی. ئەو پارەیە هیندەی تەواوی ئەو پارە سەربارەیە[٣٣] کەوا تورکیا سالانە دەیداتە خاوەن قەرزە بیانیەکان.

هەروەها ئەو پارەیە زۆرترە لە سەرجەمی گشت ئەو پارانەی لە فرۆشتنی بلیتەکانی یانسیب دەبرینەوە لەسەر جادەکان لە تەك کچۆلە تورکەکەی ئەنقەرە.

ئەمە بیگومان ئەوە دەگەیەنی، کە ئەم هەموو پارە زۆرە دەچیتە گیرفانی چەن کەسانیکی وەکو بازرگانانی شەر، سەرکردە سوپاییەکان، کۆمەلەکانی مافیا، سیاسەتمەدارەکان، خاوەن زەوی و زارە گەورەکان. ئەمانە لە ئەنجامی سەربرینی تراژیدیانەی روو لە زیادی خەلکە مەدەنی و بیگوناهەکە، پارەیەکی خویناوی دەچنن.

ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا رایدەگەیەنی، هەر لەو ساوەی ریککەوتننامەی گومرگی نیوان *EU* و تورکیا کەوتە کار لە کانوونی دووەم/ ژانوەری سالی ١٩٩٦، دەستدریژیەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ بە سیستەماتیك لە زیادیدا بووە. هۆیەکەی ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی سوپا و پۆلیس زیتر مەیدانیان بۆ خۆش بووە لەبەر بەردەوام دووبارە بوونەوەی راوەراوی سیاسی بە دوای دەسەلات و گۆرانی خیرا خیرای حکومەتەکان و وەزیرەکان.

هەر لەبەر هەمان هۆ بوو *EU* بە ملیارەها پارەی راگرت، کە نیاز بوو بدریتە تورکیا لە ئەنجامی ریکەوتننامەی یەکییتی گومرگی. بەلام لە هەمان کاتدا دژایەتی کردنی مافی ناسنامە و مافی ژیانیکی شایستە بۆ گەلی کورد، گەورەترین دیاردەی تورکیایە.

نەتەوەی کورد لە تورکیا بیبەری کراوە لەوەی بە گویرەی کەلتوری خۆی بژی.

گەلی کورد کەوتۆتە بەر شالاوی راونان بە هۆی کەلتوری خۆیەوە.

---

[٣٣] فائدە

مرۆڤی کورد هەر لەو ساتەی بە تازەیی لە دایك دەبی فەرق و جیاوازی دەرهەق دەکری. ئەمە ترسناکترین و بەسامترین تاوانە لە دژی مرۆڤدا دەکری. ئەمە پیی دەگوتری ئەپارتاید و رەگەزپەرستی. ئەم مەسەلەیە لە چەندین پەیماننامەی نیودەولەتیدا هاتووە کە تورکیا خۆی مۆری لەسەر کردووە.

لە دوای باسکردنی ئەم هەموو راستیە ترسناکە، گرنگە ئەوە دووپات بکریتەوە کە سەرەرای ئەم نموونە تۆقینەرانە، هیشتا لایەنی چاکەخواز لە لایەنی خراپەخواز زیترە لە جیهاندا، بە هەمان شیوە لە تورکیاشدا.

هەروەکو لەو بەشەی (لاسە بۆدتز) نووسیویەتی هاتووە، منیش بەشداری چەندین وەفدی *NGO* ی دانمارکم کرد بۆ تورکیا، لەویدا لەگەل سەرکردە سیاسیەکانی تورکیا قسەمان کرد.

لە سەردانیکدا (حیکمەت چەتین) ی وەزیری دەرەوە و جیگری سەرۆك وەزیرانی پیشوو پیی گوتین کەوا تورکیا گیروگرفتی مەسەلەی گۆرانکاری دیموکراتی هەیە، ئەو خۆی حەز دەکا کۆمەلیك بەند و پەرەگرافی دەستوور هەیە، پیویستە یان ئەوەتا لابرین یاخود هەر بە یەکجاری هەلبگیرین.

سەرۆکی کۆمەلی سۆسیالدیموکراتەکان لە نیو پەرلەماندا باسی کرد کەوا پیش مەسەلەی دەستوور، بە لای کەم ٦٢ یاسای تایبەت هەیە کە پیویستە بگۆردرین بەر لەوەی دیموکراتیەت ببیتە شتیکی راستەقینە لە تورکیادا.

سەرۆك وەزیرانی پیشو و وەزیری دەرەوەی ئیستا[٣٤] (تانسۆ چیلەر) لە لەندەن لە رۆژی ٥ ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ کۆنفرانسیکی رۆژنامەنووسی بەست، تیایدا هەولیدا (بی ئەوەی هەولەکەی سەربگری) بریارەکەی پەرلەمانی ئەوروپا رابگری سەبارەت بە راگرتنی یارمەتییەکەی *EU* بۆ تورکیا.

[٣٤] بیگومان لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا

(چیلەر) رایگەیاند کەوا تورکیا ئارەزوو دەکات بەردەوامی بە گفتوگۆکانی بدات لەگەل کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ پاراستن لە ئەشکەنجەدان، حکومەتی تورکیا هەنگاو دەنی بەرەو خستنەروی کۆمەلی گۆرانکاری دیموکراتی کە دەبنە هۆی ئەوەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا پیشبخەن.

ئەمە شتیکی باشە وەزیرە بەرپرسیارەکان سینگیان بۆ رەخنە کراوەیە، ئەوە دەردەبرن کە دەیانەوی دیموکراتیەت پیشبخەن.

بەلام ئەوەی زۆر خراپە ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە ئەوەندە کات دەبا وەك ئەوەی هەر کۆتایی نەیەت، ئنجا ئەوەی دەشگۆریت پیادە ناکریت، چونکە کەسی دەستی ئەو پۆلیسە و ئەو سەربازە ئاساییە ناگری کەوا لە دیهاتە بچووکەکاندا بەردەوامن لە سەر ئەشکەنجەدان و داپلۆسین.

هەموو ئەو بەلینە بە نرخانە و هەموو ئەو قسە خۆشانە یەك پوول ناهینن لە بەرامبەر ئەو دەستدریژیانەی جار بەدوای جار خیزان و گوندەکانی ناوچە کوردیەکان رەش دەکەنەوە.

دەبی ئاگاداری ئەوەش بین نەبادا وولاتانی تر، کە کیشەی نەژاد و نەتەوایەتیان تیدایە چاو لەم تەرزە رەفتارەی تورکیا بەرامبەر بە کوردەکان بکەن و لاسایی هەمان رەفتار بکەنەوە.

(مەمەد یوکسەکایا) لە رۆژنامەی *Information* ١٩٩٥/٤/٦ خالیکی باشی دەستنیشان کردووە:

"تورکیا خەریکی ئەنجامدانی ئەزموونیکی ترسناکە، بۆی هەیە بە ئاسانی ببیتە پیوەر بۆ دەولەتانی تر، کە کیشەی نەژادی و نەتەوایەتیان تیدایە. نموونەی ئەم وولاتانەش زۆرن، چ لە نیو کیشوەری ئەوروپادا و چ لە وولاتانی تری دوورەوە. ئەگەر ئەم پەرەسەندنە وا بروا بەرادەیەك ببیتە پیوەربەخش، ئەوا مەترسیەکەی لەوەدایە،

خەلکانی سیاسەتمەدار و سوپایی ئەو وولاتانە کە دەسەلاتیان بەسەر ئەوەدا ناشکی کیشەکانی ناوخۆ چارەسەر بکەن، ئەوا ئەو کیشانە رەوانەی دەرەوە بکەن".

گرنگترین گیروگرفتی تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە دەستوورەکەیەتی. وا پیدەچیت زۆر لە پارتە سیاسییەکان و ریکخراوە گرنگەکان ئارەزووویان لە دەستووریکی تازەیە، بەلام ناتەبایی و ناکۆکی ناوخۆیان لەمەر شتەکانی تر _لەگەل نەبوونی ئارەزوو لە لایەن سوپاوە _ بۆنەتە بەربەست لەبەردەم دەست بەکارکردن بۆ دەستووریکی تازە. لیرەوە کۆمەلگای نیودەولەتی دەتوانی باربۆ و بەشداری بکات.

(موزەیین بۆزتۆپراك) کە ئافرەتیکی باسکارە لە سەنتەری خویندنی رۆژهەلاتی ناوەراستی سەر بە زانکۆی ئۆدینسە، لە زۆر لایەنەوە راست دەکات کە داوا لە وولاتانی رۆژاوا دەکات دەستی یارمەتی بۆ حکومەتی تورکیا دریژ کەن، کە پارتی رەفاهی ئیسلامی تیایدا حوکمی بەدەستە. هەر بە تەنها رەخنەگرتن و مەحکومکردن کاریکی بونیاتنەر نیە.

بۆیە لیژنەیەکی دەستپیشکەری *NGO* ی دانمارکی پەیوەندی بە کۆمەلیك پسپۆرانی دەستوورناسی تورك و نیودەولەتی کرد، کە لە توانایاندا بوو پیشنیاریکی ریالیستیانەی دەستووریك پیشکەش بە تورکیا بکەن.

پسپۆرە دەستوورناسە دانمارکیەکان و ئەوانی تر شارەزایەکی زۆریان هەیە لە بواری یارمەتیدانی دیموکراتیە ساواکان و ئامادەکردنی دەستوورەکاندا.

هەروەها ئەگەر بیتو کاریکی لەم بابەتە لەسەر ئاستی *NGO* دەست پیبکا، ئەوا حکومەتەکانی ئەوروپا و حکومەتی تورکیاش دەتوانن زیتر بە ئازادی مامەلە لەگەل دەستپیشکەریەکەدا بکەن. بەلام لە هەمان کاتدا پیویستە ئەو هیزە سیاسیانەی بە راستی دەیانەوی کیشەی تورکی _ کوردی رابوەستی، پیویستە کاربکەن لە پیناو هینانەدی گفتوگۆیەکی سیاسی کە بتوانی تورکیا بینیتە نیو خیزانی وولاتە دیموکراتیەکان.

دیموکراتیەت و مافەکانی مـرۆڤ پیویسـتە لـە دەسـتووری تورکـی و لـە پراکتیکـدا زامن بکرین. ئەو هەموو داوا و شکاتانەی لە بـەردەم کۆمیسـیۆنی ئـەوروپی مافـەکانی مرۆڤن کە ژمارەیان زیتر لە ١٥٨٠ داوایە، ئەو پیشان دەدەن تورکیـا بـە تـەنیا دەرەقـەت نایـەت. بۆیـە دەبـی ئیمـە لـە لایـەنی دانمارکـەوە، لـە لایـەنی ئـەوروپاوە یارمــەتی بـۆ بەدیموکراتیکردن بخەینە روو.

هەروەها ئەوەش گرنگە بۆ ئیمە لە دانمـارك ئـەو هەولـەی دەیدەیـن لـە بەرامبـەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، هەلنەگیردریتەوە و بکریت بـە رق و کینـە لـە دژی ئەو مهاجیرە تورکیاییانەی لیرە لامانن. ئـەو ٣٥٠٠٠ تـورك و کوردەی لـە دانمـارکن بەرپرسـیار نـین لـەو کــردەوە خراپانــەی لــە لایــەن دەســەلاتدارانی تــورك و *PKK* وە دەکرین. ئەو رەخنە توند و تیژەی ئاراستەی دەسـەلاتدارانی تـورك دەکریـت، پیویسـتە بە خراپ بە سەر ئەو تورکانـە نەشکیتەوە کـە لـە دانمـارك دەژیـن. زۆر لـەوان هەسـت دەکـەن فـەرق و جیاوازییـان لەگـەلدا دەکریت و مامەلـەی رەگەزپەرسـتانەیان دەرهـەق دەکریـت بـە تایبـەت لـەو کاتانـەی رەخنـە دادەباریتـە سـەر خراپەکاریـەکانی تورکیـا. ئەمانـە زۆربــەیان بەشـداری دەکـەن و لەگـەل دیموکراتیــەتن لـە پینـاو خولقـاندنی کۆمەلگایەکی تورکی مرۆڤانە.

هـەروەها هـیزی دیموکراتـی زۆریـش بـۆ نموونـە لـە نیـو سیاسـەتمەدارانی تـورك، خـەلکانی ئـەندام لـە ریکخراوەکان، رۆژنامـەنووس و نووسـەراندا هەیـە. بۆیـە شـتیکی گرنگـە رەخنــەمان لەمــەر پیشـیلکردنی مافـەکانی مــرۆڤ نەبیتــە هــۆی پچرانــی پەیوەندیەکان و دابرینی تورکیا.

گفتوگۆ پیویستە بەردەوام بیت.

پیویستە زیـتر پشـتگیری ئـەو ژمـارە زۆرەی کـورد و تـورك بکـری، کـە رۆژانـە لـە پینـاو بـەهیزکردنی دیموکراتیـەت تیدەکۆشـن. نـاوی نووسـەرانی ئـەم کتیبـە خراوەتـە لیستەی رەش لەگەل ناوی ئەو کەسانەی ناپەسەندن، دیارە ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە کـە

ڕەخنەکەمان لە بەرامبەر سوپا و پۆلیسی تورکی کاریگەر بووە. ئیمە ناومان خراوەتە لیستی ڕەشەوە، چونکە ئیمە داوا دەکەین حکومەتی تورکیا مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بپاریزی، چونکە ئیمە لایەنگیری پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی *UN* و ئەنجومەنی ئەوروپاین. بەلام ئەمە نیشانەیەکی خراپە کە حکومەتی تورکیا پیشانی جیهانی دەدات. چونکە خۆشبەختانە دەلیم کەوا هەر بەتەنها ئیمە نین ئەو داواکاریانەمان هەیە. دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هەمان داواکاریان هەیە. ئەمەش لەم حوکمانە بەدەردەکەویت کە باسمان لیوە کردن، چەندین شکاتی تریش وا بەریوەیە کە تورکیای تیادا حوکم دەکریت.

خەلکی دانمارکی وەکو ئیمەمانان، کە لە تورکیا (میوانی ڕەزا ڤورسین) ئەتوانین لەگەل ئەم دۆزە بژین. بەلام باری ئەو تورك و کوردانەی کە لە ژیر هەمان هەل و مەرجدان گەلی خراپترە و ناچارن چارەنووسی خۆیان وەکو پەنابەر لە ئەوروپا ڕزگارکەن. هەروەها دیارە بارەکە زۆر سەختە بۆ ئەو کوردانەی یاخود ئەو تورکانەی ڕۆژانە لە تورکیا هەول و توانایەکی یەکجا زۆر دەخەنەکار بۆ ئەوەی وولاتەکەیان بکەنە وولاتیکی مرۆڤانە. هەروەکو نووسەری بەناوبانگە تورك (نازم حیکمەت) نووسیویەتی: "ئیمەیان گرتووە و ئیمەیان خستۆتە زیندان. من لەم دیو دیوارەکان و تۆش لەو دیو. حالی من لەوانی دی خراپتر نیە، ئەوەی لە هەمووی خراپترە ئەوەیە، کە بە ئاگا یاخود بی ئاگا بەندیخانەکە لەناو خۆتدا هەلگری".

# گیروگرفتیك بۆ ئەوروپا

سەرەرای ئەم هەمموو دەردوداخەش، کەچی جۆرە پیشکەوتنیك لە تورکیا هەیە.

مـن جـاری یەکـەم لـە سـەرەتای سـالی ١٩٨٠ چوومـە تورکیـا، ئـەو کاتــە دەســەلاتی موتلەق بەدەست سوپاوە بوو. ئەگـەر مـرۆڤ هـەر بـە تەنـها ووشـەی وەکو دیموکراتـی یاخود کوردی بەسەر زاردا هاتبا، ئیتر یەکسەر مۆری پیاوی خراپی لیدەدرا. ئەمرۆ ئەم شتانە تارادەیەك بە ئاشکرا باس دەکرین.

راسـتە تـا ئیسـتاش کـەس نـاتوانی بــە ئاشـکرا رەخنــە لــە سـوپا بگریـت، بــەلام حکومەت و سیاسەتمەدارە دیارەکان دەخرینە بەر لیدوان و گفتوگۆی گشتی.

چەمکی کورد و مافەکانی کەمـە نەتەوایەتیـەکان لـە رۆژنامـە و تەلـەفزیۆن بـاس دەکرین، ناوە ناوە ریکخراوی سیاسی و مرۆڤایەتی سـەر هـەلدەدەن. زۆر پـارتی سیاسـی هەیە لـە ژیـر دامـەزران دان. لەتـەك ئـەوەی کـە سـوپا کردارەکـانی خـۆی لـە بەرامبـەر *PKK* ، بەرامبــەر بــە دانیشـتوانە کـوردە مەدەنیــەکان زیـاد دەکـات، ئــەوا لیــدوان و گفتوگۆیەکی دیموکراتی زۆر گەرم لە تەواوی تورکیا دەگەری.

لە سەردانیکمدا لەگەل شاندیکا بۆ تورکیا، بەیانیەکیان لەگەل خۆپیشاندانیك لـە جادەکان بە ئاگا هاتم. دواتر لە هەمان رۆژ شاندەکەمان ئامـادەی دەنگدانـی پەرلـەمانی تورکیا بوو سەبارەت بە سەندنەوەی باوەر لە حکومەت، کە بوە هۆی ئەوەی حکومـەتی (چیلـەر) لـە سـالی ١٩٩٥ بروخـی. ئەمانــە نموونــەی چـاکی ئــەوەن کــە دیموکراتیــەت بەمەودایەکی فراوان کاردەکات.

ڕۆژی دواتر چاومان بە سەرکردایەتی ( بە وەکالەت ) دەستەی *UN* کەوت لە تورکیا، چونکە ئەو کات سەرۆك و سکرتیری گشتی ئەم دەستەیە کە بە هەڵبژاردن هاتبوون لە بەندیخانە گیرابوون.

خیزانی یەکیك لەم دوو گیراوە بەدەم گریانەوە پیی ڕاگەیاندین کەوا میردەکەی نەخۆش بووە و ڕیگای نەدراوە بچیتە لای دوکتۆر.... ماف؟ مافی چی ؟ ئەوە ئیوە باسی چی دەکەن.

مرۆڤ وای بۆ دەچی کە بلی تورکیا گیروگرفتیکی دووسەرەی هەیە، ئەویش ئەوەیە تا ئیستا نە لە لای سیاسەتمەدارە تورکەکان و نە لە سیاسەتی حکومەتی تورکیاش ڕوون نیە ئاخۆ ئەم وولاتە سەر بە ڕۆژهەلاتە یاخود سەر بە ڕۆژاوایە.

تورکیا لەگەل ئیمەدایە بە هۆی بۆ نموونە *NATO* و ئەنجوومەنی ئەورووپاوە، کەچی لە دژی ئیمەدایە لەو کاتەی گاڵتەی بە بنەماکانی بیرو بۆچوونی دیموکراتی ئیمە دیت، سەبارەت بە پاراستنی تاکەکانی کۆمەل لە بەرامبەر دەستدریژیەکانی دەولەتدا.

بەلام گۆڕانکاریەك ڕوو دەدات. پەرلەمانی تورکیا خەریکە کۆمەلیك لە یاسا بنەڕەتیەکان دەگۆڕی، تاوەکو چیتر ئەم یاسایانە دژوار نەبن لەگەل نموونە نیودەولەتیەکان، سەبارەت بە سەندیکای سەربەست و بارودۆخی فیرکردن و شتی تری لەم بابەتە.

وەزارەتی داد خەریکە چەند یاسایەکی تازە ئامادە دەکات لەمەر بەریوەچوونی دادگاکان، پەرلەمانیش لیژنەیەکی بۆ مافەکانی مرۆڤ پیکهیناوە.

لە ئایندەیەکی نزیك بەدەر دەکەوی ئەگەر گشت ئەمانە تەنها ئارایشت بن.

تەکانیك لە سیاسەتی تورکیدا هەیە، گۆڕانکاریەکانیش لەوانەیە ئەوەندە خیرا بڕۆن بەرادەیەك بۆی هەیە ڕۆیشتن لەگەل ئەم ڕەوتە خیرایە ببیتە گیروگرفت بۆ سوپا خۆیشی. بۆیە دوور نیە هەر شتیك ڕووبدات. هەروەها لە بەرژەوەندی

تورکیایە و لە بەرژەوەندی وولاتانی رۆژاواشە کە هەندی دەستپیشکەری بکری لە پیناو دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و مافە بنەرەتیەکان بۆ هەموو لایەك، لەوانەش کوردەکان، یارمەتی مرۆڤایەتی ئەو بەشە زۆرەی دانیشتوان بدری کە لە لایەنی ئابووریەوە پیخاوسن.

هیچ گومان لەوەدا نیە ئەگەر تورکیا بۆ نموونە ویستی ببی بە ئەندام لە *EU* ئەوا پیویستە توندی لەگەل بنویندری لە پیناو پەیرەو کردنی مافەکانی مرۆڤ.

بەلام تۆ بلیی ئەم شتە بەراستی مەبەست بیت؟

چی دەبیت ئەگەر تورکیا دانی بەوەدا نا کەوا بۆ نموونە ئەشکەنجە و تەعزیبدان هەیە؟

چی دەبیت ئەگەر کۆنسیر ڤاتواریك بۆ مۆسیقای کوردی بکریتەوە، تاوەکو کوردەکان لە جیاتی ڤیژە و هاوار و زریکەیان بۆ زنجیکی بی کەلك و پارچە زەویەکی تەواو لە کەلك کەوتوو، بە زمانی رەسەنی خۆیان ئەوەندە گۆرانی بلین تا دەنگیان دەنووسی؟ ئایا ئیتر *EU* باوەش بۆ تورکیا دەکاتەوە؟ یاخود وولاتانی رۆژاوا زراویان لەوە چووە کە ئەگەر تورکیا بووە ئەندامی *EU* ، ئەوا ١٥ ملیۆن تورك، بە شیوەیەکی سەرەکی کوردەکان، بە لیشاو روودەکەنە وولاتانی ئەوروپا؟

وولاتانی ئەوروپا پیویستە هەلویستی خۆیان لەم بارەیەوە روون کەنەوە.

تورکیا سالانیکی سەختی هەبووە. وینەی میوانداری گەرم و گوری تورکی و تیاترۆخانە نەسرەوتووەکانی ئەستەمبول و شوینەوارە میژووییەکانی ئەنادۆل، ئەم وینانە لە نیو رووخانی زاتدا شەق شەق بوونە، هەرچەندە هەندیك هەیە دەیانەوی ئەم تراژیدیایەی تورکیا بشارنەوە و دایپۆشن.

یەکی لە نووسینگە گەورەکانی گەشت وگوزار لە ئەوروپا، ***Sun Tours*** لە زستانی ١٩٩٦ -١٩٩٧ هەلمەتیکی مەزنی لە ئینگلتەرا دەست پیکرد تاوەکو خەلك رابکیشی بۆ ئەوەی پشووەکانیان لە تورکیا بەسەر بەرن.

دروشمەکەیان ئەوە بوو "زستان لە تورکیا بەسەر بەرن"

ئـەو ژمـارە زۆرەی بەلگەنامـە راسـت و بابەتیـەکان لەمـەر پیشیلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ نیشانەی ئـەوەن کـەوا زسـتان زۆر لـەمیژە لـە تورکیـاوە دەسـتی پیکـردووە، کوردەکان بە دەگمەن هاوین بە چاوی خۆیان دەبینن.

ئازاد مەولود

# یارمەتی و پالپشتیکردنی نیونەتەوەیی
# بۆ بەدیموکراتی کردن

ئەگەر بمانەوی شتیکی کاریگەرانە بکەین ئەوا پیویستە یەکسەر لەو ساتەوەی حکومەتی تورکیا شەر لە دژی کوردەکان رادەگری، بە کردەوە ئەو یاسا و دەستوورانەی ماف پەیرەو دەکات کە تورکیا خۆی مۆری کردوون، ئەوا ئیمەش پالپشتی بنوینین بۆ ئەم هەولانەی دەدرین، سەبارەت بە سیاسەتیکی ئابووری تازە و پرۆسەی بەدیموکراتی کردن.

کۆمەلگای نیونەتەوەیی دەتوانی بە زۆر شیوە یارمەتی گۆرانکاریە دیموکراتیەکان بدات و باری مافەکانی مرۆڤ باشتر بکات. دەتوانری کۆمەلی چاودیریکاران لە کاتی هەلبژاردندا بنیردری تاوەکو هەم کوردەکان و هەم تورکەکانیش دلنیا بن لەوەی هەلبژاردنیکی ئازاد و دیموکراتی دەکریت.

دانمارك و ولاتانی باکوور پیویستە یارمەتی و پشتیوانی ئەو ژمارە کەمە بکەن کە ناترسن و شکاتەکانیان لەمەر پیشیلکردنەکان دەگەیەننە دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

ئەم پشتگیریەش لە شیوەی یارمەتی ئابووری دەبی بۆ کارەکانی ***Kurdish Human Rights Project***.

دەتوانری *NGO* کان بخرینە کار بۆ هاریکاری لە پیناو گیرانەوەی ئەو کوردانەی دوورخراونەتەوە، ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکانیان. شارەوانیەکان لە ولاتانی باکوور و

وولاتانی ئەوروپا دەتوانن پرۆگرامی دۆستایەتی دامەزرینن و گوندە کوردیەکانی کە تا ئیستا ماون بگرنە خۆ. ئەمە دەبیتە بەربەستیك کە دەسەلاتداران چیتر دەستدریژی نەکەن.

ریکخراوە نیونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە هاریکاری لەگەل ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، دەتوانن یارمەتی لە *EU* وەربگرن بۆ دروستکردنی وینەیەك لەمەر ئەو مافانەی پیویستن و سوودبەخشن بۆ تورکەکان و کوردەکان.

ریکخراو و دەزگا دانمارکیەکان دەتوانن یارمەتی بخەنە روو لەمەر وانە گوتنەوە و فیرکردنی هەلبژاردەیەك لە ئەندامانی سوپا و پۆلیس و فەرمانبەرانی بەندیخانەکانی تورکیا، کە پەیوەندیان بە مەسەلەکانەوە هەیە. لە بابەتی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتی.

سیاسەتمەدارانی دانمارکی و وولاتانی باکوور و ئەوروپی دەتوانن سیاسەتمەدارە پۆزەتیڤە کورد و تورکەکان بانگ بکەن، تاوەکو سیمیناری نارەسمی بگیرن، کە تیایا دەتوانن باسی ئەوە بکەن چۆن یارمەتی لە پیناو بەهیزکردنی دیموکراتی لە تورکیا تاووتو بکریت.

هەروەها شتیکی گرنگە کەوا ریکخراوە مرۆڤایەتیە دانمارکیەکان کە بایەخ بە بارودۆخی کوردەکان دەدەن، هاریکاری بونیات بنین لەگەل ریکخراوە هاوشیوەکانی خۆیان لە وولاتانی تری باکوور.

هەموو شتیك، بگرە هەر لە کۆر بەستان بۆ باسکردنی باری مافەکانی مرۆڤ هەتا دەگاتە پرۆژەی کاری راستەوخۆ، وەکو بۆ نموونە پاککردنەوەی کیلگەکانی مین، ئەمانە گشتیان دەبنە هۆی خولقاندنی هەلومەرجی ئەوتۆ کە مەسەلەی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لە سایەیدا بەرەو پیش بروات. هەروەها لەم قۆناغەی ئیستادا پەیوەندی بەستن لەگەل ریکخراوە نیونەتەوەییەکان زۆر گرنگە، بە تایبەتی ئەمەریکا.

لە ژێر ئەم سیستەمە نوییە جیهانیەی ئەمرۆدا حکومەتی ئەمەریکا کلیلی چارەسەری کیشەکەی ناو تورکیایە. هەموو شتەکانیش وا پیشان دەدەن کەوا ئەمەریکا دەیەوی بەرپرسیاریەك بگریتە ئەستۆی خۆی.

لە مانگی ئادار/ مارسی سالی ١٩٩٦ (پلامن بلیزناکۆڤ) لە بەشی مافەکانی مرۆڤی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا راپۆرتیکی بە ناوی (مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بە کردەوە، لە سالی ١٩٩٥) دایە حکومەتی ئەمەریکا. بەشیکی راپۆرتەکە بە یارمەتی ئەو زانیاریانە نووسراوە کە حکومەتی تورکیا خۆی داویتی بە دەستەوە، بەشەکەی تریشی زانیاریەکانی لە ریکخراوە مەدەنیەکانەوە وەرگرتووە، بەشەکەی دواییش لەو زانیاریانەوە پیك هاتووە کە ئەم نووسەرە خۆی لە ئەنجامی سەردان و چاوپیکەوتنەکانی لە هەموو بەشەکانی تورکیا کۆی کردوونەتەوە. هەرچەندە راپۆرتەکە تا لە توانادایە بە شیوەیەکی بی لایەن نووسراوە،

کەچی چەندەها جار بە نموونەی زۆر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کردەوەکانی تورکیا لەگەل بەلگەنامە نیونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ یەك ناگرنەوە. راپۆرتەکە سەرنج و تیبینی نیگەتیڤی لە زۆر بوار و لەمەر زۆر شت تیدایە، لەوانەش بارودۆخی ناو بەندیخانەکان، وەکو ئەشکەنجەدان و نەبوونی دادگایی کردنی دادپەروەرانە. هەروەها پشکنینی نامە و نامەکاری تایبەت، گوی هەلخستن بۆ گفتوگۆی تەلەفۆن. راپۆرتەکە باس لەو دەستدریژیانەی سوپا دەکا بۆ سەر دانیشوانە مەدەنیەکان و زۆر شتی تر. لە هەمان کاتدا راپۆرتەکە دیتە سەر باسی دادگایی کردنی پەرلەمانتارەکانی *DEP* و سەرکردایەتی پارتە کوردیەکەی *HADEP* و ...ئەوانی تر، ئەوا دووپاتی ئەو دەستدریژیانە دەکاتەوە کە دەکرینە سەر مافە سیاسیەکان. رەخنەی ئەوتۆیشی تیدایە کە ئاراستەی چالاکیەکانی *PKK* دەکرین. ئەو گرنگیەی ئەمەریکا پیشانی داوە پیویستە دەستی پیوە بگیریت و نەهیلدریت لە کیس بچیت. دانمارك پیویستە لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە *UN* داوای ئەوە بکات کەوا راپۆرتکاری تایبەت بنیردرینە

تورکیا، تاوەکو راپۆرتی لەم بابەتە لەمەر باروزروفی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بنووسن.

تەنانەت ئەگەر تاك و تەرایەکیش لەم پیشنیارانە سەربگری، ئەوا هەر گرنگە کەوا پەیوەندی لەگەل هیزە دیموکراتیەکانی ناو تورکیا بپاریزری و پتەوتر بکری.

گفتوگۆ و دیالۆگ زۆر گرنگە ئەگەر بمانەوی ئومیدیك بدەینە خۆمان، بۆ راگرتنی ئەم کیشە ١٢ سالیەی نیوان تورکیا و *PKK*، کە بۆتە هۆی کوشتنی ٢١٠٠٠ کەس لە تورك و کورد[٣٥]. هەربۆیەش پیویستە هەولی جیدی بخریتەکار بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆ لە نیوان *PKK* و حکومەتی تورکیا.

تیکۆشان لە پیناو دیموکراتیەت و مافە رەواکان لە تورکیا چیتر هەر بە تەنها ئەرکی کوردەکان نیە. ئەم مەسەلەیە بۆتە بەشیك لە هەول و کاری هاوبەشی جیهانی دیموکراتی لە دژی فاشیزم و داپلۆسین.

کۆمەلگای نیونەتەوەیی لەوەپیش لە تیکۆشانی لەم بابەتە سەرکەوتووە، من باوەری تەواوم هەیە کە ئەم سەرکەوتنە جاریکی تریش روودەداتەوە.

---

[٣٥] ئەمانە گشتی لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە لە ١٩٩٧دا.

# بەشی چوارەم

# دانمارك لە دژی تورکیا

نووسینی

گیرت پیتەرسن

من لە سالّی ١٩٩٦ بەشداری لێژنەیەکم کرد، پەیوەندی بە کۆبوونەوەکانی ئەو دەزگایە هەبوو کە پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردی لە مەنفا، کە لە کۆپنهاگن دەبەسترا.

هەر دوای بەدوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر نامەم لە تورکیاوە پێ گەیشت. بەلای کەم پەنجا نامەیەك دەبوون و ژمارەی ئەو کەسانەی نامەکانیان ناردبوو و ئیمزایان کردبوو لە چەند سەد کەسێك تێپەڕیان دەکرد. ئەم نامانە نامەی هەواداران و موعجیبەکان نەبوون بۆ منیان ناردبێ، چونکە لە لایەن خەڵکێکی بە من نەناسەوە ناردرابوون. نەخێر ئەم نامانە زۆر تووڕە و توند بوون و جێگای سەرسامیش بوو کە گشت نامەکان لەیەك دەچوون: (چۆن دەبێ سیاسەتمەدارێکی ناسراوی دانمارکی _ بزانە چۆن من دەناسن _، پشتگیری دەستەیەك تیرۆریستی پیاوکوژ بکات، کە ئامانجی لەناو بردنی دیموکراتیە؟ ). نامە نووسەکان بەو پەڕی توندیەوە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ئەم کارەی من دەربڕیبوو، مەبەستیان بوو وام تێبگەیەنن کەوا گەلی تورکیا بەو پەڕی رق و کینە و بە چاوی سووکەوە سەیری ئەم کارەی من دەکا.

ئەمە ناوەڕۆکی سەرەکی نامە فۆتۆکۆپی کراوەکان بوو. لەگەڵ ئەوەی ناوونیشانی نامە نێرەرەکان جیاواز بوون، کەچی نامەکان خۆیان زۆر جیاوازیان نەبوو، لەیەك سەرچاوەوە هاتبوون: دیار بوو ئەمە کردارێکی رێکخراو بوو، بە شێوەیەکی سەنترال بەڕێوە دەبرا. کێ ئەم کارەی بەڕێوە دەبرد، بێگومان من نازانم، بەڵام هەرگیز لەتوانادا نیە ئەم کارە ئەنجام بدرێ بێ ئەوەی باڵوێزخانەی تورکیا لێرە دەستێکی تێدا نەبێت.

ئەو قەدەغەیەی خرایە سەر من، کە نابێ جارێکی تر پێ بنێمە خاکی تورکیا، زۆر بە جوانی دوا بە دوای ئەم نامە توند و تیژانەوە هات. ئەمە نیشانەی بیرو بۆچوونی چینی دەسەڵاتدارە لە تورکیا (چونکە بێگومان من تەنانەت بۆ یەك چاوتروکانیش ئەم نامە یەك دەنگ و یەك رەنگە بە کۆمەڵ دروستکراوانە، بە دەربڕینی بیرو بۆچوونی خەڵکی تورکیا نازانم). چونکە دیارە کە هەر پاڵپشتی کردنێکی ناسنامە و نرخ و بەهای زاتی کوردەکانی تورکیا بە تاوان دەژمێردرێ.

# ديموكراتى قەدەغەيە

لە كۆڕەكەى پەرلەمانى مەنفا كە پێشتر باسم كرد، من وەكو هەموو بەشدارە دانماركيەكانى تر قسەم كرد، زۆر بە توندى كارى تيرۆر و هەموو بەكارهێنانێكى رێگاى تيرۆرم مەحكوم كرد. ئێمە بە گەرميەوە ئاگادارى *PKK* مان كردەوە لەبەرامبەر بەكارهێنانى ئەم جۆرە رێگايە. تا ئەم شوێنە ئەم نامەنووسە ناحەزە توركيە نەناسراوانەم بەرپەرچى من دەدەنەوە كە *PKK* بەردەوام رێگاى تيرۆرى بەكارهێناوە و بەكاريشى دێنێ، دەڵێن ئەدى *PKK* شەڕى چەكدار ناكات؟ بەڵێ، ئەمە نكوڵى لێناكرێ، بەلاَم يەكەم شت *PKK* لەم مانگانەى ئەم كۆڕەيان تێدا دەبەسترێ، لەيەك لاوە تەقەى راگرتووە و داواى گفتوگۆى كردووە، _ كەچى ئەو لايەنەى كە بەردەوام شەڕى كردووە، سوپاى تورك بووە، حكومەتى توركيا بووە كە گفتوگۆى رەت كردۆتەوە.

دووەم شتيش _ كە گرنگترە _ ئەوەيە، سياسەتى رەسمى " كەماليستى " توركيايە بۆتە هۆى ئەوەى كوردەكان دەستيان داوەتە شۆڕشى چەكدار. پێش ئەوەى شۆڕشيش هەبێ، ئەم سياسەتى داپلۆسينە پەيڕەو كراوە.

شۆڕش وەلاَمدانەوەى داپلۆسينە، نەك بە پێچەوانەوە. كرۆكى داپلۆسينەكەش نكوڵيكردنێكە لەوەى كە كوردەكان ناسنامە و بەهاى زاتى خۆيان وەك نەتەوەيەك هەيە. ئەوانيش بەم نكوڵيكردنە رازى نين، _ بێگومان رازى نين.

دەتوانين هەڵوێستى رەسمى، ئەوەندە سەير و بێ وێنەيە، لەبەر رۆشنايى هەندێ نووسين و داواى دادگايى ئەم دواييە روون بكەينەوە.

ئەم داوا دادگاییەی خوارەوە لە بارەی قەدەغەکردنی پارتێکی تازەوەیە، ئەویش (پارتی دیموکراتی و نوێکردنەوە، *DDP* ) یە.

داواکاریە دادگاییەکە مێژووی ٥ ی تەموز/ جولای ساڵی ١٩٩٥ ی لەسەرە و لە لایەن دادیاری گشتی وولاتەوە ئیمزا کراوە. داواکە خۆی لەسەر پێداچوونەوەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە نووسراوە. پرۆگرامەکە ئاماژە بۆ چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیانەی کێشەکان و رەتکردنەوەیەکی لوژیکی شۆڕشی چەکدار دەکات ( کە ئەمە شەڕی *PKK* ش دەگرێتەوە).

پەیڕەو و پرۆگرامەکە جودابیخواز نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاوات و ئارەزووی بوونی هاوبەشی کوردی _ تورکی کردۆتە خاڵی دەستپێکردن. بەڵام ئەمانە هیچیان بە کەڵك نایەن و پولێکیش ناکەن.

لە بەشێکی داوا دادگاییەکەدا هاتووە:

"ئەو هەڵوێستەی لە هەندێ بەشەکانی پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هاتووە، کە بوەتە هۆی هەنگاوی دادگایی ئەوتۆ کە پارتەکە قەدەغە بکات، ئەوەیە کە دەڵێ کورد لە تورکیادا هەیە، ئەو کوردانە کۆمەڵێکی نەژادی ئەوتۆن کە لە تورکەکان جیاوازن، بەوەی کە زمان و کەلتوری خۆیان هەیە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا دان بە ماف و ئازادیەکانیان نەنراوە، خراونەتە ژێر داپڵۆسین و تواندنەوە، کێشەکەشیان بەوە چارەسەر دەکرێ کە شوێنێکیان پێ بدرێ لەسەر بناغەی یەکسانی لە پێکهاتە سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و کەلتوریەکاندا.

(ئەم هەڵوێستە) وەك ئەوە وایە کە بڵێی ئەو هاووڵاتیانەی بە رەچەڵەك کوردن و لەناو چوارچێوەی سنوورەکانی ئێمەدا دەژین، نەتەوەیەکی تایبەت پێك دێنن بە پێچەوانەی یەکێتی نەتەوەی تورك" ( لاپەڕە ٢٩).

ئەمەی لێرە بە تاوان ژمێردراوە شۆڕشی چەکدار نیە، هێرش و شاڵاوی تیرۆریستیش نیە، بەڵکو تەنها راگەیاندنی ئەوەیە کە نەتەوەیەکی کورد بوونی هەیە.

تاوەکو تەنانەت کەمترین گومان نەمینێت، با بەشێکی دیش لە داوا دادگایەکە وەرگرین:

" وا راگەیاندراوە (لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا) کە سەرکوتکردنەوەی توندی لەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کوردەکان لە زۆر دەرفەتدا شۆڕش بکەن و یاخی بن. ڕێز لە ماف و ئازادیەکانی کوردەکان ناگیرێ، ئەم کێشەیە دەتوانرێ لەسەر بناغەی یەکسانی بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، بەگوێرەی رێ و رەسمی پەیماننامە نێونەتەوەیەکان.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە ( ئەم جۆرە دارشتنانە ) زیان بە یکگرتویی دەولەت و نەتەوەی تورك دەگەیەنن. ئەو دەربرینەی لە میانەی ئەم گۆشەنیگایانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ، ئەوەیە لە دەرەوەی سەرجەمی نەتەوەی تورك، دوو نەتەوەی جیاواز بوونیان هەیە، نەتەوەیەکی تورك و نەتەوەیەکی کورد، ئەمەش هەر لە لاپەرەی یەکەمی پەیرەو و پرۆگرامی ئەم پارتە داوالیکراوەدا هاتۆتە دەربرین، لە نیو ئەم دارشتنەی سەبارەت بەوەی، پارتەکە لەگەل ئەوەدایە کە هەردوو نەتەوە پیکەوە بە برایەتی بژین". (لاپەرە ٣٠).

ئیستا تەواو، هیچ گومانیك نەما. لە تورکیادا، کە ئەندامی ***NATO*** و ئەنجوومەنی ئەوروپایە و وولاتیکی هاوبەشە لەگەل وولاتانی ***EU*** لە یەکییتی گومرگ، تاوانە ئەگەر لەگەل ئەوەدا بیت کە دوو نەتەوە بە برایەتی پیکەوە بژین و بە ریگای ئاشتیانە کار بۆ ئەم مەبەستە بکەیت.

لە هەندی شویندا وەکو ئەوەی خوارەوە، نووسینەکەی دادگا نیمچە تراژیکۆمیدیایەکە.

دادگا بەم چەشنەی خوارەوە ئەو بانگەوازە رەتدەکاتەوە[1] کە دەلیت داپلۆسین هەیە:

---

[1]نووسەر ووشەی (رەتکردنەوەی) خستۆتە ناو کەوانە.

(هیچ شتێك نیە رێ لە هاوولاتیان بگرێت کە سەرەڕای زمانی تورکی زمانێکی تر لە دەوروبەری تایبەتی خۆیاندا[٢] بەکار بێنن. (لاپەڕە ٣٣). ئیتر ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە چیە دەیکەن؟ کەس تێکەڵی ئەوە نابێ، ئێوە بە چ زمانێك لە ناو ماڵی خۆتان قسە دەکەن.)

بەلأم ( لە دواتردا هاتووە ) دەستوور لە بەندێکیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە _ کە هەرگیز نابێ بگۆڕدرێ _ کە تەنها زمانی تورکی زمانی رەسمیە، ئەگەر پارتە سیاسیەکان پێشنیاری یاخود داوای شتێکی لەمە بەولاوە بکەن، ئەوا کارێکی دژ بە یاسایە.

لە کۆتاییدا دوو خاڵی تریش لە پوختەی دوایی نووسینەکەی دادوەری گشتی دێنمەوە:

ب- لەو کاتەی وا راگەیاندراوە کەوا کەمە نەتەوایەتیەکی کوردی خاوەن ناسنامەی خۆی، لەسەر خاکی کۆماری تورکیادا دەژی، بانگەوازێك خراوەتە روو، گوایە ئەم نەتەوە کوردە بوونیان هەیە، زمان و کەلتوری خۆیان هەیە، داوای ئەوە دەکرێ ناسنامە و مافە نەتەوایەتیەکانی کوردەکان بە پێی دەستوور بپارێزرێ، ، ئەمەش سەرپێچی کردنی بەندی ژمارە ٨١ (ئەلف) ە لە یاسای لەمەڕ پارتە سیاسیەکان.

ج- بۆ لابردنی ئەو داپلۆسینەی بانگەوازی بۆ دەکەن لە دژی زمان و کەلتوری کوردی ، دەبێ رێگا بدرێت زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ و لەسەر ئاستی رەسمیدا لەوانەش لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا، بە ئازادی بەکاربێت.

ئەمە هەوڵدانێکە _ بە سەرپێچی کردن لە بەندی ٨١ (بێ) لە یاسای لەمەڕ پارتە سیاسیەکان _ بۆ تێکدانی یەکێتی نیشتمانی لەرێگای دروستکردنی کەمە نەتەوایەتیەك بە هاندان و پاراستنی زمان و کەلتورێکی تر لە زمان و کەلتوری تورکی بەولاوە" (لاپەڕە ٣٤ -٣٥ ).

[٢] نووسەر ئەم نیمچە رستەیەی بە دەستخەتێکی جیاواز نووسیوە.

دادگایی کردنەکە  بەوە کۆتایی هات، کە دادگا بە قسەی دادوەری گشتی کرد و پارتەکەی قەدەغە کرد.

سەرۆکی پارتەکە (ئیبراهیم ئاکسۆی) ( کە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە تورکیا من چاوم پێی کەوت، بینیم پیاوێکی بە ئاشکرایی و بە پرنسیپ لە دژی شەڕی چەکدار و جودایخوازیە) سزای بەندکردنی هەتا هەتایەی بەسەردا درا.

# روویکی ئارایشتکراو

من زۆر لە دەقی ئەم داوا دادگاییە وورد بوومەوە و سەرنجی زۆرم لیدا، چونکە ئەمە رۆشنایی دەخاتە سەر بیروبۆچوونی دەسەلاتدارە کەمالیستەکانی تورکیا.

لەو بەشەی ئەم کتیبە کە (کلاوس سلاڤنسکی) نووسیویەتی، باسی گشت ئەو رووداوە پر سام و ترسناکانە دەکریت، وەك کوشتنی پەنا و پەسیوان و شەر و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و رۆژنامە داخستن و راگویزان... هتد، کە گشتیان ئەنجامی ئەم بیروبۆچوونەن. بەلام زۆر گرنگە مرۆڤ بە روونی بزانی باکراوندی ئەمە چیە، ئەم باکراوندە تا چ رادەیەك نابەجییە.

بوونی ئەم تورکیایەی ئەمرۆ دەگەریتەوە بۆ ئەو شۆرشەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەلگیرسا و (کەمال ئەتاتورك) رابەرایەتی دەکرد، بە دامەزراندنی ئەم کۆمارەی ئیستا کۆتایی هات.

بەر لەسەرکەوتنەکەی (ئەتاتورك) تورکیا لە راستیدا وەکو دەولەتیکی سەربەخۆ نەمابوو، بەلام لەگەل شۆرشەکە ولاتەکە ئەو سنوورەی ئیستا و بنەمای ئایدیۆلۆژی خۆی ( کەمالیزم ) وەرگرت.

(کەمال) پیش ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بینی، دانی بە کوردەکان نا وەکو نەتەوەیەکی تایبەت، کە پینجیەکی دانیشتوانی ولاتەکە پیك دینن. بەلام لەدوای سەرکەوتنی، یەکسەر هەلگەرایەوە و (یەکییتی نەتەوەی تورك) ی کردە بناغەی دەولەت.

لە ئەنجامی ناچار کردنی تورکیا لە لایەن هاوپەیمانەکان لە پەیماننامەی ئاشتی لە *Lausanne* لە ساڵی ١٩٢٣ تەنها سێ کۆمەڵی نەژادی دانیان پێنرا وەکو کەمایەتی کە مافیان هەبێ. ئەم سێ کۆمەڵەش ئەو یۆنانیانە بوون کە مابوونەوە، ئەرمەنیەکان (کە بەشی هەرە زۆریان یان ئەوەتا کوژران یاخود دوورخرانەوە)، جووەکان بوون. ئەمەش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەمانە ژمارەیان زۆر نەبوو.

بیروبۆچوونی کەمالیستی مافی یەکسانی تەواوی دایە گشت هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە باکراوندی نەژادیان.

ئەو سێ کەمایەتیە بچووکەی لێدەرچێ، ئەوانی تر هەموو بە تورك دانران. ئیتر گرنگ نەبوو ئەمانە تورکی خاوەن بیری نەژادی تەسك بن یان چەرکەس بن یان کورد بن یاخود هیتر بن، چونکە دەرگای فەرمان و وەزیفەکانی دەوڵەت بۆ هەموویان والآ و لەسەر پشت بوو. هەموویان هەمان مافیان هەبوو.

بەلآم جگە لە سێ کەمایەتیەکەی *Lausanne*، کەسی تر بۆی نەبوو خۆی بە کۆمەڵە کەمایەتیەکی نەژادی تایبەت بزانێ و رەفتار بکات، یاخود لە تورکی بەولاوە ئاخاوتن بە زمانێکی تر بکات، هەر سەرپێچیکردنێکی ئەم دەستووره بنەڕەتیە توندترین سزای بەردەکەوێ.

لە لایەنی رەسمیەوە (تاڕادەیەکیش لە راستیدا) پرنسیپی یەکسانی لەبەردەم یاسادا کاری پێدەکرا. زۆر لە پیاوانی دەوڵەت کە پلەو پایەی بەرزیان هەبووە لە تورکیا بە رەچەڵەك کورد بوون. بەلآم ئەو یاسایەی باسمان کرد مەرجی دانـاوە، مەرجەکەشی خۆتواندنەوە بووە.

هەر کەسێکیش لە دژی ئەم تواندنەوەیە بوەستێ سزا دەدرێ. ئەم مەسەلەیە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بە هۆی ئەم دژواریەی لە نێو هەڵوێستەکەدا هەیە، تورکیا توانیویەتی شێوە دیموکراتیەکان شانبەشانی داپڵۆسین و پێشێلکردنی مافە دیموکراتیەکان بپارێزێ.

" هەڵبژاردنی ئازاد" دەکرێ "ڕۆژنامەگەری ئازادە" و "دادگاکان سەربەخۆن" و بەپێی ئەو یاسایانەی هەن حوکم دەردەکەن، جۆرە سەربەستیەك بۆ دەربڕین و بۆ ڕێکخراوەکان هەیە. ئەمانە وەکو دەم خۆشکردنێك وان، لە ڕاستیشدا دەمی زۆر کەسی لە وولاّتانی ڕۆژاوا پێ خۆشکراوە.

ئەو دانمارکیانەی بۆ گەشتوگوزار دەچنە تورکیا، ئەوانەی کە دڵیان بە سروشت دەکرێتەوە و خۆشحاڵن بە بینینی ئەم خەڵکە بە لوتف و ڕووخۆشە و بە سەیری شوێنەوارە مێژووییە سەرنجڕاکێشەکان دڵشاد دەبن، ئەمانە ڕاستەوخۆ هەست بە شتێك ناکەن لە ستەم و زۆرداری بچێ. ئەمانە هەتا ئەگەر زمانیش نەزانن ئەوا چاویان بە چەندین ڕۆژنامەی ڕەنگاوڕەنگی سیاسی جیاجیا دەکەوێ و گوێبیستی چەندین گفتوگۆی سیاسی گەرموگوڕ دەبن.

مەسەلەکەی ئێرە وەکو ئەوەی کاتی خۆی یۆنان و ئیسپانیا نیە، کە تەنها بەرەو یەك لا ئاراستە کرابێت. ئیتر ئاسان نیە خەڵك بێنیتە قەناعەت لەمەڕ ئەوەی تا چ ڕادەیەك بە کەڵك و بەجێیە ئەگەر هامووشۆی گەشتوگوزار لەگەڵ تورکیا ببڕن. من خۆشم داوای ئەم شتە ناکەم. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی لە گەشتوگوزار دەگەڕێ، تۆزێك بچێتە پێشتر، ئەوساکە دەبینێ کە وا باشترە بە شێنەیی تر هەنگاو بنێ، لەوانەشە زێتر هۆشیاری وەدەست بێنێ.

ئەگەر مرۆڤ هەر یەك تۆز سەر ڕووی وێنەکە بکرێنێ، دەبینی چۆن هەمووی شەق شەق دەبێت.

حوکمڕانی فرە پارتی لە تورکیا کە جاری یەکەم لە سالّی ١٩٥٠ سەری هەڵدا، دوو جاران کۆدێتای سەربازی بەسەردا کراوە و دیکتاتۆری سەربازی جێگای گرتۆتەوە، هەرجارەی _ دواترینیان لە سالّی ١٩٨٤ _ سوپا دەستوورێکی تازەی هێناوەتە کایەوە، پێناسە بۆ دیموکراتی دادەنێ و سنووری تەسك بۆ هەڵس و کەوتی دیموکراتی دەنەخشێنێ.

سالی ١٩٩٥ تۆزە گۆرانکاریەك لـە دەسـتووردا کـرا، بـەلام هـەر تەنـها بـۆ جوانکـاری بوو. بە هیچ شیوەیەك دەستیان لەو رستەو دەستەواژانە نـەدا کـە کـەمترین داخـوازی مافـە کەلتوریـەکانی کوردەکـان بـە نەخشـەو پیلانـی جودایخـوازی دەژمـیری لـە دژی (یەکییتی دەولەت و نیشتمان). لە هەمان کاتدا، لەو دیوی رووە دیموکراتیەکـەوە، سـوپا پایـەی گرنگـی دەسـەلاتی خـۆی هـەرماوە. پەرلـەمان و حکومـەت هەیـە، بـەلام لـە هەموویان گرنگتر ( ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ) ە، کە نوینـەرانی سـوپا شـوینیان تیایدا هەیە. دەسەلاتی راستەقینە لیرە کۆبۆتـەوە، لـەو بەشـەی ئـەم کتیبـە کـە (لاسـە بۆدتز) نووسیویەتی زیتر بە قولی باس دەکری.

لەگەل ئەمەشدا جیگـای سەرسـامیە کـەوا تورکیـا بـۆ ماوەیـەکی زۆر دوور و دریـژ پیشیلکردنەکانی بۆ چۆتە سەر.

لـە سـالی ١٩٨٢ پینـج وولات لـە ئـەندامانی ئەنجومـەنی ئـەوروپا، یـەکیك لـەوان دانمـارك بـوو، دەستپیشکەریەکیان کـرد تـاوەکو شکات لـە تورکیـا بکـەن، لـە بەرامبـەر پیشیلکردنی مافە دیموکراتیە بنەرەتیەکان. ئەمەش لە ئەنجامی کۆدیتـا سـەربازیەکەی سالی ١٩٨٠ بوو.

ئەو کاتە مەسەلەکە زۆر پەیوەندی بە کوردەکانەوە نەبوو، بـەلکو زیـتر بـە گشـتی لەمـەر پـەیرەو کردنـی پەیماننامـەی مافـەکانی مـرۆڤ بـوو ( لەوانـەش بـەکارهینانی ئەشکەنجەدان، پیشیلکردنی سەربەسـتی دەربریـن، دامـەزراندنی کۆمەلـەکان، پاراسـتنی سەلامەتی تاکەکەسی، نەبوونی راوو تەکبیری دادپەروەرانە لە دادگاکان).

بەلام لە سالی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ ژەنەرالەکان بە شیوەیەکی رەسمی دەستیان لە دەسەلات کیشایەوە.

ئەم کارە بە شیوەیەکی گشتی لەسەر کاغەز تۆزیك باشتر دەهاتە بەرچاو. لە سالی ١٩٨٥ حکومـەتی هـەلبژیردراوی تـازەی تورکیـا گەیشـتە ریکـەوتنیك لەگـەل پینـج وولاتەکە، تاوەکو شکاتەکەیان هەتا ١ی شوبات/ فیبریوەری ١٩٨٧ رابگرن.

لە سالی ١٩٨٧ هەر پینج وولاتەکە بە تەواوی وازیان لە شکاتەکەیان هینا، لە ئەنجامی ئەو شتەی ناویان نا پیشکەوتنی دیموکراتی مەزن کە دەسەلاتدارانی تورك کەوتنە باسکردنی و بەلینیان بۆ دەدا.

بەلام خۆی لە راستیدا لە دەسەلاتدارەکان خۆیان بترازی، لەگەل کەسی تر باسی ئەم بابەتە نەکرا بوو.

# توندوتیژی، توندوتیژی لێ دەکەویتەوە

بـەلام لەگـەل ئەوەشـدا بـارو زروفـی ئـەمرۆ زۆر لـەوەی سـالی ١٩٨٧ خراپــترە، راستیەکانیش ناشاردرینەوە. تەنانەت وەزارەتـی دەرەوەی دانمـارکیش _ کـە لـە سـالآنی هەشـتاکان هەلویسـتیکی نیمچە دۆسـتانەی کەلکەلـەداری[٣] هـەبوو _ دان بـەوەدا دەنـی، کـەوا وەزعەکـە ئـەوەندە بـاش نیـە. پەرلـەمانی ئـەورووپاش لــە ریــزی پیشــەوەی ئــەو لایەنانە بوو، کە بە توندی رەخنەیان ئاراستەی بارو زروفەکە کرد. بە هەمان شیوە لە کۆبونەوە پەرلەمانیەکانی *OSCE* و ئەنجومـەنی ئـەوروپا رەخنـەگرتن رووی لـە زیـادی دایە. ئەگەر بمانەوی بزانین بۆچی بارودۆخی دیموکراتی لە تورکیا بەم شیوە ترسناکە بەرەو خراپی وەرچەرخاوە، بۆچی رەخنەی دەرەوە وا زیادی کردووە، ئەوا دەبی لە نیو کیشەی کوردیدا بە دوای هۆیەکاندا بگەریین.

بیگومـان ئـەم کیشـەیە لـە سـالانیحەفتاکان و سـەرەتای هەشــتاکانیش هــەبووە _ یەکـەمین راپـەرینی کوردەکـان بـۆ سـالی ١٩٢٦ دەگەریتــەوە _ بــەلام لــەو کــاتیدا، لــە کوردەکان خۆیان بەولاوە، زۆر کەسی تـر ئاگاداری ئـەم مەسـەلەیە نـەبوون، ( بیگومـان دەسەلاتدارانی "یاسا و ریسای " تورکیش ئاگادار بوون ).

جیهانی دەرەوە _ وەکـو لـە دەسپیشـخەری پینـج وولاتەکـە بـە دیـار دەکـەوی _ تـا رادەیەك بە دیموکراتیەوە یاخود بە نـەبوونی دیموکراتیـەوە لـە تورکیـا خـەریك بـووە، بەلام زۆر بە دەگمەن دان بەوەدا دەنرا کە تورکیا کیشەیەکی نەتەوایەتی تیدا بیت.

---

[٣] فەزیحەت

من لە نیو کۆنە کاغەزەکاندا یەك ووتارم دۆزیەوە کە لە سالی ۱۹۷۱ نووسراوە. وتارەکە باسی ئەو کوردانە دەکات کە لەوانەیە ژمارەیان هەشت ملیۆن دەبی[٤] ( لە سەرجەمی ژمارەی دانیشتوان کە ٣٦ ملیۆنن ) _ بەلام ژمارەی کوردەکان بە وردی نازانری چەندە، چونکە ئەم مەسەلەیە زۆر چرپە چرپی تیدا کراوە. بەلام بەشی هەرە زۆریان لە نیو هاوولاتیانی تورکدا تویندرابوونەوە، ئیتر هەر دوو ملیۆنیك مابوون کە هەستیان بە خۆ دەکرد کوردن، ئەمانەش لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دەژیان.

بە شیوەیەکی ئاسایی بەمانەیان دەگوت " تورکی چیایی ".

ئەم ناونانە نموونەی ئەو کات و سەردەمە بوو، بۆیە من ریزی خۆم دەگرم و ناوی ئەو کەسە نابەم کە ئەم ناوەی دانا.

ئەو کاتە لە سالی ۱۹۷۱، سەرکوتکردنەوە و داپلۆسین هەموو شتیکی گرتبۆوە، بەرادەیەك زمانی کوردی لە ژیانی تایبەتیشدا قەدەغە بوو! بە شیوەیەکی رەسمی وا دانرا ئەو زمانە هەر بوونی نیە. دەسەلاتدارەکان نکولیان لەوە دەکرد کە ئەمە شیوەیەکە لە داپلۆسین _ مرۆڤ ناتوانی شتیك داپلۆسی کە بوونی نەبی، وانیە! دیارە ئەم لیکدانەوەیەش لە لای وولاتانی رۆژاوا بە ئاسانی پەسەند کرابوو.

بەلام کوردەکان خۆیان هەرگیز ئەمەیان بەلاوە پەسەند نەبوو. رق و تورەیی ئەوان کۆن بوو، هەر لەو کاتەی ئەم کۆمارە دامەزراوە، ئەوان پشتیان تیکراوە. بەرەنگاری کردنەوەیان هەر لە زیاد بووندا بووە، بەلام کە سوپای دەسەلاتدار لە سالی ۱۹۸٤ دیموکراتیەتیکی ئەوتۆی دامەزراند، کە تا لە تواناادا بوو لیی قرتاندرا بوو، کورت کرابۆوە، هەندی لە کوردەکان هەولیاندا کەوا ئەم دەرفەتە بچووکانە بگرن و دەست بدەنە کاری سیاسی، بەلکو لەم ریگایەوە و بە شیوەیەکی ئاشتیانە بتوانن بگەنە گورانیکی بارودۆخەکە. بۆیە هەلسان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی ئەوتۆ، کە بارو دۆخی کارکردنیان زۆر تەسك و نالەبار بوو _ بەراوردیکە لەگەل ناوەرۆکی داوا

---

[٤] لە کاتی نووسینی ووتارەکەدا.

دادگاییەکەی لەوەپیش باسمان کرد، کە ئاماژە بۆ یاسای لەمەر پارتە سیاسیەکان دەکات. بەلام هەندی لە کوردەکان ئارامیان لەبەر هەلسا، وەکو زیتر لەو بیست جارەی پیشو لە میژووی کۆماردا، دەستیان دایە چەك و کەوتنە تەقە لە پیناو سەربەخۆیی. ئەمەش بە دامەزراندنی *PKK* دەستی پیکرد، کە لە بنەرەتدا ریکخراویکی (ماو) ی بچووك بوو، گەشەکردنەکەی بە تایبەتی دەگەریتەوە بۆ ئەو قایمکاری و توند و تیژیەی لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە لە دژیاندا کرا، کە وورده وورده وای لیهات بوو بە شەریکی ناوخۆی راستەقینە لە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا ( کوردستان ).

لە سالی ١٩٨٤ وە زیتر لە ٢١٠٠٠ کەس لەم شەرەدا گیانی لە دەست داوە، بەلای کەم دوو ملیۆن کەس لە مالوحالی خۆیان دەربەدەر کراون. لە سالی ١٩٩٤ ژمارەی ئەو گوندانەی ویران کرابوون گەیشتبووە ٢٢٢٤ گوند. لە نیوان ٣٠٠ هەزار سەرباز (ئەم ژمارەیە بە قسەی لایەنی رەسمیە) تا ٦٠٠ هەزار سەرباز (بە قسەی کوردەکان) بەردەوام جیگیر کراون لەو ١٢ ناوچانەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیا، کە ئەوا بۆ ماوەی چەندین سال دەچی لە ژیر باری نائاسایدان.

هیچ گومان لەوەدا نیە کەوا ئەو شیوازانەی *PKK* لەشەردا بەکاری هیناون، بە هەمان رادەی درندایەتی ئەوانەی سوپای تورکیان و لە هەمان پلەی رەقەکاریدان. ئەم شتە لە بیروبۆچونە سەرەتاکانی *PKK* دا هەبوو، کە کاری تیرۆر لە ناو شارەکاندا ریگایەکی شەرعی شەرکردنە، بەرامبەر تیرۆری دەولەت.

هەردوو بەشیش سەلمیندراون و مەحکوم کراون لە لایەن هەمان ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کە رەخنەیان لە رەفتاری سوپا و پۆلیسی ئاسایش گرتوە و مەحکومیان کردوون.

ئاشکرایە کە ئیمە بە جەختەوە ئەم لایەنەی کاری *PKK* مەحکوم دەکەین. ئەمە لە لایەك زۆر بی رەوشتیە _ چونکە جەنگاوەرانی ریگای ئازادی هەمان ئەرکیان لە سەر شانە بەرامبەر ئەو مافانەی مرۆڤ کە خۆیان داوا لە دوژمنەکانیان دەکەن کە

بیانپاریزن _ له لایەکی تریشەوە ئەنجامی پیچەوانەی هەیە، چونکە پەلپ و بەهانەی پربەدل دەداتە دەست دەسەلاتداران تاوەکو بەردەوام بن لە شەر و داپلۆسیندا. خۆ دەبی بۆیان هەبی لە دژی تیرۆریزم شەر بکەن، وانیە !!؟

بەلام لە هەمان کاتیشدا شەری *PKK* نیشانەی توندی بارو دۆخەکەیە، لە ئەنجامی ئەوەی دەولەت خۆی مافە بنچینەیەکانی کەمایەتیەك پیشیل دەکات.

*PKK* لە سالی١٩٨٤وەك ریبازیکی بچووك سەری هەلدا. بەلام لەوساوە _ بە پیی قسەی حکومەت _ ١٢٠٠٠ ئەندامی *PKK* کوژراون و ١٨٠٠٠ گیراون، تا ئیستا ٨٠٠٠ یشیان لی ماوە کە لە شەری چەکداردا بەردەوامن. (ئەم ژمارانە "ئەرتویرك" کە سەرداری ناوچەیە، لە رۆژی ١٩٩٥/٦/٩ بە وەفدیکی نەمساوی راگەیاندبوو.)

لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکیاوە زوو زوو مرۆڤ گویی لی دەبی، کە تاکە هۆی خۆراگرتنی *PKK* ئەوەیە، کە *PKK* (تیرۆریستەکان) توانای کشانەوەیان هەیە بۆ ناو عیراق. بەلام لەو دوو سالەی دوایدا سوپای تورکیا زۆر جاری بە هیزیکی زۆر گەورەوە شالاوی بردۆتە سەر ناوچەکانی سنوور، کەچی ئەمانە گشتی هیچیان لە رەوتی شەرەکە نەگۆریوە.

وا پیدەچی ئەم شەرە هەتا هەتایە هەر بەردەوام دەبی.

# رەخنە بە چرپە

کیشەی کورد وا جاریکی تریش هاتۆتەوە گۆری، ئەم جارەیان بە راستی خراوەتە بەر باس و لیدوان. بە هەمان شیوە کیشەی دیموکراتیش لە تورکیا، بە شیوەیەکی جیاواز لە جاران کەوتۆتە بەرچاوان.

بۆیە ئیمە _ وەکو باسم کرد _ لەم سالانەی دواییدا دەبینین ولاتانی رۆژاوا رەخنەیەکی توند ئاراستەی دەسەلاتدارانی تورك و یاسا دادگاییەکانی تورکیا دەکەن. بەلام لە هەمان کاتدا ئەو رەخنەیە هیشتا بە جۆرە پاریزیکە، بە تایبەتی لە سەر ئاستی دیپلۆماسی و حکومەتدا.

هەندی دەولەتی تر هەن هەمان دەستدریژی رەفەکاری وەك ئەوەی تورکیایان لی روو دەدات، کەچی رەخنەی زۆر توند و تیژتریان لی دەگیری..

سەرەرای هەندی جوانکاریکردن، دەسەلات لە تورکیا توانیویەتی رادەی داپلۆسین و سەرکوتکردنەوە، یاسا دژەدیموکراتیەکان زیدە بکات.

شەری ناوخۆ بەردەوامە، لەم دواییەدا لە ٢٦ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ حکومەت پیشنیاری کرد کەوا سانسۆر و پشکنین لە بواری رۆژنامەگەریدا زیدەبکریت. هەروەها لە راپۆرتیکی کۆمیتەی ئەوروپا بۆ بەربەستکردنی ئەشکەنجەدان لە ١٩٩٦/١٢/٦ دا هاتووە، کەوا بەدرەفتاری و ئەشکەنجەدان لە بەندیخانەکاندا بەردەوامە. ئەوە ماوەی چەندەها سالە هەلویستی ولاتانی رۆژاوا _ لەوانەش دانمارك _ بەرامبەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا روون نیە.

تورکیا لە سالی ١٩٥٢ بۆتە ئەندامی *NATO*، کە بە پێی ئامانجەکانی خۆی، ئەرکی ئەوە بووە و ئەوەیە بەرگری لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بکات. بەلام *NATO* و وولاتانی ئەندامی *NATO* سست و سارد راوەستان بەرامبەر ئەو پێشیلکردنانەی لەم وولاتە تازە ئەندامەوە روویاندا، بە تایبەت لەو کاتەی رژیمی ئینقیلابچی عەسکەرەکان لە سالی ١٩٦٠ دەسەلاتیان گرتە دەست و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارە بەرزەکانیان لە سێدارەدا. یەکێك لەوانە (مەندەریز)ی سەرۆك وەزیران بوو، لەو کاتەی تورکیا چوە نیو *NATO* وە. بە هەمان شێوە *NATO* هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو کە سوپا لە سالی ١٩٨٠ دەسەلاتی گرتە دەست.

( بەلام *EU* فەرزیکی زۆر زۆری راگرت کە قەول بوو بدریتە تورکیا).

لە دوای کۆدیتا سەربازیەکەی سالی١٩٨٠ وەزیری دەرەوەی دانمارکی ئەوسا (کییلد ئولەسن)لە وەلامی پرسیاریکی مندا[٥]، وتی بەداخەوە کە کۆدیتاکە رویدا، بەلام لە هەمان کاتدا وای دەربری کە باوەری زۆرە بەو بەلینەی ژەنەرالەکان داویانە سەبارەت بە دووبارە گەراندنەوەی دیموکراتی. لە راستیشدا ئەوان ئەم بەلینەیان لە سالی ١٩٨٣_ ١٩٨٤ بە شیوەیەکی زۆر تایبەتی هینایەجی، ئەمەش کاری کردە سەر ئەوەی کە دانمارك و هەندی لە وولاتانی تر واز لە شکاتەکەیان بینن، کە خۆیان بۆ ئامادەکردبوو لە سالی ١٩٨٢ بیکەن.

ئەم هەلویستە دۆستانەیە بە دریژایی سالانیهەشتاکان بەردەوام بوو.

بۆ ئەم مەبەستەش نموونەیەکی سالی ١٩٩٠ دینمەوە، لەو کاتەی وەزیری دەرەوە[٦] (ئیلەمەن یەنسن) لەبەر دەم لیژنەی کاروباری دەرەوە[٧] وەلامی چەند پرسیاریکی دەدایەوە.

---

[٥]دیارە ئەم پرسیارە لە ناو پەرلەمان کراوە.

[٦]وەزیری دەرەوەی دانمارك.

[٧]لە پەرلەمانی دانمارك.

پرسیاری یەکەم لەمەر هەڵگرتنی ئیمونیتیتی[8] حەوت ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو کە خرابوونە ژێر داوا و شکاتەوە، بە تۆمەتی ئەوەی کاری ئەتۆیان کـردووە کە لە دژی دەولەتە. وەلامەکەی وەزیری دەرەوە بە هیچ شێوەیەك مـەحکوم کردنیك یاخود بە لای کـەم رەخنەیـەکی تێـدا نـەبوو بەرامبـەر دەسـەلاتدارانی تـورك. بـەلکو بـە پێچەوانەوە من ئەم شتە بەنرخەی خوارەوەم لێ هەلێنجاوە:

"وا پێدەچێت یەکی لە مەسەلەکان پەیوەندی بەو قەدەغەیەوە هەیـە کە لـە نێـو یاسای سزادانی تورکیادا هەیە، سەبارەت بە هەر قسەو راگەیاندنێك کە دەبێتـە هۆی نەمانی هەستی نیشتمانی یـاخود کزبوونـی ئـەو هەسـتە، قەدەغەیـەك کە بـە تایبـەت مەبەسـتی لـەو قسـەو راگەیاندنانەیـە کـە لەبـەرژەوەندی مەسـەلەی کـورد دەکەونـەوە" (وەکو دەبینیت لە داواکەی دژ بە "پارتی دیموکراتی و نوێکردنـەوە، *DDP*" کە مـن لـە پێشتردا باسم لێوەکرد، مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە هەستی نیشتمانییەوە نیـە، بـەلکو لەبارەی مافی یەکسانی کوردەکانەوەیە!).

لە پرسیاری دووەم، داوا لـە وەزیـری دەرەوە کـرا، روونکردنـەوەی خـۆی بخاتـەروو لەمەر "راگوێزانی بەزۆری کوردەکان لە گوندەکانی تورکیا". جـەنابی وەزیـر نەیویست ئـەو وشـە ناشیرینە "راگوێزانـی بـە زۆر" بەسـەر زاریـدا بێت، بـەلام ئـەوەی دووپـات کـردەوە، کـەوا "حکومـەتی تورکیـا کۆمـەلی گونـدی گواسـتۆتەوە.... تـاوەکو ڕێگـای پەرینـەوەی سنوورەکان لـە بـەردەم پێشمەرگەکان بـبڕێت" یـاخود "لـە سـەر بڕیـاری گوندنشینەکان خۆیان" ئینجا باسـی ئـەوەی کـرد کـەوا ئـەم قسانەی لـە دەسـەلاتدارانی تورکەوە پێگەیشتوە. وێدەچوو مەبەست لێرەدا ئەوە بێت، نـەبادا دۆسـتە تورکـەکانمان نارەحەت بن و بخرێنە هەلوێستێکی ناخۆش.

ئەمە ئەو کات، کەچی لەم دواییەدا زمانێکی توندتـر بـەکاردێت. لـە زۆربـەی ئـەو وەلامانـەی وەزیـری دەرەوەی ئێستا دەیانخاتـە روو، ئامـاژە بـۆ راگـەیاندنی رەخنـەیی

---

[8] حصانە، بەرگری و پارێزگاری

ئەوتۆ دەکری کە لە لایەن ریکخراوی مافەکانی مرۆڤی تورکیا دەرچوونە، لەمانـەش بـۆ نموونـە ئـەو زانیاریانـەی لەمـەر بـارودۆخی روولـەخراپی بەندیخانـەکان لـەم سـالەی دواییدا، ئەوەش ناشاردریتەوە پیشیلکردنی ترسناك دەرهەق بە مافـە بنچینەییـەکانی مرۆڤ دەکریت.

بـەلام کـە مەسـەلەکە زیـتر دەروا و دەگاتـە باسـکردنی ئەوانـەی بەرپرسـیارن لـەو پیشـیلکردنانە، کـە دەسـەلاتدارانی تورکیـان، ئـەوا شـیوەی باسـکردنەکە جیاوازیـەکی ئەوتۆی لەگەل ئەوەی پیشـوو نیـە. ئەمـەش لـە بەسـتنی ئـەو ریکەوتننامـەی یـەکییتی گومرگیە دەردەکەوی کە لە نیوانی تورکیا و*EU* لە سالی ١٩٩٥ مۆرکرا، ئیمە هەرجارەی بمانویسـتبایە نـارەزایی لەسـەر دەربریـن، روبـەروی بەربەسـتیکیان دەکردینـەوە. هەرچـەندە مـن لـە راسـتیدا بـاوەر ناکـەم، بـەلام نـازانم ئـەو زەحمەتیـەی لەبـەردەم وەرگرتنی تورکیایە لە ریزەکانی *EU* هەر هەنجەت و بەهانەیە یاخود چیە؟.

ئـەلمانیا یەکیکـە لـە سـەرچاوە چەکفرۆشـیە هـەرە گرنگـەکانی تورکیـا، هـەروەها سـەرەرای هـەندیش بـەوە ناسـراوە کـە لـە نزیکـەوە لەگـەل پۆلیسـی ئاسایشـی تورکیـا هاوکاری دەکات.

لە (بۆن) و (پاریس) و (لەندەن )( ئەوە ئەگەر باسی واشنتۆن هەر نەکەین ) زیـتر خەریکی هاوپەیمانیەتی ستراتیژین لەگەل تورکیا لەوەی خـەریکی مەسـەلەی مافـەکانی مرۆڤ بن، بۆیە دەبینین نارەریی دەربرین لەو دەزگا سیاسیانەوە دیت کە حکومـەتیان لەدەسـت نیـە، لەوانـەش پەرلـەمانتارەکانی ئەنجومـەنی ئـەوروپا، بـە تایبـەتیش پەرلەمانی *EU*.

بە داخـەوە زۆربـەی ئـەو ئەندامانـە یـەکییتی گومرگیـان لەگـەل تورکیـا پەسـەند کرد، بەلام ئەمە لە ئەنجامی قۆل بادانیکی توندەوە بوو لە لایەن حکومەتەکانەوە.

کـەچی کاتی پەرلـەمان هاتـە سـەر ئـەوەی هەلویسـت لەمـەر دانـەوەی پارەکـان وەرگری، حکومەتەکان خۆیان کیشایەوە. ئەو سالە بە تیکرایی کـاتیکی سـەخت بـوو بـۆ

ئەندامانی پەرلەمان، تا گەیشتە ئەوەی ئەمرۆ ژمارەی هەرە زۆریان بە نا دەنگیاندا. پیویستە حکومەتەکانیش هەلویستیکی کاریگەری لەم بابەتەیان هەبی.

گرنگە ئەوەمان لە بیر نەچی کە دانمارك لە کاتی خۆی ( سەرەرای ئارەزوی وەزیری دەرەوەی ئەوکات) بە تەنها لە گۆرەپانەکەدا مایەوە، بۆ ئەوەی فشار بخریتە سەر رژیمی ئەپارتاید لە خواروی ئەفریقیا، لەگەل سوید و نەرویج فشاریکی نیودەولەتی بچووکیان خستەکار.

کە بەرای من هەلویستیکی کاریگەر و پیویستە. مەبەستم ئەو نیە ئیمە خۆمان بە یەکجار وەرگیرین و روبەروو لە دژی فەرمانرەوایی تورکیا بوەستین، چونکە یەکەم شت ئەمە هیچ سوودیك ناگەیەنی، بەلکو شەپۆلی نەتەوەپەرستی تورك بە هیز دەکات، کە بۆتە هۆی بەرەو پیش چوونی ئیسلامیزم. دووەم شتیش ئەوەیە مرۆڤ پیویستە پی لەوە بنی کە تورکیا وەکو دەولەت چەند گیروگرفتیکی راستەقینەی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر لە بەر رۆشنایی میژووی تورکیاوە خۆی سەیر بکریت. بیگومان لە ئەنجامی پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتە نابەجییە، تورکیا خۆی ئەم گیروگرفتانەی گەورەتر کردووە. بەلام لەگەل هەندیش پیویستە ئەو داواکاریانەی ئیمە دەیانخەینە روو، ئەم راستیە لەبەرچاو بگریت.

# داخوازی مافەکانی کەمایەتی

لە دانمارك شتیکی زۆر یاساییە مرۆڤ (جودایخواز) بیت.

گرینلاندیەکان و فارینگەکان[٩] و تەنانەت بۆرنهۆلمیەکانیش[١٠] و خەلکانی تریش کە دەیانەوی بەشەخاکی خۆیان لە دانمارك دابرن، بۆیان هەیە باسی ئەم داخوازیە بکەن و بیوروژینن. ئەوەی من بزانم لایەنگیرانی دابرینی (پەدانیا)[١١] لە ئیتالیا بە ناپاك و ولاتفرۆش تاوانبار ناکرین. نەتەوەپەرستە سکۆتلاندیەکانیش هەر بە هەمان شیوە.

بۆیە کە باس دیتە سەر تورکیا، بەلامەوە زەحمەتە ئەوە قبول کەم کە دەلین جودایخوازی سەرپیچیکردنی یاسایە. بەلام پیویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە کەمتر لە ٧٠ سال لەمەوبەر، ئەم ولاتە تا رادەیەکی زۆر ویران کرابوو، رەنجیکی زۆری بۆ درا تا توانرا وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دابمەزریت. هەروەها من دەزانم لەدوای سنوور نەخشاندنی تازە لە هەر هەریمیك، خاك بەزاندن روودەدا.

---

[٩] خەلکانی دوورگەی گرینلاند، دوورگەکانی فارۆ کە بەتەواوی ولاتی سەربەخۆ نین، بەلکو وەکو هەریم سەر بە دانمارکن.

[١٠] بۆرنهۆلم، دوورگەیەکی بچووکی دانمارکیە دەکەویتە ناوەراستی دەریای نیوان سوید و ئەلمانیا و پۆلۆنیا.

[١١] پەدانیا یاخود پەدانا هەریمیکە لە باکووری ئیتالیا.

بیگومـان مـن ئــەوە بـە راسـت نـازانم لەگـەل داواکاریـەك بم یـاخود پشـتگیری داواکاریـەك بکـەم سـەبارەت بــە دامــەزراندنی دەولـەتیکی کـوردی سـەربەخۆ لەسـەر حیسابی تورکیـا. دوور نیـە ئەمـە بـە شیوەیەکی ئاشـتیانە لـە مـاوەی نیـو سـەدە تـا سـەدەیەکی تـر بیتــەدی، ئەگـەر تـەواوی کـەش و هەوایەکـە بـەرەو باشـی بگۆریـت، سنوورەکان لە لایەنی پراکتیکیەوە بەهایەکی کەمتر لە جارانیـان ببیت. بـەلام ئـەمرۆ لیرەدا مەسەلەکە ئـەوە نیـە، چونکـە ئەگـەر ئیمـە ویستمان لەگـەل تورکیـادا بکەوینـە گفتوگۆ، ئەوا یەکەم مەرج ئەوەیە کە دەبی ئیمە بە ئاشکرا رایبگەیەنین، ئیمە لەگـەل پاراستنی دەولەتی تورکیا داین لە چوارچیوەی سنوورەکانی ئیستایدا.

کەواتە دانپیانانەکە شتیکی ئەوەندە گەورە نیـە، لەبـەر ئـەوەی جوداییخـوازی پـر مانای راستەقینەی وشەکە خۆی، دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە لە نیو کوردەکانی تورکیا.

(ئیبراهیم ئاکسۆی) منی لەم لایەنەوە دلنیـا کـرد، بـە ئامـاژە بـۆ کۆمـەلیك بـیرورا وەرگرتن لە نیوان کوردەکاندا. تەنها ژمارەیـەکی زۆر کـەم، لە سـەدا شەشـی خەلکەکـە لایـەنگیری مەسـەلەی دابـران بـوون لـە تورکیـا. هـۆی گیروگرفتەکـە تەنـها ئەوەیــە کـە دەسەلاتدارانی تورك راسـتیەکان بـە تـەواوی دەشیوینن و هـەموو خواسـت و ویسـتیکی کوردەکان لەمەر مافەکانیان وەکو کورد، بـە جوداییخوازی دەژمـیرن. مـن وا تیدەگـەم (بەلام بە ووردی ناران )، *PKK* لە دەسبەرداریەوە دەستی کردە فەرمانی جوداییخـوازی، بــەلام *PKK* ش، بیگومــان وەکــو تیگەیشــتنیك بەرامبــەر هەلویســتی راســتەقینەی کوردەکانی تورکیاوە، لە هەموو راگەیاندنـەکانی خۆیـان لـەم سالانەی دواییـدا دووپـاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە نایانەوی لە تورکیا (دەرچن)،. هەر بۆیەش من پیم وایە زاراوەی (پەرلەمانی مەنفا) لەجیی خۆی نیە، لەبەر هەمان هۆ من نەمویست بەشداری بکەم لە ریکخسـتنی کۆبوونـەوەکانی ( بـەلام بیگومـان مـن قسـەم لەتـەکیاندا کـرد). پیویسـتە ئـەوەش بلیـم، منیـان دلنیـا کـرد لـەوەی کـە (پەرلـەمانی مـەنفا) رەنگدانـەوەی حـەز و ئارەزوویـەك نیـە بـۆ دامـەزراندنی دەولـەتیکی نـوی لـە سـەر حسـیبی تورکیـا، بـەلکو

خواستیکە بۆ بوونی نوینەرایەتیەکی کوردی تایبەت لە چوارچیوەی شیوەحوکمیکی فیدرالیدا.

بیگومان پیویستە کوردەکان بۆیان هەبی بە شیوەیەکی یاسایی داوای تەواوی مافە کەلتوریەکانیان بکەن (لەوانەش خویندن و هۆیەکانی راگەیاندن و بەریوەبردنی هەریمایەتی بە زمانی خۆیان)، لە هەمان کاتیشدا ئۆتۆنۆمیان هەبی لە شیوەی فەرمانرەوایی راستەقینەی خۆیان. پیویستە ریگا بدریتە ئەوانەی دەیانەوی بە شیوەیەکی یاسایی داوای ئەوە بکەن کە تورکیا بکریت بە دەولەتیکی فیدرالی. ئەم جۆرە داخوازیانە پیویستە بی قەید و شەرت بکەونە نیو بواری سەربەستی دەربرین. ئەگەر تورکیا بیەوی بگاتە ئاستی ئەو پەیماننامە نیودەولەتیانەی کە خۆی چۆتە ریزیانەوە، ئەوا دەبی ئەو داخوازیانەی قبول بیت، کە بەشی هەرە زۆری کوردەکان رایان لەسەرە. ئەوە ئەم شتەیە کە حکومەتەکانی رۆژاوا و حکومەتی دانمارکیش لەگەلیاندا پیویستە بۆ تورکیای روون کەنەوە. ئینجا بیگومان کۆمەلی داخوازی تریش هەیە بە هەمان رادە گرنگن، لە بواری مامەلەی ریك و دروست لە لایەن دادگاکان و لە بەندیخانەکاندا، لەوانەش دەست هەلگرتن لە بەکارهینانی ئەشکەنجەدان و بەکارهینانی دەسەلات بە مەبەستی خراپ و بوونی دەوریەکانی مەرگ و دابینکردنی مافی ریز و حورمەتی کەسیتی و سەربەستی دەربرین و دامەزراندنی کۆمەلە و ریکخراو.

# گفتوگۆ و رەخنە

بەم جۆرە دەگەینە گفتوگۆی رەخنەگرانە. مەسەلەی نەتەوایەتی خەریکە ووردە ووردە دەبیتە سەرچاوەی هەموو ئەو خراپەکاریەی لە ئارادایە، گشت ئەو پیشیلکردنانەی هەیە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

بۆیە (گفتوگۆیەکی رەخنەیی)کە لە ئامانجی دابیت هەر بە تەنها وا لە دەسەلاتداران بکات کەوا تۆزیك زیتر ریز لەم مافانە بگرن و تۆزیك سنگ فراوانتر بن، ئەم جۆرە گفتوگۆیە بە تەواوی لە باسی گیروگرفتە سەرەکیەکان دوور دەکەویتەوە.

ئەم جۆرە گفتوگۆیە پیویستە بەوە دەست پیبکات، کەوا (لایەنی ئیمە) دژی شەری چەکدار و تیرۆریزمی *PKK* ین. بەلام هۆی شەری چەکدار و تیرۆریزم دەگەریتەوە بۆ ئەوەی لە تورکیا کارکردنی ئاشتیانە و سیاسی لە پیناو ئەوەی کوردەکان بتوانن ئەو مافانە وەدەست بینن، کە لە پەیماننامەی ئەوروپا نووسراوە لەمەر مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان، ئەم جۆرە کارکردنە بە نایاسایی دادەنری و سزای دەخریتەسەر.

بۆیە پیویستە بەر لە هەموو شتیك ئەوە دابین بکریت کەوا کاری سیاسی لە پیناو ئەم مافانە بکریت بە کاریکی یاسایی و ریگای پی بدریت. ئەگەر ئەمە جیبەجی کرا، ئەوساکە *PKK* مەگەر شیوەی کارکردنی خۆیان بگۆرن، ئەگینا بیکار دەمینینەوە.

پرنسیپی (گفتوگۆی رەخنەیی) لەگەل تورکیا لە خۆیدا هەلە نیە.

بە پێچەوانەی هەندی وولاتانی دیاریکراوی ترەوە، تورکیا _ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا _ تا رادەیەك پلورالیستیە[12]. پەردە هەلمالین لەرووی خراپەکاری لە لایەن هۆیەکانی راگەیاندنەوە و خۆپیشاندانی مەزن لە دژی ئەم خراپەکاریانە یەکیکن لەو نیشانە زۆرانەی لەمەر ئەم مەسەلەیە.

دەمەتەقی و دوانی زۆر گەرم و توند لە میدیاکان و لە ناو پەرلەمان دەکری _ تەنها باسی هەندیك لەو بابەتە تابۆیانە[13] ناکری _ کە زۆر بنچینەیین و پەیوەندیان بە چارەنووسی وولاتەکەوە هەیە. ئەگەر کەمیکی تر دیموکراتی هەبوایە دەمانتوانی تورکیا ناوبنیین وولاتیکی دیموکراتی راستەقینە. بەلام بای ئەوەندەی دیموکراتی تیایە کەوا بۆچوون و گۆشەنیگای جیاواز بخرینەروو. لە توانادا هەیە تەنانەت باسی مەسەلەی نەتەوایەتیش بکریت، بەلام بیگومان بەوپەری وریایی و بە مەترسیەکی زۆری کەسییتیەوە. بەلام سەرەنجام ئەوەیە کەوا گفتوگۆ بیسوود نیە. لە هەمان کاتدا سی گیروگرفت هەیە.

یەکەمیان ئەوەیە کەوا گفتوگۆ پیویست ناکا بەو شیوەیەی ئیستای، تەنها لەو دیوی دەرگا داخراوەکانەوە بکریت. چونکە لەم ئانەدا مرۆڤ ناتوانی ئەو کەمە پلورالیزمەی هەیە -کە پیشتر باسم کرد- بەکار بینیت، هیزە خاوەن بیرە دیموکراتیەکان بەهیز بکات. ئەمە یەکجار مەسەلەیەکی گرنگە کە دوایی جاریکی تر دەگەریمەوە سەری.

گیروگرفتی دووەم ئەوەیە گفتوگۆ نابی هەر بە تەنیا بیت. ئەگەر تورکیا بەتەواوی و بە ئاشکرا تینەگا، ئەم بارودۆخەی ئیستا هەیە پەسەند نیە، ئەوا بە ئاسانی گفتوگۆ دەبیتە شتیکی بی مانا.

---

[12]فرەییە، تعددی

[13]بابەتی قەدەغە و بڤە، کەس نابی و ناتوانی خۆیان لیبدا.

ئەوەی سییەمیان مەسەلەی ناوەرۆکی گفتوگۆیە و لە کاتی گفتوگۆکردندا (لایەنی ئیمە) چی دەلی. ئەگەر گفتوگۆکە هەر بەتەنها چەند وورتەوورتیکی رەخنەیی بیت، ئامانجی تەنها روونکردنەوەی ئەوە بیت بۆچی دەسەلات شەر لە دژی تیرۆریزم دەکات، ئەوا ئەم گفتوگۆیە زیانی لە سوودی زیترە. یەکیك لەو شتانەی پیویستە گفتوگۆ بیگریتە خۆ، ئەو پەیامە روون و ئاشکرایەیە کە لە بەیاننامەیەکی ٢٥ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا ( هیچ یەکیش لەم ٢٥ ئەندامە لەوانە نەبوون کە ناویان دەنین پەرگر و توندرۆ ) لە رۆژی ١٢ی ئایار/ مای سالی ١٩٩٣ خرایەروو، سەبارەت بە بارودۆخ لە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا.

هەندی لەو شتانەی لە بەیاننامەکەدا هاتبوو:

" ئیمە کە نوینەرانی هەلبژیردراوی ناوچەکەین، داوا لە *PKK* دەکەین واز لە توندوتیژی و شەری چەکداری بینی، هەروەها داوا لە حکومەتیش دەکەین واز لە داپلۆسینی مافە دیموکراتیەکان و داخوازیەکانی لەمەر ئازادی بینی. ئەگەر هەردوو لا بەردەوام بن لەسەر ئەوەی ئەمرۆ دەیکەن، ئەوا فرمیسك و خوینی زۆر زۆرتر لە هەردوو گەلی تورك و کورد دەرژی. داخوازی ئیمە شەر راگرتن و کۆتایی هینانی ئەم کوشتارەیە."

پیویستە ئەوەش بگوتری، کەوا *PKK* دوو جاران لەیەك لاوە تەقەی راگرتووە و داوای مفاوەزاتی[١٤] کردووە، کەچی وەلامی حکومەت، بەردەوامی پیدانی شەر و گفتوگۆ نەکردن بووە. لیرەدا شتیکی زۆر ئاسایی بوو ئەگەر وولاتانی رۆژاوا و دانمارك _ وەکو دریژە پیدانی بەیاننامە ٢٥ کەسیەکە _ داوایان لە حکومەتی تورکیا بکردبایە بۆ ئەوەی تەقە راگرتنەکە پەسەند بکات و دەستبکاتە گفتوگۆ. بەلام وولاتانی رۆژاوا بە -دانمارکیشەوە _ بیدەنگ بوون. ئەگەر بیتو ئەوان لەوپەری نهینیشدا شتیکی

[١٤]مفاوەزات ووشەیەکی عەرەبیە، لە سالانی شۆرشی کورد لە نیو خەلکی کوردستانی عیراق زۆر بەکاردەهات بە مانای گفتوگۆی نیوان کورد و حکومەت.

راستیان درکاندبیت (کە من گومان دەکەم ئەمەیان کردبی)، ئەوا هەر بیسوود بووە. چونکە مامرەتی نهینی، هیچ لایەنگیریەکی بیروبۆچونی دیموکراتی و ئاشتیانەی تیدا نیە، کە لە بەیاننامەکەی ٢٥ کەسەکەوە هاتووە.

تاوەکو (گفتوگۆ رەخنەیی)ەکە کاریگەر بیت، پیویستە داوا لە دەسەلاتی تورکیا بکات، بەو پەری راشکاویەوە تەقە راگرتن قبول بکات، دەست بکاتە مفاوەزات، ئەو بارە نائاساییە سەربازیە هەلگری لەسەر ئەو ١٢ ناوچەیەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیایە و ریگای تەواو بکاتەوە لەبەردەم سەربەستی دەربرین و دامەزراندنی کۆمەلە و ریکخراوەکان، بەکارهینانی تەواوی زمانی کوردی لە خویندن و لە هۆیەکانی راگەیاندن، ریزی ناسنامەی تایبەتی کورد بگری و هەروەها گشت بەندیە سیاسیەکان بەربدرین.

## دانمارك پیویستە لە پیشەوە بیت

ئیستا حکومەتی دانمارك هۆی ئەو وریایی و ئاگاداریەی خۆی بەوە لیك دەداتـەوە، نەبادا تورکیا خۆی لە وولاتانی رۆژاوا دوور بخاتەوە، لە ئیران و ولاتانی تری توندرۆ لە نیو جیهانی ئیسلامیدا نزیك بیتەوە. لەبەر هیندی دەبی ئیمە هوشیار بین نەوەك پال بە تورکیاوە بنیین. ئەمـە چـەندەها جار لـە ووتـەکانی وەزیـری دەرەوەدا[15] هـاتووە، لـە هەمان کاتدا دانیش بـەوەدا دەنـی بـارودۆخی مافـەکانی مـرۆڤ لـە بـاریکی سـەختدایە، ئەمەش گیروگرفتیکی ئەوتۆیە کە ئەو دەیەوی لە ریگای گفتوگۆ چارەسەری بکات.

لە لایەکی ترەوە یەکییتی گومرگی ئەوە دەردەبری ئیمە ئارەزومـان لییـە تورکیـا لەگەل وولاتانی رۆژاوا بمینیتەوە.( ئەمەی دوایی قسەی وەزیـری دەرەوەیـە، لـە وەلامـی پرسـیاریکی منـدا لـە رۆژی ١٩٩٥/٩/١٢). ئـەم ریکخسـتن و سـازدانە لـە چـاوی خـاوەن دەسەلاتەکانی تورکیا شتیکی زۆر بەردلە. ئەوان بەمە پاداشتیکیان پـی دەبەخشـری کـە پارەی تیایە (هەر بەم بۆنەیەوە، ئەو چەکانەشیان پی دەدری کە پیویستیان پییەتی).

سزاکەشـیان هـەر تەنـها چـەند ووشـەیەکی لـەرزۆکی رەخنەییـە، کـە لـەو لایـەن و کەسـانەی پـەیوەندیان بـە مەسـەلەکانەوە هەیـە بـترازی، کەسـی تـر گویـی لییـان نـابی. ئەگەر ئەم ووشـانە بتوانـن رەوت و ریبـازی خـاوەن دەسـەلاتەکان بگۆرن، دیـارە هیشـتا سەردەمی موعجیزەکان ماوە، بەلام زۆر بەداخەوە.

---

[15] بیگومان وەزیری دەرەوەی دانمارك.

بۆیە پیویستە گفتوگۆ تەواو بە شیوەیەکی تر بەریوە بچیت. پیویستە گفتوگۆ زۆر کراوەتر بیت، هیلیك لەژیر ووشەی (رەخنەیی) بکیشریت، ئەو کۆمەلانە بانگهیش بکرین کە بیروبۆچوونی دیموکراتیان هەیە لە تورکیا. ئەمەیە من باسی دەکەم.

بەلام پیویستە لەتەك گفتوگۆدا، هەنگاوی تریش بهاویشتری، تاوەکو دەسەلات بەدەستەکانی تورکیا هەست بکەن کە ئەم بارودۆخەی ئیستا پەسەند نیە. (ئەگەر واز لەم مەتلەبە بهیندری، ئەوا ئەوان وا تیدەگەن ئیمە ئەم بارودۆخەی ئیستامان لا پەسەندە و پیی رازین، کە لە راستیدا وانیە).

یەکەم شت پیویستە هەموو شیوە پشتگیریکردنیکی ئابووری بۆ تورکیا رابگیریت. بگرە هەر لە بەلینەکانی قەرزی شت کرین تا دەگاتە یەکییتی گومرگ. لە ماوەی ئەو سالانەی دوای مۆرکردنی یەکییتی گومرگ، ئەم یەکییتیە تورکیای دوور نەخستۆتەوە لەوەی پەیوەندیەکانی لەگەل ئیران پتەوتر بکات.

خۆ ئەگەر پەرلەمانی ئەوروپا لەریگای نەوەستابایە، ئەوا ئەو یەکییتی گومرگە دەبوو بە یارمەتیەکی راست و رووتی ئابووری تورکیا، کە لە ئەنجامی ئەو شەرە بیکۆتاییەی دژ بە *PKK* لەو پەری پیویست دایە، بە واتایەکی تر دەبوو بە یارمەتی ئابووری شەر.

شایانی باسە کە راگرتنی هەموو شیوەیەك یارمەتی ئابووری (لیرەدا پیویستە لەگەل فشاری بازرگانی تیکەل نەکری) هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی تورکیا ئەرکەکانی خۆی لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە بە تەواوی جیبەجی نەکردووە، هەر کاتیك تیبینی کرا کەوا پیشکەوتنیك لەم بوارەدا هەیە، ئەوا راگرتنەکە هەلدەگیری. بەلام پیویستە پیشکەوتنەکە هەر بۆ جوانکاری نەبی، بەلکو راستەقینە بیت. راگرتنیکی لەم بابەتە پیویستە بەو چاوەوە سەیر بکری کە لە نزیکەوە پەیوەندی بە گفتوگۆیەکی رەخنەیی رەسەنەوە هەیە.

لەلایەکی ترەوە مرۆڤ دەتوانی پشتگیری ئابووری لـە هـەندی بـواری تـردا بینیتـە بـەرچاوی خـۆی، کـە بەراسـتی لـە بـەرژەوەندی مافـەکانی مرۆڤـدا بـی. بـۆ نموونـە پشتگیریکردنی ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سـەنتەرەکانی دووبـارە هینانـەوە سـەرپیی قوربانیەکانی ئەشکەنجە لە تورکیا.

دووەم شت پیویستە قەدەغە بخریتەسەر ناردنی چەك و تفاق بـۆ تورکیـا، تـا ئـەو کاتـەی شـەر لـە خـواروی تورکیـا بەردەوامـە. وەزیـری دەرەوە زۆر بـە باشـی رایگـەیاند، دانمارك تەنها ریگای ناردنی ئەو چەکانە دەدات کـە لـە (کیشـەی نـاوخۆ) بـەکار نایـەن. بەلام لە لایەکـەوە ئـەم جۆرە لیککردنەوەیـە تـا رادەیـەك مەحالـە بکریت. لـە لایـەکی تریشەوە نیشانەکە خۆی لە خۆیدا گرنگە: نابی چەك  بدریتـە دەولـەتیك کـە بەراسـتی لەشەردایە و رەقەکارانە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەخاتە ژیر پی.

خـالی سـییەم ئەوەیـە، دەکریـت لـە جیـی خـۆی بیـت شـوینی تورکیـا لــەناو ئەنجوومەنی ئەوروپا جاریکی تر بخریتـەوە بـەر بـاس و لیـدوان. ئەگـەر سـەیری دواوە بکەین دەبینین تیکدانی مەسەلەکەی سالی ۱۹۸۷ بە چاوی ئـەمرۆ بـە تـەواوی نارەوایـە. لەگەل هەندیش پیویستە مرۆڤ  ووریا بیت لـەم جۆرە دوورخستنەوانە. ئەنجومـەنی ئەوروپا پیشوەخت سینگ فراوانیەکی زۆری _ بەرای هەندی کـەس زۆر زۆری _ پیشان داوە لە مەسەلەی وەرگرتنی وولاتانی  تازە بـە ئـەندام، ئەگـەر تورکیـا دوور بخریتـەوە، ئەوا دەبی ئەوانی تریش بەدوایدا برۆن.

سەرەرای ئەمەش دەرفەتی گفتوگۆی رەخنەیی بە دلیکی کراوەوە، زۆر چاکترە لەو گفتوگۆیەی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و حکومەتەکاندا هەیە.  ئـەم دەرفەتانـە پیویسـتە بەتـەواوی بەکاربـهیندرین، پیویسـتە ئـەوە ئاشـکرا بکریـت ئەگـەر بارودۆخەکـە بـە شـیوەیەکی دیـار باشـتر نـەکری، ئـەوا تورکیـا مەترسـی ئـەوەی لیدەکـری کـە دوور بخریتەوە.

خالی چوارەمیش، پێویستە *OSCE* بەکار بهێندرێت، کە دانمارك لەساڵی ١٩٩٧ سەرۆکایەتی بەدەستە.

خالی دەستپێکردن لەلای من هەمان شتە لەگەڵ ئەوەی ئەنجوومەنی ئەوروپا. ئەگەر بەراستی توند بین، ئەوا نەدەبوایە تورکیا ببێتە ئەندام _ بەلام دەتوانری هەمان شت لەمەر وولاتانی تریش بگوتری کە ئەندامن لە *OSCE*، ژمارەیان لەوانەیە بگاتە چارەکێکی ژمارەی تەواوی ئەندامەکان.

لە کاتێکدا دوورخستنەوەی ئەوانە نە کارێکی ریالیستیە و نە هۆشمەندیشە، بۆیە پێویستە لە جیاتی ئەمە جەختکردنی بەهێزی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بەکار بهێنری، لە نێو ڕێککەوتننامەکانی *OSCE* دا هەیە، سەنگاییەکی سیاسی زۆر قورس و بەهێز بخرێتە سەر ئەو وولاتە ئەندامانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، لەوانەش تورکیا.

هەمان شت پێویستە (وەکو ئیستا کاری پێدەکری) لە کۆبوونەوە پەرلەمانیەکانی *OSCE* بکرێت، لە کۆبوونەوە و دیدارەکانی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی حکومەتەکانیش بکرێت، کە تا ئیستا شتی وا بە رادەیەکی فراوان زۆر کەم روویداوە. ڕێزنەگرتنی دیموکراتی و مافە نەتەوایەتیەکان لەلایەن تورکیاوە پێویستە بەردەوام بۆ باس و لێدوان لەبەردەست بی لەو کۆبوونەوانەدا. لێرەدا پێویست بە (دیپلۆماسیەتی هێمن) نیە، بەلکو پێویستە شتەکان بە زمانێکی روون و ئاشکرا بگوترین. شتەکان پێویستە بەجۆرێك بووترین خاوەن دەسەلاتەکان هەست بە سەنگاییەکەی بکەن، ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی هەست بە دنەدان و هاندان بکات. پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کە تورکیا داوای کردووە ببێتە ئەندام لە *EU* و داواکاریەکەی لە ساڵی ١٩٨٧ وە لەوی کەوتووە. *EU* پەیمانی داوە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٦_ ١٩٩٧سەیری داواکە بکاتەوە.

ئالێرەدا دەبی بۆ تورکیا روون بکرێتەوە، کەوا ئەگەر نەگاتە ئاستی پێوانەیی ئەوروپا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە، ئەوا لە هەموو دەرفەتێکی وەرگرتن و

ئەندامیەتی بیبەش دەکری، بـە واتایـەکی تـر پیویسـتە ریفۆرمیکـی [١٦] فـراوان و گرنـگ ئەنجام بدریت.

بۆ ئەم مەبەستەش هەر(با تیبگەن) بەس نیە، بەلکو پیویستە ئەمە بـە دەنگیکـی بەرز و بە روونی بگوتری، تاوەکو هیچ ماوەی هەلەی تیدا نەمینی.

جگە لەوەش دەبی ئیمە قبول نەکەین *EU* بەربەست بخاتە بەر هەنگاوی ئـەوتۆ، کە ئیمـە بـە پیویسـتی دەزانـین. شـتیکی زۆر چاکـە ئەگـەر هـاتو هـەر ١٥ وولات بـە هاوبەشی پالپشتی دەسپیشـکەریەکی راسـتن بکـەن، دانمـارکیش پیویسـتە لـەم ریگایـەوە لەگـەل ئـەوانی تـر کـار بکات. بـەلام دەسپیشکەریەکانی دانمـارك پیویسـت ناکـا بــەوە ببەسترینەوە، ئاخۆ کەی ئەو ١٥ وولاتە ریکدەکەون. مـن ئـەو دەسپیشـکەریانە دینمـەوە یاد کە دانمارك بە تەنها لە ناوەراستی ١٩٨٠ کان کردی بەرامبـەر بـە رژیمـی ئـەپارتاید. ئەمە شتیك نیە نەکری.

[١٦] ئیسلاح، چاککردنەوە.

# بەشی پێنجەم

# دوژمنی کورد لە ئەوروپا

نووسینی

سۆرین سونەگۆو

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم/ ژانوەری ساڵی ١٩٩٧ حکومەتی دانمارک بڕیاری دا لەبەردەم دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپی شکات بکات، سەبارەت بە مامەڵە کردنی هاووڵاتیەکی دانمارکی لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە. هاووڵاتی دانمارکی (کەمال کۆچ) کە بە بنەچە کوردە، لە ماوەی ئەو ٤٢ ڕۆژەی لە بەندیخانەکانی تورکیا بەسەری برد، تووشی ئازار و ئەشکەنجەدان بوو، بۆیە حکومەت بە پێویستی زانی بیکات بە مەسەلەی دەوڵەت بەرامبەر بە دەوڵەت.

بێگومان مەسەلەی (کەمال کۆچ) زیانی بە پەیوەندیەکانی نێوان دانمارک و تورکیا گەیاند. بەڵام ئەگەر لە روانگەی ئەوروپاوە سەیر بکەین، دەبینین ئەم جۆرە رووداوانە شتی دەگمەنن، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی مەسەلەی کورد بە راستی کەوتۆتە ژێر بەرەوە.

(کەمال کۆچ) لە مانگی ئاب/ ئۆگۆستی ساڵی ١٩٩٦ بەوە تاوانبار دەکرێ کە لایەنگیری *PKK* ی کردووە و لە کۆمەڵەیەکی کەلتوری کوردی بەشداری چەندین چالاکی کردووە. ئەگەر ئاوڕێکی دواوە بدەینەوە، دەبینین پۆلیس و سیاسەتمەدارەکان لە زۆر شوێنی جیاجیا لە ئەوروپا هاریکاریان لەگەڵ ڕژێمی تورکیا کردووە لەو هەڵمەتانەی لە دژی کوردەکان و چالاکیە سیاسیەکانیان ئەنجامیان دەدات. دوور نیە مەسەلەی (کەمال کۆچ) ئەم وێنەیە هەڵگێڕێتەوە.

# چیرۆکی (کەمال) وەکو کوردێك

کە ئێوارەی رۆژی پێنجشەممەی ٤ ی تەموز/ ژولای زەنگی تەلەفۆن لە مالی (کەمال) لە گەڕەکی *Nørrebro* [1] لێدەدات، (کەمال) نازانی ئەمەی لێ دەبێتە خەونێکی ناخۆش و مۆتەکەیەك، کە لەوانەیە مۆرکێکی ئەوتۆ لە ژیانی بدات، تا ماوە پێوەی بمێنێ. ئەو نازانێ لەو شەش هەفتەیەی پاشتر تووشی گیران و ئەشکەنجەدان و بەندکردن دەبێ، لەو وولاتەش دەردەکرێ کە رۆژێ لە رۆژان هاوولاتی بووە تیایدا، هەرچەندە هەرگیز بەڕاستی بە وولاتی خۆیشی نەزانیوە.

(کەمال کۆچ) لە سالی ١٩٥٧ لە تورکیا لە دایك بووە، ماوەی منالیشی هەر لەوێ بەسەر بردوە. لە سالی ١٩٧٢، لە تەمەنی ١٥ سالیدا لەسەر ئارەزوی باوکی وەکو هەر کرێکارێکی بێگانە روو لە دانمارك دەکات. لە دانمارك لە کارگەکانی پلاستیك و میتال بە چەندەها کار و پیشەی ناکارامەی جیاجیا خەریك دەبێ، ماوەیەکیش لە یەکێ لە خوێندنگاکانی *AOF* [2] وانەی زمانی دانمارکی بە مهاجیرەکانی وەکو خۆی دەلێتەوە.

لە سالی ١٩٩٢ دوکانێکی بچووك لە گەڕەکی *Nørrebro* دەکاتەوە، رۆژانە بژێوی خۆی و ژنەکەی و دوو منالەکەیانی پێ دابین دەکات.

( کەمال)، لە سالانی گەنجی خۆیدا لە ریزی زۆر لە رێکخراوە چەپڕەوە تورکیەکانی ناو دانمارك خەریکی چالاکی سیاسی دەبێ. لە دوای چەند سالێك، وای

---

[1] گەڕەکێکە لە شاری کۆپنهاگن.

[2] کورتکردنەوەی ( یەکیێتی زانیاری کرێکاران) ه .

لیدێت مەسەلەی کورد گرنگتر بێ بە لایەوە، بۆیە یەکێ لەو کارانەی دەیکات ئەوەیە لە ساڵی ١٩٩٢ دەچێتە ریزی *FAY- KURD*، لە هەمان ساڵدا لە رەگەزنامە تورکیەکەی رزگاری دەبێ و دەبێتە هاووڵاتیەکی دانمارکی.

لە راستیدا *FAY- KURD* خۆی رێکخراو نیە، بەڵکو یەکگرتنێکی کەلتوری زۆر لە کۆمەڵە کوردیەکانی دانمارکە. بەڵام لەگەڵ هەندێش هیچ گومانی تێدا نیە لایەنگیری ئەوە دەکات کوردەکان وەکو نەتەوەیەکی خاوەن کەلتور و مافی خۆیان رێزیان لێ بگیرێ.

لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤، (کەمال) دەبێتە یەکێ لەو حەوت ئەندامەی دەستەی بەرێوەبەری *FAY- KURD*.

بەڵام کاتێ کە دەستی بۆ تەلەفۆنەکەی دەبا، بیری بۆ لای هیچ یەك لەم شتانە ناچێ. کەچی لە خەماندا دونیای لەبەرچاو تاریك دادێ، کاتێ یەکێ لە براکانی کە لە دانمارك دەژی پێی رادەگەیەنێ کە برا گەورەکەیان لە تورکیا بە کارەساتی ئوتومبیل مردووە، لە نزیك شاری (پۆلاتلی)، کە ٥٠ کم لە ئەنقەرەی پایتەخت دوورە.

وا رێك کەوتووە لۆریەك رۆنگسایدی لێی خورپەوە و روبەرووی هاتووە، ئیتر ئوتومبیلەکەی لە نێوان ئەم لۆریە و لۆریەکی تری دواوە پلیشاوەتەوە. برازایەکیشیان لەم کارەساتەدا زۆر بە سەختی بریندار دەبی.

دوای ئەوەی ئەو شەوە هەموویان پیکەوە رۆژ دەکەنەوە، بەیانی رۆژی هەینی زوو (کەمال) و هەردوو براکەی دەچنە فرۆکەخانەی (کاستروپ)[٣] بەلکو بە سواری فرۆکە بەرەو ئەنقەرە بکەونە ری. لە تورکیا واباوە ناشتنی مردوو زۆر راناگیری. بەلام لەبەر ئەوەی نرخی بلیتی یەکەمین فرۆکەی ئەو رۆژە زۆر گران دەبی، بۆیە ناچار چاوەروان دەکەن، ئیتر بلیتیکی زۆر هەرزانتریان بۆ دوای نیوەرۆ دەست دەکەوی بۆ یەکی لە فرۆکەکانی *Turkish Airlines*. دوای ئەوەی فرۆکەکە لە ئەستەنبول دەنیشیت، ماوەیەکی

---

[٣] فرۆکەخانەی سەرەکی کۆپنهاگن.

چاك لەوێ دەمێننەوە، دواتر هەر سێ برا لە دوای نیوەشەوی هەینی لەسەر شەممە دەگەنە فرۆكەخانەی ئەنقەرە.

(كەمال) هەر بە جلەكانی بەریەوە دەبێ، تەنها جزدانێكی گیرفان و پاسپۆرتەكەیو كیسەیەكی نایلۆنی بەدەستەوە دەبێ كە هەندێ جگەرەی تێدا بووە. بەلآم ناتوانی لە كۆنترۆلی پاسپۆرت دەربازی بێ.

كۆمپیوتەر پێشانی دا كەوا بە بڕیاری (دادگای ئاسایشی دەوڵەت) لە توركیا، پێویستە گلبدرێتەوە.

لەسەرەتادا كەش و هەواكە تا رادەیەك هێمن دەبێ، یەكەم لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكانەی كۆنترۆلی پاسپۆرت زۆربەیان خوالێخۆشبوو براكەی دەناسن، چونكە ئەویش لە هەمان فڕۆكەخانە لە بەشی گومرگ كاری دەكرد، دووەمیش دوور نیە بڕیاری گلدانەوەكەی هەڵەیەك بێ و لە ئەنجامی تێكنەگەیشتنێك دەرچوو بێت، یاخود لەمەڕ سەرپێچیەكی بچووك بێت. كۆمەڵێ تەلەفۆن و تەلەفۆنكاری هیچی لێوە نایەتە ئەنجام. بەلآم هیچ كەسێ ناوێرێ شان بداتە بەر بەرپرسیاری و (كەمال) ئیزن بدات. (دادگای ئاسایشی دەوڵەت) شتێك نیە گاڵتەی لەگەڵ بكرێت.

دوای چەند سەعاتێك (كەمال) هەست بە شڵەژاوی دەكات. هیچ گومانی تێدا نیە كەوا هەموو چالاكیەكانی لە ریزی *FAY- KURD* لە دانمارك بە پێی یاسا بووە، بەلآم ئەو خۆی دەیزانی دەسەلآتدارانی تورك بە جۆرێكی تر لێكی دەدەنەوە. بەلای ئەوانەوە هەر رێكخراوێكی سەربەخۆی كوردی ( بانگهێشتنێكە بۆ جوداییخوازی ).

كە ناوی لە كۆمپیوتەر هەیە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە كە شتێك هەیە.

بە بیانووی ئەوەی ژنەكەی دانماركیە، رێگای پێدەدەن تەلەفۆنێك بۆ دانمارك بكات، و بە دانماركی قسە بكات. بەم شێوەیە دەتوانێ ژمارەی تەلەفۆنی باڵوێزخانەی دانمارك لە ئەنقەرە وەرگرێت و پەیوەندیان پێوە بكات. لەسەرەتادا وای دەردەبڕن كە ناتوانن هیچی بۆ بكەن، چونكە وا دەزانن دەبڵ رەگەزنامەی هەیە، واتە یەكێكی

دانمارکی و یەکێکی تورکی. بەڵام دوای ئەوەی ئەم مەسەلە یەکلا دەبێتەوە، لە لایەنی باڵوێزخانەوە پەیمانی دەدەنێ بزانن چیان پێ دەکرێ بۆی.

لە دوای ١٦ سەعات گلدانەوە لە فڕۆکەخانەدا، لە سەعات ٥ ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٦ ی تەمووز/ ژولای، (کەمال) دەبەنە بەردەمی حاکم لە دادگای شاری (چوبوك).

تا ئەو ئانەش دەسەڵاتداران نازانن بۆچی گرتوویانە، بۆیە حاکم بڕیار دەدات بەری بدات بە مەرجێ ڕۆژی دووشەممە سەعات ٩ی سەرلەبەیانی ئامادەبێت. تاوەکو دڵنیابن لەوەی کە دێتەوە، پاسپۆرت و بلیتەکەی لای خۆیان دەهێڵنەوە، خزمێکی خۆی کە پارێزەرە، دەبێتە دەستەبەری[٤].

سەرەتای ڕۆژی دووشەممە ٨ی تەموز/ ژولای، بە چاوەڕوانیەکی دوورودرێژ دەست پێدەکات. وادیارە ئەو بەشەی پۆلیسی ئاسایش کە بە ئیشوکاری کوردەکانەوە خەریکە، زۆر سەرقاڵە. ئنجا کاتێکی درەنگ لە دوای نیوەڕۆ سێ پۆلیس بە جلی مەدەنی دێن و دەیبەنە بارەگای ناوەندیی پۆلیس لە ئەنقەرە، کە لە هەموو جیهاندا بە مامەڵەی ڕەقەکار و دڕندانە ناسراوە. کەس نازانێ (کەمال کۆچ) لەوێدا چی بەسەر دێت. کە دواتر لە لایەن (سەنتەری دانمارکی هینانەوە سەر خۆی قوربانیەکانی ئەشکەنجە)[٥] فەحس کرا، توانیان بیسەلمینن کەوا بە هەمان چەشن ئەشکەنجەی بەدەنی و دەرونی دراوە، وەکو خۆی باسی دەکات. پیشنیوەرۆی ڕۆژی دواتر (کەمال) دەبەنە بەردەم (دادگای ئاسایشی دەولەت).

---

[٤] کەفیل، زەمانەت.

[٥] سەنتەریکە چەندەها پزیشك و دەروونناس و کەسانی پسپۆری تر کاری تیدا دەکەن بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی بەر ئەشکەنجە کەوتوونە. ئەم جۆرە سەنتەرانە لای ئیمە نیە، بەلام لە زۆر شوینی تری ئەم کتیبەدا بەرچاو دەکەوی.

لەدوای چاوپێکەوتنێکی کورت، بێ ئەوەی کەسێ هەبێ بەرگری لێبکا، بێ ئەوەی ڕێگای پێبدەن خۆی بەرگری لە خۆی بکات، بڕیاری بەندکردنی دەردەکەن

بەپێی شکاتنامەکە تاوانەکەی ئەوە بووە کە "یارمەتی چەتە و ڕێگری چەکداری" داوە. ئان و کاتی تاوانەکەی دانرا "لە نێوان ساڵی ١٩٩٢ تا ڕۆژی ٦ی تەمووز/ ژولای ساڵی ١٩٩٦" کەواتە لەو ڕۆژەی (کەمال) چوەتە ریزی *FAY- KURD* وە، تاوەکو ئەو ڕۆژەی گەڕاوەتەوە تورکیا.

بەڵگەکانی دادگا "دان پیانانی تاوانبار" خۆیەتی، کەواتە لێرەدا مەبەست لەو دان پیانانەیە کەوا (کەمال) لە شەوی پێشوو لە بارەگای ناوەندیی پۆلیس لە کاتی لێپرسینەوە، داونیەتی بەدەستەوە. خۆی دەڵێ بەزۆرەملی و بە چاوی بەستراوە پێیان مۆر کردووم.بە پێی شکاتنامەکە، (کەمال کۆچ) دانی بەم ( تاوانانەی ) خوارەوە ناوە:

بلاّوکراوەکانی *PKK* ی خوێندۆتەوە، "لەژێر کاریگەریەتی ئەم پرۆپاگەندانە مەیلی چوە بەلای ڕێکخراوی *PKK* دا".

یارمەتی دارایی *PKK* ی داوە _ لە ساڵی ١٩٩٢ بە ٢٠٠٠ کرۆن، لە ١٩٩٣ بە ٤٠٠٠ کرۆن ، لە ١٩٩٤ بە ٥٠٠٠ کرۆن، لە سالی ١٩٩٥ ٥٠٠٠ کرۆنی داوە .

تاوانبار لەبری ئەم پارە بەخشینانە ، پسولەی لە *ERNK* دراوەتێ.

هاتوچۆی مەڵبەندی کەلتوری کوردی دەکات لە کۆپنهاگن، "کە شوێنێکی ئەوتۆیە ئەندامانی ڕێکخراوی *PKK* چالاکی تێدا دەنوێنن". بەشداری "خۆپیشاندانی نایاسایی کردووە لە دانمارك". لە ساڵی ١٩٩٢ "لەگەڵ وەفدێك لە دانمارکەوە بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی کردووە لە ئەلمانیا".

بەم جۆرە شکاتنامەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا "تاوانبار بەم شێوەیە یارمەتی ئەندامانی ڕێکخراوی *PKK* ی داوە، کە بە تاقمێ چەتەی چەکدار دەژمێردرێن، هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە ئامانجی دابەشکردنی ئەو خاکە بووە لەژێر دەسەلاّتی دەوڵەتدایە".

لە دوای ئەوەی (کەمال کۆچ) لە (دادگای ئاسایش) تـەواو دەبـێ، یەکسـەر دەیبەنـە *Ankara Merkez Kapali Cezaevi*، واتـا بەندیخانـەی داخـراوی نـاوەندیی ئەنقــەرە، کـە خــەڵکی زۆر هەڵکـەوتوو و بــە ناوبــانگی لێ گـیراوە، لەوانــە نووســەر (د. ئیســماعیل بێشکچی) و ئەندامی پەرلەمان  (لـەیلا زانـا) و زۆر لـە ئـەندامانی سـەرکردایەتی پارتـە کوردیە هەڵوەشاوەکەی *DEP*.

ئەم بەندیخانەیە لە بنەڕەتدا کۆنە تەویلەیەکی ئەسـپەکانی ژەنـەراڵ (ئـەتاتورك) بووە، شێوەی ڕێکخستن و دامەزرانی تا ئێستاش ئەم مۆرکەی پێوە ماوە.

(کـەمال) دەخەنـە ژوورێکـی ١٠ *x* ٤٠ مـەتری، لەگـەڵ ٨٠ بـەندکراوی سیاسـی تـری کورد و تورك. ئیتر بۆ ماوەی ئەو چەندین هەفتەیەی دواتر، ئەو شوێنە  دەبێتـە مـاڵی، کە تیـایدا دەسـتدرێژیەکانی دەسـەڵاتدارانی بـە چـاوی خـۆی دەبینـێ، بـەڵام لـە هـەمان کاتیشدا یەکگرتویی بەندکراوەکانی دەبینێ، بۆ نموونە لە مەسەلەی مانگرتنەکەی  ئـەو کات، کە زیندانیە سیاسـیەکان مانیـان لـە خـواردن گرتبـوو، یـەکێ لـە هاوزیندانیـەکانی (کەمال) بەهۆی ئەو مانگرتنەوە ژیانی لەدەست دا.

بە هۆی ئەو تەلەفۆنەی  (کـەمال کـۆچ) ڕۆژی شـەممە ٦ ی مـانگی تـەمووز/ ژولای ساڵی ١٩٩٦ لە فڕۆکەخانەوە دەیکا، باڵوێزخانەی دانمارکی و وەزارەتـی دەرەوەی دانمـارك هەر لە سەرەتاوە دەکەونە ناو مەسەلەکە.

یەکەمین کاری بالویزخانە ئەوە بوو، پاریزەریکی بـاش بـۆ (کـەمال) پـەیدا بکـەن، بیگومان دوای ئەوەی پرسیان پی  دەکـەن، بـۆ ئـەوەی بزانـن دەتوانـی کـری پاریزەرەکـە بـدات. (یوسـف ئـەلاتاس) وەکـو پـاریزەر دەسنیشـان دەکـری، کـە خـۆی پـاریزەریکی بەناوبانگـە لـە تورکیـا، لـە کـاتی خۆیـدا پـاریزەری (لــەیلا زانـا) بــووە، لــە ســالی ١٩٩٤ ئیمونیتیتی پەرلەمانیان لی هەلگرت، لەوساوە لەسەر مەســەلەی بـەرگریکردن لـە مـافی کوردەکان، پانزە سالی زیندانی بۆ براوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی لە دانمارک بۆ یەکەم جار لە رۆژی ١٩ی تەمووز/ ژولای ساڵی ١٩٩٦ بەم مەسەلەیەیان زانی، دوای ئەوەی نووسینگەی (ریتزاوس) [٦] ئەم هەواڵەی خوارەوەی لە ئاژانسی دەنگ و باسی *DPA* ئەڵمانیەوە وەرگرت و بڵاوی کردەوە:

"پۆلیسی تورکی هاووڵاتیەکی دانمارکی کە بەرەچەڵەك کوردی تورکیایە، گرتووەو زیندانی کردووە بە تاوانی ئەوەی لایەنگیری یەکێ لە بەشەکانی بزووتنەوەی جوداییخوازی کوردی *PKK* ی کردووە لە دانمارك".

نووسینگەی (ریتزاوس) بەردەوام دەبێ و دەنووسێ "پارێزەرەکەی (یوسف ئالاتاس)دەڵی ئەم زیندانیکردنە سەرپیچیکردنی پەیماننامەی نیودەولەتی مافەکانی مرۆڤە، چونکە (کۆچ) چیتر هاووڵاتیەکی تورك نیە، بۆیە تورکەکان بۆیان نیە بە کرداریك تاوانباری کەن لە دانمارك سزای لەسەر نیە. بەپیی قسەکانی پاریزەرەکە، پۆلیسی تورکیا بە زۆرەملی راپۆرتەکەیان بە (کۆچ) مۆر کردووە".

ژمارەیەك لە سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسانی دانمارك، هەوالەکانی گرتنی (کەمال کۆچ) یان لەسەرەتادا بە جۆرە خۆپاریزیەکەوە وەرگرت. ئایا تو بلیی ئەوە راست بیت کە دەسەلاتدارانی تورکیا _ کە هاوپەیمانی ئیمەن لە *NATO* و هاوکاری ئیمەن لە یەکییتی گومرگی *EU* _ هاووڵاتیەکی دانمارکییان گرتبی بە هۆی بەشداریکردنی لە هەندی چالاکی، کە لە دانمارك شتی یاسایین؟ یاخود دەبی بەلگەیەکی ئەوتۆیان بەدەستەوە بی بیسەلمینی (کەمال کۆچ) پەیوەندی بە چالاکی تیرۆریستیەوە هەیە؟

تاك و تەرا خەلکیش هەبوو، بە پیویستیان دەزانی راستەوخۆ لای رژیمی تورکیا بگرن. یەکیك لەوانە (موزەییەن بۆزتۆپراك) ە لە (مەلبەندی خویندنکاری رۆژهەلاتی ناوەراست) ی سەر بە زانکۆی ئۆدینسە، بۆچوونی خۆی لە دەنگ و باسی تەلەفزیۆنی ئیوارەی رۆژی ١٩٩٦/٨/١٤دا، بەم جۆرە خستەروو:

---

[٦] ئاژانسیکی دەنگ و باسی دانمارکیە.

"ئەوە نیشانەی بیباکی و مل لە چەقۆ خشاندنە[7]، ئەگەر یەکێك پەیوەندی لەگەل *PKK* هەبیت و لەهەمان کاتیشدا بچیتە تورکیا" دوور نیە هەر هەموو مەسەلەکە بە بەگژداچوونی سیاسی بیت[8] وەکو هەولیك بۆ بەگژداچوونی دەولەتی تورکیا و راکیشانی سەرنجی وولاتانی *EU* . بەلام بەداخەوە (موزەییەن بۆزتۆپراك) لەبیری کرد بە بەلگە بیسەلمینی کە (کەمال) پەیوەندی بە *PKK* وە هەیە، ئەوەی چاوپیکەوتنەکەشی لەگەل دەکرد لەبیری چوو لیی بپرسی، ئایا تو بلیی مردنی براکەی (کەمال) بە کارەساتی ئوتومبیل، پەککەوتەبوونی برازاکەی بەشیك بن لەپلانی ئەو بەگژداچوونە سیاسەی ئەو باسی دەکات.

لە لایەکی تریشەوە خەلکانیکی زۆر، بە شیوەیەکی راستەوخۆ لە دژی ئەو رەفتارە وەستان کە رژیمی تورکیا دەرهەق بە (کەمال کوچ) کردی، چونکە یەکەم شت، ئەو (تاوانانەی) خرابوونە ئەستۆی، گشتیان شتی یاسایی بوونە لەو وولاتەی تیایدا روویان داوە، واتا لە دانمارك. پاریزەرەکەی (کەمال) یش رەخنەی لەم خالە گرت و بە سەرپیچیکردنی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپای دانا، کە لە برگەی ۱ ی بەندی ژمارە ۷ دا هاتووە:

"نابی تاوانی سەرپیچیکردنی یاسا بخریتە ئەستۆی هیچ کەسیکەوە، بە هۆی کرداریك یاخود لادانیك کە لە کاتی کردنیدا سەرپیچیکردن نەبی لە یاسا نیشتمانی و نیودەولەتیەکان".

دووەم شتیش ئەوەیە، شکاتنامەکە هیچ بنەمایەکی سەلماندنی نەبوو، تەنها پی لینانی تاوانبار خۆی نەبی، کە لە شەویکدا لە ژیر دەستی پۆلیس هاتبووە دەربرین، بی ئەوەی دەرفەتی ئەوەی بووبی پەیوەندی بە بەرگری یاخود بە پاریزەریکەوە بکریت. ئەم گرتنە هەلسەنگاندنیکی دادگایی راستەقینەی بۆ نەکرا.

---

[7] مجازەفەیە

[8] لە لایەن ئەوانەی دژی تورکیان.

لە هەمان کاتدا زۆرەها کەس تێگەیشتن کەوا مەبەستی راستەقینەی ئەم مەسەلەیە بە پلەی یەکەم (کەمال کۆچ) نەبووە، هەرچەندە ئەو وەکو تاکەکەس کەوتە بەر مەترسیەکی زۆر گەورە. لە هەمووی گرنگتر، ئەم مەسەلەیە ئەوە پیشان دەدا تا چ رادەیەك رژێمی تورکیا دەیەوی سنوور لەبەردەم سەربەستی دەربرین دابنی، نەك هەر بە تەنها لە تورکیا بەلکو لە دانمارك و لە هەموو وولاتانی تری جیهان.

بە کورتی، گیروگرفتی ئەوان لەوەدایە، ژمارەی ئەو کوردانەی دەرەوەی وولات کە لایەنگیری تێکۆشان دەکەن لە پیناو مافەکانی کوردەکان، ئەم ژمارە رووی لە زیاد بووندایە. بۆیە بەلای دەسەلاتدارانی تورکیاوە گرنگە، نیشانەیەکی ئەوتۆیان بۆ وەدەرخەن، هەر پێیان نایە سەر خاکی تورکیا، ئەوا دوور نیە تووش ببن _ تەنانەت با هیچ سەرپێچیەکی یاساشیان نەکردبی لەو وولاتانەی لییان دەژین.

پەیامەکە ئاشکرایە:

ئەگەر بەشداری خۆپیشاندانیکی یاسایی بکەیت، یان وورده شتێك بکریت کە قازانجەکەی بۆ پشتگیری بچیت، یاخود لە پیناو پالپشتی کردن لە مافی کوردەکان نامەیەك بنووسیت، ئەوا هەرگیز بە هیچ شیوەیەك لەخۆت دلنیا مەبە!

بۆ ئەوەی باشتر لە لایەنی پرنسیپی مەسەلەکە بگەین، با چاویك بەو زانیاریانە بخشینین لەمەر گرتن و بەندکردنی (یوسف یەسلیگویس) کە پیاویکی سویسری بەرەچەلەك کوردی خاوەن دەزگای بلاوکردنەوەی کتیبە.

ئەم پیاوە لە مانگی حوزەیران/ ژون لە شاری ئەستەنبول لە لایەن پۆلیسەوە دەگیری، لە کاتیکدا بۆ سەردانی کەس و کاری دیتەوە شارەکە. ( تاوانەکەی ) ئەوە بووە، کە دەزگاکەی کتیبیکی بۆ نووسەر (مەمەد ئوزون) بە زمانی ئەلمانی چاپ کردبوو بە نیوی (پیشەکیەك بۆ ئەدەبی کوردی).

یەکیتی نووسەرانی سویسرا و ژمارەیەکی زۆر لە ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەم گرتنەی ئەو دەربری.

(مەمەد ئوزون) دوای ماوەیەك ئازاد کرا، بەلام ئەم مەسەلەیە ئەوە پیشان دەدات، ئەوەی رژێمی تورکیا بەدوایدا دەگەرێ، مەسەلەی ئازادی دەربرینە.

لەبەر ئەوەی مەسەلەکەی (کەمال کۆچ) سەرنجێکی زۆری راکێشا، بۆیە لە کاتی دادگایی کردنەکەی لە (دادگای ئاسایشی دەولەت) لە رۆژی ١٥ی ئاب/ ئوگوستی سالی ١٩٩٦ ژمارەیەکی زۆر خەلك ئامادە بوون، لەوانە چەندین سیاسەتمەداری دانمارکی لە ئەندامانی پەرلەمان و پەرلەمانی ئەوروپا و نوێنەرێکی مەلبەندی دانمارکی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها نوێنەرانی بالوێزخانەی دانمارك و ژمارەیەکی زۆر لە هەوالدەرانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن. ئەمانە گشتیان بوون بە بینەری دیمەنێکی زۆر سەرسورهێنەر.

لە دەفتەری دادگادا هاتووە: تاوانبار روبەرووی ئەو رونکردنەوانە کرایەوە، کە لە کاتی لێپرسینەوە لە لای پۆلیس دانی پیا نابوون. تاوانبار بەم جۆرە هاتە دوان: "من وام زانی ئەو کاغەزانەی بە چاوی بەستراوە پێیان مۆر کردم، ئەوانە کاغەزی بەردانم بوون. ئەو دان پیانانە شتێك نیە، من بە ئیرادەی سەربەستی خۆم دابم بەدەستەوە".

تاوانبار روبەرووی ئەو روونکردنەوانە کرایەوە کە لە لای (داواکاری کۆمار)[٩] دانی پیا نابوون.تاوانبار بەم جۆرە هاتە دوان: "من دان پیانانی خۆم لە لای داواکاری کۆمار رەت دەکەمەوە. من هیچ پرسیارێکم لە لایەن داواکارەوە لێنەکرا. هەر تەنها ئەوەبوو داوایان لێکردم کاغەزەکان مۆر بکەم".

تاوانبار روبەرووی ئەو رونکردنەوانە کرایەوە کە لە (دادگای ئاسایشی دەولەت) لای یاریدەدەری حاکم[١٠] دانی پیا نابوون.

تاوانبار بەم جۆرە هاتە دوان: "یاریدەدەری حاکم تەنها چەند پرسیارێکی گشتی لێکردم". هیچ پرسیارێکی سەبارەت بە مەسەلەکە لێنەکردم. بۆیە من ئەو دان پیانانە رەت دەکەمەوە".

---

[٩] داواکاری گشتی سەرانسەری کۆماری تورکیا.

[١٠] لە دادگاکانی کوردستانی عیراق ﴿ محقق عدلی ﴾ پێدەلێن.

هەرچەندە دەفتەری دادگا هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کتومت تێدا نیە وەکو ئەوەی لە هۆڵی دادگادا کران، بەلام ئەمانەی سەرەوە ئەوە روون دەکەنەوە، کەوا ناوەرۆکی ئەم مەسەلەیەی چەندی تیا ماوەتەوە، لە لایەنی رەسمیەوە گوایە پشتی بە (دانپیانان) ەکانی تاوانبار خۆی بەستووە.

کەچی ئەمە هیچ کاری نەکردە سەر داواکار، چونکە سەرەرای ئەوە دووپاتی کردەوە کەوا چیتر بە پێویستی نازانی ( زیتر لە لیکۆڵینەوە و بەدوادا چووندا قوول ببنەوە). بەم جۆرە توانی ئەمەی خوارەوە بخاتە نیو دەفتەری دادگاوە:

"راییکردنی[12] دەسەلاتی داواکار: بە ئاماژە بۆ چۆنییەتی و تەرزی کردارەکە، ئەو بەلگانەی وان لەبەر دەستدا، داوا دەکەم کەوا تاوانبار هەر بە گلدراوەیی لە بەندیخانە بمینیتەوە".

ئەو ئاماژەکردنە بۆ (ئەو بەلگانەی وان لەبەر دەستدا) کە لە راستیدا هەر بەلگە نەبوون، دیاربوو زۆر کاری کردە سەر حاکمە عەسکەریەکەی دادگای ئاسایش بەرادەیەك ئاشکرای کرد کە رای ئەو لەگەل بۆچوونی دوو حاکمەکەی تر نیە، کە بریاریان دا (کەمال کۆچ) بەر بدەن، بەرای ئەو پێویستە دریژە بە مەسەلەکە بدریت.

لەگەل هەندیش لەسەر ئەوە ریك کەوتن لە لایەك لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ (مەلبەندی کەلتوری کوردی لە کۆپنهاگن) شتیکی یاساییە، لە لایەکی تریشەوە لەوە بکۆڵنەوە بزانن ئایا (کەمال کۆچ) لە سالی ١٩٩٢ بەشداری کۆبوونەوە کوردیەکەی ئەلمانیای کردووە.

وا بریار درا دادگا جاریکی تر لە رۆژی ١٩ی ئەیلول/سیپتەمبەر ی سالی ١٩٩٦ دابنیشیتەوە. دوای ئەوەی (دادگای ئاسایشی دەولەت) بریاری بەردانی (کەمال کۆچ) ی دەرکرد، جاریکی تر بردیانەوە بەندیخانە تا کارە رەسمیاتەکانی بەردانی تەواو کەن.

---

[11] پرسیاری گشتی وەکو ناو و تەمەن و شوینی نیشتەجیبوون و کاروپیشەو....هتد.

[12] مرافعە، پرۆسیجەر، رینامە.

لە کاتێکدا (یوسف ئەلاتاس) ی پارێزەر چووە ناو بەندیخانەکە تاوەکو (کەمال) لەگەڵ خۆی بێنێتە دەرەوە، کەسوکار و سیاسەتمەدارە میوانە دانمارکیەکان و هەواڵدەر و رۆژنامەنووسەکان لەبەر دەروازەکەی بەندیخانە لە ناو تۆز و خۆڵ چاوەڕێی (کەمال) یان دەکرد کە بێتە دەرەوە تا پێشوازی لێبکەن. بەڵام ئەم بەیەك شادبوونەوە گەرمە زۆری پێچوو. هەتاوی ئەو پاشنیوەڕۆیە لە ئاسمانێکی بێهەوری مانگی ئاب/ ئۆگوست ئەوەندە گەرم بوو هەڵیدەقرچاند، لەوە دەچوو گەرمترین هاوینی شاری ئەنقەرە بێت کە ئەو پیاوە تا ماوە لەیادی نەکات.

درەنگ لە دوای نیوەڕۆ پارێزەرەکە لە دەروازەکەی بەندیخانە وەدەرکەوت و رایگەیاند کە ئیتر یەك تۆزی ماوە تا هەندی کاغەز و شت مۆر دەکات. دەبوایە (کەمال) یەك تۆز بە دوای ئەوەوە بێتە دەرەوە، بەڵام لەدوای ماوەیەکی باش چاوەڕوانی هەر بەدەر نەکەوت. پارێزەرەکە ئاگاداری ئەوە نەبوو کە لەسەر کۆسپەی دەرگای دەرەوە، (کەمال) یان بانگ کردبووە ژورێکی ئەو تەنیشتە کە بۆ چاوەڕوانی تەرخان کراوە.

لەوێوە لە دەرگایەکی پشتەوە بردبوویانە دەرەوە بۆ ناو ئوتومبێلێك کە لەوێ چاوەڕوانی کردووە، ئیتر لە دەرگای دواوەی بەندیخانە بۆی دەردەچن و لەبەر چاوان بزر دەبن. دوای ئەوە بەناو شاردا گێرابوویان، لە هەمان کاتدا پیاوەکانی ئاسایش لە ناو ئوتومبێلەکەدا بە زمانێکی نهێنی لە ئامێرەکانی هۆکی _ تۆکی خەریکی قسە دەبن لەگەڵ یەکتر. دوای چەند سەعاتێك چاوەڕوانی لەبەر دەروازەی بەندیخانە و چەندەها جار پرسیارکردن، پاسەوانەکە لەپڕ رایگەیاند کەوا (کەمال) چیتر لە بەندیخانە نەماوە. بە هیچ شێوەیەکیش نەیگوت لەبەرچی یاخود بۆ کوێیان برد. بێگومان ئەم رفاندنەی (کەمال) نیگەرانیەکی زۆر و شڵەژاوی و هاتوچۆ و بگرەو بەردەیەکی خولقاند بۆ ئەوەی بزانری بۆ کوێیان برد و چی بەسەر هات.

ئێوارە درەنگ روون بۆوە کەوا بردویانە بۆ بارەگای ناوەندی پۆلیس، پێشنیوەڕۆی رۆژی دواتر پارێزەرەکەی توانی مۆڵەت وەرگری تا چاوی پێی بکەوێ.

دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ١٦ی ئـاب/ ئوگوسـت پۆلیسـی بەشـی بیـانی دەیبەنـە فڕۆکەخانە و سواری فڕۆکەیەکی کۆمپانیای *Lufthansa* ی دەکـەن بـەرەو (فرانکفۆرت) بـەڕیی دەکـەن. ئیـوارە درەنـگ دەگاتـەوە کۆپنـهاگن دوای ئـەوەی شـەش هەفتـە بەسـەر سەفەرەکەیدا تیپەر دەبی.

ئایا ڕاستی ئەم ڕووداوە چی بوو؟ ئایا ئەمە تەنها گواستنەوەیەکی ئاسایی بوو لـە نیوان بەندیخانە و پۆلیسدا؟

بەلام بۆچی ئەم کردارەیان لە پاریزەرەکەی (کـەمال) شاردەوە و نەیانهیشت پیی بزانی؟

ئایا دەسـەلاتدارانی ئاسایش ویستیان ئـەم دەرفەتـە بـەکاربینن، بـۆ ئـەوەی لـە کۆتاییدا ترسیك بخەنە دلی (کەمال) و گشت ئەو کەسانەی خـەریکی مەسـەلەکەی ئـەو بوون، چاویان لی سوور بکەنەوە؟

یاخود ئایا لە ڕاستیدا (هەندیك) هەبوون بیریان لەوە کردبۆوە کـە (کـەمال کـۆچ) شوینبزر بکەن؟

بیگومان ئەوەی ڕیگای ئـەم کـارەی لیگرتـن تەنـها یـەك شت بـوو، ئـەویش بوونـی ئەو خەلکە زۆرەی بەر دەروازەی بەندیخانـە بـوو کـە چاوەڕوانیـان دەکـرد، ئیـتر ئـەوان بـە هیـچ شـیوەیەك نـەیان دەتوانـی بلیـن کـە بـەریان داوە و ئیــتر نـازانن دوایـی چـی بەسەر هاتووە.

ئایا ئەو باسە بوو کاتی بە زمانە نهینیەکە لە نیوان خۆیاندا گفتوگۆیـان دەکـرد و (کەمال) یان بەم لاو بەو لای ناو شاردا دەگیرا؟

ئەی بۆچی لە دوای بڕیارەکەی دادگا بە ئازادکردنی (کەمال) دەسەلاتدارانی تورك وایان ڕاگەیاند کەوا ئەو لەو ماوەیەدا (میوانی دەولـەتی تورکیـا) بـووە، لـە کاتیکا هـەر کەسـی تـۆزی هۆشـی بـی دەزانـی کـەوا ئـەو بـە زۆرەملـی لـە لای پۆلیـس گلدرابــوەوە و گیرابوو؟

پرسیار زۆرە، بەلام مرۆڤ دلنیا نیە کە وەلامی هەموو پرسیارەکانی دەسگیر دەبی. کەچی لەگەل هەندیش پیاو ناتوانی بەخۆی بوەستی و ئەو پرسیارە لە دلی خۆی بیەلیتەوە:

ئەگەر بەو شیوەیە مامەلە دەرهەق بە هاوولاتیەکی دانمارکی بکەن، کە هەموو دانمارك بە رەسمی و غەیرە رەسمی بەدواوەین، ئاخۆ دەبی مامەلەی کوردیك یاخود تورکیکی بیکەس بە چ شیوەیەك بکریت کە هیچ پشت و پەناهیکی نیە؟

دانیشتنەکەی دادگا لە رۆژی ١٩ ی ئەیلول/ سیپتەمبەر بە هەمان شیوە بە پەلە و گالتە و فشقیات بوو. دوای ئەوەی راگەیانرا وەلامی ئەو دوو پرسیارەی سەبارەت بە مەلبەندی کەلتوری کوردی لە کۆپنهاگن و کۆبوونەوەکەی ئەلمانیا، هیشتا لە وەزارەتی دادی تورکیاوە نەهاتوونەتەوە، دادگای ئاسایش بریاری دا مەسەلەکە دوابخریت بۆ دانیشتنیکی تر.

لە دانیشتنەکەی رۆژی سیشەممە ٢٢ی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەر هەمان شت روویدا . دیسانەوە بە هەمان شیوە لە رۆژی پینجشەممەی ٢٨ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر و رۆژی پینجشەممەی ١٩ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەر.

کی دەزانی، لەوانەیە وەلامی ئەو پرسیارانە هەر نەیەنەوە.

ئەی (کەمال کۆچ)؟ ئەو هەر ئەوەندە دەتوانی کە خۆی بە بەختەوەر بزانی، کە رۆژی لە رۆژانی سالی ١٩٩٢ بوو بە هاوولاتیەکی دانمارکی. چونکە ئەگەر ئەو هاوولاتیەکی تورك بوا ئەوا تا ئەمرۆش هەر لە بەندیخانە دەبوو.

# جموجۆلی تورکیا لەسەر خاکی دانمارك

مەسەلەکەی (کەمال کۆچ) بە گشتی پرسیاریك دەوروژێنی سەبارەت بە جموجۆلی موخابەراتی تورکی لەسەر خاکی دانمارك، لەوانەش رۆلی بالویزخانەی تورکیا.

هەرچەندە پۆلیسی تورکی نەیتوانی بەلگەی سەلماندن بینیتەوە لەمەر تاوانی (یارمەتی چەتە و ریگری چەکدار)، بەلام لە هەمان کاتدا بەدەرکەوت کەوا ئەوان زۆر بە ووردی ئاگاداری نیوەندی کوردین لە دانمارك و زانیاریەکی زۆریان لا هەیە، هەندی لەو زانیاریانە لەو شتانە نین کە خەلکی ئاسایی پییان بزانن.

ئەگەر شکاتنامەکەی دژی (کەمال کۆچ) جیگای باوەر بیت، باشە پۆلیسی تورکی ئەم زانیاریانەی لەکوی دەست کەوتووە؟ لەکوییان زانیوە کی هاتوچۆی دووکانەکەی (کەمال) دەکات لە *Nørrebro*؟ لە کوییان زانیوە چ گۆڤار و رۆژنامەیەکی کوردی لەگەل خۆیان دینن؟ لەکوییان زانیوە (کەمال) پارەی داونەتی؟ لەکوییان زانیوە کە (کەمال) هاتوچۆی مەلبەندی کەلتوری کوردی دەکات لە کۆپنهاگن؟ لەکوییان زانیوە کەوا ئەندامانی *PKK* چالاکی لەم مەلبەندە دەنوینن؟ لەکوییان زانیوە کەوا (کەمال) بەشداری (خۆپیشاندانی نایاسایی کردووە لە دانمارك) _ لە راستیدا خۆپیشاندانی یاسایی بوونە بۆ پشتگیری کردنی مەسەلەی کورد _؟ لەکوییان زانیوە کەوا (کەمال) بەشداری کۆبوونەوەیەکی کردووە لە سالی ۱۹۹۲ لە ئەلمانیا، وەکو شاندیکی نوینەرایەتی کوردەکانی دانمارك؟ هەرچەندە هەموو ئەو راگەیاندنانەی لە شکاتنامەکەی دژی

(كەمال كۆچ) هاتوون راست نين، بەلام لە هەمان كاتدا رەنگدانەوە و نيشانەی پيزانينيكن كە تەنها لە چاوديری كردنی وردەوە وەدەست ديت.

(كەمال) لەدوای بەربوونی لە رۆژی ١٩٩٦/٨/١٧ ليدوانيكی دايە رۆژنامەی *Ekstra Bladet*[١٣] تيايدا گوتی كەوا ئەو سی پۆليسە مەدەنيەی لە فرۆكەخانەوە برديانە بارەگای پۆليس بە ئاشكرا دەريان بری زانياريەكی باشيان لەمەر زۆر لايەنی دانمارك هەيە، لەوانەش لەمەر شاری *Roskilde*[١٤] كە بارەگای لقی دانماركی ريكخراوی راسترەوی توركی (گورگە بۆرەكان) ی ليیە. جگە لە هەنديش ئەم پۆليسانە شارەزاييان لەمەر مۆزەخانەی ڤايكينگەكان[١٥] هەبوو، ئاگاداری هەموو ئەو كردەوانە بوون كە كوردە چالاكەكانی دانمارك پييان هەلدەستن.

چاوديری كردنی توركيا لەسەر خاكی دانمارك شتيكی تازە نيە. ئەوە چەند سالە توركە چەپرەوەكان و كوردەكان نارەحەتی خۆيان لەبەرامبەر ئەم چاوديری كردنە پيشان داوە. تەنانەت يەك تاكە خۆپيشاندان لەبەردەم بالويزخانەی توركيا لە *Hellerup*[١٦] بەسە بۆ ئەوەی فەرمانبەرەكانی وينەی يەك يەك خەلكەكە بگرن.

لە مانگی حوزەيران/ ژونی سالی ١٩٩٣ كابرايەك تەلەفۆن بۆ (يەنس دييە) دەكات كە وينەگريكی رۆژنامەيە. كابرا خۆی وا دەردەخا كەوا نوينەری رۆژنامەيەكی توركيە و داوا دەكات چەند وينەيەكی خۆپيشاندانيكی كوردی بۆ بگريت كە لە گۆرەپانی شارەوانی[١٧] دەكريت.

ئەو پارەيەی لەبەدەل ئەم كارە بۆ ئەم وينەگرە تەرخان دەكريت پارەيەكی ئاسايی دەبيت، بەلام ئەو ئەركەی پيی دەسپيردريت ئاسايی نابيت.

---

[١٣] رۆژنامەيەكی دانماركيە

[١٤] شاری (غوسكيلە) شاريكی كۆنی دانماركە.

[١٥] باپيرە گەورەی سكەنديناڤيەكانن، كە بە چەتە و ريگری دەريا بەناوبانگن.

[١٦] گەرەكيكە دەكەويتە باكووری كۆپنهاگن، زۆربەی بالويزخانەكان لەوی نيشتەجين.

[١٧] گۆرەپانی سەرەكی ناوەراستی شاری كۆپنهاگن، دەكەويتە بەردەم شارەوانی شار.

(یەنس دییە) لە چاوپێکەوتنێکدا لە رۆژی ۱۹۹٦/۸/۱۵ لەگەڵ رۆژنامەی *Ekstra Bladet* دەڵێ، کابرا داوای لێکردم کەوا وێنەی ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە بگرم. ئەوەی راستی بێت دەیویست وێنەی دەموچاوی ئەو کەسانەی ریزی پێشەوە بگرم. ئیتر لێرەوە من کەوتمە گومانەوە.بەڵام کاتێ ووتی دەبێ من فیلمە نێگەتیڤەکەشی بدەمێ و رازی نەبووم پێم بڵێ وێنەکان لەکوێ بڵاو دەکاتەوە، من بەتەواوی خۆم کێشایەوە و خۆم بە ئەرك و فەرمانی ترەوە خەریك و سەرقاڵ کرد.

بەگوێرەی بۆچوونی (نەزمی گوێر) کە جێگری سکرتێری گشتی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤە لە تورکیا *IHD*، چاودێری کردنی ئەم کوردانەی لە ئەوروپا دەژین لە لایەن تورکیاوە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر روو لە زیادیە.

ئاشکرایە بەشێك لە ئەرکی باڵوێزخانە کۆکردنەوەی زانیاریەکانە.

(گوێر) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی *Det fri Aktuelt*[١٨] لە رۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٤ دا دەڵێ: لەتەك ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا کوردەکان لە ئەوروپا زیتر جموجۆڵیان پەیدا کردووە، چاودێریکردنیش بە هەمان شێوە زیادی کردووە.

هەروەها لە ووتەیەکیدا بۆ نووسینگەی (ریتزاوس) دەڵێ: بە گوێرەی زانیاریەکانی ئێمە هەر باڵوێزخانەکان بەتەنها نین لە کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵکو مامۆستایان و پیاوانی ئایینیش بۆ ئەم مەبەستە رەوانەی وڵاتانی جیاجیای ئەوروپا دەکرین. بەڵام لە بارەی ئەو چاودێری کردنەی تورکیا لەسەر خاکی دانمارك دەیکا، زیتر سەنگاییەکە لەسەر باڵوێزخانەیە، ئەم کارە رادەپەرێنێ، لەوانەش تۆمارکردنی زانیاریەکانی لەمەر (کەماڵ کۆچ).

---

[١٨] رۆژنامەیەکی دانمارکی بوو، زیتر مەیلی سۆسیالدیموکراتەکان و سەندیکاکانی کرێکارانی هەبوو. ئێستا داخراوە.

لە راستیدا بالویزخانە بەو ژمارە زۆرە فەرمانبەر و كارمەندەوە، بەووردی تاقیبی دەوروبەری كوردەكانی توركیا و بە تایبەتیش چالاكەكانیان دەكات، جا گرنگ نیە ئەوانە تا چ رادەیەك راستەوخۆ دەستیان لە مەسەلەكاندا هەیە.

یەكیك لەو بوارە هەرە سەیرانەی بالویزخانە خۆی پیوە خەریك كردووە، مەسەلەی ناوی چیشتخانە و شوینەكانی خواردن فرۆشتنە. ئەو ناوانە پیویستە لەگەل بۆچوونی سیاسی ئەوان ریك بن، ئەگینا بالویزخانە پەیوەندییان پیوە دەكا و داوایان لیدەكا ناوەكان بگۆرن.

بۆ نمونە هەر لەم سالەی دواییدا ئەم مەسەلەیە بەسەر پیتزەخانەیەك[19] هات لە شارۆچكەی *Ballerup*[20] كە ناوی (دەرسیم) بوو. (دەرسیم) ناویكی كوردی هەریمە سەركەشەكەی ( تونجەلی) یە كە دەكەویتە خواروی رۆژهەلاتی توركیا. هەمان شت بەسەر چیشتخانەیەك هات لە *Østerbro*[21] بە نیوی (خەزال) كە وشەیەكە لە زمانی كوردی بە مانای (جوانترین) دیت. هەردوو ئەم شوینە بە پیر داواكاریەكەی بالویزخانەی توركیاوە نەچوون، بۆیە تووشی شەر پی فرۆشتن و نارەحەت كردن هاتن، لەوانەش هەرەشە و گورەشە بە تەلەفۆن و جامخانە شكاندن.

خاوەنی (خەزال) لە سالی ١٩٨٥ وە بۆتە هاوولاتیەكی دانماركی، لە چاوپیكەوتنیكدا لەگەل نووسینگەی (ریتزاوس) لە رۆژی ١٩٩٦/٩/١٥ دەلی، ئەمە یەكەم جار نیە من تووشی ئەم بەزمە بیم. لە سالی ١٩٧٩ چیشتخانەیەكی شتی برژاوی بچووكم لە *Østerbro* كردەوە، ئەوسا ناوم نا *Helas* (خەلاس) بە كوردی بە مانای (رزگاربوون) دیت. ئەوەندەی پی نەچوو هەندی كەس لە بالویزخانەی توركیاوە هاتن، خۆشم دەمناسین، پییان گوتم دەبی ناوەكە بگۆرم، كەچی من رازی نەبووم. ئەوانیش

---

[19] شوینی فرۆشتنی پیتزا كە خواردنیكی خیرای ئیتالیە، ئیستا لە سەرانسەری ئەوروپا زۆر باوە.

[20] شارۆچكەیەكی زۆر نزیكە، دەكەویتە باكووری رۆژاوای كۆپنهاگن.

[21] گەرەكیكی كۆپنهاگنە.

پییان راگەیاندم ئەگەر ناوەکە نەگۆڕم، ئەوا سەریەشەم تووش دەبی. لەپاشتر سی _ چوار جار جامخانەکەم هاتە شکاندن.

بالویزخانەی تورکیا لە زۆر هەلومەرجی تریشدا سەری ناوەتە بەر سەری خەلك.

لە رۆژی ١٢ی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ دەنگوباسی تەلەفزیۆن پەردەی لەسەر ئەوە هەلمالی کە بالویزخانەی تورکیا بەردەوام هەرەشەی لەو کورد و تورکانەی ئیرە کردووە، ئەگەر سەر لە بالویزخانە نەدەن لەمەر مەسەلەی دواکەوتن لە خزمەتی سەربازییان لە تورکیا، ئەوا بۆی هەیە (هەموو مافە کۆمەلایەتیەکان و کارو پیشەیان لە دانمارك لەدەست بدەن). دەقی ئەم نامەیە بۆ هەموو ئەو پیاوانە دەنیردریت، کە هاوولاتی تورکیان و تەمەنیان لە سەرەوەی ١٨ سالە و لە دانمارك دەژین و خزمەتی سەربازییان نەکردووە.

بالویزی تورکیا (مەمەد تاسەر) لە لیدوانیکیدا لەگەل نووسینگەی (ریتزاوس) لە رۆژی ١٩٩٦/٩/١٢ دەلی پیویست ناکا ئەم نامەیە وەکو هەرەشە وەربگیریت، بەلکو مەسەلەکە بە تەنها رینومایی کردنیکی دۆستانەیە. نامەکە تەنها ئەوەی تیدا نووسراوە، ئەگەر بیتو ئەو مەرجە یاساییانە پەیرەو نەکەن کە پەیوەندیان بە خزمەتی سەربازیەوە هەیە، لە کاتیکدا بە سەردان بگەرینەوە تورکیا، ئەوا بە پیی یاسا سزا دەدرین و دەخرینە بەندیخانەوە، کە خرانە بەندیخانەش، ئەوا کار و پیشەیان لیرە لە دانمارك لە دەست دەچی. ئەوەی ئیمە لیرەدا مەبەستمانە بیلیین ئەوەیە: "بە یارمەتی خۆتان مەرجە یاساییەکان پەیرەو بکەن، لە نیوان ئەم ماوەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە، ئیتر بەم جۆرە مافە کۆمەلایەتیەکانتان لە دانمارك لەدەست نادەن".

بەهەرحال بەلای سی کەس لەوانەی ئەم نامەیەیان بەدەست گەیشتبوو، ناوەرۆکی نامەکە جیگای سەرسامی نیە، بەلکو ئەوەی مایەی سەرسورمانە چۆن ناونیشانی ئەو کەسانەیان دۆزیوەتەوە. ئەم کەسانە ناویان نە لە دەفتەری تەلەفۆندا هەیە و نە

هەرگیز پەیوەندیان بە بالویزخانەی تورکیاوە هەبووە، چونکە ئەمانە وەکو پەنابەری سیاسی لە دانمارك دەژین. لەلایەکی ترەوە ئەمانە لە دەوروبەری کوردیدا جموجۆلیان هەیە و چالاکی دەنوینن. هەروەها بالویزخانەی تورکیا نایشاریتەوە کەوا دەست دەخاتە نیو کاری سیاسی یاسایی ریگاپیدراوی تاکە کەسان و ریکخراوە دانمارکیەکانیش ناوەکانیان لای خۆی تۆمار دەکات.

بۆ نموونە لەو کاتەی (لیستی یەکبوو)[22] میوانداری دیداریکی دەمەتەقیی کرد لە نیوان چەند سیاسەتمەداری دانمارکی و چەند ئەندامیکی پەرلەمانی کوردی لە مەنفا، لە رۆژی ١٤ی ئادار/ مارسی سالی ١٩٩٦ لە بارەگای پەرلەمانی دانمارك، بالویزی ئەوسای تورکیا (عوسمان فاروق لۆگۆگلو) هەولیکی بەفیرۆچووی دا تاوەکو دیدارەکە سەرنەگری. لە میان هەولەکەی و بۆ مەبەستی ناوبراو پەیوەندی بە سەرۆکی پەرلەمان (ئیرلنگ ئولسن) و وەزیری دەرەوەی (نیلس هیلڤی پیتەرسن) کرد. هەرچەندە وەکو باسمان کرد هەولەکەی سەری نەگرت، کەچی لە بواری تۆمارکردنی زانیاریەکان زیتر سەرکەوتنی وەدەست هینا.

وا دیارە جەنابی بالویز هەموو بیروبۆچوونیکی رەخنەیی لە بەرامبەر تورکیا تۆمار دەکات، نەك هەر ئەوەندە بەلکو هەموو شتیك لە بارەی ناوی ئەو کەسەی ئەم بیروبۆچوونەی دەربریوە و شوینی ژیانی و کارو پیشەی و خزم و کەس و کاریشی تۆمار دەکری. یەکی لە نویترین نموونەکان لەم بابەتە، ئەوەیە بالویزخانەی تورکیا هەولی داوە لیستەی ناوی ئەندامانی دەستەی بەریوەبەری کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانمارك وەدەست بینی، کە گوایە جاریکیان تۆزی رەخنەیان بەرامبەر تورکیا هەبووە. ئیمە کاتیك بەم شتانەمان زانی دوای ئەوەی بالویزی تورکیا لە بەهاری ئەمسال[23] تەلەفۆنی بۆ بەشی فەرمانبەران کرد لە مەلبەندی دانمارکی بۆ مافەکانی

---

[22] پارتیکی چەپرەوی دانمارکیە، کە نوینەری لە ناو پەرلەماندا هەیە.

[23] مەبەست سالی نووسینی ئەم کتیبە.

مرۆڤ و داوای کۆمەلی زانیاری تایبەتی کرد لەمەر کەسییتی (کلاوس سلاڤنسکی)[٢٤] کە سەرۆکی بەشی زانیاریەکانە لە مەلبەندەکە. بی ئەوەی خۆی ئاگادار بیت، داوای هەندی شتیان کردبوو لەوانە جۆر و رادەو پلەی خویندنی و هەندی مەسەلەی خیزانی. (کلاوس سلاڤنسکی) ئەم مەسەلەی لە هاوەلەکانی بیست، خۆی تەلەفۆنی بۆ بالویزخانە کرد. سکرتیریك لە تەلەفۆن بۆی روونکردەوە کەوا "زانیاریەکان بۆ ئەوە بوون رەوانەی تورکیا بکرین" کە (سلاڤنسکی) سەرسامی خۆی بۆ سکرتیرەکە دەربری لەمەر تۆمارکردنی ناوی هاوولاتیانی دانمارکی لە لایەن بالویزخانەیەکی بیگانەوە، سکرتیرەکە پیی راگەیاند کەوا بالویزخانە "ناوی زۆر خەلکی لا تۆمار کراوە" لەوانە (سۆرین سونەگۆو) ، (لاسە بودتز) ، (هینینگ گییلەرود)، و (ڤیگۆ فیشەر)[٢٥].

ئەوان بە کردەوە سەلماندیان کەوا ئەم ناو تۆمارکردنە هەر بۆ جوانی نیە، کاتی بالویزی دانمارك لە ئەنقەرە (نیلس هیلسکۆو) لە رۆژی ٣ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ لیستەیەکی بەناوی پینج کەسی دانمارکی درایە دەست، کە لە لایەن رژیمی تورکیاوە مۆری ناپەسەندیان لیدرابوو. بەم جۆرە تۆمارکردنی سیاسەتمەدارە دانمارکیەکان لە لایەن بالویزخانەی تورکیاوە، بە هەمان شیوەی تۆمارکردنی کاری سیاسی یاسایی (کەمال کۆچ) لە دانمارك، ئامانجە رەشەکەی خۆی پیکا.

رۆژیك دیت تۆمارکردنی زانیاری لەمەر تورکە چەپرەوەکان و کوردەکانیش بە هەمان شیوە بەکاربیت. بەلام کەی.. ئەوە پرسیارەکەیە!

---

[٢٤] نووسەری بەشی سییەمی ئەم کتیبەیە

[٢٥] بە پیی نووسینگەی هەوالدەری (ریتزاوس) لە رۆژی ١٩٩٦/٧/٢٣.

# پۆلیس و " کوردی هەمیشەیی "

ئـەوەی هیـچ گومـانی تیـدا نیـە، نوینەرایـەتی دیپلۆماسـی تورکیـا لـە دانمـارك و وولاتـانی تـری ئـەوروپا بـە شیوەیەکی تایبـەت چاویـان بریوەتـە ئــەو کوردانــەی لـەم شوینانە دەژین. پرسیارەکە لیرەدا ئەوەیـە، ئـەم هەلویستەی رژیمـی تورکیا بەرامبـەر کوردەکان تا چ رادەیەك کار لە دەسەلاتداران یاخود لە بەشیك لـە دەسـەلاتدارانی ئـەم وولاتانـە دەکات. لـەم بۆنەیـەدا جیگای سـەرنجە تیبینـی بکـەین پۆلیـس لـە زۆر لــەم وولاتانە چەندەها جار بە کاری سەرانسـەریی هەلساوە لـە دژی دەوروبـەرە کوردیـەکان، بی ئــەوەی هیـچ حوکمیکی دادگـا بـەدوای ئـەم کارانـەوە دەرچووبیـت. کـەچی لـە دوای ئەنجامدانی گرنگترین و دیارترین ئەم کارە سەرانسەری و راوەدوونانــە سیاسـیانەوە، لـە بۆنیکی بۆگەن بەولاوە هیچ بەلگەیەکیان بەدەستەوە نەماوە.

نموونەیەکی تری زانراوی ئەفسانە هەلبەستن لەمەر (تیرۆری کوردی) نموونەکەی سـویدە. دە سـال لەمەوبـەر هــەموو جیـهان ئاگــادار بـوو چـۆن پۆلیسـی سـویدی کـە بەرپرسیار بوو لە سـاغکردنەوەی کوشـتنی (ئولـف پـالمی ) ی سـەرەك وەزیـران، هەشـت مـانگی رەبـەق بەریگایـەکی هەلـەدا دەگـەرا بـە دوای سـۆراخی کوشـتنەکە. ئـەو ریگایـە هەلەیەیان ئەوەندە بە سەررەقی و لاملی گرتەبەر، تەنانەت وازیـان لـە هـەموو ئـەوانی تر هینابوو.

چــەند هەفتەیــەکی کــەم لــە دوای رووداوی کوشــتنەکە لــە رۆژی ٢٨ی شــوبات/ فیـبریوەری سـالی ١٩٨٦، سـەرۆکی ئـەو تیپـەی پۆلیـس کـە تایبــەت بـوو بــە مەســەلەی

کوشتنی (پالمی) کە ناوی (هانس هۆلمیر) بوو، لەیەکی لە فراونترین و گەورەترین کردار لە میژووی پۆلیسی سویدا، زۆر بەرەقەکاری سۆراخ و گەران و لیکۆلینەوەکانی لەسەر (شوینپیی _ کوردی) دەگیرا.

(هۆلمیر) دوو هاندەری بۆ کوشتنەکە خستە پال *PKK*. یەکەمیان گوایە *PKK* زۆر لە (پالمی) تورەن، چونکە حکومەتی سوید لە سالی ١٩٨٢ ریگای نەداوەتە سەرەکی ریکخراوەکەیان (عبدالله ئۆجەلان) تا بیتە لای ژنەکەی و لە سوید نیشتەجی بیت. دووەمیشیان ئەوەیە کە دەسەلاتدارانی سوید هەر لە سالی ١٩٨٤ دوە مۆری تیرۆریستیان لە *PKK* دابوو. ئەمەش لە ئەنجامی کوشتنی کوردیکەوە بوو، کە لە کاتی خۆیدا وازی لە *PKK* هینابوو، دوای وازهینانی دژایەتی دەکردن. لیرەدا گەنجیکی کوردی نەتەوەپەرست گیرا و بە تاوانی کوشتنەکە حوکم کرا. وەلامی دەزگای موخابەراتی سویدی *SÄPO* یەکسەر تیۆریەکی لی کەوتەوە، کە گوایە کوشتنی ئەم کۆنە ئەندامە بە فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی *PKK* جیبەجی کراوە وەکو لە سیدارەدانی ناپاکیك.

لەم مەسەلەیە و لە چەند مەسەلەیەکی تردا بۆچوونەکانی *SÄPO* سەرچاوەیان لە شیکردنەوەیەکی گشتی دەگرت، کە بە یارمەتی بیشوماری دەزگای موخابەراتی تورکی ئامادە کرابوو. بەلام بەلگەی سەلماندنی باوەربەخش و دیار هەرگیز نەخرایەروو.

ئایا (هۆلمیر) چۆن ئەم پەیوەندیەی لە نیوان کوشتنی (پالمی) و *PKK* دا دروست کرد؟

لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٨٥ کابرایەکی هەلگەراوەی تریش لە *PKK* لە سوید کوژرا. ئەمجارەیان پۆلیس گومانی کەوتە سەر سی کەس لە (لیپرسراوانی *PKK*) لە سوید. هەمدیس هیچ بەلگەیەك پیشکەش نەکرا سەبارەت بەوەی *PKK* یاخود ئەو سی (لیپرسراوەی *PKK*) دەستیان لە مەسەلەکەدا هەیە.

بەلام (هۆلمیر) وای دانا، کەوا ئەگەر ئەو سی کەسە پەیوەندیان بە کوشتنی کابرا هەلگەراوەکە هەبی، کەواتە پەیوەندیان بە کوشتنی (پالمی) شەوە هەیە. دوو خالی تر هەبوون کە پالپشتی ئەم بۆچوونەیان دەکرد.

یەکەمیان گویگرتن بوو لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی یەکیك لە کوردەکان، کە ئەم راگەیاندنە رچەشکینەی خوارەوەی بەخشیبووە پۆلیس:

(خۆ پالمی ریی ئەم رووداوە خۆشەمان لی ناگری).

زەمینەی ئەم راگەیاندنە ئەوە بوو، کابرای کوردی ناوبراو لە ناو سنووری شارەوانیەوە دەسبەسەر بوو. لیرەوە گومانکردن لە مەر مەسەلەی پلان دانانی کوشتنەکە لەوەوە هاتووە، کە ئەو کەسە ناتوانی بەبی ئیزنی تایبەتی سنووری شارەوانی بەجیبیلی. کەچی بەلای کابرای کوردەوە (رووداوە خۆشەکە) بەشداری کردن بوو لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز کە لە شوینیکی تری وولات ساز دەکرا. بەلام (رووداوە خۆشەکە) بە لای پۆلیسەوە لە کوشتنی (پالمی) بترازی، هیچ مانایەکی تری نەبوو.

خالی دووەم لە (بەلگەکانی) (هۆلمیر) سەرەداویك بوو کە لەبارەی چەکەکەوە دەستی کەوت.

کابرایەکی فینلەندی ئەوەی بۆ پۆلیس روونکردەوە، کەوا خۆی دەستی لە مەسەلەی فرۆشتنی دەمانچەیەك هەبووە، لەو چەشنە دەمانچەیەی لە کوشتنی (پالمی) دا بەکار هاتووە.

ئەو دەمانچەیەی کابرای فینلەندی باسی دەکات فرۆشراوەتە پیاویکی کوردی تەمەن ٤٢ سالی کە لەسەر نارکۆ[٢٦] حوکم کراوە.

پۆلیس ئەم زانیاریانەی قۆزتەوە و بەبی یەك و دوو بیری بۆ ئەوە چوو، کەوا ئەم پیاوە کوردە پەیوەندی بە *PKK* وە هەیە، ئەم پارچە چەکەش ئەوەیە کە کوشتنەکەی

[٢٦] مخدرات

پی ئـەنجام دراوە. بـەلام هیــچ بەلگەیـەك نـەدرا بـە دەسـتـەوە بـۆ پتـەوكردنی ئـەم بۆچوونانە.

لە مانگی كـانوونی دووەم/ ژانـوەری سـالی ١٩٨٧ (كـرداری ئـەلفا*Operation Alpha*) ئەنجام درا.

(هانس هۆلیر) پلانی كرداریكی زۆر فراوانـی، لـە سـەر شـیوەی كـرداری سـەربازی كیشا بوو، كە لە مەبەستی دا بوو ٧٠ كەسی كورد بگریت. بەرای ئەو ئەم كردارە لەبەر ئەوە نەبوو ئەم كەسانە هەموویان دەستیان لە مەسەلەكەدا هەیە، بەلكو بـۆ ئـەوە بـوو زانیاری كۆكاتەوە. دەسەلاتی داواكار لە دادگا لـە دژی پلانەكـەی ( هۆلـیر) وەسـتا، بـەم جـۆرە بەشـیكی یـەكجار زۆر لـە (كـرداری ئـەلفا) كـەم كرایـەوە. بـەلام لـە ئـەنجامی پیداگرتنی (هۆلیر)، دەسەلاتی داواكار لە دادگا رازی بوو بەوەی ئەو سی (لیپرسـراوەی *PKK*) بگیرین.

لە رۆژی ٢٠ی كانوونی دووەم/ ژانوەری پۆلیسی سویدی بە چەكی سوارەوە هیرشی بـردە سـەر ژمارەیـەكی زۆر لـە مالـە كوردەكـان و پاسـەوانی چـەكداریان لەبـەردەم خانووبـەرە رەسمیـەكان لـە ستۆكهۆلم دانـا. پـاش ماوەیـەكی كـەم هـەموو كوردەكـان بەردران و لـە هـەموو گومـانیك پـاك بوونـەوە. لـە كۆتـاییدا (هۆلـیر) خـەریك بـوو لـە لیتۆژینەوەكـە دەهاتـە دەرەوە، دوای ئـەوەی ( شـوینپیی كـوردی ) بـە هیــچ ئـەنجامیك نەگەیشت. بەلام نرخەكەی لە هەردوو لایەنی مرۆڤایەتی و سیاسیەوە زۆر لەسـەر ئـەو كوردانە راوەستا، كە لەناو خەلكدا بە بی هیچ هۆیەك ناویان وەكو گوناهبار هات.

لـە وولاتـی بەلجیكاشـدا كۆمـەلی كـردەوەی گـەورە لەلایـەن پۆلیسـەوە لـەدژی كوردەكان ئەنجام درا. لە رۆژی ١٨ی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ پۆلیسی بـەلجیكی بە كردەوەیەكی زۆر فراوان هەلسا لەدژی ئیزگەی تەلەفزیۆنی كوردی *MED- TV*.

٢٠٠ كەس لە پیاوانی پۆلیس خرایە كار بۆ هەلمەت بردنـە نـاو ژوور و هۆلـەكانی ئیزگەكە لە برۆكسیل و لە بـاكووری بـەلجیكا. ئەرشـیفی *MED - TV* دەسـتی بەسـەردا

گیرا، ٢٠ خانوو کەوتە بەر پشکنین، ٩٧ کەس گلدرایەوە، پینج کەس هاتە گیران. هۆیەکەی لە لایەنی رەسمیەوە وا راگەیانرا، گوایە پۆلیس ٣٥٠ ملیۆن فرەنکیان دۆزیوەتەوە و وایان داناوە ئەم پارەیە بە قاچاخچیەتی نەفەر و بازرگانی نارکۆ و چەکفرۆشی پەیدا کراوە.

دەسەلاتدارانی تورکیا هیچ بەخیلیان نەکرد لە زانیاری بەخشین سەبارەت بە بەشداری کردنیان لە کردارەکەی دژی *MED - TV*. چەند مانگیك پاشتر، لە مانگی تەمووز/ ژولای سالی ١٩٩٦وەزیری ناوخۆی تورکیای ئەوسا (مەمەد ئاگار) ریکەوتننامەیەکی تایبەتی لەگەل پۆلیسی بەلجیکا مۆر کرد لەمەر قەلاچۆکردنی تیرۆریزم، هەر لەو کاتەی هیشتا پۆلیسی بەلجیکی خەریکی پشکنینەکانی بوو، ئەو بە ئاشکرا بە رۆلی خۆی دەنازی لەو هیرشانەدا.

لە هەمان کاتدا کردار لە دژی *MED-TV* لە وولاتانی بەریتانیا و ئەلمانیا و هۆلەندا و لۆکسمبۆرگ ئەنجام درا[٢٧]. وەك هەمیشە، ئامانجیان ئەوە بووبی بیسەلینن کەوا *MED-TV* ئەو پارەیە بۆ بەرژەوەندی *PKK* دەشواتەوە و سپی دەکاتەوە[٢٨] کە لە ریگای خراپەکاری و تاواندا دەست دەکەویت.

رۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری سالی ١٩٩٦ *MED-TV* سەرلەنوی لە برۆکسیل دەستی کردەوە بە پەخش کردنی بەرنامەکانی خۆی. هەموو ئەوانەی گیرابوون، ئازاد کران، هەموو ئەو تاوان و گوناهانەی کرابوونە مەترسی و هەرەشەیان لە بوونی تەلەفزیۆنەکە دەکرد، پوچەل دەرچوون.

---

[٢٧] دیارە لەو کاتەدا TV–MED دانەخرابوو، ئەگینا نووسەر ئاماژەی بۆ دەکرد.

[٢٨] شوشتنەوە و سپی کردنەوەی پارە، زاراوەی زۆر باون و زۆر بەکار دین، بە مانای ئەو پارانەی لە ریگا و کەنالی ناشەرعیەوە دینە دەست، واتا پارەی رەش، جاریکی تر بخرینەوە کەنالی شەرعی و بخرینەوە ناو سیستەمی ژمیریاری باوەرپیکراو.

بەلام خۆ پۆلیسی دانمارکیش رۆلیکی گومرای گیراوە بەرامبەر دەوروبەری کوردی لە دانمارك، بە تایبەتی لە مەسەلەی ئەو دەسدریژیەی کرایە سەر (ئیمداد یەلماز).

ئەو پیاوە سەر لەبەیانی زووی رۆژی ۷ی شوبات/ فیبریوەری سالی ۱۹۹٤ لە نزیك مالی خۆی لە شارۆچکەی *Lyngby* [۲۹] درایە بەر گوللە. لە دوای ئەوەی تازە منالەکانی خۆی گەیاندبووە باخچەی منداڵان، نانی بەیانی کریبوو، بەرەو مال دەبووەوە کە تارماییەکی رەش لە دەرگای خوارەوەی بیناکە تووشی دەبی. ئیتر ئەوەی لەبیری ماوە تەنها بریسکەی دەمانچەیەك بووە و پاشان هەموو شتیك تاریك داهاتووە.

(ئیمداد) چوار گوللەی پیکەوت بەلام نەمرد. لەوانەبوو بمردبایە، بەلام لەو دەمای یەکی لە دراوسیکانی لە ئیلیڤاتۆرەکە دادەبەزی و چاوی بە کابرای تەقەکەر و بە (ئیمداد) دەکەوی کە لەو گۆرە کەوتووە. زۆری پی ناچی پۆلیس مەسەلەکەی دەسنیشان کرد.

بەرپرسی بەشی تاوان لە پۆلیس گوتی:

(لە ئەوروپا و لە دانمارك نائارامیەکی زۆر لە دەوروبەری کوردەکاندا هەیە، بۆیە ئیمە بە دووری ناخەینەوە کەوا هۆیەکی سیاسی بەدواوە بیت).

ئەم قسەیە راستە. ئەم بۆچوونە ناتوانری بە دوور بخریتەوە، بە تایبەت لەگەل (ئیمداد) دا.

(ئیمداد) پیشتر سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان بوو، لەو کاتەدا ئەندامی دەستەی بەریوەبەری *FAY- KURD* بوو. لە هەمان کاتدا ئەو بە ئاشکرا لایەنگیری خەباتی رزگاریخوازی کورد بووە و لە چەندین بۆنەدا دەمراست و قسەکەری دەوروبەرە کوردیەکە بووە.

بەلام پۆلیس بیری خۆی بە لایەکی ترەوە خەریك کرد و خۆی دوور خستەوە لەوەی شتەکە بە دەسدریژیەکی سیاسی لە قەلەم بدات. هەر لە ساتی یەکەمەوە

---

[۲۹] شارۆچکەیەکە دەکەویتە باکووری کۆپنهاگن.

پۆلیس خۆی بەوەوە بەستەوە، گوایە مەسەلەکە شەر و ناکۆکی ناوخۆی کوردەکان خۆیانە و زیتر لە نیو ئەو کەسانەی لە (ئیمداد) دەوە نزیک بوون لە مەسەلەکەی دەکۆلیەوە.

هەر هەمان پاشنیوەرۆ پۆلیس ژوورەکانی بارەگای کۆمیتەی کوردستانی خستە بەر پشکنین. لەو کاتەی ئەوان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ کۆنفرانسیکی رۆژنامەگەری لەمەر دەسدریژیەکە، پۆلیس بە دەمانچە و تفەنگی سوارەوە، بە پەستەکی گوللەبەندەوە، بە بۆمبای فرمیسکریژەوە تاویان دایە ژوورەوە.

دەستیان بەسەر لیستەی ناوی ئەندامان و کاغەزەکانی ژمیریاریدا گرت، ئەو ٢١ کەسەی لەوی بوون، قۆلبەست کران و دەستیان لەپشتەوە کەلەپچە کرا و راپیچ کران. هەمان ئیوارە هەموویان ئازاد کران. لەبەر ئەوەی بە ناهەق گیرابوون، لە دواتردا قەرەبۆیان بۆ کرایەوە.

بەلام لەگەل هەندیش پۆلیس بە لاملی سوور بوو لەسەر ئەوەی کەوا مەسەلەکە شەر و ناکۆکی ناوخۆی کوردەکان خۆیانە. بیگومان نەدەکرا ئەم بۆچوونە بە دوور بگیریت، هەر بۆیە پیویست بوو لەم لایەنەش بکۆلدریتەوە.

بەلام وادیار بوو پۆلیس بە هیچ شیوەیەك نەیدەویست لەوە بەولاوە گوی لە هیچ شیمانە و بۆچوونیکی تر بگریت. لەوانەش بۆ نموونە دوور نیە ریکخراوی راستڕەوی تورکی (گورگە بۆرەکان) یاخود هیزە تایبەتیەکانی پۆلیسی تورکی دەستیان لە مەسەلەکەدا هەبیت.

ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر تاکرەوی پۆلیس کە لە راستیدا بەسەر قوربانیەکە خۆیدا شکایەوە.

کە (ئیمداد) تۆزی هاتەوە سەرخۆ و توانای ئەوەی بوو هەر لەسەر تەختەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی *Gentofte*[٣٠] لیپرسینەوەی لەگەلدا بکریت، بە تەنها پرسیاری

[٣٠] یەکیکە لەو سی نەخۆشخانە گەورانەی پاریزگای کۆپنهاگن.

ئـەوەیان لیکـرد کـە ئایـا هیـچ دوژمنیکـی لـە نیـو کوردەکانـدا هەیـە، ئەمـە لـە کـاتیکدا پۆلیس وای دەردەخست لەتوانای دایە دەستنیشانی ئـەندامیکی *PKK* بکـات، گوایـە بـەم کارە هەلساوە.

کـە (ئیمـداد) بۆچوونـی لەمـەر پیـلان و کـەین و بـەینی نـاوخۆی کوردەکـانی رەتکردەوە، پۆلیس زۆر تووڕە بوو. وەکو سزایەك لە بەرامبەر ئەوەی (ئیمداد) نایـەوی قسە بکات ئـەو دوو ئیشـکگرەیان کیشـایەوە کـە بـۆ پاسـەوانی ئـەو لـە قاوشـەکەی خەسـتەخانە دانرابـوون. لـە جیـاتی ئەمـە ناچـار هاوریکـانی خـۆی لـە ئـەندامانی کۆمەلەکەیان شەو و رۆژ بە نۆرە ئیشکیان لیدەگرت.

نموونەیەکی تر لەسەر تاکرەوی پۆلیس، مەسەلەی دەسنیشان کردنی ئـەو کەسـانە بوو کە پۆلیسی شارۆچکەی *Lyngby* دەیویست لیپرسینەوەیان لەگەلدا بکات.

ژمارەی ئەو کەسانە گەیشتە دەوروبەری ۲۰۰ کەس، لەوانە ۱۵۰ کەسیان لـە هـەمان کۆمەلەکەی(ئیمداد) ئەندام بوون. وادیار بوو لیپرسینەوە لەگەل هیچ تورکیـك نـەکرا. بەهـەرحال هیـچ شالاو و بەسـەردا دانیکـی ئـەوتۆ نـەکرا لـە دژی راسـتڕەوە تورکـەکان و کۆمەلەکانی سەر بە حکومەتی تورکیا.

کـە (ئیمـداد یـەلماز) لـە دواتـر داوای کـرد چـاویك بـە لیتۆژینـەوەکانی پۆلیسـدا بخشینی، داواکەی جـاری یەکـەم بـە تـەواوی رەت کرایـەوە بـە بیـانووی (رەچـاو کردنـی ئاسایشی دەولەت).

هـۆی ئـەم تاکرەویـەی پۆلیـس دەگەریتـەوە بـۆ ئـەوەی گوایـە (نیشـانە) یـەکیان کەوتۆتە دەست سەبارەت بەوەی مەسەلەکە شەر و ناتەبایی ناوخۆی کوردەکان خۆیانە. ئیتر چ پیویستە بەملا و بەولادا بگەرین، بۆ نموونـە بـە لای راسـتڕەوەکانی تورکـدا لار بکەنـەوە. بـەلام ئەمـە بـە هـەموو بـاریك نیشانەی هیـچ و پووچـی شـیوەی کـارکردنی پۆلیسە.

چوار مانگ لە دوای هەولەکەی کوشتنی (ئیمداد)، لە رۆژی ٧ی حوزەیران/ ژونی سالی ١٩٩٤ کۆنە ئەندامیکی (گورگە بۆرەکان) لە دادگا حوکم کرا بەهۆی ئەوەی لە شاری *Århus*[٣١] لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتیکی بە میرد، تەقەی لە سی کەس کردبوو، هەرسیکیانی کوشتبوو. ئەو کابرا حوکم کراوە لەکاتی خۆیدا لە ریکخراوەکە دەرکراوە، چونکە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا هەبووە.

کەچی نەك پۆلیس، بەلکو پاریزەرەکەی لە بەردەمی دادگا روونی کردەوە، کەوا ئەم پیاوە لە کاتی خۆیدا دادگایەکی کاتیان بۆ پیکهیناوە و دادگاکە حوکمی سیدارەی داوە، وادیارە ئەم سی کەسە کە یەکیکیان ئەندامیکی بەرزی (گورگە بۆرەکان) بووە، بەدوای ئەودا ناردراون. ئەمە لە کاتیکدا دەزگای موخابەرات[٣٢] زۆر چاك دەزانی (گورگە بۆرەکان) ریکخراویکی بەهیزیان لە شاری *Århus* هەیە، خەلکیان تیدایە کە دەستی لە کوشتنی کەسانی چەپرەودا هەیە لە تورکیا. بەلام سەرەرای لیتۆژینەوەی فراوانی پۆلیس لە نیو دەوروبەرە کوردیەکەدا، کەچی ئەو دەسدریژیەی کرایە سەر (ئیمداد یەلماز) هەرگیز روون نەکرایەوە.

دوور نیە _ بە هەمان شیوەکەی (هۆلیر) لە سوید _ نیگاکان بە تەواوی ئاراستەی لایەکی تر کرابیت.

---

[٣١] دووەم گەورەترین شاری دانمارکە لەدوای کۆپنهاگن.

[٣٢] مەبەست لە موخابەراتی دانمارکە.